PDF4Kurd

# ڕەشید نەجیب

## ١٩٠٦-١٩٦٨

## ژیانی و بەرهەمەکانی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر

ژمارەی تەلەفۆن: ٢٢٣٢٠٢١

سندووقی پۆستە ژمارە: ١

# ڕەشید نەجیب

## ١٩٠٦-١٩٦٨

ژیانی و بەرهەمەکانی

**ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا**



ناوی کتێب: ڕەشید نەجیب - ژیانی و بەرهەمەکانی
ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٨
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەممەد زادە
پیت لێدان: نادیە عەزیز
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر
ژمارە (٣١٣)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

# ڕەشید نەجیب و نوێ کردنەوەی شیعر و نووسینی کوردی

هەتا ئێستاش لە زۆر بۆنە و نووسین و نموونە هێنانەوەدا ناوی (ڕەشید نەجیب) دەبیستین، ڕەشید نەجیب کێ بووە؟ کەی دەستی داوەتە شیعر و نووسینی کوردی؟

جێ دەست و کاری نووسینەکانی لە ئەدەبیاتی کوردیدا کامەیە و چۆنە؟

پێوەندی شیعری لەگەڵ گۆران و شێخ نووری و پیرەمێرد و سەلام چۆن بووە؟

ئەمانە کۆمەڵێ پرسیارن ماوەییەکە دەیانبیستین و تا ئێستا هەر بەڕاگوزاری و سەرپێیی نەبێ، هیچ شتێ لە بارەی ئەم ئەدیبە شاعیرەوە نەنووسراوە!

لەم دواییەدا بەوردی بەشوێن شیعر و نووسینەکانیدا گەڕام. لە ئەنجامی هەوڵدانێکی بەردەوامدا توانیم بەرهەمەکانی کۆبکەمەوە و لێیان بکۆڵمەوە.

لە سەرەتادا دەمەوێ نووسین و بیروڕای چەند ئەدیب و شاعیرێکی ناسراوی خۆمان بنووسمەوە کە سەبارەت بە ڕەشید نەجیب نووسیویانە و لەوێوە بچینە باسەکەمانەوە.

١- عەلی باپیر ئاغا، لە ساڵی **١٩٣٩**دا لە کتێبی (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم)دا نووسیویە: «لە ئودەبا و شوعەرای- متفکرینی- ئەمرۆی سلێمانییە، ئاساری زۆرە، تەنها بەزەکاوەتی خۆی- ممیز-ی وەزارەتی ئیشغالە.

نەوجوانێکی پیر بیرە! لە(ژیان)دا زنجیرەی مەقالاتی(١) دائیر بە ئەدەبیاتی کوردی و ئەشعاری بەناوی (فرامرز)ەوە جوان و ڕەوان، بەشێوەی(سۆنە)ی ئەشعاری فرانسزی زۆرە. بەڵام ئێمە دوو مەنزوومەی دەنووسین، یەکێ بەناوی (عەشقی بێ سوود) دووەم (فریادی دووری)(٢)».

٢- دووەم سەرچاوە بەرگی دووەمی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) ڕەفیق

(١) مەبەست لەو زنجیرە لیکۆڵینەوەیە کە ڕەشید نەجیب ساڵی ١٩٣٠ لە ڕۆژنامەی ژیاندا بەناوی (ئەدەبی کوردی)یەوە بڵاوی کردوەتەوە.

(٢) گوڵدەستەی شوعەرا- علی باپیر ئاغا- ١٩٣٩ .



حیلمییە، لە باسی شاعیریەتی (گۆران)دا سەبارەت بە ڕەشید نەجیب، دەڵێت: «شیعر دانانی ڕاستەقینە و بەدڵی گۆران لە ساڵەکانی **١٩٢٩-١٩٣٠**یەوە دەست پێ ئەکا. لە هاوینی١٩٣٠دا ڕەشید نەجیب چەند هەڵبەستێکی لە غەزەتەی (ژیان)دا بۆ بڵاو کردۆتەوە. (تخلص)ی گۆران-یش هەر ئەو حەلە ڕەشید نەجیب بۆی داناوە(٣)».

بەپێی ئەو بڕیارە دەبێ لەو سەردەمەدا جێگا و پلەی شاعیری و ئەدەبی ڕەشید نەجیب لە گۆران پێشتر بووبێ و گۆران ئەوی وەک مامۆستا و هاوڕێیەکی خۆشەویستی خۆی تەماشا کردبێ. بۆیە نازناوەکەی ئەوی وەرگرتووە و بەپێی داوای ڕەشید نەجیب (عەبدوڵڵا بەگی سلێمان بەگ) لە شیعر دەبێتە گۆران.

٣- دوای بڵاو بوونەوەی شیعری (فریادی دووری)ی ڕەشید نەجیب لە ساڵی**١٩٣٣**دا پیرەمێرد لە ڕۆژنامەکەیدا نووسیویە: «فەرامەرز، فەرامۆشم نەکردووی. هەر چیشت نووسیوە جێبەجێ (ژیان)ی بەستەزمان گرتوویە بەسنگەوە.

بەڵام گوڵشەنم چونکوو پەشێوە
کەڵکی بولبولیم نەماوە پێوە
ئەو ئاتەشکەدەی زێدەوانی بووی
دیم ڕوخابوو، تۆیش، پاسەوانی بووی(٤)

٤- پیرەمێرد جارێکی تریش لە ساڵی **١٩٣٩** دا لە بارەیەوە نووسیویە: «بەڕاستی دانا و هونەرمەندە، خوا یار بێ زۆری تری لە پێشە»(٥).

هەروەها دوا بەدوای ئەوەی ڕەشید نەجیب یاخود (فەرامەرز) ساڵی **١٩٣٢** شیعری (شاری بەدبەخت) بڵاو دەکاتەوە کە بۆ شاری سلێمانی نووسیبوو لە کارەساتی لافاوێکی ناوەختا، پیرەمێرد لە جوانی و کاریگەریی ئەم شیعرەدا نووسیویە:

(٣) شیعر و ئەدەبیاتی کوردی- ڕەفیق حیلمی- بەرگی دووەم ساڵی ١٩٥٦ لاپەرە ١٥٢ .

(٤) ڕۆژنامەی (ژیان)، ژمارە ٣٥٢- ساڵی ١٩٣٣ .

(٥) ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە ٥٥٦، ساڵی ١٩٣٩ .

«دوورکەوتەی وڵات، فیداکاری ئێڵ
دڵ شکستەی دەرد، ئەو سەیل و ئەم سێڵ
لاواندنەوەی بەدەنگی وا خۆش
دڵی دڵسۆزان ئەهێنێتە جۆش
من نائومێدم بۆ (ژیان) ئەژیم
بەسەر کاولەکەی وەتەنا ئەگریم»(٦)

٥- مامۆستا گۆران لەم ڕووەوە دەڵێت: «نووسەر و شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و من، پێکەوە بە ئەدەبی تورکییەوە موتەئەسسیر بووین و پێکەوە ئەمان نووسی»(٧).

٦- شێخ سەلامی شاعیر شیعرێکی زۆر جوانی هەیە کە بەپەرۆشەوە لە دووری و یادکردنەوەی (ڕەشید نەجیب)دا نووسیویەتی ڕێکەوتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٤ . لەوێدا بەم پێشەکییە شیعرەکەی پێشکەش فەرامەرز کردوە:

«بەهارێکی زۆر ڕەنگین و دڵێکی زۆر غەمگین، تەماشای چوار دەوری خۆمم ئەکرد، ئەم هەڵبەستەم نووسی و بەهۆی ڕۆژنامەی (ژیان)ەوە ناردم بۆ فەرامەرز لە بەغداد». شاعیر ڕوو دەکاتە ئاوی سیروان و دەڵێت:

بمکەرە دیجلە، بەخوڕ لەسەردا
مەئوای فەرامەرز لە شاری بەغدا
ئەپرسی ئازیز لە جەستەی خەستە
بڵێ پێچ ئەخوا وەک ماران گەستە
هەرکاتێ زانیت ڕێزەی ئێسقانی
تۆز و گەردەلوول بۆ لای تۆی هانی(٨)

٧- مامۆستا عەلائەددین سەجادی نووسیویە: «ڕەشید نەجیب (١٩٠٦-١٩٦٨) لە سولەیمانی هاتۆتە دنیاوە و لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە و لە

(٦) (ژیان) ژمارە ٣٤٧، ساڵی ١٩٣٢ .
(٧) گۆڤاری (بەیان)، ژمارە ٢، شوباتی ١٩٧٠ .
(٨) دیوانی سەلام.



گۆڕستانی (اعظمیە) نێژراوە.

ڕەشید نەجیب سەرباری شاعیرییەکەی نووسەرێکی بەرزیش بووە، لە کاروباری میریدا بەهۆی زانایی لە سیاسەتەوە گەلێ مەناصیبی دیوە(٩).

٨- کاکەی فەللاح دەربارەی سەرئەنجامی شاعیریەتی ڕەشید نەجیب دەڵێت: «بەرە بەرە شاعیرەکانی وەک شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و ڕەفیق حیلمی و ئەوڕەحمان بەگی نفووس بەرێگای گۆڕین و داهێنانەکەدا بەرەو دوا سستەڕۆ بوون و وەستان و بڵێسەی سەرگەرمی و خولیاکە وردە وردە ڕووی کردە کزی و کوژایەوە»(١٠).

٩- د. عزالدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت: «لەم بارەیەوە واتە لە بارەی زمانی کوردیەوە هەر یەک لە پیرەمێرد و ڕەشید نەجیب نووسیویانە. هەروەها هەموو نووسینە زمانەوانییەکانی تۆفیق وەهبی لەم بارەیەوە ئەمە دەردەخەن»(١١).

١٠- عومەر مارف بەرزنجی، دەڵێت: «دوای گەڕان و بژارکردنێکی تێکڕایی سەرجەم بەرهەمەکانی لەسەر ئەو ڕایە گیرساینەوە کە نووسەرە دیارەکانی ئەم قۆناغە بریتین لە بلە، سەجادی، شاکر فتاح، مستەفا سائیب و ڕەشید نەجیب»(١٢).

١١- ئازاد عەبدولواحید لە کتێبی شێخ نووریدا نووسیویە: «ئەگەرچی لە سەرەتاوە عەبدولڕەحمان بەگی نفووس و ڕەشید نەجیبیش هەر یەکەیان بەپێی توانا و دەسەڵات لەو تازە بوونەوەیەدا بەشدارییان کرد، بەشدار بوونەکەیان هەر چەندێک بێت، نابێ لە دیراسە کردن و لێکۆڵینەوەی ئەو قۆناغە شیعرییەدا دەوری هیچ کامێکیان فەرامۆش بکرێت»(١٣).

ئەمە ئەو بیروڕایانە بوو کە بەئاشکرا ڕوونی دەکەنەوە ڕەشید نەجیب چ لە

(٩) مێژووی ئەدەبی کوردی. علائەددین سەجادی، لاپەڕە ٦٠٢، چاپی دووەم.
(١٠) کاروانی شیعری نوێی کوردی: کاکەی فەللاح، لاپەڕە ٣١ .
(١١) الواقعیة في الأدب الکردي. د. عزالدین مصطفی رسول. ص ٥٥ .
(١٢) لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی. عومەر مارف بەرزنجی- ل ٤٥ .
(١٣) شێخ نووری شێخ ساڵح - ئازاد عبدالواحد. ل ١٦٧ .

لایەنی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی و چ لە لایەنی نووسینەکانیەوە یەکێک بووە لە ڕابەر و پێگەیشتوانی سەردەمی تاقیکردنەوەی نوێخوازی لە ئەدەبی کوردیدا لە قۆناغێکی تایبەتیدا.

چەند پرسیارێک کە وەڵامیان دەوێت:

وەک وتمان تا ئێستا هیچ کارێکی کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی (ڕەشید نەجیب)دا نەکراوە، ئەم هەوڵەی ئێمە دەبێتە هەوڵی یەکەم لەم بارەیەوە. لێرەدا چەند پرسیار و بیروڕایەک هەن کە پێویستیان بەوەڵام و سەرنجدانی ورد هەیە:

یەکەم: وەک وتمان یەکەمین هەوڵی سەرەتایی بۆ ناساندنی ڕەشید نەجیب ئەگەرچی چەند ڕستەیەکیشە لە لایەن عەلی باپیر ئاغاوە بوو لە کتێبی (گوڵدەستە)دا کە لە ساڵی ١٩٣٩ دا چاپکراوە . دوو شیعری شاعیری بەنموونە هێناوەتەوە، بەڵام بەداخەوە کاتێ لە ساڵی ١٩٦٩ دا بۆ جاری دووەم ئەم کتێبەی چاپکردەوە، سێ ناوی لە کتێبەکەدا سڕیوەتەوە و چاپی نەکردوونەتەوە، ئەوانەیش هەر یەک لە ئەمین زەکی بەگ و ڕەشید نەجیب و عبدالواحد نوورین، بۆ هۆی ئەمەش نووسەر دەڵێت:

«لەیەکەم چاپکردنی ئەم گوڵدەستەیەدا پیرەمێردی نەمر وتی: تێ چێنی ئەکەم، ئەمین زەکی بەگ، ڕەشید نەجیب، عبدالواحد ئەفەندی خستە ناو گوڵدەستەکەمەوە. بەڵام من بۆ جاری دووەم نەمخستەوە ناوی چونکە ئەوان هیچ دیوانێکی شیعریان نییە؟ تا من لەم گوڵدەستەیەدا بە شاعیریان بدەمە قەڵەم»(١٤)، واتا لە کاتی خۆیدا پیرەمێرد ئەم سێ ناوەی بە شاعیر داناوە، نەک ئەم. ئێمە لەگەڵ بیروڕای نووسەردایین کە ئەمین زەکی بەگ شاعیر نەبووە وا بزانم هەر ئەو دووپارچە شیعرەی هەیە کە وەڵامی پرسیارێکی مێژوویی(قانع)ە و زیاتریش (نظم)ە نەک شیعر! بەش بەحاڵی عبدالواحد نوورییش هەروەهایە کە شاعیر نەبووە و نووسەر بووە، بەڵام لەبارەی (ڕەشید نەجیب)ەوە کەوتۆتە هەڵەوە کە بە شاعیری نەزانیوە لە کاتێکدا کە ئەو دوو پارچە شیعرەی خۆی لە چاپی یەکەمدا نووسیویە بەسن بۆ ئەوەی کە (ڕەشید نەجیب) بە شاعیر

(١٤) سەرچاوەی ژمارە دوو.



بزانرێت. لە ناوەندە ئەدەبیەکەی ئەو سەردەمەی شیعری کوردیدا ناوی ڕەشید نەجیب فەرامەرز لە تەک ناوی شێخ نووری و پیرەمێرد و گۆراندا هێنراوە.

دووەم لەبەرگی یەکەم و دووەمی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا کە ساڵی (١٩٤١، ١٩٥٦) دەرچووە ڕەفیق حیلمی بەڕاگوزاری و سەرپێیی نەبێ باسی شاعیریەتی (ڕەشید نەجیب)ی نەکردووە، لەکاتێکدا شیعری ئەوی لەبەر دەستدا بووە و پلەی شاعیریەتیشی زانیوە ئێمە نازانین هۆی ئەمە چی بووە؟

سێیەم: لە کتێبی (کاروانی شیعری نوێی کوردی)(١٥)ی (کاکەی فەللاح)دا بەلای منەوە دوو سەرنج هەیە کە پێویستە بەرچاویان بخەین، یەکەم: دەبوایە پێش گۆران باسی شیعر و شاعیریەتی شێخ نووریی بکردایە ئەمە ڕاستییەکی نکوولی لێ نەکراوە. دووەم: دەبوایە دوای شێخ نووری و پێش گۆران باسی بەرهەم و شیعری (ڕەشید نەجیب)ی بکردایە! جا نازانم هۆی ئەوە چییە وای نەکردووە؟

چوارەم : لە کتێبی (لێکۆڵینەوەی چیرۆکی هونەری کوردی)(١٦)دا مامۆستا(حسین عارف) لە بەشی (ڕێبوارەکان) دا لەقۆناغێکی مێژوویی و سەردەمێکی چیرۆکی کوردیدا ناوی چەند چیرۆکنووسێکی نووسیوە کە تاقە چیرۆکێ یا دوانیان نووسیوە ئیتر بەرهەمیان نەبینراوە. لەو بەشەدا دەبوا نووسەر باسی ئەو دوو چیرۆکەی (ڕەشید نەجیب)ی بکردایە کە لە کاتی خۆیدا و لەچلەکاندا لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوی کردوونەوە.

## ڕەشید نەجیب- کێیە؟

* ڕەشید نەجیب مەحموود حەمزە، واتا «ڕەشید کوڕی نەجیب ئەفەندی کوڕی مەحمود ئاغای کوڕی هەمزە ئاغای کوڕی محەمەد ئاغا»یە. لە بنەماڵەی ناسراوی (فەرخە)ی سلێمانییە. ساڵی ١٩٠٦ لە سلێمانی لە دایک بووە. دایکی ناوی عائشەیە، کچی ئەحمەد ئاغای حاجی قادر ئاغا بووە، لە بنەماڵەی (پەردەسۆر)ی سلێمانییە.

(١٥) سەرچاوەی ژمارە دە.
(١٦) لێکۆڵینەوەی چیرۆکی هونەری کوردی، حسین عارف. ل ٧٢ .

* له ساڵی ١٩٢٠ دا باوکی کۆچی دوایی کردوه، هەروەها دایکی له ساڵی ١٩٤٤ دا کۆچی دوایی کردوه.
* باپیرانی ڕەشید نەجیب له باوک و دایکەوه ناسراو و کاربەدەستی سەردەمی خۆیان بوون. هەمزەی باپیره گەورەی لێپرسراوی هێزی تۆپخانەی میرنشینی بابان بووه. باپیره گەورەی له دایکیەوه، واتا «حاجی قادر ئاغا» سەرۆکی پێشوازیکارانی دیوانی میریی بابان بووه.
* ڕەشید نەجیب ساڵی ١٩٣٢ چۆته بەغدا و هەر لەوێ ماوەتەوه.
* له ٢٠ی نەورۆزی ساڵی ١٩٣٦ دا له بەغدا ژنی هێناوه و خوا ئەم منداڵانەی پێ بەخشیون: ئومێد، نەوید، سروود، ژاله، غاده.
* ڕەشید نەجیب له قوتابخانەی اعدادیی ئەوکاتەی سلێمانی له سەردەمی تورکەکاندا خوێندوویەتی.
* له مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی١٩٢٠دا بۆ جاری یەکەم دامەزراوه به فەرمانبەر له نەخۆشخانەی مەلیکی له سلێمانی و هەڵەبجە. جۆرەها کاروباری دەوڵەتیی بینیوه.
* له ساڵی ١٩٢٨ دا بووه به موتەرجیمی لیوای سلێمانی. دوای ئەمه چەند جار له سلێمانی و له هەولێر قائیمقام بووه.
* له ساڵی ١٩٣٠ دا موتەرجیمی ئیداری کۆمەڵی زانستی کوردان بووه. یەکێک بووه لەو مامۆستایانەی بێ بەرامبەر و بەخۆڕایی دەرسیان به قوتابیانی قوتابخانەی زانستی وتۆتەوه. لەم بارەیەوه ڕۆژنامەی (ژیان) له ژماره ٢٤٤ی ١٢ی حوزەیرانی١٩٣٠دا نووسیویە: «زەواتی موحتەرەم و فیداکاری میللەت ئەمانەن: ڕەشید زەکی، ڕەفیق حیلمی، ڕەشید نەجیب. ئەم زەواته موحتەرەمانەی که بەیان کراوه تەعەهودیان فەرمووه که هەموو شەو مەجانەن له جەمعیەتی زانستیدا دەرس بڵێنەوه بەقوتابیانی زانستی. هەیئەتی ئیدارەی کۆمەڵ بەیانی مەمنوونیەت و تەمەننای موەفەقیەتی ئەو چەشنه حەمییەت مەندانه ئەکات».
* ساڵی ١٩٤٩ بەڕێوەبەری ئیستگەی ڕادوێی بەغدا بووه. بەشی عەرەبی و کوردی.



* له ساڵی ١٩٥٣ دا بووه به متصرفی هەولێر.
* ساڵی ١٩٥٤ متصرفی کەرکووک بووه.
* ساڵی ١٩٥٥، ١٩٥٦ متصرفی موسڵ بووه.
* ساڵی ١٩٥٧، ١٩٥٨ متصرفی بەسره بووه(١٧).
* دوای ئەمه وازی له کاروباری میری هێناوه و خانەنشین بووه و هەر له بەغدا ماوەتەوه هەتا ساڵی ١٩٦٨ که کۆچی دوایی کردووه.
* ڕەشید نەجیب جگه لەوەی ئەندامێکی کارامه و چالاکی کۆمەڵەی زانستی کوردان بووه و موتەرجیمی ئیداریشی بووه، ماوەیەکیش بەرپرس و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ژیان) بووه. بەتایبەتی ساڵەکانی (١٩٢٧، ١٩٢٨).
* سەرەتای بەرهەم بڵاوکردنەوەی له شیعر و نووسین له ساڵی ١٩٢٧ دا له ڕۆژنامەی (ژیان)دا دەست پێکردووه.
* له ساڵەکانی سی ئەم چەرخەدا گەلێ باسی سوودبەخشی له گۆڤاری (دیاری لاوان) و (یادگاری لاوان)دا بڵاو کردۆتەوه.
* زۆربەی نووسینەکانی له گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بڵاوکردۆتەوه، که له ساڵی ١٩٣٩وه دەست پێدەکات هەتا ساڵی ١٩٤٩ که گۆڤاری گەلاوێژ داخرا.
* ئەوەندەی من بزانم لەوکاتەوه ئیتر بەرهەمی بڵاوکراوەی نەبینراوه. خۆیشی بەهۆی سەرقاڵی پلەی وەزیفی له دەوڵەتدا له شیعر و نووسین دوورکەوتبووەوه و ئەو گەرمی و گوڕییەی جارانی نەمابوو. هەتا ساڵی ١٩٦٧ واتا ساڵێک پێش ئەمەی کۆچی دوایی بکات زۆر بەگەرمی و تواناوه دەستی کردەوه بەنووسین بەڵام ئەمجاره بەوورەیەکی بەرزەوه ویستی ڕۆمانێکی مێژوویی هەڵقوڵاو لەناو جەرگەی کوردەوارییەوه بنووسێت. دەستی پێکرد و بەتەکنیکێکی نوێ و زمانێکی کوردی ڕازاوه و پوخت چەند بەشێکی لێ

(١٧) لێرەدا پێویسته سوپاسی ئەدیب و ڕەخنەگر کاک ئازاد عبدالواحد بکەم که له خەزێنەی ئیداره مەحەللیی سلێمانی فایلی ژیان و پلەی فەرمانبەریی ڕەشید نەجیبی بۆ هێنام و لەم بارەیەوه سوودم لێ وەرگرت.

نووسی و لەم کتێبەدا ئەو ڕۆمانە تەواو نەبووە دەخوێنینەوە کە ناوی نابوو (مامۆستا برزوو).

* ڕەشید نەجیب، وەک گەلێ لەوانەی لە نزیکەوە ناسیویانە ئەگێڕنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە پلەی خوێندەواری و بڕوانامەی باڵای نەبووە، ڕادە و توانای ڕۆشنبیری زۆر بەرز بووە. سێ زمانی ئینگلیزی و تورکی و فارسیی بەنووسین و خوێندنەوە و قسە پێکردن زانیوە. ئەمەش بەئاشکرا لە بەرهەمەکانیدا دیارە. جگە لە شارەزایی زۆری لە زمانی عەرەبی و نهێنیەکانی شارەزاییەکی زۆری زمانە زکماکەکەی خۆی، زمانی کوردیدا هەبووە. ئەو کوردییە پەتی و جوانەی لە نووسینەکانیدا هەستی پێ ئەکرێ گەواهی ئەم ڕاستیە ئەدەن.

* جگە لەو بەرهەمانەی کە لەم کتێبەدا دەبینین ئەم دوو کتێبەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بۆ قوتابیانی کوردی قوتابخانەکانی کوردستان لەو سەردەمەدا.

یەکەمیان: کتێبی (فەرمانی ڕەوشتی و نیشتمانی)یە نووسینی:
هاشم الآلوسي، عوني بكر صدقي. ساڵی ١٩٤٨ .
دووەمیان: کتێبی(مێژووی وڵات و میللەتەکەت).
نوسینی: حسن الدجيلي و يوسف مسكوني.
بەرهەمەکانی ڕەشید نەجیب دەکرێن بەم بەشانەوە:
١- شیعر.
٢-چیرۆکی کورت و ڕۆمانێک.
٣- ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.
٤- وتار و نووسینە کۆمەڵایەتیەکانی.
٥- وەرگێڕانەکەی لە ئینگلیزی و عەرەبییەوە.

## ڕەشید نەجیب و هەوڵێک لە ماوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا

مەبەستمان لەماوەی نوێ کردنەوەی شیعر و نووسینی کوردی ئەو ماوەیەیە کە لە ساڵی (١٩٢٠)ەوە دەست پێدەکات، بەدەرچوون و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن) کە شاعیر و ڕۆژنامەنووس و ئەدیبی نەمر شێخ نووری شێخ ساڵح



زۆربەی ئەرکی گرتبووە ئەستۆی خۆی. لەمەشدا عەلی کەمال باپیری شاعیر تا ڕادەیەک هاوکاریی بوو. گوڕ و تینی ئەم ماوەی نوێ کردنەوەیە هەتا وەکو چەند ساڵێکی دوای ساڵی ١٩٣٠ بەردەوام بووە. جگە لەوەی کە شاعیرێکی وەکوو (گۆران) هەر لە بیستەکانەوە بەو گوڕ و تینەوە هات و تا دوا ڕۆژی ژیانی ساردنەبووەوە و بەرهەمی نوێی پێشکەش دەکرد.

شێخ نووری شێخ ساڵح بووە مامۆستا و ڕێبەرێکی ئەوتۆ، زۆربەی ئەو شاعیر و ئەدیبانەی دوایی ناوبانگیان دەرکرد لە دەوری ئەو کۆبوونەوە و سەرچاوەکانی ئەدەبی تورکی و فارسی و ئینگلیزی بۆ ئەو کۆمەڵە لاوە قیبلەگاهێک بوو مەبەست و نیازی خۆیان تیادا دەبینیەوە و لە هەمان کاتدا هەوڵیان دەدا لاسایی بکەنەوە و لە بابەتێکی وەک ئەو جۆرە شیعر و نووسینانە بهێننە کۆڕی ئەدەبی کوردییەوە.

ئەوانەی لە هەموان پێشتر بوون ڕەفیق حیلمی و عبدالرحمن بەگی نفووس بوون. ڕەفیق حیلمی لە پێش شێخ نوورییەوە دەستی پێکرد و شیعری خۆی بە تورکی و کوردی بڵاو دەکردەوە. بڕوانە ئەم شیعرەی کە ساڵی١٩٢٠ لە ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا بڵاوی کردۆتەوە:

«بەم عەشقە دڵ ئەفرۆزەوە ئەی ماهی شەب ئارا
بیللاهی ئومێدێ لە دڵا بێ سەڕە حاڵی
وەختێ کە موشەڕڕەف بوو بەدیداری جەمیلت
نوتقی لەمن ئەڵبەتتە زیاتر دەبوو لاڵی
من وا کە پەرێشان ببم ئەی ئالیهەیی عەشق
تاقەت بەنیگاهت بگرێ دڵ بەچ حاڵێ
هەر قەترەیەکی خوێنم ئەگەر ماوە بڕێژە
وەک چاوت و باڵی بڕۆی نێرگسە کاڵی»(١٨)

هەروەها عبدالرحمن بەگی نفووس(بابان) و شێخ نووری هاوڕۆژگاری ڕەفیق حیلمی بوون، بەڵام تێکڕا ئەمان نەیانتوانی وەک گۆران بەردەوام بن و سارد بوونەوە.

(١٨) پێشکەوتن، ژمارە ٤، ساڵی ١٩٢٠ .

لەم ڕووەوە- گۆران- دەڵێت: «ڕەنگبێ ڕەفیق حیلمی پێش نووریش کەوتبێ. بەکوردی و تورکی شیعری بڵاو کردۆتەوە. تەنانەت شاعیرێکی تر (عەبدولڕەحمان بەگی نفووس) لە سەرەتای ژیانی شاعیریەتیدا زۆر بە گوڕ دەستی دایە تازەکردنەوەی هەڵبەست و لە نووری کۆنترە، بەڵام ئەو شیعرەکانی بڵاو نەئەکردەوە. ئەگەرچی عبدالرحمن بەگ لە دوایی ژیانیا لە هەڵبەستەکانیا تطورێکی نەکرد و وەستا»(١٩).

لەم بڕیارانەدا مامۆستا گۆران زۆر بەوردی و وریاییەوە قۆناغە شیعرییەکە و دەوری هەریەک لەو شاعیرانەی دەستنیشان کردووە. لەلایەکی تریشەوە ئەو ڕاستیەمان لە پێش چاوە کە هەریەک لە ڕەفیق حیلمی و ڕەشید نەجیب لە شیعر دوور کەوتنەوە و دەستیان دایە نووسین و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان. بەم کارە پیرۆزەشیان گەلێ ناتەواوی و کەلەبەری نووسین و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردییان پڕکردەوە و بوون بە بناغە دانەری ئەم بەشە گرنگەی ئەدەبی کوردی ئەگەرچی نابێت هەرگیز ئەو هەوڵە زانستییەی شێخ نووریمان لەیاد بچێت کە لە ساڵی (١٩٢٦ ، ١٩٢٧)دا لە بارەی ڕەخنە و ئەدەبی کوردییەوە(٢٠) بە «٢٥» زنجیرە لە ڕۆژنامەی (ژیان) دا بڵاوی کردەوە و لەمەدا پێش ئەوان کەوتووە.

لەبارەی پیرەمێردیشەوە لە بواری تازە کردنەوەی شیعر و کوردی پەتی نووسیندا ئەوا لە ساڵی ١٩٣٢یەوە کە ڕۆژنامەی (ژیان)ی کەوتە دەست بەرهەمە نوێیەکانی بەرودوا لەو ڕۆژنامەیەدا دەبینرێن.

سەرەتا ڕەشید نەجیب لە شیعرا زۆر بەگەرمی هاتە پێشەوە. لە ساڵی ١٩٢٧دا سێ پارچە شیعری لە (ژیان)دا بڵاوکردەوە بە ناوەکانی «عەشق و خەیاڵ، ئالامی بەشەر، ئینتباعاتی هەورامان».

لە ساڵەکانی (١٩٣٢-١٩٣٣)دا سێ پارچە شیعری تری بڵاو کردەوە بە ناوەکانی (عەشقی بێ سود، فریادی دووری، شاری بەدبەخت). لە شیعری (عەشق و خەیاڵ)دا زۆر بەگەرمی و شاعیرانە دەستی دایە. شیعرەکە لە هەموو

(١٩) سەرچاوەی ژمارە حەوت.

(٢٠) ڕۆژنامەی ژیان، ساڵانی ١٩٢٦-١٩٢٧، ٢٥ بەش.



ڕوویەکەوە نوێیە. لە سەرەتادا خوێنەر وا دەزانێ شیعرەکە موستەزادە کە دەنووسێت:

«ئەوقاتێ ئەبێ، ڕۆحم ئەکا تەرکی مەکانی
وەک تەیری جینانی»

ئەم دێڕە موستەزادە چواردە بڕگە و بەرامبەری شەش بڕگەیە، بەڵام هەر دوای ئەم دێڕە شاعیر سەربەستی خۆی دەنوێنێ. یاری بەکێش و وشەکان دەکات و ناهێڵێ مۆسیقا و ئاوازی شیعرەکە بڕێت. دێڕی سێیەم دەکاتەوە چواردە و موستەزادەکەی دەبێتە پێنج بڕگە، دێڕی حەوتەم دەبێتە سیانزە و دێڕێکی چواردەیی بە دوادا دێت و...هتد.

لە ڕاستیدا ئەم شیعرە هەوڵێکی پیرۆز بوو وەهەنگاوێکی پڕ لە جورئەت و بڕوا بەخۆ بوون بوو لە دنیای شیعری کوردی و ژیانی شاعیردا. ڕەنگە شاعیر ئەم شیعرەی پێش مێژووی بڵاوکردنەوەشی نووسیبێت.

هەر چۆن بێت لەم شیعرەدا و لەهەر ئەو شەش پارچە شیعرەی شاعیر کە دەستمان کەوتوون هەست بەم خاڵانە دەکەین کە گیانی نوێخوازی شاعیر ئاشکرا دەکەن:

١- دابەش بوونی کێش.
٢- مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکە.
٣- قافیەی وشەکانی دوایی ڕستەکان.
٤- شێوازی نوێ کە مانای یا بابەتی شیعرەکەی پێ دەربڕیوە.
٥- یەکێتی بابەت لە شیعرەکەدا.
٦- گیانی ڕۆمانتیکی سەراپای شیعرەکە.

ئنجا ئەگەر شاعیر بەردەوام بوایە و لەم ڕووەوە پێشکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنایە، ئەوا بێگۆمان لە دنیای نوێی شیعری کوردیدا پلەی لە (گۆران) ی شاعیر کەمتر نەدەبوو وە سەرنجی زۆری ڕەخنەگران و خوێنەرانی شیعری بۆ لای خۆی ڕادەکێشا.

# ڕەشید نەجیب

نووسینی: ئەکرەم عزت نجیب

١- خوێندن و پێگەیشتنی:

ڕەشید نەجیب لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە، بنەماڵەی (فەرخە). ناوی ئەم بنەماڵەیە ئەگەڕێتەوە بۆ کەسێک بەناوی فەرخە ئاغا- کە لە ڕۆژگاری بابانیەکاندا هاتۆتە شاری سلێمانی و وەچەیەکی زۆری لێ کەوتۆتەوە.

ڕەشید نەجیب لە قوتابخانەکانی سەردەمی عوسمانیەکاندا لە سلێمانی خوێندوویەتی و تورکی فێر بووە، پێشتریش لە قوتابخانە میللی و بچووکەکاندا کە پێیان دەگوت (حوجرە) خوێندبووی، فارسییەکی باشی دەزانی، هەر بە هەوڵی خۆی توانی بە نووسین و قسەکردن زمانی ئینگلیزی بەکار بێنێ و کاری پێبکات. لەم فێر بوونی زمان و پەروەردە فیکری و ئەدەبییەدا سوودێکی زۆری لە کتێبخانە دەوڵەمەندەکەی پورزای خۆی (حسین ناظم)ی مێژوونووس وەرگرتووە. ڕۆشنبیری تورکی و فارسی و ئینگلیزی لەو کتێبخانەیەوە هاتنە بیر و مێشکی ئەوەوە.

بەم هۆیەوە یەکەم جار بە (مترجم) وەرگێڕی ئینگلیزی و کوردی وەزارەتی کار و گواستنەوە دامەزراوە.

٢- پلەکانی کارکردنی:

ڕەشید نەجیب بە هۆی زیرەکی و لێهاتوویی و بەهرەی خۆڕسکی خۆیەوە بە گورجی لە پلەی کارکردنیدا واتە لە وەزیفەی میریدا پێشکەوت. بەتایبەتی لە شارەزایی زۆریدا لە زمان و ڕۆشنبیری ئەوروپادا. بەم بۆنەیەوە دامەزرا بە بەڕێوەبەری هەردوو ئێستگەی ڕادیۆیی عەرەبی و کوردی لە ساڵی ١٩٤٩ دا. دوای ئەمە چەند وەزیفەیەکی بینیوە لە وەزارەتی ناوخۆدا و ئنجا کرا بە پارێزگار (متصرف)ی یەک لە دوای یەکی شارەکانی، کەرکووک، هەولێر، موسڵ، بەسرە هەتا چواردەی تەموزی ساڵی ١٩٥٨

٣- ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی - خوا لێخۆشبوو بە هۆی ئەو کتێبانەوە کە



دەیخوێندنەوە سامانێکی ڕۆشنبیری جیهانی بۆ خۆی دروست کردبوو جگە لەزانینی زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی وەک وتمان ئینگلیزیەکی زۆر باشی بە نووسین و گفتوگۆ دەزانی، ئەو کتێبخانە گەورە و فراوانەی پێشکەشی کتێبخانەی گشتی سلێمانی کرد ڕاستی ئەم بیروڕایەمان دەسەلمێنێ.

ڕەشید نەجیب لە سەرەتای ژیانیدا شیعری دەنووسی و بە یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکانی ئەدەبی کوردی لە ساڵانی بیست و سییەکان دەناسرێت. ژمارەیەکی زۆری وتار و نووسین و وەرگێڕان هەیە لە گۆڤاری گەلاوێژدا (١٩٣٦-١٩٤٩). هەروەها بەشێکی زۆری لە گەشتەکەی (جیمس بیللی فرەیزەر) لە ئینگلیزیەوە کردبوو بە کوردی و بەزنجیرە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوی دەکردنەوە بە نازناوی (فەرامەرز).

لەسەراپا نووسینەکانیدا ڕێباز و شێوازی نووسینێکی سادە و بێ گرێ و گۆڵی هەبوو، ئەمەش بە ئاشکرا لە یەکێ لە نووسینەکانیدا دەردەکەوێت کە لە گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوی کردەوە بە ناونیشانی نووسینی بێ قۆرت.

ڕەشید نەجیب خاوەنی کەسێتیەکی چاک و خزمەتگوزار و خاوێن و خاوەن هەڵوێست بوو. بەبیروباوەڕێکی چەسپاو و پتەوەوە لە کۆڕی ژیاندا خەباتی دەکرد و بەرگری لە باوەڕ و هەڵوێستی خۆی دەکرد. خاک و نەتەوەی خۆی خۆش دەویست و بە قەڵەمەکەی خزمەتێکی زۆری کرد. لە ژیانی ئەدەبی و وەزیفیدا تووشی چەندان لۆمە و ڕەخنە و تانووت بووەوە بەڵام بەبێ باکی و نەبەردانە بەڕوویاندا وەستایەوە. بە داخەوە نەخۆشی و مەرگ مۆڵەتیان نەدا پرۆژە ئەدەبیەکانی تەواو بکات.

سوپاسی زۆر بۆ نووسەر (ئومێد ئاشنا) کە بەرهەمەکانی کۆکردەوە و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نووسی.

## عەشق و خەیاڵ

١٩٢٧

ئەوقاتێ ئەبێ ڕۆحم ئەکا تەرکی مەکانی
وەک تەیری جینانی
هەر وەک کە وەڕس بووبێ لە دیداری حەقیقەت!
یەعنی کە لە زات
تەسلیمی خەیاڵاتی ئەکا دەستی عەنانی
قەسدەن ئەیەوێ دەرچێ لە دونیاو و لە خیلقەت
ئەو وەختە لە سەر باڵی دلاوێزی خەیاڵات
هێندە دەفڕم تاکو دەبم خاریجی عالەم
ئەم عالەمە مەعلوومە کەوا پڕیە لە ماتەم
بەو نەوعە ئەکەم تەیی مەکان، قەتعی مەسافات
ئەوساکە موجەڕڕەد لە هەموو بەند و عەلائیق
شووریدە و و شاهیق
لەو بەرزییە بونیادی ئەنێم قەسری سەعادەت
تیمسالی لەتافەت
کاشانەیە ئەترافی کە پڕ بێ لە حەدائیق
تەنرابێ بە ئەزهاری موعەتتەر بەنەزاکەت
لەو گوڵشەنەدا خۆم و پەرەستیدەیی حیسسم
تیمسالی ئەکەین عەشق و ژیانێکی موعەللا
عەشقێکی موقەددەس، موتەنەووِیر، موتەبەسسیم
ژینێ نەبێ وێنەی، نە لە دنیا ، نە لە عوقبا
عەشقێ کە پڕی خەندەو و گوڵبانگی سروور بێ
عەشقێ ئەبەدی بێ، لە عەدەم خەیلێ بەدوور بێ



## ئالامی بەشەر

لەو ساوە کە من مودریکی ئەندۆهی بەشەر بووم
مەعلووم بوو لەلام هیچی یو ئالامی نەهوفتەی
تەشریحی ئەکەم مەنقەبەیی حاڵ و گوزەشتەی
مەئیووس و ئەلەم بار و ئەسەفناکی کەدەر بووم
ڕۆژێ نیە ئەم شاهی نوجوومە بە جەلالی
نەڕوانێ بەسەر لەوحەیی خوێنینی بەشەردا
شەوگار نییە لەمعەی نەزەری شاهی لەیالی
زەرد هەڵنەگەڕێ هالەیی ئەنواری لە دەردا
گاهێ ئەبیەم سەیحەیی دڵسۆزی کەساسێ
بۆ دەفعی سەفالەت وەکو ئەوتاری ڕوبابێ
هەروەک تەلی ناڵندەیی تارێ کە شکابێ
پڕ ڕەعشە ئەپاڕێتەوە بۆ پارچە پەلاسێ
بەعەزەن یەتە بەر دیدەیی نمناکی حەزینم
فاجیعەیی مەرگی موجافات
ئانەن یەتە جۆشش غەزەبی کۆن و نەوینم
ئەم قەتعەیە ، ئەوسا ، ئەکەمە شیعری موجازات
دنیا نە بەهەشتە ، نە چەمەنزاری سەفایە
سەحنێکی بەئاشووبە ، ژیانیشی جەفایە

## بۆ شێخ نووری شێخ ساڵح

١٩٢٧

ئەی کێوی بڵند پایە، ئەیا شاخی موعەللا
هەر گاھ کە ئەکەی جەزبی نەزەرگاهی حەزینم
بەم بەرزی یو بەم سەتوەتەوە ئەی کەژی والا
سروە و شنەکەت دەفعی ئەکا ئاهو ئەنینم
ئەی کێوی عەسر دیدە ئەتۆی مازییی ئوممەت
تەئییدی ئەکەی خاتیرەیی شاهییی کوردان
بۆ شەوکەتی ڕابووردوو و ئەییامی سەفامان
بڕژێتە گەواهی حەشەم و قودرەتی میللەت
گاهێ کە ئەپۆشێ سەری تۆ تاجی سەحابی
پڕ قەهر و مەرارەت ئەدەیە پڕمەیی گریان
شوبهەی نییە ئەی شاخی وەفادار و قەدرزان
بۆ میللەتەکەت وابە پەرۆش و بە عیتابی
ئێستاکە کەوا فەسڵی زمستانی هەرەمتە
بێ بەرگو نەوا ڕیشو سەرت گشتی سپی بوون
مەعلوومە لەلام هەر ئەمە ئەسبابی ئەلەمتە
کوردانی حوکمڕانت کەوا ئێستە نەوی بوون
خۆزگەم ئەمەیە قودرەتی ئیعجازی تەبیعەت
ئەی مولهیمی ئەشعاری لەتیف، کێوی سەرئازاد
ئەی باعیسی دەنگی سروودی شاعیری ناشاد
ئەی کێوی ئەساتیری، ئەیا شاخی موتەلسەم
تۆشی وەکو من ئێستە بهێنایە خەتابەت
دار و دەوەن و بولبول و ئەلواحی بەدیعەت
هەر یەک وەکو شیعرێکی بەدیعی بەفەساحەت
ئیحیایی بکەن دەبدەبەیی عەهدی کەیانی
یەعنی ببنە سەفحەیی تەئریخی مەجەسسەم



## عەشقی بێ سوود

بۆ گۆران

١٩٣٣

دڵی پەشێواو! دەمێ بوو ون بووی
لەمەیدانی عەشق، ئالام و خەمدا
لەناو ئەحلام و سەمای پڕ تەمدا
زۆر شوکور دیسان بەتیرێ کون بووی!
هەرچەند ئەزانم عەشق بێ سوودە
نەتیجەی حوزن و گریان و شینە
وەسڵی فیراقە، شادیی ئەنینە
بەڵام لەلای دڵ دڵەی فەرسوودە
عەقڵ و دووربینی خەوە، سەرابە
مەنتیق پرشنگی دوو چاوی کاڵە
حیکمەت پڕیشکی کولمێکی ئاڵە
خوێناوی جگەر مەیە، شەرابە
یەزدان شاهیدە ئەی دڵی لاسار
جێگە نزرگەی خەیاڵی دڵدار
گەر نەمزانیایە خەڵوەتگەی یاری
وەیا زاماری چاوی بیماری
ئێستا ئەمناردی بۆ شاری عەدەم
نەجاتم ئەدای لەدەست دەرد و خەم

## فەریادی دووری

١٩٣٣

دیجلە هاوارم بەرە بۆ وڵات
وڵاتی پڕ دەرد ئالام و ئاوات
دەنگی دڵسۆزی جگەر برینی
فەریادی یاری دۆستی دێرینی
بڵێ بەندەکەی خەمخۆری جاران
شێتی جەماڵتە لە کووچەی شاران
سیروان کەوسەری بەهەشتی کوردان
ئیکسیری زام و ئازار و دەردان
وەختێ پرشنگی نوورانیت وەک زیو
ڕووناکی ئەکا دۆڵ و دەر و شیو
لەباتی منیش بە ئەشکی ڕەوان
بشۆ غوباری کەژی هەورامان
نەسیم گیانبەخشی زیندوو و جەمادات
ڕۆحی (فەرامەرز) ببێ بە فیدات
شنەیە بایە، کزەی هەوایە
لە شاخ و نزار دەشت و چیایە
بێنە دەخیلە بۆ جەرگی سۆزان
تۆزێ لە هەوای شاخەکەی قەیوان
هەوری سپی ڕەنگ تۆ بێرە ڕەحمەت
تینێ بدە خۆت پڕ گوڕ و هەڵمەت
بڕۆ لە زەڵم و تانجەڕۆ و سیروان
لە گشت ڕووبار و گۆمی کوردستان
لەسەر شابالت بارانێ بێنە
تەنووری دڵمی پێ دامرکێنە



## شاری بەدبەخت

بۆ لافاوەکەی شاری سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٢دا

فەرتەنە و با و و برووسکە، ئاهو واوەیلا و فوغان
گرمەوو ناڵەیی سەما، شین و شەپۆڕی سەرزەمین
دەنگی ئیستیعدادی دایک و گریەیی پیر و جوان
هاڕەیی لافاو و سەیل و نەوحەیی ئاخ و ئەنین
گاه لە تاو تیفلی خەواڵوو دایکی بێ چارە و هەژار
بێ تەڕەددود، بێ مەحابا، خۆی ئەخستە ئاوەوە
گاه لە تاو مەوتی مناڵی باوکی بەدبەخت بێ قەرار
هەروەکو مەل بۆ ئومێدێ خۆی ئەکرد بەداوەوە
شاری بەدبەخت هەر تەبیعەت مابوو لێت بێتە خرۆش
وا ئەویش پڕ چەک، موسەللەح، هاتە مەیدانی هوجووم
با ئەمیش سەر باری دەرد بێ با قەلیش هەم دەنگی بووم
با سەماش جووت بێ لەگەڵ ئەرز بەڵکو کوردان بێنە جۆش
جۆشیی وام ناوێ کە بگرین یاخو سینە چاک بکەن
جۆشی پڕ سۆزم ئەوێ کیسەی حەمییەت بێننە دەر
بۆ ئیعانەی شاری بەدبەخت، بۆ وڵاتی قوڕ بەسەر
بۆ برای بێ نان و شێو بۆ مردوانی بێ کەفەن

## دوو چاو و بەیتێک

**١٩٤٦**

شەوێکی سارد و تەڕ و تووشی زستان بوو، لەو شەوانەی بەغدا بەدەگمەن ئەبینی. بەجووتە لەگەڵ فەرامەرز دانیشتبووین هەر یەکەمان بادەی خۆی لەبەر دەما بوو. بەرە بەرە خواردنەوە سەرما و سۆڵەی لەبیر بردینەوە، لەشمان گەرم داگەڕا بەلاّم سەریشمان تاوی سەند.

لە مناڵییەوە فەرامەرز ئەناسم. زۆر سروشتێکی سەیری هەیە. گاهـ لاوێکی لەسەرخۆ، بەهۆش و ژیر، هەتا دە جار لەبەر دەمی خۆی سەرنج نەدا هەنگاوێ ناهاوێژێ، گاهێکیش لاوێکی پڕ جۆش و خرۆش، بە هەموو مانای وشەوە ڕۆمانتیکی، لەوانەیە هەموو جیهان بگۆڕێتەوە بە شیعرێکی جوان یا وتەیەکی نەستەق و یا دیمەنێکی دڵفرێن، من پتر لام وایە سروشتی دووەمی ڕاستەقینەیە، ئەوی تریان زۆر و زەبری ژیان فێری کردوە. جا لاوێک ئەمە سروشتی بێ، نابێ تووشی داوی دڵداری نەبووبێ. بۆ کردنەوەی دڵیشی لەمە باشتر هەلم بۆ هەڵنەکەوت. دانیشتنێکی پەنهانی. دوو دڵی یەکتر خواز و نەشئەی بادە. ڕووم تێکرد و وتم: ڕاستم پێ بڵێ فەرامەرز ئایا هیچ تامی دڵداریت نەچەشتووە؟! بەڕوویەکی نیوە گرژەوە وتی: برام ئەمە هەنگامی ئەم سکاڵایەیە؟ ئێمە هەردووکمان وا لە دەروازەی لاوی تێئەپەڕین. بریسکەی تاڵی سپی سەرمان لە دوورەوە ئەدرەوشێتەوە.

دڵ نەهێزی دڵداری تیا ماوە، نەتوانای بیرکردنەوەی دڵداری کۆنی هەیە. وتم ئەشێ دڵ هێزی دڵداری تازەی نەمابێ، بەلاّم بیرکردنەوە لە دڵداری کۆن هەرچەندە ڕەنگە دڵت ئازار بدا، بەلاّم بێ گومان گیان تازە ئەکاتەوە. بەمە ویستم کەمێ هۆشی ڕۆمانتیکی فەرامەرز بهێنمە جووڵە، وتی من لام وایە بناغەی هەستی جوانییە. یەزدان بەو مەزنی و بڵندییەوەی، ئەگەر مەبەستی جوانی نەبوایە ئەم جیهانەی بەم شیرینییە، بەم ڕێکییە، نە ئافراند. بڕوانە مانگ بە بچووکی، بە گەورەیی هەر جوانە. بڕوانە خۆر بە هەڵاّتن و ئاوا بوونی هەر جوانە.

نالی چەند جوان ئەفەرموێ کە باسی هەڵاّتنی خۆر ئەکات: بەڕوو زەردی



هەڵاّت و کەوتە کێوان. بۆ زۆر بڕۆین؟ تەماشای درەختی باخەکە بکە: لە بەهاردا کە ئەژیەتەوە چەند جوانە، لە پاییزیشدا لە هەنگامی گەڵاڕێزاندا بەو ڕەنگە زێڕینەوە چەند جوانە. کرێوەی بەفری زستان، شەستە ڕەهێڵەی باران، جریوە جریوی ئەستێرەی شەوی هاوین، هەر یەکەیان بەشی خۆی ئەوەندە جوانە کە نەک دڵی شاعیرێک دڵێکی سارد و سەختیش یەنێتە جۆش. ئەمانە لادە، تەماشای خۆمان بکە، چی هەیە جوانتر لە دیمەنی مناڵێکی ساوا لەناو بێشکەدا کە بەدەم دایکیەوە نەفامانە بەلاّم بێ گوناهانە پێئەکەنێ.

چەجای پێکەنین گریانەکەشی، کرۆزانەوەکەشی، سروودێکی مۆسیقای تیایە.

ئەبێ بشزانی کە گۆڕان جوانی و یا هۆشی جوانی لانابا. هەر ئەو مناڵە ساوایە کاتێ ئەبێ بەپیرێکی ئیفتادە، یا بە ئەگریجەی سپی وەک زیو، یان بەڕیشی ماش و برنجییەوە، دیسان بەشی خۆی جوانی ئەمێنێ. جوانی لەگەڵ هەستیدا پەیدا بووە و پێوەی نووساوە، ئەوەندە هەیە هەموو چاوێ نایبینێ. جا بۆیە ئەڵێم جیهان چ لە ئافرینیا، چ لە گۆڕان و نەمانیا، بناغەی لەسەر جوانی و یا جونبووشی جوانیە کە گیان ئەبەخشێ بە جیهان.

وادیار بوو ئەم وتارە دوور و درێژە دەمی فەرامەرزی وشک کردبووەوە. ئەشیویست لەپرسیارەکەی من گوریز بکا، چونکە پاش ئەوە پشوویەکی دا و بادەکەی هەڵگرت و بردی بۆ دەمی. وتم ئەمە چ پەیوەستێکی هەیە بە پرسیارەکەی منەوە؟ من چیم لە تۆ پرسی و تۆ چیت بۆ من هەڵڕشت؟.

فەرامەرز بە ئەسپایی بادەکەی دانایەوە تیلاییەکی چاوی تێکردم و بە زەردەخەنەیەکەوە کە لام وایە پڕ بوو لە گاڵتە پێکردن بە تێنەگەیشتنی من وتی: یەکێک جوانی پەرستێ ئاینی بێ، چۆن ئەشێ تووشی دڵداری نەبووبێ؟ تا دڵت لە قەفەسی سنگدا وەکو مەلی سەربڕاو هەڵبەزێتەوە لە دڵداری ناکەوێ. تۆ بزانە کورد چەند وشەیەکی ماناداریان دۆزیوەتەوە بۆ ئەمە: (دڵداری). ئەوی دڵی هەبێ ئەبێ دڵداری بچێژێ. تۆ گوێ مەدەرە ئەوانەی دڵ لەلایان پارچەیەکی لەشە کە تەنها فرمانێکی فیزیۆلۆژی ئەبینێ. ئەوانە نە لە جیهان گەیشتوون و نە لە ژیان. وادیار بوو دەرسی فەرامەرز لە بابەت ئاینی جوانی پەرستنەوە زۆر ئەخایەنێ. منیش ئەمویست زوو بگەمە ئەنجام. جا ڕووم تێکرد و وتم:

تێگەیشتم کەوا یەزدان بۆ دڵداری وەیا وەک خۆت ئەڵێی بۆ جوانی پەرستی ئەفراندووتی. بەڵام من ئەمەوێ سەرگوزەشتی دڵداریت تێبگەم، نەک فەلسەفەی دڵداری.

فەرامەرز نەختێ ڕەنگی هەڵبزڕکا. قومێکی تری دا لەخواردنەوەکەی و وتی:

نیازت هەیە گۆشتەوزونی ئەم برینە کۆنە لابەری، باوا بێ. بەڵام تۆ چ سوودێکت مست ئەکەوێ لە گوێگرتن لە مێژوویەکی پڕ دەرد و ناڵە؟

نەختێ بەشەرمەوە وتم: شەوی درێژی زستان بەچی تێپەڕێنین؟.

وتی: ها وەک پاشا بەڕەحمەت چوەکانی جاف حکایەتخوانت ئەوێ؟

دە گوێ بگرە: بەڵێ، منیش ئازاری دڵداریم کێشاوە، بەشکو ئێستاش ئەیکێشم. بەڵام زامی ئەو تیرەی بیست ساڵ لەمەوپێش پێکامی، هێشتا سارێژ نەبووە. ڕەنگە سارێژ بووبێ، بەڵام دڵ نایەوێ سارێژ بێ، چونکە یەکەم نیشانەی جونبوشی دڵداریم بوو.

بیست ساڵ لەمەوبەر لەتەمەنێکدا بووم کە ژیانم بە گەشتێکی خۆش، جیهانم بە سەیرانگاه ئەزانی. سەرەڕای ئەوەش لە شارێکدا بووم کە ئەڵێی خوای گەورە هەر بۆ دڵداری و شیعری ئەفراندوە، یا ئەوسا بەلای منەوە وا بوو. جا لەو تەمەنەدا لەو شوێنەدا بۆ یەکێکی وەکو من کە لەم سروشتەدا بێ پڕیشکێک بەسە بۆ ئەوەی بڵێسەیەک بەرپا بکا. زۆری پێ نەچوو ئەو پڕیشکەش پەیدا بوو. پڕشنگی چاوی پەرییەک بەرەنگارم بوو. ئاگری دڵ هەڵگیرسا. کە ئەڵێم پڕشنگی چاوی پەرییەک، بەدرۆ یا بە زۆری مەزانە، چونکە بەڕاستی لە پێشەوە بەتەنیا هەر چاویم دی و هەر چاویشی برینداری کردم. بەسەر یەکەم تیرا ڕۆژەها مانگەها تێپەڕی. بینینی دوورا و دوور نزیک کەوتەوە، لەپشتی دەرگاوە گفتوگۆش دەستی پێکرد بەڵام چە دەنگێ، چە ئاوازەیە، چە شێوەی ئاخافتنێ؟ هەر ئەوەی کە ئەفراندبووی مەگەر بیزانێ، بەم جۆرە موددەتێک تێپەڕی. ڕۆژێ لە ڕۆژان خواوڕاستان وێنەیەکی بچووکیم چنگ کەوت. ئەو ڕۆژە جەژنم بوو خوا گەواهە بە تەواوی نەم ئەوێرا سەرنج لە وێنەکە بدەم. ئەترسام کەم و کورتیەک، ناشیرینیەکی تیا بدۆزمەوە و ئەمە ڕەخنە بدا لە تاب و تەژی دڵدارییەکەم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم وێنەیەم وەکو نوشتەیەکی خجستە هەڵگرت. چ لە هەنگامی



دڵتەنگی، چ لە کاتی خۆشیدا دەرم ئەهێنا، تەماشام ئەکرد و تەڕاوی دڵمی ئەدا. ڕۆژێ هات دڵ لە وێنەکە زیاتر پەرێشانی خاوەن وێنەکە بوو. هەر چەند ئەمە ئاواتێ بوو کە نایەتە دی، بەڵام دڵ لەو تەمەنەدا لەوانە نییە گوێ بداتە شتی وا. زۆر چاک ئەمزانی ئەمە شوێن کڵاوی بابردووکەوتن بوو وەلێ ئەڵێی چی؟ دڵ وای پێ خۆش بوو. بەم جۆرەش موددەتێ تێپەڕی و سوودی ئەم هەموو تەقەلایەی دڵ پارچە کاغەزێکی دەستنویستی دڵدار بوو. ئەمە نیشانەیەکی چاک بوو. وادیار بوو بەرەو ئەنجامێکی باش ئەڕۆین. لە بینینی دووچاوی مەستەوە بۆ وێنەی تەواوی، بۆ پەیامێکی بچووک بەدەست و خەتی خۆی، بەڵام چارەنووس شتێکی تری بۆ هەڵگرتبووین. لە کاتێکدا کە بەتەمای یەک گرتن بووم کۆچی یار هاتە پێشەوە. لەناکاو ئەو کەسەی چارەنووس کردبووی بەهاوجووتی یار قەراری دا لەو شارە کۆچ بکا، ئەشێ ئەم کۆچ کردنە بۆ ئەو، بەشکو بۆ یاریش، شتێکی ئاسان بووبێ. وەلێ بۆ من، بۆ دڵی زامداری من، نەشتەرێ بوو ئێستاش شوێنەکەی خۆش نەبۆتەوە. ڕۆژی کۆچ کردن هات. خۆم پێ نەگیرا و ڕووم کردە کۆی یار. مات و غەمگین بۆی دانیشتم، بیرم ئەکردەوە لەو ڕۆژە ڕەشانەی لە پێشمەوەیە، چی بکەم؟ چۆن فەرامۆشیم دێ؟ ناگاه دەستخەتە شیرینەکەی، وێنە جوانەکەی هاتە بیرم، لەبەر دەمدا لەهەیوانەکە نوسخەیەک لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ی لێ بوو. یار لە پشت هەیوانەکە دانیشتبوو وا دیاربوو خەریکی خۆ کۆکردنەوە بوو. بێ ئیختیار دەستم درێژ کرد بۆ ڕۆژنامەکە لەلایەکییەوە ئەم بەیتەم نووسی:

به یادگاری سەری زوڵفت هەڵی ئەگرم کیتابەی تۆ
لەلام وەک دەستخەتی شاهی (کلیم الله)یە نووسینت

پاش نووسینی ئەم شیعرە بە ئەسپایی ڕۆژنامەکەم فڕێ دایە پشتەیوانەکە.

لەمە مەبەستم وەرام وەرگرتنەوە نەبوو، دڵ هاتبوە جۆش. شتێکی پێ نووسیم و ئیشێکی پێ کردم، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو دەستێکی سپی بەفرین، تۆ بڵێی (ید البیضا)ی بەناوبانگ بێ، لە دەرگاکەوە درێژ بوو، ڕۆژنامەکەی بۆ فڕێ دامەوە. دڵم داخورپا. ترسام هەڵیبگرم، وام ئەزانی کردەوەکەی لا جوان نەبووە. تووڕە بووە و ڕۆژنامەکەی فڕێ داوە، بەڵام دڵ ئەو سەرچاوەی سروشتە فەرمووی: کوڕە هیچ نەبێ دەستی یاری بەرکەوتووە، هەڵی ناگری؟ بە

دوودڵییەوە دەستم برد و ڕۆژنامەکەم هەڵگرت. چی ببینم؟ بەیتە شیعرەکە بە هەڵگێڕاوەیی دووبارە یار بەم جۆرە نووسیویەتیەوە:

به یادگاری سەری زوڵفم هەڵی بگرە کیتابەی من
لەلات وەک دەستخەتی شاهی (كليم الله)یە نووسینم

تۆ بی لەجیاتی من چی ئەکەی؟ یار لە سەر کۆچکردنە. دڵ خوێنی لێ ئەتکێ و ئەم بەیتە هەڵگەڕاوەیەش سەربار. ئیتر توانای دانیشتنم نەما. ڕۆژنامەکەم پێچایەوە و خستمە باخەڵمەوە. سەرم نایەوە بۆ ماڵە جوولەکەیەک کە جاروبار لەگەڵ هەندێ برادەران لێی دائەنیشتین، شوێنێکی تەنیاو خامۆش. بادەیەکی بیر هەڵگیرسێن و یا هۆش دامرکێنم پێویست بوو.

لەوێ لە سەر کورسییەکی شەق و شڕ دانیشتم، شووشەیەکیان بۆ هێنام و دەستم کرد بەخواردنەوە. گاھ لەبەر خۆمەوە لەگەڵ دڵ دڵی کۆست کەوتوو سکاڵام ئەکرد و، گاھ ڕۆژنامەکەم ئەهێنا بەچاوێکی پڕ فرمێسکەوە بەیتە هەڵگێڕاوەکەم ئەخوێندەوە. ئەم کۆستە گەورەیە لەوکاتەدا وای هێنامە جۆش کە بەبێ ئیختیار قەڵەم و کاغەزم گرت بەدەستەوە هەندێ شیعرم نووسی کە بێگومان هەمووی ناڵێن و سەرزەنشت بوو. دوا بەیتیم لە بیرە ئەمە بوو:

دنیا نە بەهەشتە، نە چەمەنزاری سەفایە
شوێنێکی بە ئاشووبە، ژیانیشی جەفایە

گێڕانەوەی ئەم سەرگوزەشتە بەسۆزە وا دیار بوو فەرامەرزی تەواو پەشۆکاند، چونکە پاش ئەوەی بەیتەکەی خوێندەوە هەناسەیەکی درێژی لە هەنسک چووی هەڵکێشا. دەستی برد بۆ بادەکەی هەرچیەکی تیا مابوو بە قومێک خواردیەوە، بە سەرزەنشتەوە ڕووی تێکردم و وتی: با ئەم پەڕەیە هەڵگێڕینەوە. هەڵسە ڕادیۆکە بکەرەوە بزانین دەنگ و باس چییە؟!

هەڵسام چووم بۆ لای ڕادیۆکەوە، بەڵام بەدڵ پەشیمان بوومەوە کە بووم بە هۆی کولانەوەی ئەم برینە کۆنە، چونکە بۆم دەرکەوت کە تاڵی و شیرینیی بیست ساڵی دوور و درێژ، هەروەکو خۆی لە پێشەوە وتی: هێشتا برینەکەی سارێژ نەبووە.

بەغدا- ١٩٤٦/١/٢٤



## تێکۆشینی کوڕێک و میهرەبانی باوکێک

لە ناو خۆشی و تاڵی ژیاندا پیاو هەندێ جار تووشی شتی وا ئەبێ خواھ ناخواھ لە مێشکیا ئەچەسپێ و هەموو دەرد و ئازاری ژین نایفەوتێنێ.

ئەمەی ئێستا بۆتان ئەگێڕمەوە یەکێکە لەو کارەساتانە. ئەشێ لە گێڕانەوەیدا سوودێکی کۆمەڵایەتی تیا نەبێ، وە ئەشێ تاڵییەکەی لەوانەبێ کەهەندێ چاو بخاتە فرمێسک. بەڵام بەلای منەوە لەلایەکی ترەوە زۆر موهیممە. لە جیهانی ئەمڕۆدا نەزەریەی مادەپەرستی و مەبدەئی (تطوري اقتصادي) ئەوەندە زاڵ بووە کە باسکردن لە گیان و دەروون، لە هۆش و حس، وەختە بڵێم کە باوی نەماوە. من بەشی خۆم بڕوام وایە کە ژیانی فەرد و کۆمەڵ ئەگەر نیوەی بەسترابێ بەمادەوە، نیوەکەی تری بێگومان تین و هێز لە گیان و دەروون، لە حیس و هۆش وەرئەگرێ. جا لەبەر ئەوەی ئەم سەرگوروشتەیە ئێستا بۆتان ئەگێڕمەوە وێنەیەکی زیندووی هێزی گیان و هۆشە، بەڵکە هەر پارچەیەکە لە گیان و هۆش، بەلای منەوە زۆر بەنرخترە.

پانزە ساڵ لەمەوبەر، وەختێ هاتمە بەغدا، لەو دائیرەیەی ئیشم تیا ئەکرد، باوک و کوڕێکی تیابوو هەردووکیان فەڕاش بوون. کوڕەکە لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بوو، باوکەکە لە پەنجا پتر بوو. کوڕەکە هەر وەکو فەڕاش بوو بە شەویش لە قوتابخانە ئەیخوێند. هەر چەند هەر لەو ساوە زەرد و لاوازبوو، بەڵام بەجۆشی لاوێتییەوە هەم ئیشەکەی ئەبینی و هەم لەسەر خوێندن دەوامی ئەکرد. خووڕەوشتێکی پاکی هەبوو. مەئموورەکان هەموو لێی ڕازی بوون. باوکیشی کە ئەمەی ئەبینی وەکو گوڵ ئەگەشایەوە. ڕۆژ، مانگ، ساڵ تێپەڕی. باوک و کوڕ لەم دائیرەیەدا بەرۆژ ئەکۆشان. کوڕ بەشەو لەجیاتی وچان و حەسانەوە کتێبی ئەخستە بن باخەڵی، ئەچوو بۆ قوتابخانەکەی. چەند ساڵێک تێپەڕی، کوڕ خوێندنی ئیبتدائی تەواو کرد، چووە مەکتەبی سانەویەوە، زۆری پێ نەچوو ئەویشی تەواو کرد. لەم دەورەیەدا دوو شتی موهیم کەوتە بەرچاوم، یەکەمیان ئەوەبوو کە باوکەکە لەگەڵ ئەوەدا کە هەتا ئەهات ئەچووە ساڵەوە، بەپێی سروشتی ئادەمیزاد ئەبوایە هەتا بهاتایە پیریی و فەرسودەیی زیاتر لێ دیاری

بدایە، کەچی تا ئەهات بەگوڕتر ئەبوو. لەمە لەپێشەوە سەرسام بووم. بەڵام لە ئاخرییا بۆم دەرکەوت کانی گوڕ و تینی باوکەکە کوڕەکەی بوو، هەتا ئەم گەورە بوایە و لە خوێندنیدا پێش بکەوتایە، ئەو لەتەمەندا ئەچووەوە دواوە. هێز و توانای لاوێتی تیا ئەبووژایەوە دووەمیان باری کوڕەکە بوو. لەگەڵ ئەوەدا کەخوێندنی سانەوی تەواو کردبوو، لە بیر و تێگەیشتندا لە هەندێ مەئموورەکان بەرزتر بوو. بەڵام دیسانەوە باری کۆنی خۆی نەگۆڕیبوو، هەروەکو جاران بە ڕێکی و بێ دەنگی فرمانی فەڕاشی ئەبینی. خواوڕاستان ڕۆژێ دڵی سەرۆکی دائیرەکە نەرم بوو، زانی کە مانەوەی ئەم کوڕە بەفەڕاشی شتێکی جوان نییە، بە موستەخدەمی و بەمووچەیەکی پتر هەر لەو دائیرەیەدا دایمەزراند.

کوڕە بوو بە مەئموور و خاوەن کورسی و مێز بەڵام دیسانەوە باری کۆنی خۆی، ڕەوشتی جوانی خۆی نەگۆڕی. تەنیا لەم هەلە سوودمەند بوو، داخڵی کوللیەی حقوق بوو. ئەمە کامەرانیەکی ئەوەندە گەورە بوو بۆ باوکەکە کە نەیتوانی بیشارێتەوە. هەموو لەشی لە خۆشیدا پێئەکەنی. ئەتوانم بڵێم کە خۆشنوودی لێ هەڵئەوەرا. چۆن خۆشنوود نەبێ؟ وا ئەو نەمامە خۆشەویستەی بەدەستی خۆی ناشتبووی هاتە گەورە بوون، خەریکە بێتەبەر. یەک دوو ساڵی تریش تێپەڕی. کوڕ بێ گرێ و قۆرت لە ئیمتیحاندا سەرکەوت، ئەو چەند لە خوێندندا بەرز بووایەوە، باوکی ئەوەندە سەری بەرز ئەبووەوە. ڕۆژێ لە ڕۆژان بەدەمێکی پێکەنیناوی و دڵێکی ڕووناکەوە ڕۆژنامەیەکی گرتبوو بە دەستەوە، هیچ پیاوێکی بە ئاین نووشتەو مووفەڕک وا بە ئیحترام هەڵناگرێ. ناهەقیشی نەبوو. ئەم ڕۆژنامەیە وتارێکی جوانی کوڕەکەی تیا نووسرابوو، وتارەکەم خوێندەوە پڕ بوو لە هۆشی جوان و بەرزی ئینسانی. گەواهی ئەدا کە نووسەرەکەی چێشێکی ڕێکی ئەدەبی هەیە. لەدڵی خۆمدا وتم:

دڵ بۆیە ئاواتەخوازی دیموکراسیەکی ڕاستە، چونکە ئەبێ هەلێکی یەکسان بدا بە هەموو کەسێک. کێ ئەڵێ ئەم کوڕە ڕۆژێ نابێ بەئیش بەدەستێکی زانا و سوود بەخشی وڵاتەکەی؟! من لە دڵی خۆمدا وام ئەوت نەم ئەزانی کە دواڕۆژ چی بۆ شاردۆتەوە، ئەو لەخوێندن و نووسیندا هەر لە پێشکەوتندا بوو. گەیشتە دوا سنفی خوێندن. چەند مانگێکی مابوو تەواوی بکا لەپڕ لە هاتنە دائیرەدا چەند ڕۆژێک ون بوو، کەوتینە پرسیار، وتیان نەخۆشە. نەخۆشیەکەشی گرانە،



ئەوەندەی پێ نەچوو کۆچی کرد، کۆچێک کە گەڕانەوەی لە دوا نابێ. بەڵام وەنەبێ ئەمە دوایی ئەم کارەساتە ناخۆشە بێ، باوکی جگەرسووتاو هەروەکو درەختێکی ئاو لێ بڕاو تا هات وشک ئەبوو. ئەم کۆستە لەوانە نەبوو بەرگەی بگرێ. سەرچاوەی ژیانی وشکی کردبوو، پیریش زۆری لێ سەند. ڕۆژێ لەڕۆژان ئەویش ئۆقرەی نەگرت، کۆچی کرد بۆ هەوارگەی جوانەمەرگەکەی!.

# وەلی دێوانە

بۆ گۆران ١٩٣٤

چەند ساڵ لەمەوبەر لەژێر ڕەشماڵێکا پیرێکی ئیفتادەی جاف هەندێ شیعری ڕەوان و دڵسۆزی لەبەر بۆ خوێندمەوە، بەڕاستی زۆر کاری تێکردم، لە هی (کلیم) و (بێ دڵ) زیاتر! پاش ئەمە بەدڵ کەوتمە سەر سەودای کۆکردنەوەی شیعری ئەم شاعیرە بەهرەوەرە، وە زیاتر مەراقی بەسەرهاتی ژینی گرتمی. ژینی وەلی هەروەکو هی گەلێ لە شاعیرەکانی ترمان لەگەڵ مردنی خۆیدا کوژاوەتەوە. ئەوی ئەمڕۆ بۆ ئێمە ماوەتەوە تەنیا تارمایی خەیاڵی ئەم شاعیرە کۆچەرییەیە. ئەگەر بەسایەی چێشکەی ئەدەبی (الذوق الأدبي) جافەکانەوە هەندێ شیعرەکانیمان بۆ نەمابایەوە، بێ گومان ئێستا ناوونیشانی نەئەبوو لە تەئریخی ئەدەبیاتماندا، بۆ شیعرەکانی یا بۆ ئەو دڵدارییە کوشندەیەی پەڕەیەک تەرخان نەئەکرا.

لەبابەت ژینی وەلییەوە و تەئریخی بوونیەوە کەم ئەزانین. کەی وە لەکوێ لە دایک بووە؟ چۆن وە بەچەند ساڵی مردوە؟ بەڕاستی وەرامدانەوەی ئەمانە ئاسان نییە. لەگەلێ شتا بەسەرهاتی وەلی لە هی (مەجنون) ئەچێ، ژینی کۆچەری و عەشرەتیان، پاکی، خاوێنی و ناهومێدی ، دڵدارییان، وێڵی و چۆڵ پەرستییان، ناڕەزایی، باوکی یارەکانیان. پیاو کە لەم یەکێتی سەرگوزەشتەیان ورد ئەبێتەوە خەریکە بڵێ ئەمە ڕەنگە داستانێ بێ لەوێنەی ئەو هەڵبەسترابێ. بەڵام وانییە. شاعیر لە ڕۆژهەڵات یا ڕۆژئاوا بێ، لەناو لمی ئاگرین و یا نزاری فێنک دابێ، ڕەوێڵ و یا شارستانی بێ، مەجنون، فەرهاد، شیللی، دانتی وەیا وەلی بێ، ئەوە گیانلەبەرێکە کە ئەو ڕێگەیەی وە سروشتێ کە بۆی دانراوە، هەر بەوێدا دەڕوا. ئەشێ ڕێگای هەندێکیان بەدیمەن جیا بێ، بەڵام هەموو بۆ کۆی یار ئەچن، وەقیبلەی هەموویان یەک شتە. دڵداری شاعیر تارێکە هەر دەستی دڵدار ئەتوانێ لێیدا، بەڵام لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە هەتا نائومێدی تەلەکانی نەپچڕێنێ و تێکی نەشکێنێ، ئاوازی بەجۆشی لێ دەرنایە. وادیارە لای شاعیر ناڵەی دڵێکی زامدار خۆشترە لە زەردەخەنەی دەمی نازدارێ. وەلی، وەکو



ئەگێڕنەوە، نزیکی دوو سەد ساڵ لەمەوپێش لەدایک بووە. خۆی لەتیرەی کەماڵەیی عەشرەتی جافە. هەرچەند ئەڵێن نەخوێندەوار بووە، بەڵام هەندێ تەعبیرات و زوبان زەدەیی وای بەکەڵک هێناوە کە پیاو ناتوانێ دان بنێ بەمەدا!! ئەگەر خۆیندەواریش نەبووبێ، بێ گومان ژینی کۆچەرێتی وە تێکەڵی لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا، سوودێکی زۆری پێگەیاندوە. وە ڕەنگە بەشی زۆری ئەم تەعبیراتانە لەوانەوە فێر بووبێ. وەلی هەر لە مناڵیەوە سروشتی شاعیرێتی خۆی دەرخستووە. نازانم ئەگەر جاف شاعیر پێنەگەینێت، کێ ئەبێ پێی بگەیەنێت؟!.

لە جیهاندا ئەوی زیاتر بەش وەرگرێ لە جوانی و شیرینی و ئاهەنگ و زەمزەمەی تەبیعەت هەر خێڵی جافە. ژیانیان گەشتێکی جاویدانییە!.

هاوین لەگوێ ڕووبارەکانی سارد و ڕوون، لەژێر درەختی سەوز و بەرز، لەناو چەمەنزاری پڕ گوڵاڵە و وەنەوشەدا ڕائەبوێرن. زستانیش لەژێر ئاسمانێکی شین و ساماڵ و شنەی بایەکی خۆش و گیانبەخشا تیئەپەڕێنن. بەقەدەر ئاسکی گەرمیان ئازاد و بزێو و، بەقەدەر ڕێواسی کوێستان تەڕ و تازە و مەزەدارن.

وەلی لە بنیاتا شاعیر بووە ئەم ژین و گەشتەش زۆر بە کەڵکی هاتوە. گەلێ شیعری جوان و ڕەوانی پێ ئیلهام کردووە. وەختێ ئەگاتە سێرەی کوڕێنی، ئەکەوێتە داوی (شەم)ەوە، شەم کەنیشکێکی جوان و شیرینی کەماڵەیی ئەبێت. هەر لەئەوەڵ ڕۆژەوە چاوی ڕەشی شەم ئاگرێک بەر ئەداتە دڵی وەلی کە پاش مردنیش نەکوژاوەتەوە. ئا ئەم چەند دێڕە پڕیشکی ئەو ئاگرە بەتینەیە. بەسەودای دڵدارییەوە وەلی ئەکەوێتە سەر شیعر وتن. بەهۆی ئەم شیعرانەوە ناوی ئەزڕێ و ناوی یارەکەشی ئەزڕێنێ. شیعری وەلی وە جوانی شەم لەناو هەموو هۆز و تیرەی جافا بڵاو ئەبێتەوە، تا باوکی کچە ئەگاتە تینی، ناهێڵێ کچەکەی چاوی بە وەلی بکەوێ و بەم چەشنە لە جیاتی ئاو نەوت ئەکات بەسەر ئەم ئاگرە بڵێسەدارەدا. وەلی خەو و خۆراکی لێ هەڵئەگیرێ. هەموو ئیش و فرمانی دێتە سەر شیعر هەڵدان بەسەر یاری دوورکەوتوویدا. لە ئەنجامی کاردا خەبەری ئەم مەجنوونە تازەیە ئەگاتە میری ئەوسای جاف. هەندێ لە شیعرەکانی بۆ ئەخوێننەوە. زۆر کاری تێ ئەکا. قەرار ئەدا ئەم دوو دڵە یەک خا، خۆی ئەچێ بۆ

ناو خێڵی کەماڵەیی. لەوێ باوکی شەم بانگ ئەکات و هەر چۆنێ بێ کچەکەی لێ ئەخوازێ، مزگێنی خوازبێنی شەم ئەنێرێ بۆ وەلی، وە لەسەر ئەمە شاعیری ئاوارە هێلانەی شاخی خۆی بەجێ ئەهێلێ وە بەهەڵەداوان دێتەوە. لەسەر فەرمانی میر زەماوەندێکی گەورە ڕێک ئەخەن. سێ شەو و سێ ڕۆژ کوڕگەلی کەماڵەیی لەگەڵ کەنیشکی باڵا بەرزی جافدا ڕەشبەڵەک ئەکەن. ڕۆژی سێیەم لەسەر دەستووری خۆیان ماینێک ئەڕازێننەوە ڕەخت و ڕەشووی زیوی لێ ئەدەن و شەمی سوار ئەکەن. وەلی لەپڕ دێتە پێشەوە بەپێچەوانەی دەستووری جاف جلەوی وڵاخەکە ئەگرێ، بەچاوێکی پڕ لە بەختیاری وە دڵێکی بەجۆشەوە لێی ئەپرسێ: – ئەی شەمی شەریف هەروەک من بۆ تۆ سووتاوم، هەروەک من بۆ تۆ پەرۆشم، ئاخۆ تۆیش وایتە بۆ من؟! تۆش منت خۆش گەرەکە؟!، شەم لە ڕووی نازەوە وەیا هەر بەڕاستی ئەڵێ: نەء، ئەم وەڵامە یەک ڕەنگە بەجارێماڵی وەلی وێران ئەکات. جلەوی وڵاخەکە بەرئەدات و ڕووە و نزار سەر ئەنێتەوە. چەند ساڵێک وێڵ و ئاوارە بەناو شاخ و چەم و دۆڵدا ئەسووڕێتەوە. بەرامبەر بە ئاو، بە با، بە مانگ، بە ئەستێرە، بە مەل شیعر ئەڵێت. هەموو هەستی گێتی ئەکا بە تکاکار لای شەم. پەیامیان پیا ئەنێرێ و داوای وەڵامیان لێ ئەکات. بزانە شەوێک لە شەوانی ئاوارەییدا بەرامبەر بەنەسیم چی ئەڵێ:

دڵ وەداخەوە، دڵ وەداخەوە(۱)
ئەمشەو خەریک بی دڵ وە داخەوە
جە داخ ئەو شەم شەو چراخەوە
تا ئاما بادێ جە لەیلاخەوە
بادێ چون نەسیم ڕەوزەی ڕیزوانی
قووەت بەخش ڕۆح سەد ساڵەی فانی
نەسیمێ نەفەس مەسیح ئاسایی
تەسکین بەخش زام دڵ شناسایی
هەم شارەزای ڕای شای شەم جەمین بی

(۱) ئەم دوو پارچە شیعرەی نووسەر لە کاتی خۆیدا بەنموونە هێناویەتیەوە هەڵەی زۆریان تیادا بوو وە شیعرەکان ناتەواو بوون، دیارە بەو جۆرە دەستی کەوتوون. ئێمە ڕاستیی شیعری یەکەمان لە بەر دیوانی وەلی دێوانەی کاک عوسمان هەورامی نووسییەوە.



دۆست پەروانان خاتر خەمین بی
شەمیمێ جە عەتر زوڵف شەم ئەمشەو
دانە ڕووی دەماخ پەروانەی بێ خەو
پەرسام ئەی نەسیم سوبخێز سارا
دەماخ جە بۆی عەتر زوڵف شەم دارا
دەوەندەی تیژ باڵ سارا سەیرانی
ڕەهنمای ڕەهبەر ڕاگەی حەیرانی
یەچۆنت زانا ئەم شەو من مات بیم
پەروانەی پەشێو، حەپس زوڵمات بیم
کێ شەمیم عەتر شەم نمانا پێت
ئەی بۆ ئاوەردی نەسیم کێدا پێت
وات ئەی پەروانەی پەڕسفتەی مەلال
تەن خەستەی ئەییام خوڕەمی ویساڵ
نەو جاکە شەم زوڵف وێش مەکەرد شانە
ئەی بۆ ئاوردم پەرێ پەروانە
بەڵکەم سارێش بۆ ئێش نەسرەفتەش
سوکن سەودای داخ جە لەیل دوور کەفتەش
منیچ پەی ئیحسان ئەوسا جەو دەمدا
مەرغولەی زوڵفش شانام وەهەمدا
ئاوردم پەی تۆ وە دەوان دەو
زانام سوودش هەن پەی بێخاو خەو
بە فیدای نەسیم بام عەتر شەو پێش بی
ئەم شەو زامانم یەک یەک سارێش بی
نەسیم ناوەردا دەوا پەی دەردم
بێ شک جە دووری ئەم شەو مەردم

***

جە ڕاگوزەردا، جە ڕاگوزەردا
یەک ڕۆ جە لەیلاخ، جە ڕاگوزەردا

دیم شەم خەفتە بێ جەسوب سەحەردا
ئەگریجە و زوڵفان پەخش بین وەبەردا
ئەگریجە و زوڵفان تووک تاوس باڵ
پەخش بییەن نەدەور گۆنای گوڵ میسال
منیش پەی ئیحسان ئەوسا جەو دەمدا
مەرغولەی زوڵفش شانام وەهەمدا
هاوەردم پەی تۆ وە دەورانی دەو
زانام سوودش هەن پەی بێ خاوی شەو
وەفدای نەسیم بام عەتر شەم پێش بی
ئەو شەو زامانم یەک یەک سارێژ بی
نەسیم نەئاورد دەواپەی دەردم
بێ شک جە دووری ئەمشەو مە مەردم

وەک دەگێڕنەوە لە سەرەمەرگیا ئەم شیعرەی وتووە، ئەمە چەند دێڕیەتی:

میلێ بەئەنداز بەژن و باڵای شەم
بنیەن جە فەرقم بەبێ زیاد و کەم
بەڵکم ئەو قیبلەم جە ڕاگوزارێ
ڕاش گنۆ وە سەر گلکۆی من جارێ
بزانۆ زەدەی شەست وێشەنان
داخ وە گڵ بەردە حەسرەتکێشەنان



# زەردەشت و دینی زەردەشتی*

١٩٣٤

لەسایەی هەوڵ و کۆششی هەندێ لە زانایانی کۆنناسی ڕۆژئاوایی (عولەمای ئاساری قەدیمە) ئەمڕۆ زۆر باش دەرکەوتووە کە کورد وەیا میدی کۆن تێکەڵی و پەیوەستیەکی زۆریان هەبووە لەگەڵ تەئریخی ژینی زەردەشت و دینەکەیدا. ئەگەر نەختێ سەرچڵانە بڕۆین، ئەتوانین بڵێین کە(زاراثوشترا)(١) پێغەمبەری کۆنی ئێرانیان کورد بوە و ئاڤێستا بەکوردی کۆن نووسراوەتەوە. لەم ڕووەوە بە باشمان زانی لە بابەت ئەم شەخسە و دینەکەیەوە ئەوی تەئریخ(٢) وەکتێبی کۆن بۆی بەجێ هێشتووین بخەینە بەرچاوی لاوانی خۆشەویست. لەمەدا ئامانجمان تەنیا هێنانەوە بیری پەڕەیەکی تەئریخی کۆنە کە ئەگەر ڕاستەوخۆ بەپەنجەی کوردیش نەنووسرابێ تا ئەندازەیەک کورد تیا بەشدار بووە. لە بابەت تەئریخ و شوێنی لە دایک بوونی ئەم پێغەمبەرە و بڵاوبوونەوەی دینەکەیەوە زۆر شت وتراوە کە هەندێکیان پێچەوانەی یەکترن، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ بەڕاست وەرگیرابێ ئەوەیە

* بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانی ڕەشید نەجیب بەهیچ کلۆجێ وا ناگەیەنێ نووسەری ئەم کتێبە ئەبێ هاوباوەڕ بێ لەگەڵیدا و نیشانەی ئەوە نییە ئێمە لەگەڵی هاوڕاین. ئێمە تەنها لەو ڕووەوە ئەم بابەتە بڵاو ئەکەینەوە کە بووە بە بەشێ لە کەلەپووری ڕۆشنبیریی کورد و پێویستە هیچ لقێکی ئەم ڕۆشنبیرییە نەشاررێتەوە و بخرێتە بەردەستی وەچەی نوێمان تا شارەزای جۆری بیرکردنەوەی وەچەی پێشوو ببێ و لە ئەنجامی بەیەکا چوونی هەموو لقەکانی ڕۆشنبیریمان، گەلەکەمان زیاتر پێش بکەوێ و، تێکڕا ئێمە ئەم بابەتە وەک بابەتێکی مێژوویی سەیر ئەکەین کە لەوانەیە لە هەموویا نووسەر پێکابێتی یا لە هەندێ بابەتیا بەهەڵە چووبێ و بە هیچ جۆرێ مەبەست پڕۆپاگاندە کردن نییە بۆ ئاینێکی تایبەتی و ئێمە بە هەموو ڕێزێکەوە سەیری ئەو ئایینانە ئەکەین لای خواوەندەوە هاتوون بۆ ئادەمزاد.

ئومێد ئاشنا

(١) ناوی ڕاستەقینەی (زارا توشترا)یە کە بە زۆر شت مانای لێکدراوەتەوە، وەلێ ئەوی بەڕاست دانرابێ ئەمانەن: خاوەنی حوشتری زەرد، خاوەنی حوشتری پیر، گەلاوێژی زێڕین.

(٢) توخمی ئەستێرەی زەهرەو- تۆفیق وەهبی بەگ گومان ئەبات کە مەعنای (گەلاوێژ)ە کە شەعرای یەمانییە.

کە( زارا ثوشترا) ١٤٠٠ ساڵ پێش میلاد لە شاری (ڕەی) لەدایک بووە. باوکی ناوی (پوروشاسپ) فرە ئەسپ و دایکی ناوی (دوغدۆ) بووە. بەچوار پشت ئەچێتەوە سەر(منوچهر)ی پادشای پیشدادییان. لەبەر ئەوەی شاری ڕەی لە وڵاتی میدیادا بووە، هەندێ لە تەئریخ نووسەکان بە پێغەمبەری میدیای ناو ئەبەن.

لەوەختی لە دایک بوونی زەردەشتدا ئێران زەمین زۆر خراپ بووبوو، دینی کۆنی مازدیانی کز بووبوو، شەڕ، گوناه، بت پەرستی، جادوگەری هەموو لایەکی داگیر کردبوو. داد(٣)، چاکی، خاوێنی، نەمابوو. حوکمدارەکان زۆردار و لەخوا نەترس بوون، بەتایبەتی «دورسان»ی میری ڕەی. وەختێ زەردەشت لە دایک ئەبێ ئەو ناونیشانانەی پێشینیان لە بابەت هاتنی پێغەمبەرێکەوە دابویان، دێتەدی. (دورسان) لەمە زۆر ئەکەوێتە ترسەوە. بەهەموو ڕەنگێ هەوڵ ئەدا بۆ نەهێشتنی. جارێک ئاگرێکی گەورە ئەکاتەوە و ئەو منالە ساوایەی تێ فڕێ ئەدا، بەڵام ئاهورامەزدا ئەگا بەفریای، دەست بەجێ بڵێسە و کڵپەی ئاگرەکە دائەمرێنێتەوە و منالەکەی بە ساغی لێ دێنێتە دەرەوە، ئاخری دورسان ڕەنجەڕۆ ئەبێ و وازی لێ دێنێ. لە حەوت ساڵیدا باوکی ئەیداتە دەست (بۆرژنیکۆس) ناوێ و هەتا ١٥ ساڵی لای ئەو ئەخوێنێ، لە ئاین و دەستووری دینی کۆن (مازدیانی) ئەگات. لە٤٠ ساڵیدا لە پاش دە ساڵ چلەکێشان لە شاخی(ئەسناڤاد) بە ئاهورامەزدا خوای گەورە ئەگات . دینی ڕاستی بۆ دەرئەکەوێ و (ئاڤێستا)ی بۆ دێتە خوارەوە. کتێبی ئاڤێستا لە شکڵی پرسیار و پاسوخدا(٤) هاتۆتە خوارەوە. ئەمە گوایە بەسایەی دوو فریشتەوە پێک هاتوە. (زارا ثوشترا) بەواستەی (ڤۆهومەن) بیری چاکی ناو فریشتەوە پرسیاری لە ئاهورامازدا کردوە بە (سروش)(٥)دا پاسوخی وەرگرتۆتەوە. با بۆ وێنە یەکێک لەم پرسیار و پاسوخانە بهێنینەوە: ٠

جارێک (زارا ثوشترا). بەهۆی (ڤۆهومەن)ەوە لە ئاهورامازدا ئەپرسێ: ئەی

(٣) داد: عەدالەت
(٤) سوئال و جواب
(٥) سروش: وەحی



خوای گەورە لای تۆ کێ زۆر باشە؟ لەوەڵامدا ئەم پاسوخە وەرئەگرێتەوە: «ئەو کەسە چاکە لە کردەوەیدا ڕاست بێ، بە بەخشندەگی هەموو کەسێ دڵشاد بکا، بزانێ چۆن بەبێ لایەنگیری داد بڵاو ئەکاتەوە، نیایش، ئاو، ئاگر، ڕەشە وڵاخ و گیانلەبەری تری کەڵکدار بکات».

زەردەشت پاش ئەوەی لە بڵاوکردنەوەی دینەکەیدا لە میدیا تووشی گیروگرفت ئەبێ، لەگەڵ هەندێ لە پەیڕەوانی وڵاتەکەی بەجێ ئەهێڵێ و ئەچێ بۆ (بەڵخ) کە لەوکاتەدا پایتەختی (ڤیستاشب) کوڕی (لوهراسب) پادشای کیانیان ئەبێ. بەپێی کتێبی کۆن و قسەی پێشنیان وەختێ زەردەشت و پەیڕەوەکانی ئەگەنە ڕووباری (ڤەهدەیتی- ئامووری ئێستا) ڕووبارەکە بوار نادات. پێغەمبەری ئێرانیان بۆ ڕزگاری بوون لەم چەڵەمەیە لە ئاهورامازدا ئەپاڕێتەوە، خوای گەورە ڕووبارەکەی بۆ ئەکا بە دوو کەرتەوە، بەم ڕەنگە لە ئاوەکە ئەدەن. کە ئەگاتە بەڵخ، دەست ئەکا بەبڵاوکردنەوەی دینی تازە. (ڤێستاسب) بانگ ئەکا بۆ سەر پەرستنی ئاهورامازدا. لەسەر ئەمە و لە پاش هەندێ قۆرت و گرێ (ڤێستاسب) خۆی و بەردەستانی دێنە سەر ڕێی ڕاست و بڕوا بە ئاینی تازەی پێغەمبەری ئێران زەمین ئەکەن. وە بەهەموو هێز و توانای شاهییەوە دەس ئەکات بە بڵاو کردنەوەی لە چوار سووچی ئێراندا. زۆری پێ ناچێ ئەم دینە تین ئەسێنێ، لە هەموو کون و قوژبنی ئێراندا پەیڕەو پەیدا ئەکا. بە پێی هەندێ لەنووسراوە پەهلەوییەکان دینی زەردەشت لەو سەردەمەدا هەتا ڕۆما، یۆنانستان، تورکستان، هیندستان پەرەی سەندبوو. ئارجاسب (ئەفراسیاب) پادشای تورانیان لە بڵاوبوونەوەی ئەم دینە زۆر ترسی پەیدا کرد و بۆ نەهێشتنی دینەکە و لەناوبردنی (زارا ثوشترا) نووسی بۆ سەر (ڤیستاسب)، بەڵام کار لە پاشگەزبوونەوەدا نەمابوو. پادشای تورانی و کەیانی تێک هەڵچوون. ئارجاسب بە سوپاهێکی گەورەوە هاتە سەر (بەڵخ) و هەرا دەستی پێکرد. بەڵام ڕووناکی بەسەر تاریکیدا زاڵ بوو، ڕاستی سەرکەوت و لەشکری تورانیان شپرزە کران. لە پاش مودەتێک ئارجاسب خۆی کۆکردەوە سوپاهێکی گەورە تری ڕێکخست و لە هەلێکی باشدا کە ڤیستاسب لە بەڵخ نەبوو، دایە سەر پایتەختی کیانیاندا. شارەکەی داگیر کرد. قەلاچۆی خستە خەڵکەوە. ئاتەژگاکانی ڕووخاند و لەم هەنگاوەدا (زارا ثوشترا) لەلایەن (توربارەتور) ناوی تورانییەوە لە عومری (٧٧) ساڵی و چل ڕۆژیدا کوژرا.

کتێبی موقەدەسی (زارا ثوشترا) بە (ئاڤێستا) ناو ئەبرێ، وەئێستا لای خاوەرناسەکان(٦) دەرکەوتووە کەزمانی ئاڤێستا لە وەختی حکومڕانی ڤیستاسب، پێغەمبەرێتی زاراثوشترادا هەیە. زمانی قسە پێکردن بووە و هەم زمانی نووسین بووە. بۆ ئێمە لە هەمووی گەورەتر ئەوەیە کە زمانی ئاڤێستا لەگەڵ کوردیدا ئەگەر نەختێ چاو بپۆشرێ لە گۆڕانی(٧) چەند هەزار ساڵەی یەکێتی یا هیچ نەبێ وەکێتییەکی(٨) زۆر پیشان ئەدات، بەشی زۆری وشەی کوردی بەلابردنی یەک دوو تیپ و یا بەگۆڕینی هەندێ تیپی هاودەنگ وەک (پ) بە (ڤ) وە (ب) بەئاسانی ئەبرێتەوە سەر وشەی ئەسڵی ئاڤێستا. ئەم یەکێتی وەیا وەکێتییەی زمانە بەڵگە(٩) و گەواهێکی گەورەیە بۆ ئەوە کە پێغەمبەری کۆنی ئێران زەمین (مید) وەیا (کورد) بووە و زمانی ئەوسای ئێرانی سەرو و کوردی بووە.

ئەو ئاڤێستایەی ئێستا هەیە کراوە بە دووکەرتی گەورەوە، ئاڤێستای گەورە و ئاڤێستای بچووک. لەمانە یەکەمیان سێ بەشە یەکەم (ڤیندیداد) یا (ڤی دیو) کە مانای بەرامبەری دەستووری دێوان وەیا دیۆپەرستانە. ئەمە ئاین و دەستووری دینەکە پیشان ئەدات. دوەم (ڤیسپارد، سپارە) ئەمیش درووود و نیایشە. سێیەم (یاسنا) عیبارەتە لە ستایش، نیایش و نوێژ بۆ ئاهورامازدا فریشتە گەورەکان. لە بنیاتا ئاڤێستا «٢١» نەسک و نوسخە و یا پارچە بووە، ئەمانە لەگەڵ هەندێ لە دەستوور و فرمانی (واجبات)ی تر لەسەر فرمانی (ڤیستاسب) بەناوی(دینکارد)ەوە دوو وێنەی لێ نووسراوەتەوە. یەکێکیان لە گەنجینەی شاهی و ئەوی تریان لە کتێبخانەی کیشوەریدا هەڵگیراوە. بەڵام وەختێ ئەسکەندەر ئێران داگیر ئەکات بەجۆشی مەستییەوە ئەو وێنەی لە کتێبخانەدا ئەبێ ئەیسووتێنێ و وێنەکەی تریشیان لەگەڵ خۆی ئەبات. (ئەردەشێری

(٦) خاوەرناس: مستشرق
(٧) گۆڕان: تطور
(٨) وەکێتی: تماثل
(٩) بەڵگە: دلیل



بابەکان) لە(٢٤١-٢١١)ی میلاددا دووبارە بە کۆمەکی- توسرە- ناوەوە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی ئاڤێستا و پارچە بڵاوبوەکانی یەک خستەوە. بەڵام ئەمیش دیسان لەشەڕی قادسیە و نەهاوەندا -٦٤٢-ی میلادی لەناوبرا، دوای ئەمە لەدەوری (٨٥٠،٩٠٠)ی میلادا هەموو فەرمان و ئاینی زەردەشتی لەلایەن (ئازار فەروبەگ)ەوە بەناوی (دینکارد)ەوە کۆکرایەوە، وەلێ خۆی هەمووی پێ تەواو نەکرا لە ئاخریدا لەلایەن حەمەد(حەمە) ناوەوە تەواوکرا. بەپێی گاتەکانی زەردەشت و ئەو بەشەی ئێستا لە ئاڤێستا ماوە وا دەرئەکەوێت کە ئەم دینە بناغەی لەسەر یەکێتی خوا وەڕاستی داندراوە. وەهەر یەک خوایان پەرستوە و هەموو شەڕ و هەرایەکیان بەرامبەر بە دیۆپەرستان و خراپە بووە. بەپێی ئاڤێستا ئاهورامازدا خوای گەورە ئافەریدەی هەموو گێتی و جیهانە. تاک و تەنیا زانا و توانایە بووە و هەر ئەبێ. بێ وێنە و ماننده. لەهەموو شوێنێکدا هەیە. کانگای ڕاستی سەرچاوەی دادە.

بەپێی فەلسەفەی (زور و ئاستریانیزم)ی بۆ دەرکەوتنی هەموو شتێک بوونی پێچەوانەی ئەو شتە پێویستە. بێ بوونی تاریکی، ڕووناکی هیچ مانایەک نابەخشێ. خراپە نەبێت چاکە دەرناکەوێت. بەکورتی بۆ هەڵسووڕانی کاروباری گێتی بوونی دوو هێزی (جوێ چەشن) پێویستە. جا لەسەر ئەم بیرە فەلسەفیە ئاهورامازدا دەورەدانی ئافراندوە، سپینتومینو ڕەوانی پاک و، ئانگرامینو ڕەوانی پیس. ئەم دوو ڕەوانە بەهیچ کلۆجێک ڕەنگی خوایەتیان نییە تەنیا دوو هێزن کە یەکێکیان خەریکی چاکە، ئەوی تریان خەریکی خراپەیە، پیاو کە لە سروشتا هۆش و هێزی لێکدانەوەی دراوەتێ وەویستێکی ئازادی(١٠) هەیە ئەبێ لەم دوو ڕێگایە یەکێکیان هەڵبژێرێ بۆ خۆی، یا چاکە، یا خراپە! بۆ کۆمەکی ڕەوانی پاک و ڕێکخستنی کاروباری گێتی (ئاهورامازدا) شەش فریشتەی گەورەی (ئامیشاسپینتا) -هەمیشە ڕەوان- ڕۆحی ئەبەدی ئافراندووە. ئەمانە وێنە و نمایندەی(١١) شەش سیفەتی ئاهورامازدان و هەر یەکە شتێکی پێ سپاردوون.

(١٠) ویستێکی ئازادی: ارادة مطلقة
(١١) نمایندە: صفت

١- ڤوهومەنو: چاودێری ئینسان و گیانلەبەری ماڵیی پێ سپێرراوە.
٢- ئاش ڤەهیستا، ئاگری پێ سپێرراوە.
٣- فشار ڤیریو، کاروباری کیشوەری و معادنی پێ سپێرراوە.
٤- سپینتی ئارمایتی، جووتیاری و ئیشی زەوی پێ سپێرراوە.
٥-هوڤەتان، چاودێری ئاو و کامەرانی تەندروستی پێ سپێرراوە.
٦- ئامیرتیان، پارێزگاری درەخت و سەوزایی پێ سپێرراوە.

لەسەرەوە وتمان دینی زەردەشتی بناغەی لەسەر پەرستنی خوای تاک، چاکە کردن و ڕێگای ڕاست گرتن دانراوە. سێ کوچکە[١٢]ی ئەم دینە سێ شتە:

١-ڤۆهوماتا- بیری چاک. ٢-ڤوهوختا- قسەی چاک. ٣- ڤوهوڤەرشتا- ڕەوشتی چاک.

لەم دینەدا تەندروستی، پاکی و خاوێنی، ڕاست بوون بەرامبەر بەحوکمدا، باوک و دایک ، خزمان، دراوسێ و هاوولات زۆر ئەهمیەتی پێ دراوە. کارکردن بەتایبەتی وەرزێری (زراعت) لە ئاڤێستادا بەفەرز ناوبراوە کە بێ گومان (وەرز) و (وەرزێری)ی کوردیش لەوێوە هاتووە. ولاخ ڕاگرتن و بەرهەم هێنانی درەختی بەردار زۆر پەسەن کراوە. ئاوا کردنەوەی بەردەڵانی و شاخ و نزاری عیبادەتە و بەچاکە[١٣] ئەدرێتە قەڵەم. تەندروستی[١٤]بەر لەهەموو شتێک دێت. چونکە بۆ کاری چاکە کردن و بەجێهێنانی فەرمانی ئاهورامازدا لە پێش هەموو شتێکدا تەندروستی پێویستە و گوایە هەر لەم ڕووەوە لەم دینەدا ڕۆژوگرتن دانراوە. بەڵێ، پەیمان ڕاگرتن یەکێکە لە بەردی بنچینەی ئەم ئاینە. بێ تەماشا کردنی جیایی دین و ڕەسەن یارمەتی و دەست گرتنی هەژار و لێ کەوتە لەسەر شانی هەموو پەیڕەوێکی ئەم دینە پێویستە. ژن هێنان و مناڵ بەرهەم هێنان زۆر پەسەن کراوە و ئەمە ئەبێ بەدڵخوازی و ویستنی هەردوو لایەن. بەڵام پیاوی شێت، سیلدار، ئەوانەی ناتوانن خۆیان بژیەنن نابێ ژن بهێنن. ئافرەت شوێنێکی زۆر بەرزی

(١٢) کوچکە: ڕکن
(١٣) چاکە: خێر
(١٤) تەندروستی: صحە



دراوەتێ و بەهاوشانی پیاو نیشان دراوە. لە ئاڤێستادا لە زۆر جێگادا بەتایبەتی ناوی براوە. بەزمانی ئاڤێستا پێی ئەڵێن (ژەنە) وەیا (ژینەیوە). جادووگەری و وامداری[١٥]، دزی، درۆزنی، چەک بەکارهێنان، پەیمان شکاندن، ولاخ بەبرسی هێشتنەوە، گاڵتە پێکردن، یارمەتی نەدان، خەڵکی لە ئیشی چاکە مەنع کردن، ئامۆژگاریی خراپ، لە ژنێک زیاتر هێنان، بەدمەستی و زۆر خواردنەوەی مەی، هەموو چەشنە داوێن پیسییەک و بت پەرستی گوناهە. لە دینی زەردەشتا پێنج وەخت بۆ نوێژ هەیە. لەهەر کاتێکدا چەند دەقیقەیەک تەرخان ئەکرێ بۆ ستایش و نیایشی ئاهورامازدا. لە هەموو شوێنێکدا کردنی ئەمە دروستە. بەڵام ئەگەر بەرامبەر شەپۆلی زەریا وەیا خۆر و مانگ وەیا ئاگر بکرێت چاکترە. چونکە ئەمانە (مظاهر)ی هەرە پاکی خوایین. لەلای زەردەشت (ڕەست ئاخیز) ژیانەوە و ژینی دوایی[١٦] هەیە، بەپێی نووسینی ئەوان لە دوای هەزار ساڵەی (سوشیوش)دا کە گوایە سێیەم پێغەمبەرە کە پاش زەردەشت بێتە سەر زەمین و مانای ناوەکەی بە ئاڤێستایی ڕزگارکەری جیهانە. جیهان و یا ئەم ژینە دوایی دێت. گیانی هەموو ئافەریدەکان بۆ دانانی پاداش و یا سزا لەلایەن (سروش)ی فریشتەوە ئەبرێنە لای (پردی چینڤات) پردی داد یا پردی کۆبوونەوە، بەهەر دوو مانا دێت، لەوێ لەلایەن سێ فریشتەوە، میهر ڕاستە فریشتەی داد. ئاستاد، فریشتەی ڕاستی کردەوەی چاکە و خراپەیان بەرئاورد ئەکرێ. ئەوانەی چاکەیان پتر بێت بەسەر پردی چینڤاتا تێئەپەڕن و ئەچن بۆ (گارو دیمانا) وەیا (گەورت مانا) ئاسمان و یا بەهەشت و ئەوانەی گوناهیان پتر بێت لە سەر پردەکە ئەکەونە خوارەوە بۆ ناو چاڵێکی تاریکی بێ بن کە (دروجودیمانا) جێگای درنجی پێ ئەڵێن، ئەوانەی چاکە و خراپەیان وەک یەک بێت ئەبرێن بۆ (هامیت گلهان) کە ناوەندی بەهەشت و جەهەننەمە. مناڵی لەهەشت ساڵ خوارتر و پیاوی شێت ناچنە جەهەننەمەوە.

ئەگەر ئەم چەند پەڕەیە کە بەئەرکێکی زۆر هاتۆتەبەر سوودێ بگەیەنێ بەتەئریخی کۆنی میللەت و وڵاتی خۆشەویست خۆم بە بەختیار ئەزانم.

(١٥) وام: قرض، قەرز
(١٦) ژینی دوایی: حیاتی ئاخرە

## نووسینی بێ قۆرت

١٩٤٠

لەو ساوە پرشنگی گەلاوێژ(١) بڵاوبۆتەوە، بەم گۆڤارە ساوایە لە دوو سەرەوە یا بۆ دوو ئامانج پشتم پێ بەستووە. یەکەم هیوام وایە کە پرشنگی وەیا پرپیشکی ئەم ڕۆژگاری دێرینی کوردە تاریکایی تەئریخی نەختێ ڕووناک بکاتەوە. وە دووەم زمانەکەمان تا دەست بڕوا بخاتە سەر ڕێگا و شێوەیەکی ڕاست و ببێ بەهۆی بڵاو کردنەوە و دەرخستنی ئەو گەوهەرە جوان و شیرینانە کە داخی بە جەرگم هەتا ئێستا لەژێر زیخ و لمی زمانە بێگانەکاندا بێ ڕەونەق و بێ فەڕ شارراونەتەوە یا تەنیا لەناو شاخە بڵند و سەرفرازەکانمانا و لەماوەیەکی کورت و تەنگدا ماونەوە. بۆ پێک هێنانی ئامانجی یەکەم وا خوا دوو سوارچاکی بۆ ڕەخساندووین ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی، هەر یەک لەلایەکەوە خەریکن وەهەریەک هەر ڕۆژە پەڕەیەکی گرانبەهای تەئریخی کوردمان ئەخەنە بەرچاو. ئەمێنێتەوە سەر ئامانجی دووەم کە زمانەکەمانە. ئەمەیان بەسۆزی دڵەوە ئەڵێم وەکو یەکەمیان بەرێک و ڕەوانی ناڕوا، گەلێ قۆرت و گرێی دێتە پێش وەیا ئەهێنرێتە پێش لە بابەت نووسینی کوردی وتەی تازە دۆزینەوە و یا وەکو -ع- (٢) ئەڵێ وتەی تازە دارشتنەوە. خوێندەوارانی گەلاوێژ و نووسەرانی کورد لەلایەکەوە سەرزەنشتی و لەلایەکەوە ستایش ئەبیەن. ستایش لەولاوە بوەستێ، بەڵام سەرزەنشتەکە داخی بەجەرگم زیاتر لە تێکدان و هەڵوەشاندن ئەکەن. ئێمە هەموومان لەجیاتی مشتە و ماڵە، پاچ و پێمەرە چاکتر بەکار ئەهێنین! بەڵێ ڕەنگە تێکدانیش ئەرکێکی بەبەها بێ، بەڵام ئەمە وەختێ ئەبێ کە شتێکی ئامادەکراومان هەبێ تاکو دایبنێین لە جێگای ئەو شتەی تێکی ئەدەین. بەڵام ئەگەر لەخۆمانەوە بە چەپ و ڕاستا شت دابڕوخێنین لە ئەنجاما خۆمان لەناو خاک و خۆڵی کەلاوەدا ئەبینین هەموو پێی لێ ئەنێین کە زمانەکەمان لەمەیدانی ئەدەبیات و نووسیندا هێشتا ساوایە تازە خەریکی گاگۆڵکێیە، کەچی ئەگەر هەوڵ بدەین بۆ پێشخستن و ڕێکخستنی ئەمە بەپاشاگەردانی ئەدەنە قەڵەم.

(١) گەلاوێژ: مەبەست گۆڤاری گەلاوێژە (١٩٣٩-١٩٤٩).

(٢) ع: عبدالله جەوهەر (١٩٢٠-١٩٨٢).



لەهەندێ نوسخەی گەلاوێژدا چەند وتارێ بڵاو کرابوەوە وا دیارە هەندێ لەخوێندەواران شێوەی نووسینی ئەمانەی پەسەند نەکردووە. یەکێک لەم سەرزەنشت کارانە جەنابی -ع-ە، کە لە ژمارەی ڕابووردوودا شتێکی جوانی نووسیبوو. بەمەراقەوە نووسینەکەیم خوێندەوە و هیوام وابوو کە هەندێ بەردی بناغەی تیا بدۆزمەوە بەڵام ئەویش وادیارە ویستوویەتی پتر هونەری خۆی لە پاچ هەڵسووڕاندا نیشان بدا، لە نووسینی -ع-دا وا دەرئەکەوێ ئەوەی پەسەندی ناکا دروست کردن وەیا وەکو خۆی ئەڵێ دارشتنی هەندێ وتەی تازەیە کە بووە بە مایەی سەرسووڕمانی، لەمەدا لام وایە نیشانەکەی نەختێ سەری کردووە، چونکە ئەو وتانەی ئەو ئەڵێ کەوا تازە دارێژراون تەنیا (شکلاً) دروست کراون، ئەگەر باش لێیان بڕوانین ئەبینین ئەمانە هەموو خۆماڵین و لە دەستەی کوردی دروست کراون. پێم هەق نییە کە ئەم تەقەلایەی خوێندەوارانی ئیمڕۆ بۆ پێشخستنی زمانی کوردی و دەرخستنی وتەی ون بوو یا شاراوەکان و یان بۆ دروست کردنی وتەی تازە ئەیدا بەچاوی (باو-و-نەریت) تەماشا بکرێت. ئەگەر بەڕاستی بمانەوێ خۆمان دەربخەین و یا زمانەکەمان بخەینە دۆخی ئاوەڵزمانە ئارییەکانەوە ئەبێ هەموو بە دڵ و بە گیان تێبکۆشین بۆ هەڵهێنانی گەوهەر لەو کانەی پێشینیان بۆ ئێمەیان بەجێهیشتوە و بەرامبەر بەکارەساتی ئەم جیهانە پاراستوویانە. مەبەست لەمە وەکو -ع- ئەڵێ تەنیا دۆزینەوەی وتەی کۆن نییە، پێویستە بەپێی ویستەمەنی ئەم چەرخە زمانەکەمان هەڵبسووڕێنین تا دەس بڕوا و بەبێ تێکدانی دەستوور و شێوەی زمانەکەمان وتەی تازەی لێ دروست بکەین. لەزمانا، هاتنە پێشەوەی وتەی تازە و یا دروست کردنی وەنەبێ شتێک بێ کە یەک نەگرێ لەگەڵ سروشتی زمانا، بە پێچەوانەی ئەمە زمان هەروەکو قسە پێکەرەکەی بەپێی زەمان و بار و جۆری کۆمەڵایەتی وڵاتەکە و دانیشتوەکانیەوە هەمیشە لە گۆڕانایە، چونکە زمان تەنها هۆیەکە ئەگەر لەگەڵ ویستەمەنی خەڵکەکەدا هەڵنەسووڕێ نەزۆرە ملی زمانێکی تر و نە وتەی بێگانە جێی ئەگرێ. هەر ئەم ویستەمەنیە کە زۆر وتەی وای کوردی بۆ ئەفراندوین کە ئێستا ڕەنگە بەلای زۆر کەسەوە بەیەک وتەی بنجی کوردی بزانرێ. بێ گومان ئەم وتانە لە خۆیانەوە پەیدا نەبوون، یەکێک بووە کە یەکەمجار بەکاریان بهێنێ. زمانێک کە (گۆڕەوشار، بناوان، ئاوەڵزاوا،

گەلاڕێزان، گوللەنەبڕ) و وتەی تری وای لێ دروست بکرێ و بەکار بهێنرێ بۆچی « ئیسگە، ئاوەڵ پیشە، کەشتی شکێن یا کەشتی گوللەنەبڕ»ی لێ دروست نەکرێ؟! تەئریخی وتەی (ڕۆژهەڵات) و (ڕۆژئاوا) لە نووسینا لە بیست ساڵ زیاتر نییە، لەگەڵ ئەوەشا ئێستا لەلامان بووە بە وتەیەکی ئاسایی لە پاش دە ساڵی تر (باکوور) ئەگەر پاچ و پێمەڕە واز بهێنێ وەکو ڕۆژهەڵات بڵاو ئەبێتەوە و کەس سەری لێ سوڕ نامێنێ. منیش لەگەڵ -ع-دا ئەڵێم ئەگەر وتە داهێنان بە چاوێکی باو و نەریت تەماشای بکرێت و دەستە جڵەوی بۆ بەرەڵڵا بکرێ لەجیاتی سووک وەزنی ئەبێ، بەڵام ئەم کارە کاری نەریت پەرستی وەیا خۆپیشاندان نییە ئەبێ لەم کانە گرانبەهایەی هەمانە هەموومان خەریکی دوڕ و گەوهەر دەرهێنان بین و تا دەست بڕوا و تا دەستووری زمانەکەمان ڕێ بدا هەوڵ بدەین بۆ دروست کردنی وتەی تازە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستە بنیات نان بخەینە بەر چاو و تێکدان بخەینە لاوە. ئەبێ بێ ترس لە کۆنەپەرستی لابدەین و ڕوو بکەینە تازەییەتی. لەم ڕێیەدا گەلاوێژ ئەتوانێ فرمانێکی گەورە پێک بهێنێ و ببێ بە هۆی یەکخستن و ڕێکخستنی بیری خۆێندەوارە تێگەیشتوەکان لەسەر ئەو وتە تازانەی پەسەند ئەکرێن و بەم جۆرە ئەتوانێ لە ژیانی ئەدەبیات و زانستی کوردا پەڕەیەکی تازە بکاتەوە.

بەغدا ١٩٤٠/٣/٨



## ئەمین زەکی

**١٩٤٨**

نازانم تا چ ڕادەیەک ئەم قەڵەمە نووک کولەی من ئەتوانێ بە هەموو گەورەیی و فرە لقییەکییەوە کە هەیبوو، باسی ئەم کۆچ کردوە مەزنە بکا؟ ئەم چەند وشەیەی خوارەوە ئەگەر شتێکی شوێنگر و شایستەی بەرزی ئەویش نەبێ هیچ نەبێ فرمێسکی وەفای دۆستێکە هەڵڕێژراوە.

ناسینی من بۆ ئەم سیما بەرزە ئەگەڕێتەوە بۆ بیست و یەک ساڵ لەمەو پێش.

زۆری وا هەیە بۆ موددەتێکی گەلێ لەوە درێژتر ناسیویەتی، بەڵام ئەتوانم بڵێم کە ناسینەکەی من نەختێ قووڵتر، نەختێ زیاترە. بیست و یەک ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژێکی گەرمی هاویندا هات بۆ سلێمانی. وەزیری مەعاریف بوو، لەبابەت خۆیندن و پێخوێندنی منالّی کوردەوە بیرێکی تایبەتی هەبوو. لەسەر ویستی خۆی لە لاوانی ئەوسا و پێشکەوتوانی سلێمانی کۆمەڵێ بەسترا بۆ بینینی. منیش یەکێک بووم لەوانە.

ئەو، پیاوێکی پوختە، پێگەیشتوو، خاوەن تەجرەبە. ئێمەیش بەشی زۆرمان لاوی سەرگەرم و پڕ جۆش بووین. ئەو بەزمانێکی شیرین و شێوەیەکی لەسەرخۆوە مەوزوعەکەی کردەوە. مەبەس بەکارهێنانی زمانی عەرەبی بوو بۆ خوێندنی پاش ئیبتدائی. بۆ بڵاو کردنەوەی خوێندەواری وە پێگەیاندنی لاوانی کورد. لەو دەورەدا مامۆستای کوردیزان کەم بوو. ئەوەی بەپێویستی ئەزانی لە ڕاست و چەپەوە بەزمانێکی توند و سەخت پەلاماری درا، تەنانەت یەکێکمان پێی وت: « وەکوو تۆ ئەفەرموویت لایلایەش بە زمانی بێگانە بۆ منالّە ساواکانمان بکەین!». بەڵام ئەو نە زویر بوو، نە لێڵ بوو، تەنیا وتی: (من ئەمەم بۆ چاکەی ئێوە و وڵاتەکە بوو، ئێوە ئەگەر لەلاتان چاک نەبێ منیش وا وازم لێ هێنا. بەڵام ئەوەندە تکا ئەکەم وا مەزانن ئەمە لە فلان کەسەوەیە، ئەو لەمەدا هیچ گوناهێکی نییە ئەگەر گوناهێ هەبێ هی منە!). ئەمە یەکەم ناسینم بوو، بەڵام بۆ من تەئسیرێکی گەورەی هەبوو. دوولای بەرزی ئەم پیاوەی بۆ دەرخستم، یەکەم: پوختەیی و تێگەیشتنی و، دووەم: ئەو سروشتە جوانەی پیشانی دا بەڕاستگۆیی و گرتنی ئەم ئیشە بۆ سەر شانی خۆی. چونکە داخی

بەجەرگم ئێستا ئێمە لە دەورێکا ئەژین کە هەموو کەسێ بەڕاست یا بەدرۆ چاکە ئەکا بەهی خۆی و گوناهی خۆی ئەدا بەسەر شانی خەڵکی تردا. چەند ساڵێک تێپەڕی. وا ڕێکەوت زۆر لە نزیکەوە تێکەڵی پەیدا بکەم لەگەڵیدا. ئەم تێکەڵییە بێ وچان، هەتا ڕۆژی کۆچی خایاندی و، ڕۆژ بەڕۆژ لایەکی تری، دیوێکی تری دەروونیم بۆ دەرکەوت. یەکێک لەم دیوانەی ئەوە بوو کە ئەمین زەکی ڕۆڵەیەکی ڕاستی سلێمانی و کوردستان بوو. لەگەل ئەوەدا کە بەشی زۆری عومری دوور لەولاتەکەی خۆی تێپەڕاندبوو کەچی پەیوەستیەکی وا دەروونی و ڕاستەقینەی هەبوو بە نیشتمانەکەیەوە کە لە کەم کەسی ترا دیومە، ئەم پەیوەستییە پتر لە ڕووی بەرهەم هاتن و پەروەرشی منالیەوەی بوو، لەمنالیدا بەشیری دایکیەوە لە گۆشەی قوتابخانەکاندا لە کۆلانان لەگەڵ منالی دراوسێدا خۆشەویستی ولاتەکەی چووبووە ئیسک و مۆخیەوە، هیچ هێزێ نەبوو ئەمەی لە دڵ دەرهێنێ. وەختێ بەو شێوە پەتیەوە کە ڕابواردنی ساڵەها لە ولاتانی بێگانە هیچ ڕەخنەیەکی تێ نەخستبوو. باسی منالی خۆی یا باسی هەندێ شوێنی نیشتمانەکەی ئەکرد یا سەرگوروشتەیەکی کۆنی کوردی ئەگێڕایەوە بە ڕەنگێ تێکەلاو بەڕابووردوو ئەبوو، لەو ڕابووردوە لەزەتی وەرئەگرت. ئەوانەی لە دەوریشی بوون شەپۆلێکی نیشتمان پەرستی دایئەپۆشین. لەم پەیوەستیە گیانی بە گیانیەی لەگەڵ ولاتەکەیدا هەیبوو، بڕوا ناکەم هیچ پیاوێکی پێشکەوتوو وە دەرکەوتووی کورد پێشی بکەوێ. پەیوەستێکی وا بەدڵی بێ ڕواڵەت بوو. دیوێکی موهیمی تری ئەم پیاوە مەزنە خوێندەواری بوو، خوێندەوارییەکی ئەوەندە پان و فراوان کە لە چاو هاوڕێکانیدا بێ هاوتا بوو. هەر لە تەمەنی منالیەوە بەچەشنێکی وا کە هەر لە زانا تەواوەکان بوەشێتەوە، خەریکی خوێندنەوە و نووسین بوو. خوێندنەوەکەی ئەم بۆ وەخت تێپەڕانن یان بۆ ئەوە نەبوو کە پێوەی بنازێ. بەڵێ پێی لێ ئەنێم ئەگەر بەتەرازووی خوێندەوار و زانا ناودارەکانی ڕۆژئاوا بکێشرێ خوێندەوارییەکەی وەکوو هی ئەوان قووڵ نەبوو بەلام بە ئەندازەی خوێندەوارێتی لە ڕۆژهەلاتدا بەتایبەتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا خوێندەواری ئەمین زەکی بەگ خوێندەوارییەکی پان، فراوان و بەردار بوو. زەمینی تەئریخی کورد کە ئەو شاسواری بوو زەمینێکی تازە و سەخت بوو، بەر لەو (ئەترسم دوای ئەویش) کوردێک هەڵنەکەوت وەکو ئەو وا بەپەرۆش وا



بە جگەرگۆشانە خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەم زەمینە بێ. ئەوەی ئەو لەم مەیدانەدا بۆی بەجێهێشتووین بەڕاستی گەنجینەیەکی نایابە لەم ڕێگایەدا پەرۆشیەکەی بێ حەد و سنوور بوو. کاتێ بەدەست ئازاری نەخۆشیەوە ئەینالاند و ئەموستی قەڵەمی نەئەگرت، دیسان هەر بەجوانی جارانیەوە خەریکی ئەم کارە بەنرخە بوو. کە ئەڵێم خوێندەواریی کۆچکردووی مەزنمان پان و فراوان بوو، ئەمە وەنەبێ گەزاف بێ. خوێندەوارییەکەی فرە لق بوو، ئەو نووسینانەی لەبابەت (شەمەندۆفەر، دارستان، توتن، ڕێگا، معارف)ەوە نووسیویەتی هەر یەکە گەواهێکە بۆ تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی ئەو، بەلام دیوی هەرە جوان و هەرە بڵند و پەسەندی ئەمین زەکی خزمەتگوزاری بوو. لەمەدا لام وایە هیچ کەسێ نەتوانێ شان لە شانی بدا، چ لە وەختی وەزیریدا چ لە دانیشتوویەتیدا. بەبێ ڕوو گرژ کردن بەشکو بەڕووخۆشی و دڵخۆشیەوە هەمیشە ئامادەبوو بۆ خزمەتکردنی هاولاتیەکانی.

ژمارەی ئەوانەی لەخزمەت و یارمەتی ئەو بەشداربوون، ئێجگار زۆرە. ئەو پەیوەستیە دەروونیەیی ئەو هەیبوو لەگەڵ ولات و هاولاتیەکانیدا، دافیعێکی گەورە بوو بۆ ئەم خزمەتگوزارییەی. دەرگاکەی چ لەماڵەوە و چ لە وەزارەت هەمیشە کراوە بوو بۆ تکاکار و دادخواهان. هەندێ کەس کەیەزدان لەو دڵە میهرەبانە و هۆشی خزمەتگوزارییەی بەوی بەخشیبوو بێبەشی کردبوون، ئەو خسڵەتە گەورەیەی ئەویان بەشتێکی نارێک یان بێ ئەهمیەت ئەدایە قەڵەم. لای ئەوانە ئەشێ فیز و فیشاڵ لە چاکە کردن، لە چاکە ویستن و لەخزمەتگوزاری بەنرختر بێت. بەلام لای تەئریخ، لای ئەخلاق، لای پاشینان ئەمین زەکی هەمیشە بەنموونەیەکی بەرزی کوردێکی ڕاست، ئینسانێکی پوختە، زانا و خزمەتگوزار ئەناسرێ.

بەغدا ١٩٤٨/٧/١١

## نووسینی کوردی

نووسینی کوردی، بەشی نەسری، مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە. دەرچوونی ناوبەناوی چەند گۆڤارێکی لێ بکەیتە دەرەوە کە هەندێ جار لە ئەستەموڵ و بەغدا دەرئەچوون، مێژووی نووسینی کوردی لە (٢٧) ساڵ تێپەڕ ناکا[١]. ئەمە هەرچەندە مودەتێکی وەنەبێ درێژ بێ بەڵام ئەو گۆڕینەی بەدرێژایی ئەم مودەتە بەسەر شێوەی نووسینی کوردیدا هاتووە شایانی لێ ورد بوونەوەیە. چونکە ڕاستتان ئەوێ گۆڕینەکە وەنەبێ زۆر هیوابەخش بێ، ئەترسم ئەم قسانەم بەلای هەندێ لەو لاوانەوە کە وتارەکەم ئەخوێننەوە گران بێ، بەڵام من ئەوەی بەڕاست و بەباشی بزانم ئەیڵێم. ئەشێ بەلای هەندێکەوە تاڵ بێ و بەلای هەندێکەوە شیرین.

کوردیی ڕاستەقینە، نووسینی لە ساڵی ١٩٢٠ەوە دەستی پێکرد. بۆ یەکەمجار ڕۆژنامەیەکی کوردی بەڕێک و پوختەیی بنووسێ دەستی کرد بە دەرچوون. لەم ڕێیەدا (مێجەرسۆن) کۆششێکی زۆری پیشان دا (پێشکەوتن)[٢] هەر چەندە ڕۆژنامەیەکی نیو حکومەتی بوو هەفتەی جارێک دەرئەچوو بەڵام بوو بوو بەمەیدانی قەڵەم شۆڕی لەشیعر و نەسردا. لەگەڵ ئەوەدا کە نەسری کورد ئەوسا هێشتا منالێکی ساوا بوو وەیا بە پێی تەمەنیەوە بە ساوا ئەژمێررا، بەڵام دیسانەوە بەتین و بە جۆش بوو. چە(پێشکەوتن) و چە ئەو گۆڤارانەی بەناوی ترەوە دوایی دەرچوون هەریەکە مزگێنی دەری ژیانێکی ئەدەبی جوانی کوردی بوون:

تەنانەت هەر لەوساوە پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە دەستی پێکردبوو.حاکمی سیاسی ئەوسا[٣] چارەکە چەرخێ بەشکو زیاتر لەمەوبەر

(١) لەو کاتەدا کە ئەو (٢٧) ساڵی بەتەمەنی ئەو جۆرە نووسینانە داناوە ساڵەکانی (چل)ی ئەم چەرخە بووە و ئەم نووسینەش لە گۆڤاری گەلاوێژدا لە چلەکاندا بڵاوبۆتەوە.
(٢) پێشکەوتن: ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ئەدەبی بوو. مێجەرسۆن دایمەزراند. هەفتەی جارێک لە سلێمانی دەردەچوو. ژمارە یەکی لە ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠ دەرچووە. ١٤٤ ژمارەی لێ دەرچووە. هەتا حوزەیرانی ١٩٢٢ بەردەوام بوو. شێخ نووری شێخ ساڵح بەهاوکاری عەلی باپیر ئاغا سەرپەرشتی بەشی ئەدەبی دەکرد.
(٣) حاکمی سیاسی ئەوسا: مەبەستی لە (مێجەرسۆن)ی ئینگلیزە.



نەبەردێکی[٤] کردەوە بۆ نووسینی کوردی پەتی و بۆ ئەمە پاداشتی دراوی دانا. وەکوو دێتەوە بیرم شێخ نووری شیعرێکی نووسیبوو لەبابەت جوتیارییەوە[٥] یەکەم دەرچوو. جەمیل سائیب وتارێکی جوانی نووسیبوو لەبابەت ڕۆژهەڵاتێ لەسەر سەگرمە. ئەمەش بەدووەم دەرچوو. ئەم دوو پارچە ئەدەبییە دوو نموونەی بەرزی شیعر و نەسری کوردی تازە بوون و بناغەیەکی ڕێک و بەهێز بوون بۆ کوردی پەتی، بەڵام جگە لەمانەش گەلێ لە خوێندەوارەکانمان لەزۆر مەوزوعەوە شتی جوانیان ئەنووسی. لە بابەت کۆمەڵایەتی و تەئریخ و ئەدەبیاتەوە بەتێکڕایی بزووتنەوەیەکی وا پەیدا بووبوو کە ئومێدی بەرزبوونەوەی ئەدەبیاتی کوردی و خوێندەواری بە تەواوی بووژانبوەوە. ئەمانە هەمووی لەوەختێکا بوو کە خوێندەواری وەکو ئێستا باوی نەسەندبوو، لاوی وامان پێنەگەیشتبوو کە لە قوتابخانە بەرزەکان دەرچووبێ. لەبەر ئەمە هەموو کەس هیوای وابوو کە بەرە بەرە بە پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری ئەم بزووتنەوەیە پتر تین پەیدا ئەکا و زیاتر بەرز ئەبێتەوە. بەڵام داخی بەجەرگم وا دیارە ئەم هیوایە نایەتە دی یان زۆری ماوە بێتە دی، ڕووناکی ئەستێرەی (گەلاوێژ)ی لێ بکەیتە دەرەوە، ئاسمانی ئەدەبیات و نووسینی کوردی زۆر تاریک دیارە. لەم ئاسمانە فراوانەشدا درەوشانەوەی تاقە ئەستێرەیەک هەر چەندە دڵ ڕووناک ئەکاتەوە، بەڵام لەوانە نییە تاریکیەکە نەهێڵێ. ئەمە چەند ساڵە بە دڵ چاوەڕوانی ئەوەم کە لاوە پێگەیشتوەکان هەریەکە بە پێی بیر و خوێندەواری خۆیەوە بکەونە مەیدانی نووسینەوە، زمانەکەمان دەوڵەمەند بکەن، سامانی ئەدەبیات زیاد

(٤) نەبەرد: پێشبڕکێ، مسابقە، گرەو.
(٥) لەڕاستیدا ئەم گرەوی کوردی پەتی نووسینەی ڕۆژنامەی پێشکەوتن بەم جۆرە بوو:
دوای بڵاو بوونەوەی بانگەوازەکە لە ساڵی ١٩٢٠دا ئەم سێ بەرهەمە دەرچوون و پاداشتیان وەرگرت.
یەکەم: شیعری (جووت و گاشتێکی باشە) نووسینی شێخ نووری شێخ ساڵح خەڵاتی (٥٠) ڕوپیە.
دووەم: پەخشانی- بۆ چڕووک- نووسینی مستەفا سائیب یاخود (زەکی سائیب) خەڵاتی (٣٥) ڕوپیە.
سێیەم: پەخشانی (ڕۆژەوە بوونێک) نووسینی جەمیل سائیب خەڵاتی (٢٥) ڕوپیە. وە ڕۆژنامەکە (١٢) ڕۆژی ماوە دانابوو بۆ نووسین و گەیشتنی بەرهەمەکان.

بکەن و شێوەی نووسینمان بڕازێننەوە. بەڵام وا دیارە ئەمە چاوەڕوانیەکی بێ سوودە. بێ سوودیش نەبێ کەم سوودە. چەند لاوێکی خۆشەویستی لێ بکەینە دەرەوە، ئەوانی تر نووسینیان هەر بەبیرا نایەت. دڵم بڕوایی نادا ئەگینا ئەموت لە نووسینی کوردیدا کۆڵن. هەرچەند بیر ئەکەمەوە تێناگەم کە هۆی ئەم کەمتەرخەمییە چییە؟ زمانەکەمان تا بڵێی جوانە. لەلایەکی تریشەوە میللەتی کورد ئەمڕۆ لە هەموو شتێ زیاتر موحتاجی نووسین و خوێندەوارییە. ئەگەر لاوە خوێندەوارەکانمان ئەم فەرمانە بەجێ نەهێنن، چۆن پێش ئەکەوین و چۆن بەرز ئەبینەوە. بۆ کوردەواری مەیدانی نووسین ئەوەندە زۆرە و ئەوەندە پێویستە کە لاوەکانمان لە هەموو شتێ زیاتر ئەبێ ئەهمیەت بدەن بەمە. بێینە سەر باسی سەرگوزەشتەی نووسین لە ئەدەبیاتدا. ئەگەر بشێ ئەدەبیات تەشبیە بکەین بە سێ پایەک ئەتوانین بێگومان بڵێین کە دوو پایەی چیرۆک و سەرگورشتە، تەنیا پایەیەکی شیعرە. خۆ ئەگەر ژینی ئەدەبی بە ژینی منالێکی ساوا بشوبهێنین، ئەشێ بڵێین کە شیعر گاگۆڵکەیەکی ئەدەبییە، بەڵام چیرۆک و سەرگورشتەی نووسینی تافی لاوی و جوانییە. مەبەست لەمە ئەوە نییە کە شیعر بێ نرخە یا کەم بەها و کەم تەئسیرە. نەء، شیعر ئاوازێکە لە کانگای دڵی ساف و لە جۆشی هۆشێکی بێ پەڵەوە پەیدا ئەبێ. لەم ڕووەوە ئەوەندە بەرزە سەری ئەگاتە لای فریشتەی ئاسمان و پێی ئەگاتە قووڵایی دڵ. بەڵام من مەبەستم تەنها قووڵی و بەرزی نییە. ئەدەبیات مەیدانێکی وا پان و فراوانی هەیە کە پیاو ئەبێ هەوڵ بدا لەو مەیدانە گەورەیەدا ڕمبازی بکا یان تاو بدا و گۆی هونەر بباتەوە. جا سنووری تەنگ و تەسکی شیعر تەرازو و قافیە، مەیدانی شیعری ئەوەندە تەسک کردۆتەوە کە شوێنی تاودانی باشی نەهێشتۆتەوە. جگە لەوەش لە شیعردا پێویستە کورتی و لە مەوزوع دەرنەچوون بخرێتە بەرچاو. ئنجا ئەمەش بووە سەرباری تەنگییەکەی. هەر لەم ڕووەشەوە کە هەندێ جار لە مەیدانی شیعردا سوار چاک و کۆڵی سوار جیا ناکرێتەوە، چونکە مەیدانەکە ئەمەندە کورتە کە تەنانەت ئەسپێکی کەم ڕەوت و سوار ناچاکێکیش ئەتوانی تاوی تیا بدا. بەم هۆیەوە و لەبەر سووکی تەرازووی تازەی شیعری کوردی لە ناو کوردەواریدا ئەوەندە شاعیری تازە پێگەیشتوون کە ناویان تۆمارێک پڕ ئەکاتەوە. بەڵام لە مەیدانی چیرۆک و سەرگوروشتە نووسیندا داخەکەم



سوارچاکیان ئێجگار کەمە. بەڕاستی ئەوەی من بەبیرمدا بێ تەنیا دووانە، ئیبراهیم ئەحمەد و شاکر فەتاح، ئەوانیش کەمتەرخەمییان ئەسبابی تر کە من نایزانم نایەڵێ لەم ڕێیەوە بەرێکی پێش بکەون و میللەتەکەیان سوودمەند بکەن. چیرۆکنووسین وەک زۆر کەس ئەیزانێ عیبارەت نییە لە پەڕە ڕەش کردنەوە بەوشەی جوان قسە ڕازانەوە. چیرۆکنووسین پیشەیەکی تایبەتیە، ئەوانەی لەسروشتا بەهرەوەر نەبن ناتوانن تیا نومایان بن. جگە لەوەش چیرۆک تەنیا ئەسەرێکی ئەدەبی نییە، چیرۆکی ڕاست خزمەتێکی گەورەی کۆمەڵایەتیە. چیرۆک لە سەرێکەوە ئاوێنەیەکی وەها ڕوونە کە ئەو دەور و زەمانەی تیا ئەنووسرێتەوە یا ئەو مەوزوعەی باسی ئەکا، بەهەموو کەم و کوڕی و چاکی و خراپیەوە بەڕووناکی پیشانی ئەدا. لەم ڕووەوە چیرۆکی چیرۆکنووسە ناودارەکانی جیهانی بۆ پیشاندان و دەرخستنی ئەوزاعی کۆمەڵایەتی ئەو دەورە و ئەو وڵاتانەی چیرۆکەکەی تیا نووسراوە، زۆر جار لە کتێبی تەئریخ بەبەهاتر و بەنرخترن.

نموونەی ئەمە زۆر لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا چیرۆکەکانی (سێر والتەر سکۆت) جگە لە قیمەتی ئەدەبییان هەر یەکەیان شا ئەسەرێکن بۆ پیشاندانی تەئریخی چەرخەکانی ناوەڕاست. لە ئەدەبیاتی فەرەنسیدا لەم ڕووەوە (ئەلکساندەر دوما)ی باوک و (سکوت)ی ئینگلیز کەمتر نەبوو. چیرۆکی ڕاست هەروەک ئاوێنەیەکی ڕووناکی ئەوزاعی تەئریخی و کۆمەڵییە، شاپلێتەیەکی گڕجوانیشە بۆ پیشاندانی ئایندە بۆ دەرخستنی ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتن.

چیرۆکنووسێکی بەهرەوەر بەوەسفی گیاندار و قەڵەمی ڕەوانی خۆی ئەتوانێ میللەتێ بەتەواوی ببووژێنێتەوە، بیری ڕووناک بکاتەوە و بیخاتە سەر ژیانێکی ڕاست و ڕابواردنێکی شادمانی. ئەمە بە موبالەغە مەزانن. تەئریخی ئەدەبیاتی جیهانی کۆن و تازەی پڕ لە وێنەی ئەم چەشنە چیرۆکنووسانە. لەدەمێکەوە وتوویانە کە شۆڕشی گەورەی فەرەنسە لە شیر و تیری (ڕۆبسپیەر، دانتۆن)و شۆڕشگێڕەکانی زیاتر بەنووکی قەڵەمی (ڤۆڵتێر، ژان ژاک ڕۆسۆ)و چیرۆکنووسەکانی هاتە دی. ئەگەر ئەوانەی پێشوو لەشکر و سوپای ئەم شۆڕشە گەورەیە بوون، ئەمانەی دوایی شاپلێتەوان و ڕەهبەری شۆڕشەکە بوون. لە تەئریخی کۆن و تازەماندا، لە ئەوزاعی ئیجتماعیماندا مەیدانێکی فراوان هەیە

بۆ نووسینی چیرۆک و سەرگورشتە. نازانم ئەو خوێندەوارانەمان کە بەخۆیاندا و قەڵەمەکانیانا ڕائەپەرموون بۆچی ئەم مەیدانە تاقی ناکەنەوە؟ لەمەدا هەم خزمەتی ئەدەبیاتی کوردی ئەکەن هەم میللەت ئەهێننە هۆش و هەم ئەوانەی خوا لەم ڕێیەدا بەهرەیەکی پێ بەخشیون ئەتوانن خۆیان دەربخەن.



## خووی بەد

١٩٤٧

شارستانیەتی هەر وەکوو زۆر شتی چاک و باشی لێوە پەیدا بووە و لە زۆر لاوە ئادەمیزادی خستۆتە ئاسوودەییەوە، لە سەرێکی تریشەوە بوو بەهۆی خستنەوەی هەندێ خووی بەد لە ناوماندا. خۆ دەمێکە وتراوە نە چاکی پەتی هەیە، نە بەدی پەتی. بێ گومان شارستانیەتیش بەو هەموو چاکییەوە هەندێ بەدی تیایە. بەشی زۆری ئەم بەدییە، داخەکەم، لای ڕەوشت و خووی گرتۆتەوە، هەرچەند هەق وایە کە شارستانیەتی ببێ بەهۆی بڵاو کردنەوەی خووی پاک نەک خووی بەد، چونکە ئاشکرایە لە ڕووی شارستانیەتیەوە خوێندەواری پەرە ئەسێنێ ئاسۆی بیر و هۆش فراوانتر ئەبێ و بەهرەی لێ وردبوونەوە و بەرئاورد کردن قووڵتر ئەبێ. بەڵام جگە لەمانە شارستانیەتی بەفرە چەشنی و فرە لقی خۆیەوە باری ژیان گران ئەکا. سادەیی کۆنی ژین ناهێڵێ و خەڵکی بەناچاری ئەخاتە ڕێگای ڕەنج و ئەرکێکی زۆر کە گەلێ جار پاداشتەکەی هاوتای ئەرکەکەی نابێ. لەم ڕووەوە خەڵک فێری چاوبرسێتی، کینە پەرستی و فێڵبازی ئەبێ. بەکورتی لە سەرێکەوە فرەمەسرەفی و ئەرکی ژیانی تازە، وە لەسەرێکی ترەوە کەم دەستی و بێ دەرامەتی خەڵک ئەبێ بەهۆی ڕێ لێ ون بوون و بەدخوویی. ئەمە یەکێکە لە نەخۆشی شارستانیەتی تازە کە گەلێ دیمەنی هەیە. یەکێک لەم دیمەنانە بێ وەفاییە. وەفاداری لەلای پێشینان لەگەڵ نرخی پەرستشدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو. لە ڕێی دۆستدا ماڵ و سەردانان شتێکی زۆر دەگمەن نەبوو. یەکێ توانجی بێ وەفایی لێ بدرایە لەوانە بوو لەوڵات هەڵبێ. دیمەنێکی تری ئەم نەخۆشییە دوو ڕوویییە. دوو ڕوویی لە مەردایەتی کۆنەوە زۆر دوور بوو. ڕاستتان ئەوێ دوو ڕوویی ئیشی پیاوی کەم باوەڕ و بێ شەخسیەتە. بەڵام داخەکەم کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ گەیشتۆتە ڕادەیەک کە دوو ڕوویی و ڕواڵەت بەهونەر و نەزاکەت ئەژمێررێ، وە بەپێچەوانەی ئەمەوە قسەی ڕاست و دەمڕاستی ئەبێ بەهۆی سەرزەنشت و ڕەخنە. مەگەر خوا بزانێ تا ئێستا چەند دۆستی خۆشەویست لێم زویر بووە چونکە بەدڵی ئەوان نەدواوم و خۆم چیم بە باش و ڕاست زانیبێ ئەوەم وتووە. ڕواڵەت وەنەبێ هونەرێ بێ کەم کەس

بتـوانێ بیگـاتێ. بۆ یەکێ بەهرەیەکی کـەمی هەبێ لەزیرەکـیـدا شـتـێکی زۆر ئاسانە، زمانێکی لووس، گفتارێکی پڕ لە ستایش، ئیشـەکە تەواو ئەکا. بەڵام بەو ئەندازەیەش گـیـانی پیـاو پەست و لاواز ئەکا. ئەم نەخـۆشـیـیە دیمەنی تری زۆرە، وەلێ بۆ ئەم جـارە ئەوەندە بەسـە. تەنیـا نیـازم ئەوەیە کـە پەروەردگـار بمانپارێزێ لەم چەشنە دەردانە.





## گاندی

**١٩٤٨**

ئێـوارەی ڕۆژی جـومـعـەی ٣٠-١-١٩٤٨ ئەسـتـێـرەیەکی گـەشی ئاشـتی کـوژایەوە. نەء، پیـاو ئەتوانێ بڵێ تاقـە ئەسـتـێرەیەک کـە لە ئاسـمـانی ئاشـتی ئەمـڕۆدا هەبـوو کوژایـەوە، چونکە لە جیـهـانی تاریک و چەپەڵی ئەمـڕۆدا لەناو لێشـاوی مـادەپەرسـتی، خودکـامی، چاوبرسێـتی، دزی و شـەڕ فـرۆشی ئێـسـتـای جیهـاندا تەنیـا ئەم پیاوە لەڕ و لاوازە بـوو لە کانگای دڵیـەوە بەهۆشێکی پاک و خاوێنەوە بانگی ئاشتی بدا، گیانی ئاشتی بەناو خەڵکدا بڵاوبکاتەوە و بناغەی برایەتی لە ناو ئادەمیـزادا دابمەزرێنێ. ئەم پیرە فەرتووت و ڕووتە لەتەمەنی ٧٨ ساڵیدا بەجۆشی لاوێکی بەتواناوە بۆ پێکهێنانی ئامانجی خۆی تێ ئەکۆشێ. کە ئەڵێم ئامـانجی خۆی مـەبەستم خودی خۆی نییـە. تەنانەت مەبەستم هیندستان و پاکستانیش نیە. وەئاسۆی بیر و ئاواتی ئەو ئەوەندە پان و فراوان بوو کە هەموو گۆشـەیەکی جیهـانی ئەگرتەوە. بەلای بیری بەرزی ئەوەوە جیـاوازی نیـشـتـمـان و نەتەوە نەبوو، برایەتی و ئاشـتی ئەمـە دوو ئامـانج بوو کـە لە هەرزەکـارییـەوە تا تەمەنی پیریی بەدڵ و گیان تێکۆشیبوو بۆ پێکهێنانی. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم پیرە موبارەکـە لە ناوجەرگەی شـارسـتـانیـەتێکی پڕ لە کەیف و خـۆشی، پڕ لە بەزم و سەفـادا چەند سـاڵێکی ڕابوارد و گـەیشـتـە پایـەیەکی بەرزی خوێندەواری. لەگەڵ ئەوەدا خۆی لە هۆزێکی خانەدان و ناودار بوو، کەچی هەر زوو لە جیـهـانی مـادە پەرسـتی خـۆی ڕزگـار کـرد، کـەوتە مـەیدانی برایەتی، ئاشـتی و ئینسـانیـەت پەروەرییـەوە. وادیـارە هۆشی کـۆمـەک و یارمـەتی بێ دەسـتـان، بەربەرەکـانی زەبر بەدەستـان و تێکـۆشینی بۆ نەهێشـتـنی جیاوازای و ناکۆکی لە ناو خـەڵکدا لەگەڵ شیری دایکیدا چووبـوە ناو هەموو ڕەگ و پۆستی ئەم پیـاوەوە، لە تەک خوێنیـدا تێکەڵاو بـووبوو. یەکـەمـجـار درەفشی شـۆڕشی لە ئەفـەریقـای خـواروو هەڵگرت. هاوخـوێنەکـانی لـەوێ زینـدەگـانیـەکی بەندەیەتیـان هەبوو. نـەک لەبـەر ئەوەی هاوخـــوێنی ئەو بـوون، لەبـەر ئـەوەی گـــرۆهێکی بێ تـاوان و زۆڵم دیـدەبـوون، بەهاواریـانەوە چوو، کـەوتە تەقـەلا و، لەم ڕێیـەدا تووشی زۆر دەردی سـەر بوو.

بەڵام گاندی هێزی ئەوەندە بەرز، ئەوەندە ڕووناک و بێ پەڵە و ئەوەندە موبارەک بوو هیچ شتێک نەیئەتوانی کاری تێ بکا و تەگەرە لە ڕەوشتی بدا. ئنجا مەیدانی کۆششی گواستەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، ئەو وڵاتە کە بەگەڵێ دەرد و ئازارەوە ئەیناڵاند، لەلایەکەوە کەمەندی بەهێزی ئینگلیز، لەولاوە جیاوازی ئاین لە ناو موسوڵمانەکان و هیندۆکەکاندا. لەلایەکی ترەوە زۆر جەوری ڕاجەکان و هەژاری و نەخوێندەواری. سەرباری ئەمانە هەموویان ئەو ژمارە زۆرە هیندۆکانە کە بەچەپەڵیان ئەزانن و ژیانێکی پڕ لە سووکی، ئازار و بەدبەختی ڕائەبوێرن. لام وایە جیهان لە کۆن و تازەدا پیاوێکی تری وای نەدیوە کە بتوانێ یا بوێرێ بچێتە ژێر بارێکی وا گرانەوە. چونکە سەرچاوەی هێزەکەی گیانێکی بەرز و هۆشێکی بەجۆش بوو. لە بڵندی ئاسمانەوە تەوژمی وەرگرت و ئاگری دەروونی بڵێسەی پێ ئەدا. لە هەمووی جوانتر ئەوە بوو کە ئەم هێزە بێ ئەندازە و سنوورەی وەکوو شۆڕشگێڕەکانی تر لە هەرا خستنەوە و خوێن ڕشتندا بەکار نەهێنا. ئەو ئەیویست بناغەی برایەتی ڕاست، ئاشتییەکی دیگەر ئەندێشانە دابمەزرێنێ، لەم کۆششە و تەقەلایەدا شتی وای داهێنا کە لە پێشەوە خەڵک گاڵتەیان پێ ئەکرد بەڵام لە دواییدا بڕوایان کرد کە شۆڕش وەنەبێ تەنیا بە شیر و تیر پێک بهێنرێ، شیری ئەو خەڕەک بوو، هەتا ئەو پەیدا نەبوو بوو خەڕەک ڕستن ئیشی پیرەژنان بوو بەڵام بەدەست ئەوەوە بوو بە چەکێکی وا کە ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی هێنایە لەرزین. چەکێکی تری قەلەندەریەتی بوو، وازی لە کەش و فش و فیزی بێ مانا هێنا. بەپارچەیەک خام لەشی خۆی دائەپۆشی لەسەر حەسیرێکی زبر ئەنووست، چونکە تێگەیشتبوو کاروباری جیهان چاک بکا، بەدی و خراپی نەهێڵێ، ئەبێ بەر لەهەموو شتێک لە خۆشی و شیرینی جیهان دەستبەردار بێ. جارێک لێیان پرسی: (بۆچی لەشەمەندەفەرا سواری مەوقیعی سێیەم ئەبی؟)

وتی: (چونکە مەوقیعی چوارەم نییە!).

چەکی هەرە بەکاری ڕۆژوو بوو. وەختێ بیزانیایە کە ئامۆژگاری سوودی نەماوە، بڕیاری ڕۆژووگرتنی ئەدا تا مردن. زۆر جار ئەمەی کرد و ئینگلیزی ناچار کرد کە لە بەندیخانە دەری بهێنن!. بۆ ڕزگاری چەپەڵەکانیش ڕۆژووی گرت، کۆچی کرد و چوو لە ناو ئەواندا دانیشت، هەتا هیندۆکەکان ناچار بوون



دەرگای پەرستگاکانیان بۆ چەپەڵەکانیش کردەوە. هەمووی چەند ڕۆژێ لە پێش کوشتنیا دیسانەوە کەوتەوە ڕۆژووگرتن، ئەمجارە بۆ موسوڵمانەکان بوو. ئەو هیندۆکانەی لە پاکستانەوە کۆچیان کردبوو بۆ دەلهی حکومەت لە ناو مزگەوتی موسوڵمانەکاندا دایناببوون. غاندی ئەمەی بە شتێکی خراپ زانی، چونکە تێگەیشتبوو کە بە هۆی ئەمەوە ناکۆکی بەینی موسڵمان و هیندۆک شێتگیرتر ئەبێ، قەراری دا کە بەڕۆژوو بێ هەتا ئەمرێ یاخود مزگەوتەکان چۆڵ ئەکەن و ئەیاندەنەوە بە مۆسوڵمانەکان. بەقسەیان کرد و ئەویش وازی لە ڕۆژووەکە هێنا. بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو چەند گوللەیەکی لاوێکی هیندۆکی نەفام دوایی هێنا بەم ئەستێرە گەشە. وا دیارە ئەم خاکە پڕ لە شۆڕش و مادەپەرستە بۆ ئەوە نەئەشیا گیانێکی وا پاک و درەخشانی بە سەردا بڕوا. پەروازی کرد چوو بۆ شوێنی ڕاستی خۆی، بۆ ئاسمانی بەرز و بڵند یا بۆ ناو دڵی ئەوانەی کە هێشتا بڕوایان ماوە بە ئاشتی و برایەتی لە جیهاندا.

## هاوین و کوێستانە شیرینەکانمان

١٩٤٧

لە بابەت گەرمای هاوینی خوارووی عیراق و جوانی و خۆشی کوێستانە شیرینەکانی لای خۆمانەوە هێندە نووسراوە و بێژراوە، دووبارە کردنەوەی ئەم باسە وەختە بێ تام بێ، بەڵام چارە نییە. گڕ و کڵپەی گەرمای ئێرە و سروەی فێنک، ئاوی سارد و چەشم ئەندازی دڵفڕێنی وڵاتەکەی خۆمان ئەم مەوزوعە هەمیشە تازە ئەکاتەوە. ئەمجارە نامەوێ لە بابەت کوێستانی حکومەتیەوە یان لەبابەت گەشت کردنی دەوڵەمەندەکان و خوا پێداوەکانەوە بدوێم کە ئەتوانن بچن بۆ دەرەوەی عیراق. حکومەت وا لە، پیرمام، شەقڵاوە، سەرسەنگ خەریکی ئیشی خۆیەتی.

ئەو کەسانەی بۆیان هەڵئەسووڕێ خوایان لەگەڵ بێ با بڕۆن بۆ دەرەوە. مەبەستم لەم وتارە تەنیا لاوەکان و قوتابییەکانە، لەپاش ڕەنج و تێکۆشینێکی نۆ مانگە ماندوو بوونی بیر و مێشک وا پشوویەکی سێ مانگەیان بۆ هاتە پێشەوە. دیارە هەر یەکێ لە قوتابییە خۆشەویستەکانمان لە بابەت بەسەر بردنی ئەم پشووە بۆ خۆی بیرێکی هەیە و یا ڕێگایەکی داناوە، بەڵام بەشی زۆریان لام وایە ئەیانەوێ ئەم موددەتە لە ماڵی خۆیاندا لە ناو کەس و کاریاندا ڕابوێرن، بەڵام ئەزانن ئەم ڕابواردنە لە ناو شارەکاندا چۆن ئەبێ و چی ئەکەن؟ زویر مەبن لەتەجرەبەی خۆمەوە ئەیڵێم ڕاست و ڕەوان نا بەڵام کەم و زۆر بەم جۆرە ئەبێ:

هەتا چێشتەنگاوێکی گەرم نووستن. لەدواییدا خۆ کۆکردنەوە و چوونە دەرەوە.

چەند سەعاتێک لە چاخانەیەک یا لە ماڵی ئاوەڵێک ڕابواردن بەگفتوگۆ و شەڕەدەنووک، ئێوارانیش ئەگەر بەپاکژی ڕابیبوێرین دوو سێ سەعاتێک دیسان بە قسەکردن و گوێ لە ڕادیۆ گرتن. ئەمە هەر چەند ڕابواردنێکی سادەیە، بەڵام لەوانە نییە نەلەش نەبیر ببووژێنێتەوە. لە جیاتی ئەم چەشنە ڕابواردنە ئەگەر قوتابییەکانمان فێری هاوینەهەوار ببن زۆر باشتر و بەسوودترە، ئەمە شتێک نییە کە من دای بهێنم لە گەلێ لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریکا باوە. هەر چەند قوتابییەک ئەبن بە دەستەیەک ویستەمەنی خۆیان لە خۆراک و شتی تر پێکەوە



ئەنێن چەند خێوەتێک ئەبەن و لە شوێنێکی خۆشی سازگارا هەڵیئەدەن و وەختێکی خۆشی پڕ لە یاری و بەزم تێئەپەڕێنن. ئەم هاوینەهەوارانە لە زۆر سەرەوە سوودی هەیە. لەلایەکەوە ژیانێکی پڕ لە خۆشی و لەش ساغی تەئمین ئەکات لەسەرێکی ترەوە لەناو لاوەکاندا برایەتی و دۆستایەتییەکی دەروونی ئەخاتەوە. جگە لەمانەش قوتابییەکان فێری ئەوە ئەکات کە چۆن سەربەخۆ خۆیان بژیەنن و فێری ژیانی دەرودەشت و ژینێکی درشت و سەختیان ئەکات. سەرەڕای ئەمانە لاوەکان چاویان ئەکرێتەوە، کون و قوژبنی وڵاتەکە شارەزا ئەبن، بەوردی لە پێویستی دێهات تێ ئەگەن و ویستەمەنی، کەمی و کورتی وڵاتەکەیان بۆ دەرئەکەوێ. بەو جۆرە لە ئایندەدا ئەگەر هەلیان بۆ هەڵکەوت ئەتوانن چارەی ئەو کەم و کورتیانە بکەن.

نازانم ئەم دەنگە ئەگاتە گوێی لاوە شیرینەکان یان نەء؟! ئەگەر بگا هیوام وایە کاریان تێبکا و هاوینەهەواری ئەم ساڵیان لە داری زەرد، سەرسیر، مێرگەپان و جێگە خۆشەکانی تری کوردستان ببەستن. تەئمینیان ئەکەم پەشیمان نابنەوە.

## دارستانەکانمان

یەزدانی پاک بە بەخشندەگیەکی بێ سنوورەوە ولاتە شیرین و جوانەکەمانی ڕازاندۆتەوە، یان ڕاستت ئەوێ ڕازانبوەوە. چیای بەرز و بڵند، ڕووباری جوان و ڕەوان، دۆڵی چڕ و سێبەردار، گۆمی شینی بێ بن، مێرگی شیرین و ڕەنگین، دەشتی پانی دڵکەرەوە، داخی بە جەرگم نزار و دارستانی فێنک بەخش و دڵفڕێن یان دڵ ترسێن. بەڵێ بۆ دارستان و نزارەکانمان داخی بە جەرگم چونکە ئەم دارستانە جوانانەی خواوەندی گەورە بۆی کردبووین بەکانی جوانی و پیت و بەرەکەت ئەبوو ئێمە وەکو جگەرگۆشەیەکی خۆشەویست پەروەردەی بکەین و پارێزگاری بین، کەچی بە پاچ و پێمەڕە، تەور و تەورداس تێی بەربووین لەبنی دەرئەهێنین، هەروەک لەگەڵ سروشتا دوژمنایەتیمان هەبێ یا لە جیاتی ئاوەدان کردنەوەی حەز بە وێرانی بکەین. بە دو بێ فەڕی ئەم کردەوەیەمان زیاتر لەوەدایە کە وەزەن (زیان) هێنان بە دارستانەکانمان وەنەبێ تەنیا بەنەهێشتنی نزارەکان بوەستێ. دارستان کانگەی ئاوەدانی و بناغەی ژینە.

باران لەگەڵای سەوز و جوانی ئەوەوە پەیدا ئەبێ. خۆ پێویست نییە بڵێم باران مایەی ژیان و مانی خۆمان و نیشتمانە خۆشەویستەکەمانە، ئەو نەبێ سەرچاوەی ژینمان وشک ئەبێ. ڕووبار و جۆیبار بێ ئاو ئەبێ. کشتوکاڵمان ئەبێ بەپووش و لەجیاتی ئەوەی ببێ بەمایەی زیندەگانی ئەبێ بەهۆی ئاگر و سووتان. تێناگەم چۆن یەکێک زەڕەیەک خۆشەویستی ولاتی لابێ بەدەستی خۆی بەئارەزوو بەرگی جوانی ولاتەکەی دائەدڕێ!!. یان یەکێک هۆی ژیانی هەبێ بەدەستی خۆی شادەماری ژینی خۆی ئەبڕێ؟!. پێشینان گوڵپەرست و دادپەروەر بوون، زەوقێکی وردی جوانی پەرستنیان هەبوو. لەبەر ئەوە چاودێری کردنی دارستان بەلای ئەوانەوە واجیب بووە کە ئەڵێم پێشینان مەبەستم چەند ساڵ لەمەوبەرە. ئەمە بۆ ئێمە شتێکی تازە نییە. هەر لەکۆنەوە ئاینی زەردەشتی کشتوکاڵ و بەرهەم هێنانی درەختی بەکردەوەیەکی چاک بەدیمەنێکی پەرستشی دانابوو، بەڵام ئەفسووس ئەم خووە باشە، ئەم کردەوە چاکە تا هات کزبوو. لەجیاتی ئەوەی بەرهەم هێنانی درەخت بەپەرستشی بزانرێ، ئێستا خەڵکەکە داربڕین ئەپەرستن!.



لە کتێبی کۆندا خوێندمەوە کابرایەکی بێگانە نزیکەی سەد و سی ساڵ لەمەوپێش نووسیویەتی باسی گەشتێکی خۆی ئەکا ئەڵێ: (وەختێ لە قەرەهەنجیر بەرەو سلێمانی تێپەڕین ئیتر کەوتینە ولاتی نزار و دارستانەوە. لەهەموو لایەکەوە چەشم ئەندازی چڕ و جوانی هەبوو). تەماشا بکەن لەم مودەتە کەمەدا دەستی کەمتەرخەم و وەزەندەری ئێمە چی کردووە بەنیشتمانەکەمان، ئێستا لە قەرەهەنجیرەوە تا سلێمانی بەهەر لایەکدا بڕوانی، ڕووتەنی، تاش و بەرد و پووشی زەردهەڵگەڕاو ئەبینی، دارەکەی (سۆفی نەبی) ئەو بەسەزمانە پیر و ئێفتادە بە تاقی تەنیا لەبن تاسڵوجەدا ئاخ و داخ هەڵئەکێشێ بۆ چارەنووسی ڕەشی درەختەکانی ئاوەڵی. زۆر سەیرە کە لەو ولاتانەی خوا لە دارستان بێ بەشی کردوون، خەڵکەکە بە ڕەنج و ئەرکی خۆیان دارستان پێ ئەگەیەنن! کەچی ئێمە هەوڵ ئەدەین، تێئەکۆشین بۆ فەوتانی ئەوەی خوا پێی بەخشیوین. بەرامبەر یەزدان، بەسروشت، بەنیشتمان نان کوێری و سپڵەیی لەمە زیاتر ئەبێ؟! ئێوە و خوا وریای دەرختەکانمان بن چونکە مایەی ژینی خۆمان و جوانی نیشتمانن. ئەویش گیانلەبەرێکە، با فێر ببین بەم چاوە تەماشای درەخت بکەین. نەء، با بە چاوی ڕۆڵەیەکی خۆشەویست تەماشای درەخت بکەین و بەو جۆرە پەروەردەی بکەین.

# گوێ ئاگردان

**١٩٤٨**

لە سەرما و سۆڵەی زستاندا، بەتایبەتی لە وڵاتی خۆماندا کە لوولە سەهۆڵ وەکوو بلوور ئەدرەوشێتەوە و بەفر وەکوو پەمووی سپی دنیا داگیر ئەکا، چ باسێ لە باسی ئاگر و ئاگردان خۆشترە؟. تۆ گەرمی و تینی ئاگری زستان بەگشتی و موبارەکی ئاگر بخەرە لاوە، مەبەستم ئەمە نییە، مەبەستم گوێ ئاگردانە. ئاگردان خۆی نیشانەی خێزانێکی کۆ و ماڵێکی ئاوەدان و گردە. ئاگردان چ لە ماڵدا بێ و چ لە مزگەوت و دیوەخان، کانیەکە سەرچاوەی هۆشی میللی لێوە پەیدا ئەبێ. هۆشی میللی وەکو هەموو ئەیزانین ئەنجامی حیس و عەنعەنەیەکی یەکسان، تەئریخێکی یەککگرتوو و بڕوا و ڕەوشتێکی لەیەک چووە. ئەم سێ پایە لە ئاگردانەوە کڵپە و ڕووناکی، تین و تەوژم پەیدا ئەکا. لەهەندێ لە شارەکانماندا ئەشێ ئاگردان و سەرگورشتە و حیکایەتێکی گوێ ئاگردان نرخ و ئەهمیەتی کۆنی نەمابێ، بەڵام لە بەشی زۆری وڵاتەکەماندا لە لادێدا ئەوەی ممیزاتی میللیمانی پاراستبێ ئەتوانم بڵێم کە ئاگردانە. لە گوێ ئاگردانە مناڵە وردەکانمان ئەفسانەی کۆنی کوردی، حیکایەتی دێرینی پەری و دێو لە مێشکیاندا ئەچەسپێ. هەر چەند وەکوو تارماییەکی لێڵیش بێ، شکۆی ڕابوردوومان لە دڵیاندا جێگیر ئەبێ. ئەمانە بەجۆرێ کاریان لێ ئەکا کە هەموو کارەساتی ڕۆژگار لە بیریان ناباتەوە. بەکورتی مناڵە وردەکانمان لەگوێ ئاگردان زمانیان ئەپژێ و بەگڕ و گڵپەی ئاگری ئاگردان دڵ و مێشکیان زاخاو ئەدرێتەوە. بۆ لاوەکانمان ئاگردان ڕەمز و نیشانەیەکی ترە. بۆ ئەوان مەیدانی جوامێری و شاسوارییە. گڕی ئاگردان لەواندا تەنیا دەست و پل گەرم ناکاتەوە، بەشکو گیانی جوامێریشیان تیا ئەبووژێنێتەوە. گەرمای ژیانی هەزار ساڵەی ناو ئەم دۆڵ و شاخە جوانەیان تیا ئەهێنێتە جۆش. هەریەکەیان بەزمانێکی سادە و دڵێکی پاکەوە سەرگوروشتەی قارەمانیی خۆی وەیا هی لاوانی تر ئەگێڕێتەوە. لەم گێڕانەوەدا نە فیزی تیایە نە خۆهەڵکێشان. باسی پەلاماردان و کوشتنی پڵنگێکت بە چەشنێ بۆ ئەگێڕێتەوە کە من و تۆ باسی بەفاقە چۆلەکە گرتنێ وا ناگێڕینەوە. یەکێکی تریان تێت ئەگەیەنێ کە چۆن لە ڕۆژێکی تۆف و



سەربەکڵاوە بەفردا ڕێگای خۆی ڕزگار کرد و گەیشتە ئاوایی. ئەم ڕەوشتە، ئەم عەنعەنەی گوێ ئاگردانەیە کە جوامێری و جەنگاوەری و بەخۆدا ڕاپەڕموونی بۆ ئێمە کردووە بەشتێکی سروشتی و ئەم خسڵەتانەی بۆ ئێمە پاراستووە.

## نەختێکیش کۆنەپەرستی

*بەشی یەکەم*

زۆر چاک ئەزانم کە بەشێکی زۆر لە لاوانی خۆشەویست ڕقیان ئەبێتەوە لە بیستنی وشەی کۆنەپەرستی. منیش وەنەبێ ئەم وشەیەم زۆر لا جوان بێ یان باش بێ.

بەڵام ئەبێ پێی لێ بنێین کە هەروەکو هەموو شتێکی تازە وەنەبێ باش بێ، هەموو شتێکی کۆنەش وەنەبێ بەد و بێ فەڕ بێ. پێشینان هەندێ ڕەوشت و ڕەفتاری باشیان هەبوو. کە ئەڵێم پێشینان مەبەستم دوو سەد ساڵ و سێ سەد ساڵ لەمەوبەر نییە. پێشینانی سی چل ساڵ لەمەوپێشیش ئەم ڕەوشت و ڕەفتارە کۆنە جوانانەیان دیسانەوە نیگەهبانی ئەکرد. ئەوەی بۆتان ئەگێڕمەوە هەمووی بە بیرەوەری خۆم بووە، خۆ ئەگەر بڕواش ئەکەن من هێشتا خۆم بە پیر دانانێم، بەڵکو لەڕیزی لاوان خۆم ئەژمێرم.

جاران لە سلێمانی بەشکوو لەهەموو شارەکانی تری کوردستان کە مانگی شوبات بە خۆی و باو بارانیەوە تێئەپەڕی و مانگی مارت بەگوڵ و نەسرین و لالە، بە نەورۆز و چیمەن و دەشت و شاخی ڕەنگا و ڕەنگیەوە خۆی پیشان ئەدا. لاوان بە خوێنێکی پڕ لە جونبوش و ژینێکی تازەوە خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ یاری. بەڵێ یاری ئەوسا شتێکی گاڵتە نەبوو. یاری فرمانێ بوو لەسەر شانی هەموو لاوێک. هەر گەڕەکە مەیدانی یاری جیاوازی هەبوو. دەشتی کانێسکان، دەشتی کۆلک، دەشتی سەر قەبران، کارێزی حاجی مەلا عەلی و، گەلێ جێگای تریش. هیچ گەڕەکێ نەئەچووە سەر بەشی ئەوی تر. هەر گەڕەکە یاریکەر و پاڵەوانی بەناوبانگی خۆی هەبوو. دەمڕاستی گەڕەکیش بەشدار بوو. بەڵێ ئەوان تێکەڵاوی یاری نە ئەبوون، بەڵام سەیرکەری بەردەوام و گەرم بوون. جاروبار بەخشندەگیشیان هەبوو، کێ تۆپێکی باشی بوەشانایەیان لە کەوشەکا زیاتر بڕۆیشتایە، مەسکەتێ، ڕەحەتەلوقومێکی وەرئەگرت. شتەکە خۆی کەم نرخە، بەڵام بەها مەعنەوییەکەی زۆر بوو. لەم مەیدانەدا هەموو چەشنە یارییەک ئەکرا. هەر لە عەسرەوە لاو و پیر، هەژار و دەوڵەمەند، دوکاندار و کاسب هەموو ڕێچکەیان ئەبەست بۆ مەیدانی گەڕەکەکەی خۆیان. جا لەوێ، کەوشەک، پشت



لێدان، شەڕە تۆپ، قەلەمردارێ و گەلێ یاری تر دەستی پێ ئەکرد. بۆ هەندێک لەم یارییانە هونەر پێویست بوو، بەڵام بۆ هەموویان هێز و چالاکی، گورج و گۆڵی و خۆ ڕاهێنان زۆر پێویست تر بوو. قەلەمردارێ، ئەو یارییە شیرینە، ئەگەر لە هەر دەستەیەکیاندا چەند کەسێکی دەستڕاستی تیا نەبوایە، ئەوا ئیشیان گەنگ ئەبوو. بۆ کەوشەکیش خۆ ئەگەر دڵێکی بەهێز، لۆقێکی درێژ و خۆفڕێدانێکی بەتین و تەوژمت نەبوایە تێ ئەکەوتی. بەڵام لە هەمووی سەیرتر شەڕە تۆپەکە بوو، تۆپێکی چەرمینی سەخت و قورس ئەمە دووبازی وەکو تۆپەکە چەرمینی سەخت و قورس پێویست بوو. هونەری زۆریشی ئەویست بۆ خۆ پاراستن لە تۆپی لاوی بەرامبەر. چونکە ئەگەر بهاتایە و بەر جێگایەکی ناسک بکەوتایە ئازار و ئێشەکەی گاڵتە نەبوو. تۆپ وەشێنی وا هەبوو شریخەی تۆپی تا دوور ئەڕۆیشت. وا تێ مەگەن ئەم یارییانە ڕق و قینی ئەخستە دڵی یاریکەرەکانەوە. هەموو بەدەروونێکی (سپۆرتی) پاکەوە لە یارییەکە هەڵئەچوون و لە دواییدا وەکوو برا جیا ئەبوونەوە. ئەم دەروونە سپۆرتە نەک تەنیا لەناو خەڵکی یەک گەڕەکدا، لەناو خەڵکی هەموو گەڕەکەکانا هەبوو. هەندێ جار چەند یاریکەرێکی باش لەم گەڕەکەوە ئەچوون بۆ ئەو گەڕەک، لەوێ دەستیان ئەکرد بەیاری کردن. ئەمە نە ڕقەبەری نە خۆهەڵکێشانی تیا بوو. بەدرێژایی بەهار هەموو ڕۆژێ ئەم یاریکردنە هەبوو، لەعەسرەوە هەتا ئێوارێ ئەیخایاند و ئەوسا هەر کەسە بەدڵێکی کراوەوە بەئیشتیهایەکی باش و ڕوویەکی خۆشەوە ئەڕۆیشتەوە بۆ ماڵی خۆی. خوا چی دابوو لەگەڵ کەس و کاریدا ئەیخوارد. بەهار نەک تەنیا بۆ یاری وا، بۆ ڕمبازیش هەلێکی باش بوو. کە نەختێ بەهار پیر ئەبوو، ئینجا خەڵکەکە ڕووی ئەکردە سواری و ڕمبازی. دیارە کە ئەزانن وشەی ڕمبازی دوو کەرتە ڕم و بازی، بەمانا بە ڕم یاری کردن. پێشینان لە زەمانی کۆندا کە سواری ولاخ ئەبوون، بە ڕم یارییان ئەکرد. لەمەوە تاودانی ولاخ بەو جۆرەی کە ئەیزانین ناونراوە بە ڕمبازی. جاران، ئەتوانم بڵێم، هەموو لاوێک سوار بوو. بەڵێ هەموویان سوار چاک نەبوون، بەڵام کەم و زۆر سوارییان ئەزانی. ئەسپی نەبوو ئەیخواست لە ناسیاوێکی. خۆی لە ڕمبازی بێ بەش نەئەکرد. بەلای منەوە ڕمبازی جگە لەوەی سپۆرتێکی زۆر باشە، نیشانەی مەردایەتی و لاوچاکیشە. ئەولاوەی خۆی باش بەسەر پشتی ئەسپەوە بگرێ،

فێری تاودان بێ، ترسی لە هەوراز و نشێو نەبێ، بێ گومان بێ ترس و ئازاو بەهێز ئەبێ. لە نشێو و هەورازی جیهانیش چاوی ناترسێ.

برا خۆشەویستەکانم، نازانم ئێوەش وەکوو من ئەم شتە کۆنانە پەسەند ئەکەن؟ هیوام وایە سێرەکانمان لە بابەت ئەم شتانەوە وەکوو من نەختێ کۆنەپەرست بن. لەم کۆنەپەرستیەدا لەشی ساغ، دەروونی پاک ئەدۆزنەوە. دیارە بیستووتانە کە بیری ڕووناکیش لە دەروونی پاک و لەشی ساغەوە پەیدا ئەبن. جا ئێوەش وەرنە جۆش، وا بەهار هات و ئەم ڕەوشتە میللیانە بژیەننەوە.

*بەشی دووەم*

جاری پێشوو باسی بەهار، جۆش و خرۆشی بەهار و یاریم بۆ کردن، ئەمجارەش باسی شتێکی ترتان بۆ ئەکەم کە ئەویش دیسان پەیوەستی هەیە بە بەهارەوە. باوەجوو چی ئەبێ پەیوەستی نەبێ بە بەهارەوە. ئەگەر وەکوو ئەڵێن ژیان دڵێکی گەرمی پڕ جۆش، دڵدارییەکی ڕاست و پاکژ بێ، بەهاریش ئەبێ کانگەی سروش بەخشی ئەو ژیانە بێ. بەڵام ئەترسم ئەم چەشنە ژیانە تەنیا زادەی خەیاڵی شاعیرەکان بێ. هەر چۆنێ بێ بۆ پێشینان بەهار هەلێکی گەورە بوو. چەندیان بتوانیایە ئەوەندە لێی سوودمەند بوون. لە هەنگامی ژیانەوەی گوڵ و گوڵاڵەدا ئەیانویست ژینی خۆشیان بژیەتەوە و زاخاوی دڵی خۆیان بدەنەوە. ئیشێکی باش کە لە بەهارا ئەیانکرد سەیران بوو. بەڕاستی ئەم سەیرانانە سەیر بوون، وەکوو سەیرانی ئەمڕۆ نەبوون، سەماوەرێک و دوو پیاڵە و نەختێ خواردەمەنی و گەلێ شتی تر کە هیچ پەیوەستی بەسەیرانەوە نییە. هەندێ لە سەیرانی پێشینان لەوانەبوو بە داستان بگێڕڕێتەوە. ئەم سەیرانانە زۆر جار خەڵکی گەڕەک ئەیکرد و هەندێ جاریش ئەو کاسبانەی لە یەک پیشەدا بوون یەکیان ئەگرت و ئەچوون بۆ سەیران.

ئەمە پارەیەکی زۆری پێ ئەویست، چونکە چەند ڕۆژێکی ئەخایاند. لەبەر ئەوە بەهەرەوەز، بە پیتاکی گشت لایەک پێک ئەهات. سەیرانکەرەکان لە دەوری شار جێگایەکیان هەڵئەبژارد، لەوێ هەموو چەشنە تفاقێک و خواردەمەنیەکی زۆریان ئامادە ئەکرد. خێوەتێکی زۆر هەڵئەدرا و پێخەف و نوێن حازر ئەکرا. ئەو چەند ڕۆژە دەهۆڵ و هەڵپەڕکێ وچانی نەبوو، ڕێکخستن و



دامەزراندنی سەیرانێکی وا گاڵتە نەبوو. لەبەر ئەوە پێش هەموو شتێک (پاشا)یەک دائەنرا، دانانی پاشاکە بە هەڵبژاردنی خەڵکەکە ئەبوو. ئەم پاشایە دەسەڵاتێکی زۆری پێ ئەبەخشرا. چی ئارەزوو بکردایە ئەبوو بکرایە قسەی نەئەبوو بە دوو. نەک تەنیا لەناو سەیرانکەرەکان، لەناو خەڵکی شاریشا قسەی ڕەوا بوو. لەبیرمە ساڵی ١٩٢١-١٩٢٢ لە گەڕەکی دەرگەزێن سەیرانێ کرا (سەعەی دەوڵەت) خوای لێ خۆش بێ پاشا بوو. فەرمانی دا کە ئەبێ حاکمی سیاسی و بەردەستانی بچن بۆ سەیرانگاکە. گوێیان نەدایە. لەسەر ئەوە کاغەزێکی توندی بۆ نووسین، وتی قسەی پاشا نابێ کەس بیشکێنێ. ناچار هەموو هاتن. چوونە خێوەتەکەی پاشاوە، بەچۆکا هاتن. جگە لە پاشا کاربەدەستی تریش دائەنرا بۆ هەڵسووڕانی ئیشەکە. هەمووکەس ناچار بوو بەپێی فەرمانی ئەمانە بجووڵێتەوە. ئەم سەیرانانە وەنەبێ تەنیا بۆ سەیرانکەرەکان بوایە، زۆر دۆست و ئاوەڵ بانگ ئەکران، وەهەندێکیش لە خۆیانەوە ئەچوون. بەڵام هەموو لە چاودێری و کەیف خۆشیدا وەک یەک بەشداربوون. بەدەگمەن هەرا و ناکۆکی تیا ئەقەوما. ئەگەر شتێک ڕووی بدایە پاشای دەسەڵاتدار سزای گەورەی گوناهبارەکانی ئەدا. من خۆم هەندێ لە سەیرانە کۆنەکانم دێتەوە بیر. هەرە کۆنیان، بەلای منەوە، سەیرانی سەڕاجەکان بوو. سەڕاجەکان نە ئەوسا و نە ئێستا تەبەقەیەکی دەوڵەمەند نەبوون. لەبەر ئەوە ئەو پارەیەی پێویست بوو بەئاسانی بۆیان کۆ نەئەبوەوە. سەیرانەکەیان لەم هەفتەوە ئەخستە ئەو هەفتە. ئەم دواخستنە ئەوەندەی خایان تاکوو ئاخری سەیرانی سەڕاجەکان بوو بە مەسەل بۆ شتێک کە هەر باس بکرێ و نەیەتە دی. سەیرانی کانی ئاسکانیەکانیشم لەبیرە. ئەگەر بڵێم شتێکی زۆر خۆش بوو وا مەزانن لەڕووی ئەوەوەیە کە خۆم کانێسکانیم. بەڕاستی سەیرانێکی خۆش بوو، زۆر جوان ڕێکخرابوو. لام وایە مەلا بچکۆل کرابوو بە پاشا. خۆی وریا و زیرەک بوو، ئیشەکەی جوان هەڵئەسووڕان. سەیرانکەرەکان بە مەوکیبێکی گەورە لەناو شارەوە تێئەپەڕین. پاشا سواری ئەسپێکی ڕەش بوو بوو، پێش خەڵکەکە کەوتبوو. سوار و پیادە، بار و بارخانەش لە دواوە. لە هەمووی سەیرتر چەند حوشترێکی دارینیان کردبوو کە بەدەست ڕائەکێشران. هەندێ لە لاوان جلی جوانیان لەبەر کردبوو لەسەر ئەم حوشترانەوە سەمایان ئەکرد. چەند لاوێکیش

پێستی بزن و مەڕیان لەبەر خۆ کردبوو یارییان ئەکرد بەسەر ئەم حوشترە دارینانەوە. دوا سەیرانێکی باش لەم بابەتە کە بووبێ سەیرانی قەسابەکان بوو. نازانم لە ساڵی ١٩٢٨ دابوو یان ١٩٢٩ هەرچەند ڕەونەق و فەڕی سەیرانی پێشینانی نەبوو، بەڵام تەقەلایەکی باش بوو بۆ ژیانەوەی ئەم ڕەفتارە جوانە. لە هەنگامی سەیراندا جیاوازی گەورە و بچووکی، دەوڵەمەندی و هەژاری نەئەما. وەک برای هاوپایە و هاودانگ بەخۆشی و بەزم چەند ڕۆژێکیان پێکەوە ڕائەبوارد. بەڵکو ئەتوانم بڵێم کە لەم سەیرانانەدا زیاتر ژێر دەستی بەشی دەوڵەمەند و خانەدانەکان بوو، چونکە هەمیشە بۆرە پیاو ئەکرا بە پاشا و حوکمیشی ڕەوا بوو بەسەر هەموو کەسدا. ئەم سەیرانانە جگە لەوەی بەزم و زەماوەندێکی پڕ بە جۆشی بەهار بوو، وێنەیەکی جوانی هاودەنگی و هەرەوەز بوو. بنچینەیەکی زۆر کۆنی میللیشی هەیە. ئەشێ کە کوردەکان دوای ئەوەی بەشی زۆریان وازیان لە ژینی کۆچەری هێنا و بوون بە لادێیی و شارستانی دیسانەوە یادی ژینی ئازادی و کۆچەری کۆنیان لە بیرا مابوو. بەهاریش دەستێکی هەیە لە ژیانەوەی یادی کۆن بە تایبەتی یادێ کە تێکەڵ بە خوێن بووبێ، یا لەبەشی پشت هۆشی پیاوا جێگیر بووبێ. جا ناچار ویستوویانە بەم جۆرە ئەم ئارەزووە دابمرکێننەوە. بەڵام ئێوە بن و خوا کێ هەیە لە ئێوە نەیەوێ لە ساڵێکدا سێ چوار ڕۆژ بێ قەید و بەند، بەبەزم و خۆشی بەهەڵپەڕکێ و زەماوەند، بەئازادی لەگەڵ هاوخوێنەکانیا لەناو گوڵ و گوڵزار، وەک برا، تێپەڕێنێ. ئەزانم هەموو ئەمەتان ئەوێ. دەفەرموون وا بەهارە وەختی سەیران هات، بەڵام لەسەر شێوەی پێشینان!.



# ئەدەبیاتی کوردی

*بەشی یەکەم*

١٩٣٣-١٩٣٤

**«جوانکاری -صنائع نفیسە- و زانستی -علم-ی جوانکاری و وشە ئارایی»**

مەوزوعی ئەدەبیات ئەوەندە گەورە (واسع) فراوان و فرە لقە، ئینسان نازانێ لەکام لاوە دەستی بداتێ! لەم ڕێگایەدا سەر لێ ون بوون زۆر ئاسانە و بە سەهلی مەوزوع لە دەست دەرئەچێ. پێش ئەوەی بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی کوردی بدوێم ئەمەوێ بەسوورەتی عموومیە نەختێ لە ئەدەبیات قسە بکەم.

(صنائع ی نفیسە) وەیا جوانکاری بەیەک کەلیمە قابیلی تەعریفە. شتی جوان، مادی و مەعنەوی، هەموو شتێ جوان بێت، داخڵی ئەم زبان زەدەیە. (صنائع ی نفیسە) ڕۆڵەیەک باوکی خەیاڵ و حسی بەشەرە، دایکی تەبیعەتە و لەم نوقتەیەوە لە زانست جیا ئەبێتەوە. مەنشەئی ئەویان حس و خەیاڵ و، مەسدەری ئەمیان هۆش و بیرە. فکر و شعور و، نیشانگەی ئەویان دڵ و، ئامانجی ئەمیان مێشک و مەعریفەتە. بۆ جوانکاری ئەستێرە ئاوێزەیەکی ڕووناکی ئاسمانیە و بەلای هۆشەوە کەرتێکی هەستییە (جزء کون) کە ئەیەوێ لە ماهیەتی بگات. ئەویان غەریزەیەکی تەبیعی ئینسانە، ئەمیان نۆبەرەی پێگەیشتن و پێشکەوتنی هۆشی ئینسانە. ئەویان پاک و جوان دڵفریب و ڕەنگینە، ئەمیان ڕەق و سەخت، توند و موفیدە، ئەویان لە سەر باڵی خەیاڵات ئەفڕێ بۆ ئاسمان کە لە جوانی هەستی بگات و لەتافەتی تەبیعەت دەربخات. ئەمیشیان بەباڵی زانست بەرز ئەبێتەوە کە لە کونهی کائنات و سڕی ئافەریدە بگات. ئەویان ڕۆح و ئەمیان مادەیە. بەشەریش هەردوکیانە. پرۆفیسۆر (بیگارد) بە باڵۆنە جادوانەکەیەوە ١٦٠٠٠ مەتر بەرز بوەوە، گیانی خۆی خستە تەهلوکەوە بۆ ئەوەی چەند تەجرەبەیەکی عیلمی بکات. بەڵام ئەگەر (دانوونزیو)ی شاعیر کە بۆ چاو پێکەوتنی (بیگارد) تەرکی ئینزیواگاهی چەند ساڵەی کرد لەعەینی باڵۆندا بوایە، بێگومان لەو وەختەدا خەیاڵی شاعیرانەی ئەهاتە جۆش. قەڵەمی دەرئەهێنا بەسەر ئەسیر و هەوادا غەزەلێکی هەڵئەدا. فەرقی شاعیر و عالم ئەوەندەیە ئەویان باڵۆنی ئەوێ بۆ تەدقیقی تەبیعەت و

ئەمیان بۆ سەیری تەبیعەت، هەردوو لایان بۆ خزمەتی بەشەریەت و مەدەنیەت. هەر چەند بە پێی ئەم تەعریفە (صنائع نفیسە)و علم یا حس و هۆش لە یەک جیان، بەڵام ئەگەر باش لێی وردبینەوە تێ ئەگەین کە هەردووکیان لە زۆر لاوەپێکەوە بەستراون و بۆ یەکتری یارمەتی بێ ئەندازەیان هەیە. تا زانست سەرکەوێ حس زیاتر بۆ قووڵی دڵ ئەچێتە خوارەوە. هەتا هۆش پێشکەوێ، خەیاڵیش پتر ورد و زیاتر بڵند ئەبێ. ئەگەر زۆر قووڵی بخوێنمەوە و بوێرم ئەتوانم بڵێم هەموو هەقیقەتێ زادەی خەیاڵە و جوانکاری دایکی زانستە.

*دووەم*

### جوانکاری و ئەدەبیات غەریزەیە

لەسەرەوە وتمان کە جوانکاری غەریزەیەکی سروشتیی ئینسانە. بەم ئیعتبارە بە قەدەر نەوعی ئینسان کۆنە. هەتا ئینسانی ئەوەڵێن کە دڕندە ئاسا لە ئەشکەوت و مەغارەدا ئەژیان و لە حس و هۆشدا وەکوو یەک لەدوا بوون، دیسان کەم و زۆر بەشی خۆیان جوانپەرستی و جوانکارییان هەبووە. بالطبع ئەو نەخش و نیگارە دە هەزار ساڵ لەمەوپێش پێشینان لەسەر بەرد و ئێسقان هەڵیانکەندوە، بەپێی زەوقی بەدیعیی ئێستا شتێکی بێ بەهایە. بەڵام لە عەینی زەماندا دەلیلە بۆ ئەوەی کە حەتتا لەو دەوری ڕەوێڵی وەحشەت و تاریکییەشدا دیسان ئینسان بەنیسبەت حیس و هۆشی خۆیەوە لە زەوقی بەدیعی بەشدار بووە، بەڵام بەسەبەب نەبوونی زمانێکی پێگەیشتوو دامەزراوەوەیە، ئەم زەوقی بەدیعیە ئەوسا تەنیا هەڵپەڕکێ و نەخش و نیگارێکی ئیبتدائی ئافەراندووە و لقێکی گەورە و موهیمی جوانکاری ئەدەبیان بێ گەڵا و بەر ماوەتەوە.

*سێیەم*

ئەگەر لە دەوری پێش و پاش تۆفاندا زمانێکی دەوڵەمەند و پێشکەوتوو مەوجوود بوایە کە ئەمەیش پێچەوانەی دەستووری تەکامولە، بێ گومان ئێستا وەکوو نەخش و نیگاریان ، ئەدەبیاتیشیانمان بۆ ئەمایەوە، چونکە بۆ مەل جریوە و خوێندن چەند شتێکی سروشتی و غەریزەیە، بۆ ئینسانیش حیس و جوانکاری و ئەدەبیات ئەوەندە تەبیعی و غەریزەیە.



### ئەدەبیاتی کوردی پێش و پاش ئیسلامیەت

بەم ئیعتبارە هیچ شوبهە نییە کوردیش لە زۆر کۆنەوە لە ڕۆژێکەوە یەکەمین کورد زمان هەوای سەرزەمینی هەڵمژیوە، خاوەنی ئەدەبیاتە. بالطبع- چاکی، خراپی، پەستی و بڵندی ئەم ئەدەبیاتە لەگەڵ پێشکەوتن و دواکەوتنی حس و هۆشی میللەتەکەدا متناسب بووە. لە پاش گەلێ تەدقیقاتی زمانشناسی بەلای زۆری مستشرقینەوە مەعلوم بووە کە زمانی کوردی و زمانی ئێرانی قەدیم یەکێکە، وە ئەسڵی کوردی ئەچێتەوە سەر کتێبی موقەدەسی ئاڤێستا. نووسیاری ئەم مەقالەیە لە ئەنجامی ورد وردبوونەوە و لێکدانەوەیەکی کەمدا بۆی دەرکەوت کە هەتا کوردیی حازر لە فارسی گەلێ زیاتر ئەسڵیەتی ئاڤێستائی خۆی محافەزە کردوە. بە ڕەغمی تێپەڕبوونی ٣٠ عەسر یا زیاترەوە ئێستایش بەشێکی موناسبی کوردی شکڵی کۆنی خۆی لە فەوتان پاراستووە.

*چوارەم*

ئەم موقایەسە و تەدقیقاتە با بمێنێ بۆ جارێکی تر و ئێستا بێینەوە سەر مەوزوعی ئەدەبیاتی کوردی. نەزەر بەمە ئەوەڵ ئەسەری ئەدەبی کورد لەشکڵی کتێبی دینی و بە زمانی زەندی هاتۆتە دنیا. وێنەی بەرزی ئەم ئەدەبیاتە کتێبی موقەدەسی (ئاڤێستا) و(گاتا) و وتنە کۆکراوەکانی زاراثوشترایە. مع الأسف، لەبەر ئینقلاباتی دینی و شیددەت و تەعەسوب فەوتاندنی دینێکی زۆر کۆن و دامەزراندنی ئاینێکی تازە ئەکسەری کتێبی ئەم دەورە نەمان و تەنیا ئەوانەی قودسیەتێکی سەماوییان تیا بینراوە لە کون و قوژبنی ئاتەشکەدەکاندا شارراونەتەوە دەرباز کراون هەر چەند بەسەبەب (تطورات)ی سێ هەزار ساڵەی زمانی کوردی و وەرگرتنی تیپ و کەلیماتی عەرەبییەوە فەرقێکی زۆر هاتۆتە وجود لە بەینی کوردی ئێستا و ئەو کوردیەی (ئاڤێستا)ی پێ نووسراوە، بەڵام ئەم فەرقە هیچ وەختێ نابێ بەدەلیل کە ئاڤێستا کوردی نییە!. یا ئەسڵی کوردی ناچێتەوە سەر ئەو کتێبە موقەدەسە. چونکە ئەوی کەم و زۆر شارەزای ئەدەبیات و زمانی فەرەنگستان بێ زۆر چاک ئەزانی کە زمان وەکوو سائیری زەواهیری هەستی تابیعی گۆڕان و پێشکەوتنە. بەم سەبەبەوە مەسەلەن لە بەینی ئینگلیزی کۆن و ئینگلیزی ئەمڕۆدا فەرقێکی وا گەورە هەیە کە قوتابیەکی

ئینگلیزی مەکتەبی ئیبتدائی-علی التقریب- لە ئەسەرەکانی شکسپیر هیچی بۆ حاڵی نابێ. کتێبی دینی و غەیرە دینی زەندی بۆ کوردی ئەمڕۆ لە نوقتەی زمان و ئەدەبیاتەوە گەنجێکی زۆر بەهادارە و ئەگەر کورد بیەوێ چاکتر لە بنجی زمانەکەی بگات و باشتر لە ئەدەبیاتی شارەزایی پەیدا بکات، ئەبێ تا دەستی ئەڕوا تەتەبوع و تەدقیقی زەند و ئاڤێستا بکات. لەپاش دەرکەوتنی ئیسلامیەت و ئیستیلای مەداین کوردستان و ئێران هەردوو موەقەتەن نیهایەت بەسەربەخۆیی ئەو وڵاتانە درا. دینەکەیشیان فەوتا و سەقافەتی میللییان کەمەڕبووتی دینەکە بوو هەر هەمان شێوە لەناوچوو. لەم شۆڕش و ئینقلابەدا ئەکسەری کتێبی دینی کورد و ئاڤێستایی سووتێنرا. پیتی کوردەواری گۆڕا و کەلیماتی بێگانە تێکەڵاو بە زمانەکەمان بوو. حەماسەتی ئەم دینە تازەیە تەئریخ و سەقافەتی کوردی نەهێشت. لەو ڕۆژەوە بەشێکی زۆری ئەدیبانی کورد دەستیان کرد بە خزمەتکردنی ئەدەبیات و مەعاریفی ئیسلام. سەرکردە و بەیاخداری ئینتباهی عیلمی و ئەدەبی دەوری عەباسی کوردەکان بوون. هەموو لاپەڕەی تەئریخی ئەو زەمانە شاهیدە کە ئەگەر یارمەتی ئودەبا و عولەمای کورد و ڕۆژئاوای ئێران نەبوایە مەدەنیەتی عەباسی ناونیشانی نەدەبوو!. هەر چەند لەم عەهدەدا گەلێ ئودەبا و عولەمای نامداری کورد هەڵکەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی مەقدەرەتی عیلمی و ئەدەبی خۆیان لە زمانێکی بێگانەدا نیشانداوە ئەم دەورە مومکینە بە دەوری پەستی ئەدەبیاتی کوردی بدرێتە قەڵەم.

### ئەدەبیاتی عەوام و بەیت نووسی

لە پاش ئەوەی گڕ و گەرمی حەماسەت بەسەرچوو وەکرژی ئەعساب خاو بووەوە، لەناو عەوامدا ڕووەو ئەدەبیاتی کورد حەرەکەتێک پەیدا بوو. هیچ شایانی تەعەجوب نییە کە بەر لەهەموو کەسێ پێشەوای ئەم حەرەکەتە تەبەقەی عەوام بوو، چونکە ئەم دەستەیە کەمتر لە ڕابوردووی میللی خۆیان جیا کرابوونەوە و لەسەقافەتی بێگانە دوور مابوونەوە. لەبەر ئەوەی کورد (فیترەتەن) میللەتێکی مەرد و پاڵەوان بوون، ئەم حەرەکەتە ئەوەڵ پێش لە شکڵی بەیت نووسیدا خۆی پیشاندا. بە زمانێکی ڕەوان و ئاهەنگدار گەلێ بەیتی جوان بەسەر قارەمانان و پاڵەوانانا هەڵدرا. هەموو شەڕێکی گەورە، هەموو کردەوەیەکی مەردانە، هەموو



دڵدارییەکی پاک سەرگوزەشت بوو بۆ مەوزوعی بەیتێکی شیرین و دڵنەواز. مع الأسف- کەمتەرخەمی و بێ موبالاتی خوێندەوارانی پێشینان لەم خوسووسەوە زۆر زەرەری دا و لە ئەدەبیاتی کوردی ئاساری ئەم دەورە زۆر کەمی بۆ ئێمە ماوەتەوە. ئەویشی ماوەتەوە لەبەر ئەوەی نەنووسراوەتەوە و تەنیا لەبەرکراوە - بعظاً ناقص-و هەندێکیان دەستی تێبراوە. لە بەیتا ئەوی ئێستا لە بیرم بێت ئەمانەیە (ناسر و ماڵ ماڵ، خەسرەو و خاوەر، برایمی» ئەکسەری ئەمانە حاڵی حازر لە تەرەف لادێی کوردەوە لە سەر ڕێ و شوێنی کۆن بە گۆرانییەوە ئەخوێنرێنەوە. ئەدەبیاتی ئەم تەبەقەیە تەنیا عیبارەت نەبوو لەبەیت نووسی. زۆر غەزەل و مەنزوومەی دڵداری، تەعزیە و (مرثیە)و سائرەیان هەبووە. لەم مەیدانەدا لە سەرەتای عەسری نۆزدەمیندا بەعزێ شاعیری مەوزوون و ڕەوانیان تیا هەڵکەوتوە کە ئەکسەری شیعرەکانیان بەلەبەرکردن بۆ ئێمە ماوەتەوە. ئەحمەد ئاغای دەربەند فەقەرە، وەلی دێوانە، ئەولای حەسەن، لەم ڕێگایەدا زۆر شتی جوانیان بەجێ هێشتووە.

لەبەر ئەوەی ئەم تەبەقەیە لە حسیات و خووی ڕەسەندا پاکترین تەبەقەی کوردن و لەگەڵ بێگانەدا نە لە عادات و نە لە خوێندندا تێکەڵ نەبوون، ئاسار و شیعرەکانیان نموونەیەکی خاوێن و ئەسڵی ئەدەبیاتی کوردییە. زۆر ئارەزووم ئەکرد کە بۆ موفەڕک چەند مەنزوومەیەکی ئەمانە بهێنمەوە، بەڵام مومکین نەبوو. لە ناوەڕاستی عەسری نۆزدەمیندا شاعیرێکی گەورەی کورد مەلا عەبدولڕەحیمی مەولەوی ئەم تەرزی شیعرەی ژیاندەوە بەلەهجەی هەورامی لەم تەرزە گەلێ شیعری جوانی بێ مانەندی نووسی. ئەم شاعیرە کوردە پەتییە حسیات و خەیالاتی ئەوەندە بەرز و وردە، ئینسان بێ ئیختیار ئەڵێ پێش وەختی خۆی کەوتووە و لە موحیتێکدا هەڵکەوتوە کە بە نیسبەت ئەوەوە پەست و تەنگ بووە. ئێستا کە ئەمە ئەنووسم لەلایەن ئاوەڵێکی خۆشەویستەوە (مرثیە)یەکی مەولەویم بۆ هات ئەمە مەتلەعەکەیەتی: -

«ماتەمی و وەهار، بێ شەوقی و نەو گوڵ!
مەلوولی و گوڵزار، بێ زەوقی و بولبوڵ!»

پاش ئەوەی (تعجب واستغراب) لەم شتە فوق الطبیعیە- ئەکات و لەبەهاردا تارمایی پایز ئەبینێ، ئەیەوێ بۆ ئەسباب بگەڕێ و نیهایەت سەبەبیش

ئەدۆزێتەوە:

«مەر گوڵشەنی حوسن شای گوڵ ئەندامان
جە وەیشوومەی مەرگ خەزانش ئامان»

بڕوانە چۆن- تحسر، مدح، تأثر، ڕەقیقی حس و خەیاڵ لەم قطعەیەدا خۆی دەرئەخا:

«لەکۆی نەزاکەت بەناز پەروەردە
لەتافەت جە بەرگ حەریر ڕەم کەردە
نەتۆی چامەی چاک حاڵاتش چوون بۆ
دەک چەرخ بەختت هەر نیلگوون بۆ
باڵی چەم هوردا نێرگس نەی دەمدا
چە خێر بی تۆ چەم نیای وەهەمدا!

مەولەوی و گەلێ لەو شاعیرانەی لەم تەرزە شیعرەیان وتووە لەم بابەتە زۆر شیعری شیرین و (لطیف)یان هەیە. بەڵام، هەروەکو لەپێشەوە وتم، ئەم گەنج و گەوهەرانە لە ڕووی کەمتەرخەمی پێشینانەوە زۆری فەوتاوە. شایانی تأسف و حیرەیە کە ئێمە لەم خسووسەوە بەقەدەر پێشینان لا -أبالین- و هێشتا دیوانی یەکێ لەم شاعیرە کوردە ڕاستەقینانە لە چاپ نەدراوە. کوردی و مەریوانی کە بەڕاستی بۆ لە چاپدانی دیوانی شاعیرە گەورەکان هیممەتیان نواند و ئەینوێنن ئەگەر لە هەلێکدا ڕوویەکی مەرحەمەتیش بکەنە سەر ئەم شاعیرانە و ئەو مەنزوومانەی بۆمان ماوەتەوە لەچاپی بدەن خزمەتێکی زۆر گەورە ئەکەن بۆ ئەدەبیاتی کوردی و گیانی شاعیرەکانیش لە گۆڕدا شاد ئەکەن.

## غەزەل نووسی و ژیانەوەی سەقافەتی کورد و ئێرانی

پاش مودەتێک و دوای ئەوە کە بەشی عەوام و خەڵک بۆ خۆیان ئەدەبیاتێکی نەزمیی «چونکە مع الأسف هەتا عەسری بیستەمین ئەستێرەی نەسرمان کز بوو» ڕێک و ڕەوانی دامەزراند، لەو مەیدانەدا زۆر شاسوار و شاکار هەڵکەوت. بەشی عولەما و مونەوەرانیش ڕوویان کردە لای سەقافەتی کورد و ئێران. ڕابوردووی خۆیان هاتەوە بیر و ئایندەیان خستە بەر چاو. ئەمە لە عەسری



هەژدەهەمین و نۆزدەهەمیندا بوو. ئیدارەی حکوومەتی بابان بۆ ئەم بووژانەوەی سەقافەتی کورد و ئێرانیە تەئسیرێکی موهیمی هەبوو. لەو زەمانەدا زمانی ڕەسمی بوو بە فارسی. دانشمەندان و ئودەباکانمان جگە لە ئەدەبیات و علوومی عەرەبی دەستیان کرد بە تتبعی ئاساری شاعیرەکانی فورس. ئەشعار و دیوانی حافز، کلیم، سەعدی، نیزامی و سائرە دیسان هێنرانەوە مەیدان. مناڵ و گەورە و فەقێ و قوتابی، شاعیر و عالم، بە شەوق و زەوقەوە خۆیان هاویشتەوە باوەشی ئەدەبیاتی کورد و ئێرانی. شیعر وتن باوی سەند و شەڕە موشاعەرە بوو بە مەشغەڵەتی هەموو قوتابیەک. لە چاخانەکان، شاهنامە، زێڕین و قوبا و سائرە بەئاوازێکی خۆشخوان ئەخوێنرایەوە. داستانی پاڵەوانانی قەدیم بە غروور و عەزەمەتەوە ئەگێڕرایەوە و لە نەزەری ئەوان بەیتی جوان و خۆش ئاهەنگ هەڵئەبەسترا. لەم دەورەدا (محیط) تەرزی ئیدارە، سەقافەت و حەیاتی ئیجتماعی زۆر موساعید بوو بۆ پێگەیاندنی ئاساری بەرز و بێ هاوتای ئەدەبی. لە نەزەر حوکمدارەکاندا شاعیرەکان جێگایەکی بڵندیان هەبوو. قسەی خۆش و نوکتەیان ویردی سەر زمانی شا و گەدا بوو. ئەگەر بۆ ئەدەبیاتی کوردی دەور و ئاساری کلاسیک قبووڵ بکرێ بێگومان ئاسار و شیعری ئەم چەرخە ئەدەبیاتی کلاسیکی کورد تەشکیل ئەکات. ئیحتیمال بەنەزەرێکی تر«سەتحی» تەماشای دیوانی ئەشعاری شاعیرانی ئەم دەورە بکرێت بەلاسایی شاعیرە گەورەکانی فورس عەد بکرێت والحال ئەمە لە هەقیقەتەوە دوورە.

بەڵێ وەک لە پێشەوە وتوومانە لەم بووژانەوە و ژیانەوەیەدا ئەدەبیاتی فارسی تەئسیرێکی گەورەی هەبوو. بەڵام ئەم تەئسیرە تەنیا عیبارەت بوو لە گۆڕاندنی وجهەی نەزەر و وەکو بریسکەی ئاگرێ لە شەوێکی تاریکدا ونبوویەک بهێنێتەوە سەر ڕێی ڕستگاری، ئەویش کوردی خستەوە سەر سەقافەت و ئەدەبیاتی کورد و ئێرانی. لە ئەواخری چەرخی (١٨)مین و سەرەتای نۆزدەمیندا، نالی، کوردی، سالم، وەفایی، شێخ ڕەزا، حاجی قادر و سائرە شەهسوارانی شیعری کوردی هاتنە دونیا و هەر یەکە گەنجینەیەکی پڕ لە دوڕ و گەوهەریان لە پاش خۆیانەوە بۆ پاشیان بەجێ هێشت.

نالی، ئەم مەلا خاک و خۆڵییە بەڕاستی لە جوانکاریدا، کار جوان بوو شیعرەکانی سەراپا پڕە لە وردەکاری فکری دەقیق:

دەورانییــە وەک هێڵــەکی سـەودا سـەری گـێژم
بۆیە بەدەقـــیـــقی مـــەســـەلە هەر چی دەبێــژم

بەڕاسـتی ئەکسـەری بێـژینەکـانی بێـژراوە و هەڵبـژێرراوە وەکـو مـودەتێک لەمەوپێش بە مناسەبەتی لە چاپدانی دیوانەکەیەوە وتبووم «ئەو شیعری بۆ شیعر وتوە و لە دنیادا دوو شتی ویستوە، شیعر و ولات، ئەو قەسیدەیەی لە شامەوە بە کوڵی گریان و سۆزی دڵەوە بۆ (سالم)ی ناردووە هەقیقەتەن پارچەیەکی بێ مانەندی ئەدەبی و گەواهێکی گیانداری وڵاتپەرستییە.

عـەشقی وڵاتی ئەوەندە زۆر و ئاگـرین بـوو کـە حـەتتـا شـارەزووری پڕ لە مێشوولە و لەرز و تاش بەلای ئەوەوە بەهەشت بوو، لە بەر چاوی چاوەزار ئەڵێن شاری شارەزوور».

سالم هیچی لە نالی نەگەڕاوەتەوە، ئەگەرچی بەقەدەر ئەو سنعەتی ورد لە شیعرەکانیا نییە و ئەوەندە مائلی جناس، کنایە، و استعارە نەبووە.

بەڵام لە سەلاسەت و ڕەوانیدا لە گەڵێ غەزەلدا سەرووی نالی کەوتووە. ئەو قەسیدەیەی نالی بۆی نارد چەند بەهادار و بڵندە، جوابنامەکەی سالمیش ئەوەندە بەسۆز و تەئسیرە. ئینسان کە ئەم قەسیدە ڕەنگین و خوێنینە ئەخوێنێتەوە بیعەینی ، دڵی بریندار و چاوی فرمێسکاوی سالمی دێتە بەرچاو. لە نوقتەی وڵاتپەرستیەوە جوابنامەکەی سالم شەیداتر و بەهێزترە.

زاتەن ئەم شاعیرە گەورە و قیمەتدارە هەر وەکوو بولبولی خۆشخوانی کوردایەتی بوو، لەو ڕێیەدا جەنگاوەری مەیدانیش بوو. یەکە یەکە تەحلیلی شەخسیەت و بەهای ئەدەبی ئەم شاعیرانە هەقی تەئریخی ئەدەبیاتی کوردییە و لە مەقالەیەکی وا دا قابیلی -ایضاح- و بەیان نییە. لەبەر ئەوە لێرەدا ئەم مەوزوعە ئەبڕمەوە بەڵام ئەوەندە ئەڵێم: ئەم دەورە ڕووناک و پڕشنگدارەش لە هەندێ سەرەوە لە قسوور بەدەر نییە، ئەوەڵەن لە پێویستی خۆیا پتر کەلیماتی عەرەبیان خستۆتە ناو شیعرەکانیانەوە. دووهەم، بەعزێ شاعیری -طفیلی- لەڕووی چاولێکەرییەوە بێ شومار شیعریان هەڵڕشتووە. کە ئەگەر هەمووی نەبێ بەشی زۆری لاسایی ئاساری شاعیرە گەورەکانە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم زەمانە لە نوقتەی ئەدەبیاتەوە عەهدی هەرە دەوڵەمەندی کوردە.





## گەشتێک لە کوردستاندا

سالانی(١٩٣٠-١٩٤١) کراوە بە کوردی

ڕابووردووی کورد لە گەلێ سەرەوە تاریک و نووتەکە، تەئریخی کۆن نا، هینی چەند ساڵ لەمەوبەریش بەتەواوی لێمانەوە دیار نییە. سەرگورشتەی دوانزە سوارەی مەریوان، ئەو قارەمانە ونبوانە، هێشتا بەتەواوی بۆمان ساغ نەبۆتەوە. لەبەر ئەوە ئەم گەشتنامەیە کاربەدەستێکی ئینگلیز (بیللی فریزەر) ناو کە سەد و پێنج ساڵ لەمەوپێش نووسیویەتیەوە، ویستمان بیکەین بە کوردی.

ئەم کابرایە ئیش بەدەستێک بووە لە باڵیۆزخانەی تاران. لە تەورێزەوە بەسەر وڵاتی موکریان و بابانادا گەشتێکی دوور و درێژی کردوە بۆ بەغداد. لەوێوە بەسەر کرماشان و هەمەدانادا گەڕاوەتەوە بۆ تاران. ئەم چەند پەڕەیە ئەگەر ڕووناکییەک بخاتە ناو تەئریخی ڕابووردووی کوردەوە و بە هۆیەوە کەم و زۆر ڕێگایەک بۆ ئایندەی وڵاتەکە دەربخات و یا ڕووناکی بکاتەوە و یان نەختێ جۆش و سرووش بگەیێنێ بە لاوانی وڵات، ئەوا باشە. خۆ ئەگەر ئەمەش نەبێ، پارچەیەک لە تەئریخی نزیکی کوردمان گێڕاوەتە سەر زمانی خۆمان».

### گەشتەکە

سابلاخ ٢٦ی تشرینی یەکەمی ١٨٣٤

لە پاش چاوەڕوانییەکی زۆر دوێنێ (خان) گەیشت. هاتنەکەی هەرچەند وەکوو بەتەما بووم ئەوەندە فەرداری نەبوو، بەڵام دیسان زۆر سەیر بوو. نزیکی هەزار سوارێ لەگەڵ (خان)دا هاتنە ناو شارەوە.

ئەمانە لە چەند فرسەخێکەوە لەگەڵیا هاتبوون. کە مەوکیب نزیک بووەوە سوارەکان دەستیان کرد بە سوارچاکی و هونەر پیشاندان. بەچوار ناڵە لەناو ئەو پەردەی تۆزەوە لە پێش لەشکریان گرتبوو هەروەکو برووسکە دەرئەپەڕین. ڕمیان هەڵئەسووڕاند و بە چست و چالاکیەکی دڵفریبانەوە مەقەستەیان ئەکرد. تەنیا وەختێ کە با لە لاوە ئەهات و تۆزەکەی لائەدا ئەوسا پیاو ئەیتوانی تەماشایەکی ئەو سوارە شۆخ و وڵاخە چاکانە بکات کە ناو جەرگی مەوکیبیان تەشکیل

ئەکرد. خان ئەو خەڵاتەی (میر) پێی بەخشیبوو لە بەری کردبوو. نیشانی حوکمداریی سابڵاخی لە خۆی دابوو. ڕەپ سواری ئەسپێکی تازی بووبوو. خەڵاتەکە پاڵتۆیەکی ئاڵی تورمەی سوورمەدار بوو کە بەقسەی هەندێک بە سێ هەزار و بەقسەی هەندێکی تر بە شەش هەزار تمەن دەستی کەوتوە. مەوکیبەکە تەماشا کردنی ئەهێنا و، بێگومان مەنزەرەی ئەم مەوکیبە لەگەڵێ (مناظر)ی قەسر و کاشانەی وڵاتە بچووکەکان باڵاتر بوو، وە لە مەوکیبی شا خۆی بەدەبدەبەتر بوو. عەبدوڵڵا خان حوکمداری ئێستای سابڵاخ گەورەی عەشیرەتی موکرییە کە یەکێکە لە هەرە بەهێز و هەرە عەشیرەتی کۆنی کورد.

کوڕی (بوداخ)ی ناودارە کە (محەمەد قولی خان)ی ورمێ خائینانە چاوی هەڵکۆڵی. بوداخ خان لەوەختی خۆیدا کە سوار ئەبوو هەزار سواری خشتی زرێ لەبەری لە پشتەوە سوار ئەبوو. بەڵام ئەو ڕۆژانە تێپەڕی و ئەو عەشیرەتە کوردانە کە لە پایتەختەوە نزیکن هەموو یا بە زۆر و یا لە ڕووی خیانەت و یا بەهۆی ناکۆکی ناو خۆیانەوە مل بۆ حکومەت شۆڕ ئەکەن. ئێستا کوردی موکری خەراج و باجی ئەو وڵاتەیان ئەدەن کە باوک و باپیریان بە ئازادی و سەربەستی و بێ ئەوەی گوێ بدەنە شا و شازادە پیادا گەشت و گوزاریان ئەکرد. ئەم گۆڕانە زۆر تەئسیرێکی خراپی کردۆتە سەریان. سکاڵای زۆری ناخۆشی و باج زۆریم لێ ئەبیستن. بەبە خان بەگ بۆی گێڕامەوە لە زەمانی ئاغا (محەمەد خان)دا خەراجی سابڵاغ هەزار تمەن بوو. ئێستا بەناوچەی سەردەشتەوە خەراجەکەی گەیشتۆتە بیست و پێنج هەزار تمەن بۆ شا و دە هەزار تمەن بۆ خۆیان. لەبەر ئەوە جێگای تەعەجوب نییە کەوا میللەتی هەژار و نامەمنوونە. تاعوون نیوەی خەڵکی کوشت، ئەو نیوەی ماوەتەوە ئەبێ بەشی هەموو ئیش بکەن جگە لەوەش لە ڕووی هات و چۆی لەشکرەوە بۆ سەر سلێمانی دە هەزار تمەن پتر ئەدەین بۆ میوانداری. ئیتر چۆن دەرئامەتمان ئەبێ؟! جارێ وا ڕێکەوت باسی عەبام کرد کە لێرە زۆر کەس لە بەری ئەکات، وتم ئەم بەرگە هەم بۆ گەرما و هەم بۆ سەرما بەکەڵک دێت، عەزیز بەگ هەڵیدایە: وەلێ عەبا بەرگێکی ڕێکی ئێمە نییە، تەنیا لەم دەوری دواییەدا دەستمان کرد بە لەبەرکردنی. ئەمە یا لە بەغاوە ئەیهێنین یا لێرە دروستی ئەکەن. ئێمە هەژار و عەبا هەرزانە، جاران کەس نەیئەوێرا بەبێ لەبەرکردنی پاڵتۆیەکی شاڵی بەهادار بچێتە لای پیاوێکی



گەورە، بەڵام ئێستا ئەگەر بۆ دیوەخانی خانیش بچیت تەنیا عەبایەک بەسە. بێگومان زیاتری ئەم داد و فیغانە ئەنجامێکی تەبیعیە بۆ ئەم پیاوانە کە وەختی خۆی نە ئاغایان هەبووە نە زۆردار، ئێستا بەزۆر خراونەتە ژێر باری هەردووکیانەوە. لە ناو میللەتێکدا کەوەکیەتیەکی وەها نزیکی هەیە لەگەڵ خەڵکی (سکوتلاند)دا. بەڕاستی سەیرە کە پیاو تەماشای شێوەی معامەلەیان بکات لەگەڵ خزم و دۆستدا و بەم ڕەنگە تێبگات لە پلەی ئیحترام و تەقدیرێک کە بەرامبەر بەهەر یەک لەم دەستەی خزمانە پێشانی ئەدات. شێوەی قبوڵ کردن و بەخێرهاتنی هەر یەک لەمانە بەتەواوی جیایە، بەڵام هەمووی ناسکانە و میهرەبانانەیە. خاوەن ماڵ جێگای خۆی چۆڵ ئەکات بۆ ئەو میوانانەی لە پلەی خۆیدان و یان لەو باڵاترن بەڵام ئەم هەڵسان و دانیشتنە لە ناو ئەماندا گەلێ جوانتر دامەزراوە. بەئاشکرا دیاربوو کە جێگای لای سەروو تەنیا بە پیاوی دەوڵەمەند نە ئەدرا، چونکە چاوم لێ بوو هەندێ پیاوی جل شڕی بێ دیمەن خرانە لای سەرووی مەجلیسەکەوە. وەختێ خزمێ یا دۆستێ لە لادێوە بێت گەورەی ماڵ هەتا بەردەرگا ئەچێ بەپیریەوە و لەوێ دەست ئەکاتە ملی. کوڕ و برازا لەوەختی دابەزیندا بەپیریەوە ئەچن و یا لە پاشدا بەنۆرە بەخێرهاتنی ئەکەن. شێوەی بەخێرهاتن و بەپیرەوەچوونیان ئەوەندە تەئسیر بەخشە کە بەڕاستی دەوری کۆنی عەشایەری (سکۆتلاند)ی هێنامەوە بیر، هەتا زیاتر لێیان ورد ببمەوە زۆرتر وەکیەتیەکی بەینی ئەم کوردانە و خەڵکی (سکوتلاند)ی کۆنم دێتە پێش چاو. حورمەتی بچووک بەرامبەر بەگەورە بەتایبەتی شایانی دیقەت بوو. بە پێی دەستوور نە کوڕ نە برازا لای باوک و مام دانانیشن ئەگەر دانیشن لە دوورەوە دائەنیشن، لەگەڵ ئەوەشدا گەورە خۆشەویستیەکی تەواوی هەیە بەرامبەر بە بچووک و بچووک بەدڵ ئامادەیە بۆ ئیتاعەتی گەورە.

ڕاستە گەورەکان -یەعنی ڕەئیسە گەورەکان- دەبدەبە و فیزێک ئەنوێنن. خانەکان نۆکەر و نازریان هەیە. هەریەکە پەردەشۆر و پێش خزمەت و فەڕاش باشی خۆی هەیە. وەکو خانە گەورەکانی ئێران، بەڵام من ئێستا باسی ڕەوشت و ڕابواردنی ناوخۆیان ئەکەم، کە نەزاکەتی لێوە دیار بوو. زۆری ئەم کوردانە دڵ کراوەیی و سادەییەکی خۆشیان هەیە کە لە پرسیار و گفتاریاندا دەرئەکەوێت لەم لایەنەوە عەزیز بەگ زۆر دیار بوو، سادەییەکەی وەنەبێ لە بێ هێزییەوە بووبێ

ئەمە هەڵچوونی دڵێکی ساف بوو، نە گومانی ئەوەی هەبوو کە خەڵک هەڵفریوێنێ و یان خۆی ئارەزووی ئەوە بکات کە بیری خۆی بشارێتەوە. زۆر سەری سوڕما کە پێم وت وڵاتی من (١٢٠٠) سەعات پتر دوورە!. لەسەر ئەمە لێی پرسیم کە ئایا قەت ئەتوانم ئەم مەسافە دوور و درێژە ببڕم و بگەڕێمەوە بۆ نیشتمان و ئایا بیری خزم و کەس و کارم ئەکەم یان نەء؟ خەڵکی تر بڕوایان نەئەکرد کە یەکێک ئەم ڕێگا دوورە ببڕێ بەئارەزووی گەشت و جیهان بینینەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە لە بابەت تیجارەت و کاسبیەوە پرسیارێکی زۆرم لێ ئەکردن ئەم گەڕان و گەشتەی منیان ئەدایە پاڵ شتی تر. گفتوگۆمان هەمیشە بە ئەنجام ئەگەیشتە پرسیار کردن لە بابەت ڕەوشت و ڕەفتارمانەوە بەتایبەت لە بابەت ئەو شتانەوە کە زیاتر ئەهمیەتیان پێ ئەدا. بە ستایشەوە ناوی (نظام) و (ظابطە) و ئوسوولی مالیە و قەوانینی ئێمەیان ئەبرد و ئارەزووی ئەوەیان ئەکرد یان ئەوان بێن بۆ لای ئێمە و یان ئێمە بچین بۆ لای ئەوان و وڵاتەکەیان بخەینە ژێر چاودێری خۆمانەوە. هەندێ جار ئەکەوتمە گاڵتە کردن لە گەڵیاندا و پێم ئەوتن کە من خۆم خەڵکی وڵاتێکم لە کوردستان ئەچێ، وڵاتێکی شاخی کە بەسەر عەشائردا دابەش کراوە و ئەم عەشائرانە لە کۆنەوە دوشمنایەتی و ناخۆشیان هەیە لە گەڵ یەکتردا. هەروەکو کوردەکان ئەوانیش خەریکی (چەپاو) تاڵان کردنی وڵاتی پێ دەشتی دراوسێن زۆر بە مەراقەوە ئەم کوردانە گوێیان لەم قسانەم ئەگرت بەتایبەتی ئەو بەرئاوردەی لە بەینی کورد و سکوچە کۆنەکاندا ئەمکرد.

-٢-

لەوەختی مانەوەمدا لە سابڵاخ لە دیواندا چاوم بە خان کەوت. لەم هەنگامە خەریکی بڵاوکردنەوەی - ئەگەر داوەریش نەڵێین- فەرمان و دەستوور بوو. خزم و هۆزی شەدەبەسەر دەوریان گرتبوو ڕەنگ و ڕەوشتێکی شازادانەی دابوو بەخۆی. جگە لە خان سەرم لە مووسا خانی مامیشی داو ئەویش هاتەوە بۆ لام. ئەم مووسا خانە کۆنە حوکمداری سابڵاغە. وادیار بوو ئێستا بڕوای هێناوە کە لە کوردستاندا جوێیەتیەکی زۆر هەیە لە بەینی هات و نەهاتدا. دوو جار لە ماڵە خانەخوێکەمدا کۆمەڵێکی گەورەی عەشایەری گیراو، بەڕاستی زۆر کوشندەبوو



بەلامەوە کە نەم ئەزانی چی ئەڵێن چونکە گفتوگۆکەیان هەمووی بە کوردی بوو. هەندێ جار شتێکم لە مەوزووعەکە هەڵئەکراند چونکە زۆر وشەی فارسی لە کوردیدا هەیە. بەڵام ئەمە لەجیاتی ئەوەی تینوویەتیم بشکێنێ زیاتر مەراقی ئەدامێ. زۆر حەزم ئەکرد وەکوو ئەم وەسفە سەرپۆتیەی پیاوانی سابڵاغم کرد شتێکیشم لە بابەت ئافرەتیانەوە بنووسیایە! بەڵام داخی بەجەرگم ئەمەم لە دەست نایەت. لە شارەکانا ژنانی بەشە ماقوڵانی هەروەکو فارسەکان زۆر کەم خۆیان دەرئەخەن. ناو بەناو چاوم بەڕوویەکی جوان یا دوو چاوی گەش ئەکەوت لە ڕوویەکی بێ پەچەدا، بەڵام ئەگەر بمەوێ تێکڕا بدوێم هەر چەندە کۆمەڵە ژنانی زۆرم دی و بەتایبەتی لە ڕۆژی هاتنەوەی خاندا ژنان سەربانەکانیان داپۆشیبوو، ژنانی ئێرە عیبارەت بوون لە گەلێکی چارۆکە شینی پێچراوە. لەدوا شەوی مانەوەم لە سابڵاخا دوو کوردی خەڵکی سلێمانی کە بەخزمایەتی ئەگەیشتنە موکرییەکان و خزمی خانەخوێکەم بوون بەمیوانی لای عەزیز بەگ دابەزین. ئەمانە لەگەڵ یەکێک لە هۆزی پاشای سلێمانی هاتبوون کە بەئیشێک ئەچوو بۆ تەورێز، لە بابەت وڵاتەکەی خۆیان و میری ڕەواندوزەوە هەندێ پرسیارم لێ کردن. بەڕاستی فەرقی گەورەی بەینی قسەی ئەمان و کوردەکانی (زرزاو) لە شنۆ و کوردی موکری ئێرە زۆر سەیر بوو.

کوردەکانی موکریان و شنۆ بەلایانەوە ناخۆش نەبوو کە یەکێک لە میللەتی خۆیان هێز پەیدا بکات و لە شوێنێکدا بەرز بێتەوە کە بتوانێ ببێ بەپارسەنگ و بەو هۆیەوە لەنگەر بگرێ بەرامبەر بە حکوومەتی (ئازەربایجان)و ئەم حکومەتە ناچار بکات کوردەکان بەچاوێکی باشتر تەماشا بکات، یان ببێ بەپشت و پەنا بۆ کوردەکان کە ئەگەر ویستیان لە تاو زۆر و بێدادی فارسەکان هاوار بەرنە بەری. لەبەر ئەمە لای ئەوان میری ڕەواندوز هەر چەند نەختێ توند و تیژە بەڵام پیاوێکی خانەدان و خوداوەرە و هەر هەلێکی مست بکەوێت بەکاری ئەهێنێت بۆ زیاد کردنی هێزی خۆی و بەختیاری و خۆش ژیانی وڵاتەکەی، بەسایەی پەنجا هەزار سەربازی چاپوک و چالاکەوە.

لەبەر ئەوەی سەردار و ئاغای وڵاتێکی گەورەیە کە هەموو خەڵکەکەی فەرمانبەرین، زۆر بە خێرایی و گورجی لە سەرکەوتنایە. بەڵام لەسەرێکی ترەوە نۆکەرەکانی پاشای سلێمانی میری ڕەواندوز بەکابرایەکی زۆرداری بێ ئامانج

پیشان ئەدەن کە لە لێکدانەوە زیاتر بەهەڵکەوت توانیویەتی خاک و وڵاتی خەڵکی تر کە شۆڕش خاوەنەکانی بە هێز کردوە داگیر بکات و، بەم ڕەنگە وڵاتێکی زۆر بگرێتە ژێر دەست بەبێ ئەوەی بزانێ باش دایبمەزرێنێ. بەقسەی ئەمان میری ڕەواندز لەمەوپێش بەردەستی(رەعیەت)ی پاشای سلێمانی بووە.

وەختێ ناکۆکی ئەکەوێتە بەینی پاشای ئێستای سلێمانی و براکەی ئەویش یاخی ئەبێ و وڵاتی خۆی و چەند ناوچەیەکی تر داگیر ئەکات. هەر چەندە پێ لەوە ئەنێن کە ئامێدی وڵاتێکی دەوڵەمەندە و ئاوایە، بەڵام ئەڵێن خاکێکی لێک پچڕاوە. پاشاکەی کابرایەکی شێتی بێ هێزە و هەر دە دوانزە دێیەکی بە دەست ئاغایەکەوەیە. ئەوانیش لەگەڵ یەکدا نارێکن و ناکۆک. لە بەر ئەوە بوون بەنێچیرێکی ئاسان بەدەست میری ڕەواندوزەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەقسەی ئەم نۆکەرانە وڵاتەکە هێشتا دوورە لەوە کە بەتەواوی سەری بۆ شۆڕ بکات. ئەمان پێ لەو موەفەقیانەی میر نانێن کە لە عیراقدا مستی کەوتوە، وە هەتا دان بەوەشا نانێن چۆتە سەر(سنجار) و، گوایە پەنجا هەزار نا تەنیا دوانزە هەزار سەربازی هەیە. ئەمانەش هەموو ناشی و نا هەموران و بەزۆر لە دێهات کۆکراونەوە. نە مووچەیان ئەدرێتێ نە بەرگ. لەمانە تەنیا هەزار سەربازیان کە میر بەخوڵامی خۆی ناویان ئەبا مووچەیان هەیە. دیسان بەقسەی ئەم نۆکەرانە میر لەجیاتی ئەوەی باجێکی سووک بسێنێ هەرچی بەردەستی بکەوێ ئەیبا. لەمەدا تەماشای گەورە و بچووک ناکا و نایەڵێ جگە لە خۆی کەس شتێکی بێ، لە جیاتی ئەوەی لە ناو خزمەتکارانیا سەر ڕاستی و وەفاداری و لەناو سەربازانیا ئازادی بڵاو بکاتەوە. میری ڕەواندوز بەقسەی ئەم کوردانەی خەڵکی سلێمانی خراپتر شت بۆ شوێنکەوتوەکانی ئەوەیە کە زۆر ئازادی و چالاکی پیشان بدەن، چونکە ئەم جۆرە کەسانە بەحەسەد و ترسەوە تەماشایان ئەکرێت و گەلێ جار لەم ڕووەوە ئەکوژرێن. هەر چەندە پێ لەوە ئەنێن کە لە وڵاتی ئەودا دزی و جەردەیی نییە، بەڵام ئەڵێن ئەمە لە ڕووی ئەو زوڵم و زۆرەوەیە کەوا ئەیکات و بەڕشتنی خوێنی هەزاران ئەم ترسە خراوەتە دڵی خەڵکیەوە، چونکە ئەڵێن میر نەداوەری لایە و نەڕێکوپێکی، بەلای ئەمانەوە ناتوانێ بەربەستی حکومەتی ئازەربایجان بکا ئەگەر بێت و سەربازە ڕێکخراوەکانی بنێرێتە سەر. لە مەدا ئەم کوردانەی سلێمانی بە تەواوی جیا ئەبنەوە لە کوردەکانی شنۆ و



ساباڵاخ، چونکە لای کوردەکانی شنۆ و ساباڵاخ کارەساتێکی هەرە خراپ ئەگەر ببێ ئەوەیە کە ببینن لەشکرێکی بێگانە لە وڵاتەکەیانەوە تێپەڕێت و پەلاماری میر بدا و بێگومان زۆر لایان ناخۆشە کە تەلیسمی وڵاتەکەیان بشکێنرێ ، ئەو وڵاتەی هەتا ئێستا شاخەکانی بوون بە پەرژین بەرامبەر بە هێرشی دەرەوە لە لایەن لەشکرێکەوە کە ڕووەو دراوسێکەیان بڕوا. ئەمانە قەت ئارەزووی ئەوە ناکەن کە بیر لە شتێکی وا بکەنەوە. لەشکرێکی فارسی لەناو جەرگی وڵاتەکەیاندا پەلاماری میر و کوردەکانی بەردەستی بدا. لەبەر ئەوە کوردەکانی سلێمانی چەند میر بەقسە بشکێنن ئەمانە ئەوەندە هەڵیئەکێشن. درۆ و ڕاستی ئەم کارە بەم زوانە تاقی ئەکرێتەوە، چونکە وا دەرئەکەوێت کە هێزێکی فارسی ئێستا خەریکی ئەوەیە بچێ بۆ سلێمانی تاکو لەوێوە بەرامبەر بە ڕەواندوز بکەوێتە ئیشکردن.

-٣-

٢٦ی تشرینی یەکەم

بۆ ماڵئاوایی چاوم بە خان کەوت نزیکی نیوەڕۆش دوعاخوازیم کرد لە خانەخوێ میهرەبانەکانم. بەزمانێکی شیرین و دڵپاکیەکی زۆرەوە باسی خۆشمەندی هاتنەکەمیان کرد و داخی ئەوەیان خوارد کەوا زوو بەجێشم هێشتن. بەشی خۆم قەناعەتی تەواوم هەیە کە ئەم میوان پەروەرییە بەدڵەی ئەوان حسێکی وا خێرخواهانەی لە منا خستۆتەوە کە قەت بەبیرا نایەت ئەم حسە لە هەردوو لاوە نەبێت. بۆ ئەوەی داوەرانە لە خۆم بدوێم، ئەبێ بڵێم کە کردوومە بە خوو هەمیشە دوای خۆم دیارییەکی مناسب بەجێ بهێڵم بەرامبەر بەو مەسرەفە زیادەی خانەخوێ و میواندارەکانم لە ڕووی منەوە تووشی ئەبن. ئەبێ بشڵێم کە بەم جۆرە سەفەرکردن گەلێ بەمەسرەفترە لەوەی کە پیاو لەسەر حیسابی خۆی دابەزێ و هەموو شتێک بە پارە بکڕێ. بەڵام لەو حاڵەدا پیاو ناتوانێ میهرەبانی بە پارە بکڕێ، چونکە وەکوو فرانسزەکان ئەڵێن میهرەبانی نرخی نیە. ئەو کەسەی ڕازی بێ کە بەمەسرەفێکی زیاد گەوهەرێکی وا مستی خۆی بخا ئەبێ لە من گەلێ زیاتر پارەی خۆش بوێ.

قۆناغی یەکەم شەومان لە مزگەوتێکا بوو لە دێیەکی هەژارا کە ناوی (بایرام)

بوو، تەنیا دوانزە میل لە سابڵاخەوە دوور بوو. بۆ گەیشتنە ئەم دێیە وڵاتێکی سەختی شاخاویمان بڕی. شاخەکان فرە بەرز نەبوون، بەڵام سەرەکەیان بە دەوەنی وشک و ڕیزەتاش داپۆشرابوو. دۆڵی تەنگ دابیڕیبوون. شەوی دووەممان لەدێی(نیستان) ڕابوارد. ئەمە دێی فەڕوخ خانی پێش خزمەتی شازادەی پێشووە. لێرەیش لە مزگەوتێکا دابەزین. لەلایەن وەکیلی فەڕوخ خانەوە وەخێرهاتنێکی گەرم کراین و وەختێ دابەزین ئاگرێکی خۆشی گڕدارمان بۆ ئامادە کرابوو، بەدرێژایی هەیوانی مزگەوتەکە پیاوان دوو ڕیز بەرامبەر بەیەک دانیشتبوون و لە بەینیانا ماوەیەکی هەشت پێیی هەبوو، لە پێشا وامزانی نوێژ ئەکەن بەڵام لە پاشا تێگەیشتم خەریکی ئیشی دنیایین. شێویان ئەکرد، پیر و لاو، ڕدێن ڕەش، سوور و ماش و برنج، خەریکی خواردن بوون. ئەمە زۆرتر لە دیوانی سەردارێکی دێرینی ئەکرد. لەلای خوارووی ژوورەکەوە تا لای سەرەوە لە هەمو پایەیەک خەڵکی تیا بوو. چوار پێنج کوردی ڕیش ماش و برنج جێگای شەرەفیان گرتبوو دەست و پەنجە لە تەشپیدا بوو. لام وابوو ئەمە جەژنێکی دێیەکەیە، بەڵام لە پاشان تێگەیشتم کە ئەم کوردانە بەهەموویەتی ئەمە ڕەوشتیانە. پاش ئیشی ڕۆژ پیاوەکانیان لە مزگەوت یان لە جێگایەکی تر کۆ ئەبنەوە. پاش نوێژ کردن هەر یەک شێوی خۆی ئەهێنێ پێکەوە نان ئەخۆن و دوای ئەمە هەریەک ئەگەڕێتەوە ماڵی خۆی. ئەگەر میوانیشیان هەبێ هەر کەس میوانی خۆی لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێ . ئەم ڕەوشتە بێگومان بەڵگەیەکی کۆمەڵایەتیە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتا بەرامبەر بەباری کۆمەڵایەتی ئەوەندە ئارەزوو هەیە کە بەڕاستی دڵم ڕوون بوەوە. ئەگەر ژنانیش بیانتوانیایە لەمەدا بەشدار بن، من، ئەمەم بەنیشانەیەکی پێشکەوتن ئەزانی. ئیتر گەورەی کوردەکان چی ئەڵێت بلێت. بەخۆشیەوە دیم کە خۆراکەکەیان باش بوو. نە لە نانی گەنما کەمی و کورتیان هەبوو نە لە گۆشتا. وەک بیستم پلاوێکی برنجی باشیشیان هەبوو. بۆ سبەینێ کەوتینە ڕێ. لە دوای مەسافەیەک ڕۆیشتن لە نشێوێکی یەک فرسەخی هاتینە خوارەوە لێرەدا ڕێگەی تەنیشت چەمەکە بەچەند لوتکەیەک جیا ئەبوەوە، بەڵام لە دواییدا ئەوێمان بەتەواوی بەجێهێشت و لە پاش بڕینی ملەی شاخێک چووینە ناو دۆڵە چاڵەکەی سەردەشتەوە. نزیک بووینەوە لە ڕووبارێکی گەورە کە لام وایە ناوی(تاق سوو)بوو. ئەم ڕووبارە لە ناوچەی (لاهیجان)ەوە



دێ و وەکوو چەمەکانی تری ئەم ناوە بۆ یەکگرتن لەگەڵ دیجلەدا تیژ تێئەپەڕی. لەبەر دەمانا شاخی بەرزی (هومیل) هەیە کە ئەبێ سبەینێ ڕاز و نیازی لە گەڵا بکەین و، لە داوێنیدا قەڵای سەردەشت هەیە. لە باتی ئەوە لە پردەکەوە بپەڕینەوە، بە چاکترمان زانی کە لە بوارێکی تیژ و خوڕەوە لە ڕووبارەکە بدەین. پاش ئەوە لەدۆڵێکەوە سەرکەوتین، هاتینە ڕوو بەڕووی سەردەشت. (عبدالصمد خان)ی حاکمی ئەم ناوچەیە بە ناسکی قبووڵ و بەخێرهاتنی کردین. ئەو حاکمە پیاوێکی ڕووخۆش و ڕەند، بەڵام نەختێ جاهیل بوو. زۆر پرسیاری سەیری ئەکرد و، ئەو چەند شتە کەمەی هەمبوو بوو بە مایەی سەر سووڕمانی. خۆراکی تەواوی بۆ خۆمان پەیدا کرد، بەڵام سوێندی خوارد کە جۆ مست ناکەوێ بۆ وڵاخەکان. بەڕاستی وڵاتەکە لە تەنگاوێکی زۆرا بوو. یەکێک لە پیاوەکانی خان کە ئێشک ئاغاسی بوو (پەردەدار) پێی وتم کە حکوومەتی ئازەربایجان ئەگەر هەروەکو هەتا ئێستا کردوویانە، بەو ڕەنگە شت لە خەڵک بسێنن، لە ئەنجامدا ئەبن بەسەبەبی چۆڵ کردنی وڵاتەکە. چوزانێ؟ ئێشک ئاغاسی وتی: لەم شارە وێرانەی لەبەر چاوتە ساڵی پێنج شەش هەزار تمەن پارە ئەسێنن. جگە لەوەش ساڵی ئەوەندەی تر ئەدەین بە سەردەشت. دزی و تاڵانی سەربازانیش لەولاوە بوەستێ.

**٢٩ی تشرینی یەکەم**

بەیانیەکی شیرین وەختێ پرشنگی ڕۆژ کەوتە سەر شاخەکان ڕۆژهەڵات لەدەرگای شاری سەردەشت چووینە دەرەوە و ڕوومان کردە دەربەندی (هومیل). بە دڵ ئارەزووم ئەکرد نەختێ لەو چەشم ئەندازە زیندووە گیاندارەی ئەمڕۆ پیا ئەڕۆین بەتۆی بگەیەنم، چونکە ئەوەندە بەرز و مەزن، ئەمەندە لەدڵا جێگرە. بەڵام لەم جۆرە شتانەدا وەسف کردن زۆر دوورە لەوەی بیرێکی ڕاست ببەخشی. وێنەیەکت پیشان بدەم لەمە، بزانم تۆچی تێئەگەیت؟ بەرە بەرە بەناو شاخ و گردا سەرکەوتین. ئەمانە هەموویان بەدار بەڕوو داپۆشرابوون لە چەپ و ڕاستەوە دۆڵی قووڵی دڵفڕیب هەبوو. وەختێ تووشی ئەم چەشم ئەندازانە ئەبووم بەدڵ ئەمویست نەختێکم لە هێزی خامەی (بایرۆن) ببوایە. ئەم چەشم ئەندازانە زۆر چاک یەک ئەگرن لەگەڵ ئەحواڵی ئاوارەی ئەو داو لام وایە کە ئەو (بایرۆن)ە ئەم چەشم ئەندازانەی بەبیرێکی گیاندار و بەجۆش و گفتارێکی گڕدار تەسویر ئەکرد. بەڵام

من تەنیا ئەتوانم بەنەسرێکی سادە وەسفیان بکەم.

لەڕێگە تووشی کاروانێکی پەنجا کەسی بووین کە لە سلێمانییەوە مازوو و ڕۆن و هەرزنیان ئەبرد بۆ سابڵاخ. ئەمانە زۆر ڕەوێڵ چارە بوون. لەپاسەوانی کاروان زیاتر لە شەڕکەر ئەچوون لام وایە ئەگەر ڕەهبەرەکەمان کورد نەبوایە تووشی هەرایەک ئەبووین.

لە پاش پەڕینەوە لە ئاق سوو (تەیەت)و سەرکەوتنێکی یەک میلی گەیشتینە نزیک دێی (ئاوەکورتێ)وە. ئەمڕۆ بە درێژایی ڕۆژ دێیەکی ئاوامان نەدی، بەڵام بەلای زۆر دێهاتی وێران و چۆڵکراوا ڕۆیشتین. تەنها دێیەکی ئاوا هەبوو کە ئەویش دوور لەڕێ بوو، وە دە دوانزە کەسێکی تیا بوو لە ڕێگایەکی سەخت و ناخۆشەوە پیاو ئەیگەیشتێ. ئۆمێدمان وابوو کە لە (ئاوە کورتێ) هەم نان هەم ئاڵفمان دەست بکەوێ، چونکە نیازی مانەوەمان نەبوو لەوێ. تەنیا خزمەتکارێکم نارد کە ئەوەی پێویستە بۆمان بێنێ. بەڵام بە نائومێدییەکی زۆرەوە پاش سێ سەعات پیاوەکەم گەڕایەوە وتی دێکە تەنیا سێ ماڵە، ئەوانیش لە ڕەواندوزەوە ڕایانکردوە و لە نەختێ هەرزن و جۆ بەولاوە هەتا بۆ خۆشیان هیچیان نییە!. لەمە، بۆ خزمەتکارەکان هەندێ خەپڵەیان دروست کردبوو. لەسەر ئەمە قەرارم دا کە هەتا ڕۆژئاوا ئەبێ هەر بڕۆین و ئەوسا لە پاوانێکی باشا لابدەین. بەم جۆرە نزیکی چوار میلێک ڕۆیشتین و لەوێ لەوێرانە دێیەکدا بارمان خست. هەوارمان ئەوەندە خۆش نەبوو کە زۆر بمێنینەوە. لەبەر ئەوە لە بەرەبەیاندا هەڵساین و کەوتینە ڕێ لە پاش نەختێ کەوتینە دەشتێکی پانی خۆش لەوەڕەوە کە بە دار و درەخت داپۆشرابوو. ئەمە کەوتبوە بەینی دوو شاخی گەورەوە کە لەیەک نەئەچوون لە دەستە چەپەوە شاخێکی قوت و لە دەستە ڕاستەوە شاخێکی بەرز بەڵام بەپلەکوڕ. لە جوانی و گۆڕانی دیمەندا لە جیهاندا هیچ شتێک بەم دەشتە نەئەگەیشت. گیا ڕەنگ زەردە و دەردەدارەکانی نەبوایە مەنزەرەیەکی ئەفسوونکاری ئەبوو، مەنزەرەی درەخشانی پایز. بەڵام داخی بەجەرگم بۆ ئەو ڕەنگە جوان و کەم عومرانە، بۆ ئەم ڕەنگە پەمەییە دڵدارانە کە وەکوو سوورایی زەردباوی دەردەدارانەی سوور کوڵمی سیلدارێ، تەنیا نیشانەی مردن و ڕزینە. قەت ناتوانم ئەم فەسڵەم خۆش بوێ. پایز هیچ نەبێ هەتا جۆش و خرۆشی بەهاری عومر تێنەپەڕێ، وەکو شاعیر



(مۆر) ئەڵێ:

«هەرگیز نامەوێ باسی ئەو جوانیە خامۆشەم بۆ بکەن کە دواڕۆژی ژیانم بڕازێنێتەوە، یا باسی ئاسایشی شەوگارم بۆ بێننەوە، تازەیەتی ڕەوێڵانەی بەیان. بمدەنەوە ئەو فرمێسک و خەندەیە کە زۆر بە بەهاترن لە ڕووناکی ئێواران». بەڵام نەء، من ڕەنگ و ڕووی توند و تاڵی زستانم گەلێ لە لا خۆشترە، چونکە ئەم بێ ڕواڵەت و بەڕاستی باسی ئەو شتانەی لە کیسمان چووە هەموویمان بۆ ئەگێڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە دڵنیاییەوە بەڵێنی ئەوەمان ئەداتێ کە ڕۆژانی خۆشتر و ڕووناکترمان لە پێشەوەیە. دۆینێ و ئەمڕۆ ئەوی بەتایبەتی لەم ناوچەیەدا خۆی بەرچاو ئەخست ئەو گۆڕستانە کۆنە زۆرانە بوو کە ئێستە هیچ ئاواییەکیان لە دەور نییە و بێگومان وەختی خۆی شوێنی دێهاتێ بوون کە ئێستا نەماون. ئەگەر ڕاستت ئەوێ لەو ساوە لە ورمێ دەرچووین تووشی زۆر گۆڕستانی وا بووین، بەڵام لێرەدا ئەم یادگار و نمایندەی پێشینانە بەهۆی نزاری بەڕووەوە زیاتر خۆیان پیشان ئەدەن. کوردەکان لەگەڵ ئەو درشتیەدا کە لێیان دەرئەکەوێ وادیارە کە ئەهمیەتێکی تایبەتی ئەدەن بەم گۆڕانە کە تۆزی هاوخوێنەکانیانی تیایە. وا دەرئەکەوێ کە هەتا هەڵبژاردنی شوێنی گۆڕستانەکان بە چاوێکی تایبەتی تەماشا کراوە چونکە بەگشتی بۆ ئەمانە جێگەی بەرز و بڵند و خۆشی وا هەڵبژێرراوە کە ئەڕوانێ بەسەر پێدەشتی وا دا کە دڵی مردوەکان خۆش بکا، هەر وەک گیانی مردوەکان بگەشێتەوە بە بینینی ئەو شتانەی کەوا لە ژیانیاندا لایان خۆش بووە. ئەم نزارانە ئێستاش ئەگەر جێگای تەقدیس نەبێ جێگای چاودێرییەکی بەدڵە، چونکە نابینی یەکێک دەست درێژییان بۆ بکات. خۆم چاوم کەوت بەدەستەیەک کورد کە لە یەکێک لەم گۆڕستانانەدا خەریکی هەڵکەندنی گۆڕێک بوون. ئەمە گۆڕی منالێک بوو کە لە یەکێک لەدێ دراوسێکاندا مردبوو. کوردەکان پێیان وتم کە هەر لەم شوێنەدا باو و باپیری ئەم منالە خراونە ژێر خاکەوە جگە لەم گۆڕستانە، شتێکی ترم هاتە بەر چاو. لە لایەکی ڕێگاکەوە لە هەندێ جێگادا کۆمەڵە بەرد کۆ کرابوەوە. ئەمانە لەگەڵ کۆمەڵە چەو و تەلە بەردا تێکەڵ بووبوون و بەردێکی بچووک لە تەوقە سەریان دانرابوو. ئێرانیەکان بەمانە ئەڵێن (نەزەر کردە). نزرگە یەعنی شوێنێک بە هۆی پیرێک -قدیسێک-و یا نان خواردنی لەوێدا کراوە بە جێگایەکی

موبارەک. بەڵام من گومانم وایە کە قەومانی شتێک و یا کوشتنی یەکێک بووە بەهۆی دانانی ئەم کۆمەڵە بەردانە. جێگای مەراق ئەوە بوو کە هەر چەندم کرد نەمتوانی شتێک لە بابەت تەئریخی ئەمانەوە تێبگەم و ڕەهبەرەکانمان تەنیا ئەیانوت ئەم شوێنانە موقەددەسن و زۆر کۆنن و ئێستاش خەڵک کە بەلایانا ئەڕۆن بەردێک ئەهاوێژنە سەر ئەم جێ نزرگانە و یا پارچە پەڕۆیەک ئەبەستن بەو دەوەنانەوە کە لەوێدان. بەڵام لە بابەت خرافات چیرۆکی پەری و جادووگەری و ئەفسانە ئەوە لەم کوردانە نائومێد بووم. لەگەڵ ئەو هەموو شتانەدا کە دکتور(ڕوس) باسیان ئەکا من لەم بابەتەوە شتێکی ئەوتۆم نەدی.

ئیمرۆ گەیشتینە پردێک. وا دیارە ئەمە لە شوێنی پردێکی کۆنتر دروست کراوە. بە چەند پایەیەک ئەم بەر و ئەوبەری ڕووبارەکە لێک ئەدا. بەقسەی ڕەهبەرەکەمان، قادر ئاغا ناوی قەشانی، ئەم پردەی دووبارە دروست کردۆتەوە. دوای ئەمە سەر بەرەوخوار بووینەوە بۆ دۆڵێکی تر کە هەندێ دێ و ڕەزی وێرانی تیا بوو. بەڕاستی ئێرە جێگایەکی جوان بوو، پاش ئەوەی لێرەوە تێپەڕین، دیسانەوە چووینەوە خوارەوە ناو چەمێک کە ئاوەکەی وەکوو بلوور ڕوون بوو، وە پڕ بوو لە ماسی. تەنکاوەکەی پڕ بوو لە حەیواناتی غەریب. ئەمانە خۆیان هەڵخستبوو، درێژایی هەندێکیان لە ٣٠ هەتا ٣٦ ئینج بوو. ئێستا گەیشتینە شوێنێک کە لەلای ڕاستماندا ڕێزە شاخێکی سەرکەش هەبوو کە لە وڵاتی پاشای ڕەواندوزدا بوو. لە بەردەمماندا ملەیەک هەبوو کە هەولێر و کەرکووک ئەودیوی کەوتبوون و دوور بەلای چەپا ڕێگای بەغدامان لە پێشەوە بوو، نشێوییەکەمان بەپلە بوو. بەگردێکی ڕووتەندا هاتینە خوارەوە نیو سەعات پێش ڕۆژئاوا گەیشتینە قۆناغ. بێ ئەوەی لەو ساوە لە سەردەشت دەرچووین تووشی ئاواییەک ببین. هەر چەندە چۆڵی ڕێ و بان دڵی پیاوی تەنگ ئەکرد، بەڵام نزیک بوونەوەمان لە شاریش وەنەبێ دڵمانی ڕوون کردبێتەوە. قەت کۆمەڵە قوختە وێرانەیەکی لەمە هەژارانەترم بە بیرا نایەت. بەرەو کاشانەی پاشا بەناو سەرەنوێلکدا تێپەڕین. جگە قوژبنێ کە حەرەمی پاشای تیا بوو ئیتر هەمووی وێران و چۆڵ بوو. پاشا خۆی لە خێوەتێکدا بوو لە دەری شار. من لە پێشەوە پیاوێکم ناردبوو کە جێگایەکمان بۆ پەیدا بکات. لە پاش قەدەرێک، لە وەختێکدا ئەم کابرایەمان تووش بوو کە ئێمە بەناو سەرەنوێلکدا تێپەڕین بۆ



دۆزینەوەی شوێنێک کە زەلامێکی تیا بێ. لە پاش نەختێ بەناو کەلاوەیەکدا بردینی بۆ ئەو جێگایەی بۆمان دانراوە.

جێگاکەمان خانووی پیاوێکی گەورە بوو، خزمێکی پاشا، بەڵام ئێستا خاوەنەکەی لە تەورێزە. ئەمە یەک چاوگە خانووی قوڕینە بوو، دەستەیەک مەیدانی سەر بەرەڵڵای تیا بوو کە وەختی خۆی هۆدە بوون. لە ناوەڕاستا شتێکی چوار گۆشەی تیا بوو کە لای خۆی حەوز و فوارە بوو. من یەکێک لە ژوورەکانی دەرەوەم داگیر کرد. لە هەموو لایەکەوە با ئەیگرتەوە، پاشا بە پەیام بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین. لەمۆبەقی خۆیەوە شیوێکی باشی بۆ ناردین. بەم ڕەنگە یەکەم شەومان لە سلێمانی تێپەڕاند. بەڕاستی سەفەری ئەم دوو ڕۆژەمان تەئسیرێکی خۆش نەبوو لەلام. لام وایە لە جیهاندا وڵاتێکی قەت لەمە جوانتر، بەم ڕەنگە بە دەست پیاو خراپانەوە وا تێک نەچووە و وێران نەبووە. گەواهی خۆشی و بەختیاری ڕۆژانی پێشووی دانیشتوانی ئەم وڵاتە ئەدەن. ئەو دێهاتە وێرانە زۆرانە کە لە وەختی خۆیاندا لە سێبەری دارگوێز و توودا حەساونەتەوە و هاژە و خوڕەی دڵنەوازی چەم و جۆگا لایەلایەی بۆ کردوون و ڕەزی زۆر دەوری داون. بەڕاستی کشی و چۆڵی ئێستای ئازاری ئەگەیاند بەدڵ. لەبەر ئەوەی ئەم داڕزان و فەوتانە لەڕووی شتێکی سروشتی نەبوو، ئەم ئازارە گەلێ زیاتر کاری ئەکرد لە دڵ. ئەمە زیاتر لە تەماشا کردنی ڕووی مردوویەک ئەچوو کە بە هۆی ژان و نەخۆشییەوە لەناو چووبێ. ئەو خامۆشی و خەیاڵ بەخشیەی کە لە ڕووی نەمانێکی ئاسوودەییدا نمایانە، لەمەدا نەبوو. (پێش ئەوەی ڕزین کاری خۆی بنوێنێ دەست و پەنجە ئەو شوێنانەی تێکدابوو کە جوانی لێوە نمایان بوو».

بەرامبەر بەو هەموو پرسیارانە لە بابەت ئەم چۆڵی و وێرانییەوە ئەمکرد، یەک وەرامم وەرگرت: سێ ساڵ لەمەوبەر تاعوون وڵاتەکەی پاک کردەوە. پاش ئەمە لەشکری ئێران هات و ئەوی لە تاعون مابووەوە ئەم نەیهێشت. چی هاتە سەر ڕێی، فەوتانی. جارێ خوات لەگەڵ. ئەوەی لەبابەت سلێمانییەوە مابێ جارێکی تر بۆت ئەنووسم.

سلێمانی یەکی تشرینی دووەم ١٨٣٤

دوو ڕۆژ لەمەوبەر کاغەزێکم بۆ نووسیت و داشم خست، بەڵام ئەبێ لەتەک

خۆما بیبەم بۆ بەغدا چونکە لێرەوە تەتەر نییە بۆ لەندەن. دوێنێ پاش بەرقلیان هەندێ لە زابتە ئێرانیەکانی سەربازی (ئازەربایجان) کە لێرەن، هاتن بۆ چاوپێکەوتنم. باسی کەساسی و هەژاری ئەم ناوەیان ئەگێڕایەوە. لە پاشا چووم بۆ چاوپێکەوتنی (پاشا) کە لەناو خێوەتەکەیدا دانیشتبوو. دەوری بەکوردی قۆز و جوان گیرابوو، بەڵام دەبدەبەیەکی ئەوتۆی نەبوو. بێ چارە؟! توانای دەبدەبە پیشاندانی نییە! ئەم حکومەتە بچووکەی سلێمانی کە قەت نە زۆر دەوڵەمەند و نە زۆر هێزدار بوە، لەم دوارۆژەدا بوە بەنێچیری زۆر قۆرت و بەدبەختی وەها کە بەتەواوی کزی کردوە. یەکەم ناکۆکی ناو هۆزی(بەبە) شەڕی خۆ بەخۆ و هەرا و تەقەلای دوو برایە بۆ بەرزێتی و گەورەیێتی. بەهۆی ئەمەوە پەنجەی بێگانە تێکەڵاو بەئیش و کاری ئەم حکومەتە بوو. هەر چەند جاران سەر بە حکوومەتی بەغدا بوو، ئێستا کەوتۆتە ژێر دەستی (میر محەمەد علی میرزای ئێرانی) لە کرماشان. هەرا و ناکۆکی خۆیان بەچەشنێ ئەمانەی بێ دەست کرد، پاش ئەوەی (محەمەد عەلی میرزا) مرد میری ڕەواندوزی دراوسێیان چاوی بڕیە موڵکەکەیان. بەشێکی باشی بۆ خۆی داگیر کرد. لە ڕووی ئەمەوە حکوومەتی ئازربایجان کەوتە شەڕەوە لەگەڵ میری ڕەواندوزدا و هەر لەم ڕوەشەوە سلێمانی بێ چارە تووشی هەڵگرتنی باری لەشکری فارسی بوو. دوای ئەمە تاعوون هات و نیوەی خەڵکی وڵاتەکەی کوشت و بەشێکی زۆری ئەو نیوەیەی مابوون لەبەر بێ دەرامەتی کۆچیان کرد بۆ ڕەواندوز، کەرکووک، هەولێر و شارانی تری وڵاتی دەشتەکی. بەم چەشنە دەوڵەتی فارسی بێ لێکدانەوە دوژمنەکانی بەهێز و خۆی بێ هێز ئەکات. بەڵام پاشای بەسەزمان لە هەموو کەس کەمتر ڕێی دەربازبوونی هەیە لەم دژە. وا لێرە لەناو خەرابەزاری مەزنی ڕابووردوودا دانیشتووە. سەری سووڕماوە چۆن ئەم هەموو ویستەمەنیە بەجێبهێنێ، ئەو ویستەمەنیانەی ناتوانێ بەرامبەرییان بکاو یا سەرپێچیان لێ بکا. لەبەر ئەمە ئەگەر بڵێم لە دەوری پاشا ئالایش و دەبدەبەیەکم نەدی، نابێ سەرت سووڕ بمێنێ. پاشا خۆی پیاوێکی سوحبەت خۆش و مەعلوماتدار بوو. لە دیمەندا لە کوردێک زیاتر لە (عوسمانلی) ئەچوو. پرسیارێکی زۆری لێ کردم لە بابەت وەزعی ئەورووپا و موناسەبەتی حکومەتەکانیەوە لەگەڵ یەکدا. بەتایبەتی لە بابەت -باب العالی- حکوومەتی عوسمانی و ڕووسیە و محەمەد عەلی پاشا وە زۆری ئەپرسی.



شارەزاییەکی مناسبیشی هەبوو لە کاروباری ئەمریکادا، وەهەندێ غەڵەتی ئیرانیەکانی ڕاست ئەکردەوە کە حازری مەجلیسەکە بوون. وەزعیەتی هندستان باسکرا و ئیختیراعاتی تازە دوور و درێژ قسەی لێ کرا (داهێنان). مەیدانی دا بەقسەکردن لە بابەت گەلێ چەشنی ئاگر پەیدا کردنەوە و خۆپاراستنی لەمە. ئەم باسە شتێکی هێنامەوە بیر کە زۆر جار بیستبووم. وەکوو ئەزانی سەیدەکان نەوەی پێغەمبەرن، بەڵام ئەمانە کراون بە چەند تیرەیەکەوە. هەندێک لەمانە زۆر محترەمن و گوایە کەرامەتدارن. ئەم کەراماتانە یەکێکیان ئەوەیە کە ئاگر کاریان لێ ناکا. وەختێ لە سابڵاخ بووم بیستم یەکێک لەمانە لەدێیەکی نزیک دانیشتووە. وەکوو ئەڵێن ئەم پیاوە کەرامەتدارانە ئەچنە ناو تەنوورێکی داخراوەوە، لەوێدا ئاگر ئەکەن بەسەر خۆیاندا و لەگەڵ ئەوەشدا هاوار ئەکەن: سەرمامانە!!. خۆ دیار بوو ئەگەر بەم ئەفسانەیە پێبکەنیمایە هەم بێ سوود بوو هەم ئەوانم دڵگیر ئەکرد، چونکە ئەم چەشنە چیرۆکانە بنجیان هەرچییە بێ ببێ بەباوەڕێکی کۆنی ساڵەها، وا جێگیربووە کە لابردنی گرانە. ڕووم کردە پاشا و وتم (ئایا جەنابتان دەستوورم پێ ئەبەخشن کە بپرسم لێتان ئێوە بە چاوی خۆتان ئەم کەرامەتانەتان دیوە لەم سەیدانە؟!» لەوەرامدا وتی: نەء. ئنجا ڕووم کردە کابرایەکی پیر کە زۆر بەجۆشەوە باسی ئەم شتانەی ئەکرد و عەینی شتم لەویش پرسی ئەویش وتی: «هەر چەند شتی وای نەدیوە، بەڵام چاوی لێ بووە کابرایەک ئاگری خواردووە. ڕۆژی دووەم نەختێ بەناو شارا گەڕام کە زیاتر شارەزای وڵاتەکە ببم. بەڕاستی ئەو تەئسیرەی چاو پیاخشانی یەکەمجار پێی بەخشیبووم، بەم گەڕانە کەم بوەوە. لە هەموو لایەکەوە هەژاری، کەساسی، پیسی خۆی نیشان ئەدا. وادیار بوو کە خەڵکەکە دڵ و هەناوی ئەوەیان نەمابوو کە خانوە وێرانەکانیان چاک بکەنەوە. گڵی سلێمانیش ڕەنگە چاک نەبێ. هەر کە چاودێری نەکرێ لە خۆیەوە ئەڕووخێ.

بازاڕەکەی لە هیوا بەدەر چاک بوو. هەر چەند دووکاندارەکان وردە فرۆش بوون، بەڵام قەڵەباڵغییێکی باشی تیا بوو. لەمەیدانەکاندا- محصولات -ی وڵاتەکە ئەفرۆشرا. وەکوو بیستم نزیکەی هەزار، هەزار و پێنج سەد ماڵێک لە سلێمانیدا هەیە. بەڵام بەبینینی خۆم هەر هەزار ماڵێک ئەبێ کە ئەوەش ئەگاتە پێنج هەزار کەس. شارەکە خۆی لە چاڵاییدایە و لە جێگایەکی بەرزەوە نەبێ

دەرناکەوێ. مەنزەرەی ئێرە چاکتر لەو دوو گردە دەرئەکەوێ کە کراون بە گۆڕستان، ڕاستت ئەوێ ئەم گۆڕستانانە لە شارەکە باشتر ڕێکخراون. چوومە سەر یەکێک لەمانە. لەوێ دەنگی لاوانەوەی ژنێکم هاتە گوێ. کە ڕوانیم ژنێکم دی بەلای گۆڕێکی تازە هەڵکەندراوەوە خەریکی گۆڕەکە بوو بە دانانی وردە بەردی سپی لە شکڵێکی سەیردا. ئەمڕۆ دوعا خوازیم کرد لە گەڵ پاشادا چونکە هیچ ئیشێکی وام نەبوو کە بۆی بمێنمەوە لە پایتەختەکەیدا. ئەویش بەسەزمانە دەردی ئەوەندە زۆر بوو کە نەی ئەپەرژایە سەر میوان. لای خزمەتچیەکەم دەریبڕیبوو کە ئەگەر بمەوێ ئەتوانم دەمانچە و یا تفەنگ بگۆڕمەوە لە گەڵیا بە ئەسپ، منیش لە خوام ئەویست ئەسپێکی کوردی ڕەسەنم مست بکەوێ، وە دەمانچەیەکی دوو لوولە و تفەنگێکم نارد بۆ جەنابی پاشا. بەڵام وادیارە ئەمانە بەر دڵی نەکەوتبوون و ناردنیەوە بۆم.

ئەمڕۆ تووشی نەختێ نائومێدی بووم. لە نزیک سلێمانیەوە دەشتێکی گەورەی بیست و پێنج میلیی هەیە کە ئەڵێن شتی کۆنی تەئریخی تیایە. ئەمانە گوایە هەتا ئێستا هیچ ئەوروپاییەک چاوی پێیان نەکەوتوە. یەکێک لەو شتە کۆنە تەئریخیانە ئەوەیە کە لەم دەشتەدا جێگای کۆنە شارێک هەیە کە پێشینان (سیا زۆرس)یان پێ وتووە. وێرانەی ئەم شارە لەلایەن خەڵکی وڵاتەکەوە ئێستا پێی ئەڵێن (شارەزوور). ناوەکە خۆت ئەزانی کە چەند مەیدان ئەکاتەوە بۆ لێدوانی لەلایەن بنج زانی زمانەوە. ئەگەر (ماکنایل)ی ئاوەڵم بە ئیش نەچوایە بۆ ئینگلتەرە، لەگەڵ خۆمدا ئەمهێنا بۆ شارەزوور بۆ لێکۆڵینەوەی ئەمانە. بەڵام من خۆم هەر نیازم بوو بچم و کە گەیشتمە سلێمانی ناردم کە ئیزنم بۆ بخوازن لە پاشا بۆ چوونە ئەوێ. بەڵام پاشا ناڕەزایی پێشان دا. لە میانەی گفتوگۆدا تێگەیشتم کە شارەزوور دەشتێکی گەورەیە، لای ڕۆژهەڵات و خوارووی بەشاخی بەرز تەنراوە. شوێنی چەند شارێکی کۆنی تیایە وەکوو، قەڵا، یاسین تەپە، گوڵ ئەمبەر، عەربەت، خەرابە و چەند شوێنێکی تر. بیستم کە لەم وێرانانەدا بەردی گەورەی نووسراوی تیا ئەدۆزرێتەوە ئەمانە بە(ڕۆمی) نووسراون. ئەگێڕنەوە جارێک باڵوێزێک لە تەورێزەوە بەسەر ئەوێدا چووە بۆ بەغدا و لەعەربەت یەکێک لەم بەردانەی دۆزیوەتەوە. گوایە لە (بەردەکەر)یش بەردێکی وا دۆزراوەتەوە. شێخێک بۆی گێڕامەوە کە هەر لەو ناوچەیەدا بتخانەیەک



دۆزراوەتەوە و بەردی نووسراوی تیا بینراوە، بەڵام هیچ کەس نازانێ بە چ چەشنە تیپێ نووسراوە. لەمانەوە دەرئەکەوێ کە ئەم وڵاتە کانگای شتی دێرین و تەئریخی بێت.

ئەمڕۆ چاوم بە(محەمەد خان)ی سەرتیپی لەشکری ئێرانی کەوت. ئەم لەشکرە چوار سەد کەسێک ئەبێ. هەشتا تۆپەوان و پێنج تۆپیان لەگەڵ بوو. ئەمە هێزێکی بچووکە، بەڵام بەشی ئەوە ئەکا کە وڵاتەکە بخۆن و ڕووتی بکەنەوە. محەمەد خان، ئەگەر بەقسەی خۆی بێ، قارەمانێکی وایە کە فەرمانی میری خۆی بەرامبەر بەهەموو جیهان ئەباتە سەر. هەر مەیدانی بدرێ میری ڕەواندوز ئەفەوتێنێ. پاشای بەغدا ئەخزێنێتە سنووری عێراقەوە. بەقسەی خۆی تەنیا بە (٣٠٠) سەرباز و نیوەی ئەو سوارەوە هەموو وڵاتی گەرمیانی پاک کردۆتەوە. لەموسڵەوە تا خانەقین، لە کرماشانەوە تا دەروازەی بەغدا.

ئەگەر ڕاستت ئەوێ سەرتیپ خان یەکێکە لەو تیرە زۆرە خۆهەڵکێشانەی ئێران کە(موریێر) زۆر وەسفی کردوون. ئەمانە هەر وەکوو خۆ هەڵکێشەکانی جێگاکانی تر هیچ بێ ورە نین. ئەمانە زۆر لائەدەن. ئەگەر پیاو پشووی بێ لەگەڵیانا، ئەتوانێ پاش کەف و کوڵ لادان خۆی بگەیەنێتە ئاوە ڕوونەکەیان.

ژاڵە- یەکی تشرینی دووەم ١٨٣٤

– ژاڵە- دێیەکی هەژارانەی کوردە، هەشت نۆ ماڵی تیایە لەم کولاتەوە ئەم نامەیەت بۆ ئەنووسم چونکە ساتێ فەرامۆشیم هەیە. دوێنێ سات (١١) لە شاری سلێمانی دەرچووم. لە سات حەوتەوە بەکۆچ و بارەوە چاوەڕوانی ئەو ڕەهبەرە بووین کە پاشا دوێنێ بەڵێنی پێ دابووین. پیاوی گەورە زوو شتیان بیر ئەچێ. ئەنوون و کەس ناوێرێ هەڵیان سێنێ. بەڵام ئەم بێ چارەیە قسەی لەسەر نەبوو، چونکە لە ئیش و کاری خۆیدا لەتەنگانەدا بوو. لەپاشا بیستم کە هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئاغاواتدا لە گفتوگۆی پەیداکردنی پارە و ویستەمەنی تردا بوون بۆ ئێرانیەکان. ڕەنگە ئەو نەختە ساردییەی پاشا بەرامبەرم پیشانی دا هەر لەم ڕووەوە بووبێ. ڕەهبەرەکە ئاخری پەیدا بوو. پیاوێکی قۆز بوو، بۆ ئیسراحەت و سەلامەتی من ئامۆژگارییەکانی زۆر ڕاست و جێگر بوو. هەتا کفری لە گەڵمان ئەبێ و لەسەر دەستووری ڕۆژهەڵاتیەکان بۆ سەلامەتیی من ئەگەر پێویست بێ

ئەبێ سەری خۆی دانێ.

٣ی تشرینی دووەم

بە ڕەهبەری (خدر ئاغا) سەعات یانزە لە سلێمانی دەرچووین. دەشتێکمان بڕی و دەستمان دایە هەورازی لای ڕۆژئاوا. لە تەوقە سەری شاخەکەوە ولاتێکی دەوڵەمەند ئەکەوتە بەر چاو، دوو ڕیزە شاخ دیار بوو کە ئەمە بەڕاستی سنووری ولاتی دەشتەکی و ولاتی شاخەکی بوو. ئەو ناوچەیەی لە بەینی ئەم دوو ڕیزە شاخەدا بوو، زیاتر لە دۆڵێک ئەچوو وەکی ئەمە گرد و دەری تەسک بوو. لە دەرەکاندا لێرە و لەوێ دەوەن، دار گوێز، دەرەختی میوە هەبوون. لەم جێگایانەدا وەختی خۆی دێهات هەبوون. لەم ولاتە تەختەوە ڕوومان کردە (قەرەداغ) کە قۆناغی شەومانە. بەسایەی فەرمانی پاشاوە میوانداریەکی جوانمان کرا. بەلام سەیر ئەوەیە کە لەم دێیەدا کە نزیکی دوو سەد ماڵ ئەبێ دوو سێیەکی جوولەکەن. وەکوو بۆم دەرکەوت جوولەکە و کورد زۆر باش پێکەوە گونجاون. لەمەوپێش بۆم نووسیبوویت کە زۆر خەریک بووم لەگەڵ دۆستە کوردەکانم تاکو شتێک لە ئەفسانەیان تێبگەم و، لە هەموو هەلێکدا ویستم بزانم بیری ئەمانە چییە لە بابەت، خێو، جنۆکە، مێردەزمە و شتی واوە، بەلام داخم ناچێ لەمەدا ناهومێد بووم. ئەگەر بەوانەی قسەم لەگەڵ کردوون بڕوا بکرێ ئەبێ کوردەکان لە بابەت پەرییەوە هیچ شتێک نەزانن. لەبەر ئەوەی خدر ئاغای ڕەهبەرم زیرەک و وریا بوو وە فارسی باش ئەزانی، نەختێک ئەوم دواند. بەلام وەرامێکی ئەوتۆم مست نەکەوت، لێم پرسی چۆن ئێوە، کوردەواری، هیچ باوەڕتان بە جنۆکە، خێو، یا پەری نییە؟! ئاغا بەشان هەڵتەکانێکەوە کە هەر لە خانەدانێکی دەوری فەرەنسە ئەوەشایەوە، وتی: بێ قەزابی! لەمانە چۆن ئومێدی شتی وا ئەکەیت؟ ئەمانە هەموو نەخوێندەوارن، لەم چەشنە شتانە ئاگادار نین. ڕەنگە مەلا و ئاخوونەکان شتێکی لێ بزانن، بەلام ئەوانی تر هیچ !. ئەم جۆرە تەئویلە سەیر بوو بەلامەوە، چونکە لای ئێمە ئەفسانە لە نەخوێندەوارییەوە پەیدا ئەبێ، بەلام وا لێرە ئەدرێتە پاڵ خوێندەواری و زانایی. من هەر وازم لێ نەهێنا، لێم پرسی: ئایا ئەمانە هیچ بڕوایان نییە بەخێو و یا ترسیان لێی نییە؟! وتی: پیاو، بەڵێ، بەلام ئەم جانەوەرانە لەچی ئەترسن؟!



تەنها ئەفسانەیەک هەیە لە کوردستاندا ئەگەر ڕاستت ئەوێ لە هەموو لایەکی تردا بلاو بۆتەوە. ئێران (قەدەمگاه) و (قسن)ی خۆیان هەیە. کوردستانیش هەروا. لەمەوپێش باسی (نزرگە)م بۆ کردبوویت. ئەمڕۆ نزیکی میلێ دوور لەشار تووشی سەرچاوەیەکی جوان بووین ئاوەکە لەزەوی هەڵئەقوڵێ. بە بڕوایەکی بەتینەوە پێیان وتم کە ئەم ئاوە دەرمانی هەموو دەردێکە. دەوری کانیەکە هەڵبەسترابوو خۆی پڕ بوو لە ماسی، هیچ دەسکاریان ناکرێ، بەلام سەربازی ڕووس کە لە (ئازەربایجان)ەوە نێررا بوون ئەم ماسیانەیان تەنک کردبوو. ئەگێڕنەوە کە هەندێک لەو سەربازانە هەر پاش خواردنی ماسیەکان گیانیان دەرچووبوو.

ڕۆژی دووەم سات حەوت جوولاین. لە ڕێگا تووشی چەند دێیەکی وێران بووین. وەختی خۆی ئەم دێهاتانە جوانی و زیندویەتییان داوە بە ولاتەکە، بەلام ئێستا خەڵکەکەی لەم ولاتە بەپیت و ئاسایشە بەلام بەدبەختە هەلاتوون و جێیان هێشتووە بۆ دز و درۆزن. ناکۆکی و ناحەزی بەینی خۆیان هەر قسەی پێ ناوێ. بەوێنە (خدر ئاغا) ئەیگێڕایەوە کە عەشیرەتی هەمەوەند کە هەموو (٦٠٠) ماڵ نابن بەچەشنێ تەنگیان بە جاف هەڵچنیوە لەگەڵ ئەوەشدا کە جاف (١٢٠٠) ماڵ زیاترن ناوێرن قەرەی ئەم ناوچەیە بکەون. لە(جافەران) پاسەوانەکانمان گۆڕی، ئەم دێیە نزیک دەربەندی (سەگرمەیە) کە یەکێکە لە(دەرگا موهیممەکانی کوردستان لەم ناوەدا. سەرکەوتنی هەورازەکە ساتێکی خایاند و ئاخری گەیشتینە سەر تەوقە سەری شاخەکە. لە نشێوێکی زۆر ناخۆشەوە هاتینە دێی(ژاڵە).

٢٤-ی تشرینی دووەم -کفری-

لە پاش بڕینی نزیکەی -٢٤- میل لە ژاڵەوە گەیشتینە خانی (برایم خانچی). ئەمە دێی ئاغایەکی کورد بوو کە ئەبوو شەو لەوێ ڕابوێرین. کاتی قاوەڵتی گەیشتینە دێی(جانریز). سەلیم ئاغا ڕەئیسی (دەلو)ی لێ دائەنیشت. کە نزیک بووینەوە لەدێ ولاخی زین کراو و نێزەمان هاتە بەر چاو. کە گەیشتینە ئەوێ تێگەیشتین کە ئاغا خەریکی ئەوەیە بچێ بۆ ڕاو و شکار، چونکە لەلایەکەوە تانجی ڕست کرابوو، لە لایەکەوە باز ئامادە کرابوو. ئاغا پیاوێکی

ئێسک سووک و میوان نەواز بوو. من ویستم مەعزەرەتی بۆ بێنمەوە، کابرا بەسەری پاشا و چاوی خۆی سوێندی خوارد کە لابدەین. لامان دا. باسی کەم دەستی و تەنگانەیی خۆی بۆ کردم.

ئەیوت ئێمە، کوردەواری، وەختی خۆی هەر جەنگاوەر بووین. لە سواری، ڕمبازی، شیربازی، شکار بەولاوە گوێمان نەداوەتە هیچی تر. چونکە بەشی خۆمان هەبووە. مسکێن جووتیاری بۆ ئەکردین. زەوی ئەکێڵا و ئەیچاند. بەڵام ئێستا هەموو کەس مەجبوور بووە شیر و نێزە بنێتە لاوە و جووت بکا. میرم، جەنگاوەر هات و دەستی دایە جووتیاری، ئیتر بەکەڵکی چی دێ؟! لەگەڵ ئەوەشدا پاشا و ئێرانیەکان بەشی خۆیان هەر دەوێ. بۆ ڕەعیەت جگە لە هەڵاتن چی ماوەتەوە؟ ئەبێ سەری خۆیان هەڵگرن بۆ ڕەواندوز یا کرماشان و یا موسڵ. ئەم ڕەئیسە بەتایبەتی لە بابەت ڕووس و ئینگلیزەوە زۆر پرسیاری ئەکرد. هەندێ شتی دەسکردی ئینگلیزم دایە و زۆری لاخۆش بوو. لە پاش سوار بوون ڕووم کردە خدر ئاغا و وتم ئەگەر ئێمە بەتەنیا و بەبێ پاسەوان و ڕەهبەر لێرەوە تێپەڕینایە ئایا ئەم پیاوە لەسەر خۆ و میوانپەروەرە ڕووتی نەئەکردینەوە؟ خدر ئاغا بە پێکەنینەوە وتی:

بەسەری سلێمان پاشا وا دیارە تۆ بە قەدەر من ئەم پیاوە ناناسی؟ سەلیم ئاغا ڕاست پیاوی ئەم ئیشانەیە. ئەبێ بەخانەخوێت، نانت لەگەڵ ئەخوا، لەپاش ماڵئاوایی دەماخی لێ ئەکا خۆی ئەگۆڕێ، پێشت لێ ئەگرێ و ڕووتت ئەکاتەوە! ڕووم تێکردەوە و وتم: ئایا ئەم کردەوەیە لە کوردستاندا ناشیرین نییە؟! وتی: زۆر ناشیرینە و هیچ کەس پەسەندی ناکا! بەڵام چی بکەم سەلیم ئاغا دڕندەیەکە بۆخۆی!. ئەی پاشا ئەڵێ چی؟ چۆن ئەمە قبووڵ ئەکا؟ پاشا - خدر ئاغا جوابی دایەوە: ئەگەر بزانێ گۆڕی بابی ئاگر تێبەر ئەدا، بەڵام پاشا ئەوەندە مەشغووڵی دەردی خۆیەتی ناپەرژێتە سەر ئەمانە. جگە لەوەش لای ئێمە حکوومەت ئەوەندە نامێنێتەوە کە بتوانێ ئەم ناکۆکیانە لابەرێ و ئاسایش لەوڵاتەکەدا دابمەزرێنێ. لە دواییدا لە خدر ئاغام پرسی: ئاخۆ ئەم ڕۆستەم ئاغایە ئەمشەو ئەچین بۆ ماڵەکەی چۆن پیاوێ بێ؟! ئایا ئەویش وەکوو سەلیم ئاغا ناکات و دەستی بڕوا ڕووتمان ناکاتەوە؟ ئاغا لە پاشدا وتی بڕوا ناکەم کارێکی وا ڕوو بدا. ڕۆستەم ئاغا پیاوێکی بەهێزە، سەرکردەی تیرەی (زەنگەنەیە). بەڵام، خوا



شوکوور بەندەی سلێمان پاشایە. لەبەر ئەوە بە سەلامەتی ئەتانگەیەنێتە کفری. خۆم ڕانەگرت و وتم: وەکوو بۆم دەرئەکەوێ هەر یەکێ لەم سەرکۆماری تیرانە لە قەڵەمڕەوی خۆیدا ئەم چەشنە کردەوە و گەمانەی لێ ئەوەشێتەوە، ڕێ بەپیاو ئەگرێ و ڕووتی ئەکاتەوە. خدر ئاغا وتی:

ڕاستت فەرموو، بەڵام جاران وانەبوو. لە دەوری (ئەوڕەحمان پاشا)ی باوکی سلێمان پاشا و مەحموود پاشا ئەم چەشنە ڕەوشتانە ڕووی نەئەدا. لەمپەڕ تا ئەو پەڕی وڵاتی (بەبە) تەشتی زێڕینت بەسەرەوە بوایە کەس لێت نەئەکەوت. لە سەردەشتەوە تا کفری لە کۆیەوە تا (بانە) کەس نەیئەوت بۆ کوێ ئەچی؟. بەڵام هەروا ناکۆکی ئەم برایانە ئێمەی فەوتان و وڵاتەکەی وێران کرد. جارێ مەحموود، جارێ سلێمان ئەبێ بە گەورە. هەرگیز دەوری یەکێکیان سێ ساڵ ناخایێنێ. گاه عەجەم دێتە ناومانەوە بۆ لابردنی ناکۆکی، بەڵام وڵاتەکەمان ئەبەن بۆ خۆیان. بەلەشکرەکەیانەوە وڵاتەکەمان هەڵئەلووشن. گاه تاعوون پەیا ئەبێ. دوای ئەوە گرانی و برسێتی دێت گەسکمان لێ ئەدات و ئەمانکا بەدوژمنی یەکتری. لەو هەلەدا ئەگەر دزییەک بقەومێ ئەم ئەیداتە پاڵ ئەو دەست و پێوەندی سلێمان پاشا هەرچی خراپە هەیە ئەیکەن بەرامبەر بە تەرەفدارانی مەحمود پاشا. لەو لاشەوە دەستە و دایەرەی مەحمود پاشا تۆڵەی خۆیان ئەستێنن لە تەرەفدارانی سلێمان پاشا. ڕاستیەکەی پاشا توانای ئەوەی نییە سزای پیاو خراپ بدا و بیانهێنێتە ژێر شیرازەوە. چونکە ئێرانیەکان تەڕ و وشک قووت ئەدەن، هیچ ناهێڵنەوە. لەم ڕووەوە پیاوچاک هەڵدێ و وڵاتەکە بۆ دز و درۆزن ئەمێنێتەوە. بەرامبەر بەم قسە سادە و ڕاستانە نەمتوانی دەم بکەمەوە. جڵەومان بۆ شل کرد ڕوەو دێی (برایم خانچی) ڕۆیشتین. ئێستا گەیشتووینە وڵاتی کۆن (ئاشوور). بەڕاستی لەم دەشتەدا هیچ شتێکی وانەبوو کە گەواهی ئیمپراتۆریەتێکی مەزن و بەهێزی دێرین بێ. (برایم خانچی) کە ئارامگای ڕۆستەم ئاغایە نزیکەی سەد زنج و قوختەیەک ئەبێ. ئەمانە لە قوڕ و زەل دروست کراون. دیوەخانی ئاغا لە ماڵێکی وا خراپدا بوو کە ئەترسام ئەگەر شەو بایەک هەڵبکا و یا تاوە بارانێک ببارێ، ببین بەژێرەوە. کوڕەکەی کە لاوێکی جوان و ڕووکراوە بوو هات بە پیرمانەوە. ڕۆستەم ئاغا ئێوارێ پەیدا بوو. پیاوێکی ڕەشتاڵە و ڕووخۆش بوو، ڕوویەکی گرد، پێکەنینێکی توندی

هەبوو. زۆر بە دڵخوشیەوە ئێمەی بانگ کرد. ئەم پیاوە یەکێک بوو لەو چەشنە ڕەوێڵانە وەکوو دایەنە سکۆچیەکان لە بابەت منالّە ورک گرەکانەوە ئەیلێن: ئەگەر ڕقەبەرییان لەگەڵ نەکرێ زۆر چاکەیان لێ ئەوەشێتەوە. لەپێشەوە نەختێ خۆمان گرت، بەڵام لەدواییدا لێک کراینەوە. لە پیاوەکانم داوای دەمانچەیەکی منی کرد کە چاوی پێ بکەوێ. بۆیان هێنا، بەڵام پەسەندی نەکرد و وتی: مودەتێ لە مەوبەر دوو ئینگلیز هاتوونە ئەم ناوە و دەمانچەی وایان داوەتێ بەڵام نەیویستوە. دوای ئەمە دمانچەکەی خۆی دەرهێناو وتی: ئەگەر هی واتان هەبوایە لێم وەرئەگرتن، بەڵام هینەکانی ئێوە پووچن. من پتر حەز لە دەمانچە، شاڵ و قاپووتی وا ئەکەم. دەستی برد بۆ شاڵەکەی بەری کە قەراغەکانی سوورمەکاری بوو، وتی: ئایا شاڵی کشمیری وەکو ئەمەتان هەیە؟ منیش وتم: ئێمە ڕێبوارین و ئەم چەشنە شتانەمان نییە. پاش ئەمە لەگەڵێ شتی تر دواین. لە دواییدا وتی: ئێستا لەوەختی گەڕانەوەدا تووشی ڕەوە بەرازێک بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی تاریک داهاتبوو نەیتوانیبوو هیچیان بکوژێ. لەمەوە باسی حەرامی گۆشتی بەراز کرا و من بۆم بەرئاورد کرد لەگەڵ گۆشتی ورچ و ڕێوی و هەندێ مەلی ئاواییدا کە خۆراکیان لەهی بەراز پیسترە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەیخۆن. لە ئەنجامدا وتی: ئەگەر بمزانیایە بەرازێکم بۆ ئەکوشتی و بۆم ئەهێنای، بەڵام من تێمگەیاند کە لەناو موسوڵماندا نە گۆشتی بەراز ئەخۆم و نە شەراب ئەخۆمەوە. لەسەر ئەمە ئاغا ڕووی تێکردم و وتی: ئەگەر ئارەزووی خواردنەوە ئەکەی شەراب و قۆنیاغیشم هەیە. هەرچەندە سوێندی خوارد کە دەمێکە تۆبەی کردوە بەڵام کە پێم وت ئارەزووی خواردنەوەم نییە وا دیاربوو لای ناخۆش بوو. لە هەلێکدا ڕۆستەم ئاغا وتی: هەتا ئێستا هیچ نەبێ دوانزە جار بریندار کراوە. وتی: هەموو چەشنە زرێیەکم هەیە. هەمیشە لەبەرم ئەکردن. بەڵام کەم پشتم پێیان بەندە، پشتم بەخوا بەندە. بەهەناسەیەکی گەرمەوە وتی: دەوری خۆشی و بەرزی کوردستان تێپەڕیوە، سوار بە و بەناو هەموو وڵاتەکەدا بسووڕێرەوە چە خۆشیەک چە زیندوێتیەک ئەبینی؟ هەرچی سوار چاک و سەربازی بەجەرگن یا مردوون، یا هەڵهاتوون، یا مەجبوور بوون ببن بە جووتیار تاکو شتێک پەیدا بکەن بیدەن بە پاشا و ماڵ و منالّی خۆیانی پێ بژیەنن. سەرباز کە فێری جووت بوو بەکەڵکی چی دێ؟!».



با لێرەدا ماڵئاوایی لە ڕەفیقە کوردەکانمان بکەین.

هەروەکو پیاوان و میللەتانی تر ئەم کوردانەش زادەی زرووف و پەروەرشن، بەڵام خسڵەتی سروشتی وایان هەیە کە ئەشێ بگێڕرێ بەلای چاکەدا. میللەتێکی ئازاو میهمان نەوازن، وەلێ لەم چەند ساڵەی دواییدا بەهۆی هەژاری و زۆر و زەبرەوە توانایان کەم بۆتەوە. هەروەکو ئەو هەموو قەومانەی حسی بەردەستی و سەرکۆماریان لە ناو حوکمی غەیرەدایە و پەیوەستی و خۆشەویستیەکی زۆریان هەیە بەرامبەر بەتیرە و خزمانی خۆیان و ئەمە بوو، بە هۆی شەڕ و شۆڕێکی زۆر لەناویاندا.

یەکە یەکە تەماشایان بکرێ کوردەکان گورج و گۆڵ و پتەون. کەم لە ئێرانیەکانی دراوسێیان فەرق ئەکرێن. بەڵام دیمەنی میللییان تایبەتییەکی دیار و دەرکەوتووی هەیە. دیمەنێکی تیژ، ڕوویەکی هێلکەیی و لە تەنیشتەوە تەماشا بکرێ ئێسقانی لووتیان گەورە دیارە. دەم و چەناگەیان نیوە قوڵفییە. چاویان لە قوڵاییەوە ڕەش و تیژ و زرنگە. برۆیان ڕێک و پاکە، بەڵام نەختێ هەڵکشاوە بۆ سەرەوە. بەم جۆرە شێوەی تەنیشتیان تەواو ئەکا. لەشیان بەگشتی ناسکترە لە هی ئێرانیەکان. لە کوردستاندا لووتێکی پان و داتەپیو نادۆزیتەوە. دەمیان هەمیشە شکڵێکی جوانی هەیە و دانیان وردە. دەست و پەنجەیان بچووک و باریکە. لەش و لاری کورد شۆخیەکی وای تیایە کە لە هەموو لایەکی جیهاندا شکڵی میللەتێکی جوانیان بداتێ.

بەشی دووەم

ئەم وڵاتی کوردستانە پڕە لە تیرە و نەتەوەی ڕەوێڵ کە تەنیا کەم دەستی و کەم دەسەڵاتی یەک و دوو بێ دەنگیان ئەهێڵێتەوە. بلّباس ، کە سەردەمێ تیرەیەکی گەورە و بەدەست بوون، ئێستا تێکشکاوە. لەناو شاخ و گردەکانی (باڵەک)و (لاهیجان)دا دائەنیشتن. ئەمانە ناو بەناو دەستێک ئەهێنن بەسەر دراوسێکانیانا وەکوو(سولدوز) و (سەردەشت) و هەندێ جاریش چەپاویان ئەگاتە دەوری سابلاغ. جگە لە بلّباس تیرەی (ڕەوان) و (هەرکی) و (نوچەیی)و پەنجا تیرەی تریش هەن. ئەمانە هەموویان ئارەزوو وە هەندێکیان هێزی ئەوەیان هەیە کە لە چەپاودا کەیفی خۆیان بکەن. بەڵام ئێستا بەختیارانە

هێزێ لەلای ڕۆژئاوا پەیدا بووە کە هەر چەندە زۆر توند و درشتە توانی سەر بەم تیرە شەڕانیانە شۆڕ بکا، بیانخاتە ژێر فەرمانی خۆیەوە و بەم چەشنە لە بەشێکی وڵاتەکەدا ئاسایش دابمەزرێنێ. محەمەد پاشا کە ئێستا چاکتر بە (میری ڕەواندوز) ئەناسرێ. چەند ساڵێ لەمەوپێش، وەکوو سەرکردەکانی کورد، تەنیا خاوەنی ناوچەیەکی بچووک و سەرکردەی جەنگاوەرەکانی تیرەکەی خۆی بوو. لە پێشەوە باوکی خستە لاوە چونکە نەیئەتوانی لە وەختی تەنگانەدا سەرپەرشتی ئیش و کاری تیرەکەی بکا. هەندێک ئەڵێن باوکی پیاوێکی هێمن و دیندار بوو، لەبەر ئەوە دەستی لە دنیا هەڵگرت، بوو بە سۆفی و جێی خۆی بۆ کوڕەکەی تەرخان کرد. میر هەر بەم ڕەنگە براکانیشی پاک کردەوە و خۆی بوو بەحاکمی یەکانەی ڕەواندوز. لەپاش ئەمە دەستی کرد بەهێز و تەرەف پەیدا کردن و خۆڕێکخستن بۆ هەرا و زۆرانبازیی ئایندە. بەڵام بەرزبوونەوەی ڕاستی ئەو لەو ڕۆژەوەیە کە شەڕ لە بەینی ڕوسیا و ئێراندا هەڵگیرسا، چونکە (شاهزادە) خەریکی نەهێشتنی میر بوو لە ڕووی ئەم شەڕەوە مەجبوور بوو هەموو لەشکرەکەی بنێرێتە بەرامبەر دوژمنە بە هێزترەکەی کە ڕووسە.

میری ڕەواندوز لەم هەلە سوودمەند بوو. ئەو وڵاتەی (شاهزادە) لێی سەندبوو هەمووی داگیر کردەوە. بەمەشەوە نەوەستا بۆ سەرەوە و بەلای ڕۆژئاوادا باڵی درێژ کرد و بەم چەشنە بەشی گەورەی سەرووی (میسۆپۆتامیا)ی خستە ژێر فەرمانی خۆیەوە. جگە لەو جێگایانەش لە هەولێرەوە هەتا کەرکووکی داگیر کرد. بە دڵنیاییەوە ئەبێژرێت کە پەنجا هەزار سەربازی هەیە نیوەی ئەمانە موچەخۆرن و هەمیشە لە ئیشدان، چونکە میر هێشتا لەگەرمەی کاردایە و قەڵەمڕەوی خۆی گەورە ئەکات. بەڵام لە هەمووی موهیم تر ئەوەیە ئەو گۆڕینە ئەخلاقیەیە کە لەم وڵاتەدا هێناویەتیە پێشەوە. ئەم وڵاتە لەمەوپێش پڕ بوو لە ڕاو و ڕووتکەر کە ڕێبوارێ نەیئەتوانی بەسەلامەت لێوەی تێپەڕێ. ئێستا نەدزێکی تیایە و نەدزیەتیەکی تیا ڕووئەدا. بەئیجرائاتێکی کورت و توند دوایی هێنراوە بەڕاو و ڕووت. هەر کەس ماڵی دزراوی بەدەستەوە بگیرێت، هەر لەو جێگایەدا سزای خۆی ئەبینێ و یا بەبێ میهرەبانی ئەکوژرێت. بۆ یەکەم گوناه چاوێکی هەڵئەکۆڵرێت، بۆ دووەم جار دەستێکی. هەندێ جار لووتی ئەبڕرێت، بەڵام لە سێیەم جاردا بێگومان ئەکوژرێت. ئەگێڕنەوە کە جارێک برایەکی



خۆشەویستی میر بەسواری بەلای باخی کابرایەکی هەژاردا تێئەپەڕێ و بەبێ پرسی خاوەنەکەی هەنارێک ئەکاتەوە. میر لەسەر ئەمە ئەنێرێ بەشوێن براکەیدا و ئەویش پێ لە گوناهەکەی ئەنێ. میر ئەڵێ بەکام دەستت ئەم کارەت کرد؟ برا لاوەکەی ئەو دەستەی هەڵئەبڕێ. ئینجا لێی ئەپرسێ: ئەی بەکام پەنجەت هەنارەکەت کردەوە؟ پەنجەکەشی پیشان ئەدا لەسەر ئەوە میر فەرمان ئەدا ئەو پەنجەیە دەستبەجێ ببڕڕێ. سزاکە هەر لەو جێگەیەدا ئەهێنرێتە جێ!. لەم بابەتەوە سەرگوروشتەیەکی تریش لە نادرشا ئەگێڕنەوە، بێگومان میر خۆشی لە توندخووییدا کەم لە نادر شا ناچێ!. گوایە لاشەی زەلامێک ئەدۆزنەوە کە گورگ بەجۆرێکی وا پارچە پارچەی کردبوو کە نەناسرێتەوە؟ خەبەرەکە ئەگاتە میر و زۆر هەوڵ ئەدا سەر و شوێنێکی ئیشەکە بدۆزێتەوە، بۆی هەڵناسووڕێ. لادێییەکان گوناهەکە ئەدەنە پاڵ گورگی نزاری دەوری دێکانیان، بەڵام میر بەمەش دەستی لێ هەڵنەگرتن، داوای گرتنی گورگە گوناهبارەکانی کرد. هەندێکیان گرتن و بردیان بۆ میری مەزن، میر ئەم گورگانەی بەچەشنێ بەدەردەوە کوشت کە لادێییەکان قەراریان دا هەر چۆنێ بێ پیاوکوژە ڕاستەقینەکە بدۆزنەوە نەوەک خۆشیان بەمەرەی گورگەکان بچن. ئەم سەرگوروشتەیە وەنەبێ زۆر لە شیاو بچێ، بەڵام بە چ چاوێ تەماشای کردەوەی میر ئەکرێ ئەوە پیشان ئەدا بۆ ئەوەی چاکتر ئەم سالارە کە بەسەر بەشێکی گەورەی ئەم وڵاتەدا دەستی ئەڕوا تەوسیف بکەم، ویستم یارمەتی لەو ڕۆژنامانە بخوازم کە دکتۆر ڕوس گرتوویەتی. ئەم پیاوە دکتۆری باڵوێزخانەی ئینگلتەرە بوو لە بەغدا، هەلێکی باشی بۆ هەڵکەوتبوو، لەلایەن میرەوە بانگ کرابوو بۆ وڵاتەکەی. وا دەرئەکەوێ کە میر مستەفای باوکی کوێر بوو بوو، وە لەسەر ئەمە محەمەد پاشا تکا لە کۆڵۆنیل (تەیلەر) ئەکا کە دکتۆرێکی بۆ بنێرێ تاکوو هونەری خۆی تاقی بکاتەوە. ئەم ئیشە بە دکتۆر ڕوس ئەسپێرێ. دکتۆر ڕوس لەگەڵ بایەزید بەگی مامی میردا کە بۆ ئەم فەرمانە نێررابوو بۆ بەغدا، ئەچێ بۆ وڵاتی میر. وا دەرئەکەوێ لەگەڵ دکتۆردا باش نەجووڵابنەوە. لەوێوە زوو ئەگەڕێتەوە بۆ هەولێر و چاوەڕوانی فەرمانی میر ئەکا. لەڕێگا شتێکی سەیری تووش ئەبێ. ئەهالی دێیەک مناڵەکانیان ئەهێنن بۆ لای داپیرەیەک، ئەمیش بەسەر پەت و داودا دوعا ئەخوێنێ و ئەمانە هەڵئەواسێ بەسەر و ملی مناڵەکاندا. ئەم نووشتانە گوایە

مناڵەکان ئەپارێزێ لە وەزەنی دێو و درنج. بەلای دکتۆرەوە کوردەکان وەکوو
هەموو خەڵکی شاخی زۆر ئەفسانە پەرستن. هەموو شاخێک، هەموو دۆڵێک
خێو و جنۆکەی خۆی هەیە. لەلای ڕەواندوزەوە ئەشکەوتێک هەیە کە پڕە لەمانە.
لەم ئەشکەوتەوە لە ساڵی ١٨٣١دا ڕوەو شار دەنگی تۆپ هات، هەر دوای ئەمە
تاعوون داکەوت. ئەم دەنگی تۆپە دوو مانگی خایاند دوای ئەمە چ ئەو و چ
(پەتا) کتوپڕ نەمان. ئەم ئەفسانەیە لە لایەن گەلێ پیاوی ناسراوەوە بەڕاستی
تەماشا ئەکرا. لەهەولێر دکتۆر ڕوس هەلی بۆ هەڵئەکەوێ کە بەوردی سەرنج
بداتە کورد و ڕەوشت و خووی کورد، زۆر بەتوندی لە شەڕانیەتی و دڕی ئەوان
ئەدوێ. ئەڵێ: خووی هەرە جێگری کورد شەڕە. لە بێشکەوە بەم چەشنە
پەروەرش ئەکرێن. وەختی هەرە خۆشی ئەوان ئەو هەنگامەیە کە لەشەڕ و هەرادا
ڕابئەبوێرن. مناڵی دوانزە یا پانزە ساڵیم دیوە کە زۆر خراپ بریندار بوون لە
شەڕدا. وەکوو ئەبیەم شەڕەکانیان زۆر خوێنینە. لە پێشا بە تفەنگ دەستی پێ
ئەکەن، بەڵام زوو ئەیگەیەننە شەڕە خەنجەر. شەڕی ئەمان وەکوو هەرا و
دەمەقاڵی عەرەبەکان نییە!! شەڕی ڕاستەقینەیە و کوشتار و برینداری زۆری تیا
ئەبێ. قینیان لە حکوومەتی بەغدا و سەربازەکانیەتی. ئەڵێن ئەگەر شاری
بەغدا بەکەڵکیان بێ تورکەکان ناتوانن یەک ڕۆژ بەرامبەریان بوەستن. بۆ هەولێر
و پردێ هەلیان مست کەوت و گرتیان. پردێیان بە یەک سەعات داگیرکرد. بۆ
تەئمینی ویستەمەنییان جگە لە وڵاتەکەی خۆیان پشت بەهیچ لایەکی تر
نابەستن. هەرچیەکیان پێویست بێ لە وڵاتەکەیاندا دێتە بەرهەم. هەروەکو
شاخەکانیان پەرژینێکی سەختە بەرامبەر بەلێشاوی دوژمنی ئاوەکی. دۆڵ و
باری وڵاتەکەشیان گشتی دار و ئاو و لەوەڕیان بۆ پێک دێنێ.

ناوچەی دەوری هەولێر لەلایەن پاشاوە لەسەر ئوسوڵی قەڵا میری دابەشکراوە
بەسەر سەرکردەکاندا. تیرەی -طی- عەرەب بەردەستی پاشان و لەو کاتەدا کە
لە ئاکرێ بوو لەشکرێکی باشیان ناردبوو بۆی. پاشا وا دیاربوو خۆشەویست بوو
یا لە ڕووی زەبر و زەندیەوە لێی ئەترسان. دزی و جەردەیی هەر ناویشی نییە.
بەشەو دەرگا داناخرێ. لەگەڵ ئەوەشدا سزای کوشتن زۆر دەگمەنە. بۆ دزی
دەستێک ئەبڕرێ. بۆ هەڵهاتن لە لەشکر پێیەک. بۆ گوناهی تر چاوێک وەیا
هەردوو چاو هەڵئەکۆڵرێ. بەڵام هەندێ جار سزای لەمە سەیرتریش ئەدرێ.



جارێک سەرەک هۆزێکی -طی- کە لە جەردەییدا بەناوبانگن لەلایەن تیرەی
(جربوع)ەوە لەجێی خۆی هەڵئەکەنرێ، لە دیجلە ئەپەڕێتەوە و پەنا ئەهێنێتە بەر
وڵاتی میر. لەوێدا مودەتێ بە ئاسایش و بەپێی دەستووری وڵاتەکە دائەنیشێ،
ئاخری بێ ئیشی بێزاری ئەکا و ڕۆژێ لە ڕۆژان کاروانێک بەلای هەوارگەکەیدا
تێئەپەڕێ، ئیتر خۆی پێ ناگیرێ و کاروانەکە ڕووت ئەکاتەوە. سبەی ئێوارێ
پێش ئەوەی ماڵە تالانیەکەی تاقەت بکا لەپڕ پێنج شەش سواری کورد پەیدا
ئەبن. ڕاست ڕوو ئەکەنە دەواری سەرەک خێڵەکە و بەبێ پرس و قسە لەبەر
دەرگای دەوارەکەدا سەری کابرا ئەپەڕێنن و بە هێواشی ئەگەڕێنە دواوە.

لە هەولێر ئەحمەد بەگی برای کە حاکم ئەبێ زۆر بەناسکی دکتۆری قبووڵ
کردبوو سوڵتان بەگ ناوێکی سەرکردەش کە لە بارەگای لەشکرەوە هاتبوو
زیارەتی کردبوو بەقسەی ئەمان لەشکرەکە نزیکەی (١٥-٢٠) هەزار کەس ئەبێ
و لەوساوە ئاکرێ گیراوە. ئەمانە بێ ئیش لە بارەگا دانیشتوون. ئاکرێ
جێگایەکی زۆر سەختە و بەسەر تاشە شاخێکی قوتەوەیە کە تەنیا ڕێگایەکی
هەیە. ئەم ڕێگایەش ئەوەندە تەسکە بەگران دوو کەسی بەتەنیشت یەکەوە پیا
ئەڕۆن، لەبەر ئەمە خەڵکی ئەوێ وایان ئەزانی کە هیچ هێزێک نییە لەسەر زەوی
بتوانێ ئەوێ بگرێ. ئەشێ پاشاش بڕوای نەبووبێ وا زوو بیگرن. ڕۆژی ٣٠ی
مایسی ١٨٣٣ پاشا کاغەزێکی نارد بۆ حاکمی هەولێر کە دکتۆر ڕوس لەوێ
بمێنێتەوە هەتا ئەنێرێ بەشوێنیا و فەرمانی پێ دابوون میوانداریییەکی باش
بکرێ. ڕۆژی شەشی حوزەیران خەبەر گەیشتبوو کاروباری ئامێدی هەموو تەواو
بوو. پاشای کۆن، سەید ناو، دەرکرا. موسا پاشا لەجێی ئەو دانرا. سەلیم پاشا
کرا بە حاکمی ئاکرێ. وڵاتەکە هەمووی سەرفرۆی حکوومەتی ڕەواندوز بوو بەم
جۆرە ئاسایشی تیا دامەزرا. بەڵام لە بابەت چوونی دکتۆرەوە بۆ لای پاشا هەتا
سێی تەمووز هیچ خەبەرێ نەبوو لەو ڕۆژەدا فەرمان هات کە دکتۆر بچێ بۆ
بارەگا لەسەر ئەمە دکتۆر بە کەڵەک لە(زێ) پەڕیبووەوە و لەپاش چواردە سەعات
گەیشتبوە ئاکرێ. پاشا بەناسکی دکتۆری قبووڵ کردبوو بەڵام لە ژێرەوە خەبەری
بۆ ناردبوو کە هەر چەند لە بەر ئەمەی کاربەدەستێکی شای ئینگلیزە هەق وایە
لەبەری هەڵسێ، بەڵام چونکە لەناو وڵاتێکی تازە داگیرکراو دایە بۆی دەست
نادا لەبەر چاوی خەڵک لە بەری هەڵسێ نەک بەهاوتای یەکیان بزانن. دکتۆر

پاشای بە ئێسک سووک و خۆش خوو هاتبووە بەر چاو. لە تەمەنی چل و پێنج ساڵە دا بوو، سپی ڕەنگ، کونج و ئاوڵە چاوێکی کوێر کردبوو، ڕیشی دوانزە ئینج درێژ و بۆرکار بوو. بەشی خواروی ڕیشی دانەهێنرابوو، موەکانی بەیەکا چوو بوون، خۆی پۆشتە و بەرگەکەی ڕێک و پێک بوو. کە قسەی بکردایە دەنگی نەرم دیار بوو. میر چەند جارێ گفتو گۆی درێژی لەگەڵ دکتۆر ڕوس کردبوو، لە بابەت شێوەی تەعلیم لە ئێنگلتەرە و دینی هیندییەکان و چینییەکانەوە پرسیاری لێ کردبوو. بەلای ئەوەوە وڵاتی چینیش هی ئێمەیە!، جگە لەوەش ویستبووی بزانێ مناسەبەتی ئێمە لەگەڵ ئێران و ڕوسیەدا چۆنە! لەهەلێکی تردا میر لە بابەت کاری دەرمان و پەتای تاعوون و ڕشانەوە گەلێ پرسیاری لێ کردبوو. دوای ئەمانە بای دابووەوە سەر مەوزوعی شەڕ و چەک و تفەنگێکی دوو لوولەی ئینگلیزی ڕاوی پیشان دابوو، تفاقی ناو خێوەتەکەی ئەو تفەنگەڕاوە، تفەنگێکی تر، شیرێک، دووربینێک، چەترێک و تەختە بەندێک ئەبێ. بەتەنیشت خێوەتەکەی خۆیەوە خێوەتێکی تری دوو کۆڵەکەیی گەورە هەبوو، کە لەوێدا پاش نیوەڕوان و بەشەو دیوانی ئەبەست. قەت پێش بەرەبەیان نەچۆتە ناو جێگاوە. تەنیا ئەوسا ئەچووە ناو جێگا و هەتا سەعات نۆ یا دەی پێش نیوەڕۆ ئەنووست چارەکێک پێش وەختی نوێژ مۆزیقە لێ ئەدرا و لەوەختی نوێژدا تۆپێک ئەهاوێژرا.



*چیرۆکێکی درێژ یاخود ڕۆمانی:*

# مامۆستا برزوو(١)

نووسینی: ڕەشید نەجیب

حوزەیرانی، ساڵی ١٩٦٧

چیرۆکێکی نیشتمانی کۆمەڵایەتییە

## پێشڕەو

ئەم چیرۆکەم بۆ ئەوە نەنووسیوە کە ببێ بە شاکارێکی ئەدەبی کورد، یان هونەر و توانای نووسەر پیشان بدا. بۆ ئەوەش نەنووسراوە کە فرمێسک لە چاوی خوێندەوارەکانی بهێنێتە خوارەوە، یان دڵیان بکزێنێتەوە!. نەء! بۆ ئەوە نەنووسراوە ئەمانە بهێنێتە دی،. ئەم چیرۆکە تەنیا بۆ ئەوە نووسراوە کە بەسەرهاتی نزیکەی هەشتا ساڵێکی بەشێکی کوردستان، بەڕوونی و ڕێکی، لەدەروونی پاشینانا بژێنێ. ئەگەر ئەم فرمانەی بەجێ هێنا، منیش ئەوسا بە ئاسوودەیی و بەختیارییەوە چاو لێک ئەنێم.

بەغدا: مایسی ١٩٦٧

*بەشی یەکەم*

### چەند پەڕەیەک بەرەو دوا

کاتێ وەستا شێرزادی باوکی بە گوللەیەک، لەبەر دەرکی سەرا، لە ساڵی ١٩٣٠دا کۆچی کرد، برزوو شەش ساڵ بوو. لەپاش ئەوە تەنیا ئاهووی دایکی مابوو کە داڵدەدەری بێت.

ئەم خێزانە لە بنچینەدا خەڵکی سولەیمانی نەبوون. مام ڕۆستەمی باپیری شێرزاد لە ساڵی گرانیە گەورەکەوە واتە لە هەنگامی شەڕی (قارس و بایەزید)دا کە لە ساڵی ١٨٧٨ دا لە میانەی ڕوسیە و تورکدا قەومابوو، ناچار بوو بوو کە کۆچ بکا بۆ شاری سولەیمانی، لە دێی گەلاڵەی شینکایەتیەوە. ئەم جیا بوونەوەیە لە شوێنی باوک و باپیری بۆ مام ڕۆستەم و خانزادی ژنی لەگەڵ کۆچ

(١) لەبارەی ئەم ڕۆمانەوە بڕوانە پێشەکی ئەم کتێبە.

کردن لە دنیا هیچ فەرقێکی ئەوتۆی نەبوو. ئەو دێبەرە بچووکە بەپیتەی لە پێشینانیەوە بۆی مابووەوە، فرۆشتی بە چوار سەد قڕان. بەڵام هەر چەندی کرد دڵی بڕوایی نەدا کە ڕەزی بناری شاخەکەی بفرۆشێت. جگە لەوەی خانزادی ژنی بەهیچ ڕەنگێک ڕازی نەبوو بەفرۆشتنی ڕەزەکە، خۆشی زۆر دڵی پێوە بەند بوو، چونکە بەشی زۆری میوەکانی خۆی بەتایبەتی هەڵی بژارد بوو و لێی دابوو. لە دەوروپشتی کانییە بچووکەکەی لە ڕەزەکەدا بوو، گەلێ درەختی بەرداریشی ناشتبوو. ئەمانە، زۆریان هاتبوونە بەرهەم. چەند بڕێک هەنجیری هەبوو کە بۆ دەنک وردی و تام خۆشی لەهەموو شینکایەتیدا دەنگی دابووەوە. خۆ دار گوێزی سەر کانیەکەی، کە وەکو خێوەتێکی سەوز و جوان بەرز بوو بووەوە، جێگای حەسانەوە و وچاندانی هەموو خێزانەکە بوو. هەموو هاوینێ، لە نیوەی مانگی حوزەیرانەوە هەتا نیوەی مانگی تشرینی یەکەم ماڵیان ئەگواستەوە بۆ سەر ڕەز. خانزادی ژنی، لەگەڵ نەریمانی کوڕیدا کە تازە پێی نابووە دوانزە ساڵی خەریکی کۆکردنەوەی بەری ڕەزەکە ئەبوون و خۆشی بەسەر دێبەرەکەوە هەتا زەردەپەڕ ئەمایەوە، گاهـ تووتنەکەی ئاو ئەدا و، گاهـ سەرپاچ و یا بژاری ئەکرد. هەتا کاتی شکاندنەوەی ئەهات و بەم جۆرە زیندەگانییەکی مناسبیان بۆ خۆیان ئەهێنایە دی. پانزە سەر بزنە مەرەز لەگەڵ مانگایەکدا کە هەیانبوو ماست و دۆی هاوینی بۆ تەئمین ئەکردن و، بۆ زستانیش ئەیانتوانی هەندێ ڕۆن و نەختێ کەشکیشی لێ بەرهەم بهێنن. بەدەم ڕەزەکەوە پارچە زەوییەکی بچووکی هەبوو کە مام ڕۆستەم هەموو ساڵێ یەک دوو ڕبە تۆوی پێوە ئەکرد و، بەشی خواردەمەنی خۆیان و دروست کردنی یەک دوو ڕبە ساوەر، گەنمی لێ ئەدرووەوە. خانزاد، وەکو هەموو ژنە دێهاتییەکی کورد، وەختی خۆی بە فیڕۆ نەئەدا، لەکاتی خۆیدا نەریمانی کوڕی هەڵئەگرت و ئەچوون بۆ ناو دارستانە نزیکەکان بۆ مازوو چنین، یان چواله تاڵە کۆکردنەوە. بەکورتی، خێزانی مام ڕۆستەم زیندەگانییەکی باشیان هەبوو لە گەلاڵە. هەتا ئاگری شەڕ هەڵگیرسا و گرانییە گەورەکە وڵاتی تار و مار کرد، ڕێگای کڕین و فرۆخت وەستا، پشێوی و تاڵان و بڕۆ بڵاو بووەوە. باجی حکومەتی بەجۆرێ زیادی کرد کە لە توانای کەسدا نەمابوو. هەرچی لاو و هەرزەکار هەیە بە زۆر گیران بەسەرباز و نێرران بۆ سەهۆڵ بەندانی قەفقاس. زەوی و زار بێ کشتوکاڵ مایەوە، برسێتی و گرانی پەرەی سەند و، بە سەدەها



لاشەی لەبرسان مردوو بۆگەنی کرد.

ئەم کارەساتە لە هەموو لایەکی وڵاتەکەدا بڵاو بووبووەوە و دێهاتیش لەمەدا بێگومان بەشدار بوو. لەم ڕووەوە بوو کە مام ڕۆستەم بەناچاری هاتە سەر فرۆشتنی دێبەرەکەی. لە چوار سەد قڕانەکەی بایی دوو سەد قڕانی دانەوێڵە و، هەندێ زەخیرەی تری کڕی. ئەو دۆشاو و مێوژ و گوێزەی هەیبوو ئامادەی کرد. پێنج گوێدرێژی بەکرێ گرت. ڕۆژێ لە بەرەبەیاندا ماڵی بار کرد و مانگا و چەند سەر بزنەکەی دایە پێش خۆی و لەگەڵ خانزادی ژنی و نەریمانی کوڕی بەرەو شاری سولەیمانی کەوتنە ڕێگا. لە چەکا تەنیا تفەنگێکی (شینکە) و خەنجەرێکی (شینەتیغ)ی هەبوو. چەکی لەخۆیدا چونکە مەترسی جەردە هەبوو لە ڕێگا. پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتنە کەلی (قەیوان). لەوێ لەبن دارێکا نزیکی کوێرە کانییەک لایاندا و شەویان بەسەر برد. سبەینێ، هێشتا ئەستێرە بەئاسمانەوە ئەترووسکایەوە، کەوتنە ڕێ و چێشتەنگاوێکی گەرم گەیشتنە سولەیمانی. لەپێشەوە، مام ڕۆستەم بڕیاری خۆی دابوو کە چی ئەکا. دوور ئامۆزایەکی چەند ساڵێک لەوە پێش چوو بوو بۆ سولەیمانی و لەوێ دانیشتبوو دوکانێکی بەقاڵی کردبووەوە. لە ڕێگاوە چوون بۆ ماڵی گوروون. هەروەکو هەموو کەسێکی تر، ماڵی گووروونیش لەم کارەساتی و گرانی و شەڕە بێ بەش نەبوون. بەڵام بەهۆی خزمایەتییەوە بەڕوویەکی خۆشەوە دایان کردن. نیوەڕۆ گووروون هاتەوە بۆ ماڵەوە. بەجووتە لەگەڵ مام ڕۆستەم دوور و درێژ باسی دامەزراندنی هەواری مام ڕۆستەمیان کرد. لە ئەنجامدا هاوبیر مانەوە لەسەر ئەوە کە مام ڕۆستەم خانوویەکی بچووک بەکرێ بگرێ لە بازاڕە بچکۆلە و هەر لەوێشدا دوکانێکی بەقاڵی بکاتەوە، ئەو ڕزقەی هێناویەتی لەتەک خۆیدا دەست بکا بەفرۆشتنی و ماست و دۆی چەند سەر بزن و مانگاکەشی هەر لەو دووکانەدا بفرۆشێ. هەر ئەو ڕۆژە کەوتنە گەڕان بۆ خانوو و دووکانەکە. لە ڕووی مردن، کۆچ کردن و پەرێشانییەوە گەلێ خانوو و دووکانی بۆش هەبوو لە شاردا. مام ڕۆستەم بەئاسانی خانوویەکی گرت بەکرێ مانگی بە چوار قڕان. ئەمە دوو ژوور و بەر هەیوانێکی هەبوو. حەوشەکەی ئەوەندە گەورە بوو کە بزن و مانگاکەی تیا داڵدە بدا. نزیکی ماڵەکە دووکانێکی بچووکی گرت مانگی بە دوو قڕان. بۆ بەیانی گواستیانەوە هەواری تازە. ئەم شوێن گۆڕینە بۆ خانزاد

بەڕاستی کۆستێکی گەورە بوو. فێری ژیانێکی ناو چوار دیواری تەنگ نەبوو. لە گەلاڵە شاخ، دارستان، چەم، دۆڵ ئەمانە هەمووی کراوە بوو بۆ ئەو. بەئازادی، بەسەربەستی ئەهات و ئەچوو هەموو دانیشتوانی دێیەکە خزم و دۆست بوون. لە هەموو شتێکدا یارمەتی و دەستیارییان ئەکرد، لەسەر هیچ شتێک پەکی نەئەکەوت ئێستا لەم شارەدا بێگانە و دەربەدەر ماوەتەوە، جگە لە مام ڕۆستەمی مێردی و نەریمانی کوڕی هەمسەرێ، هەمدەمێکی نەبوو. ئەوانیش یەکەمیان لە بەیانیەوە تا ئێوارێ لە دووکانەکەیدا خەریکی پەیدا کردنی تیکەنانێ بوو بۆیان و نەریمانیش لە بەیانیەوە تا ئێوارێیەکی درەنگ بزنەکان و مانگاکەی ئەلەوەڕان لە بناری گۆیژە. بەڵام چارەنووسی وابوو ئەبێ دەستەبەر بێ.

ساڵ وەرگەڕایەوە. شەڕ دوایی هات و وڵاتەکە تا ڕادەیەک کەوتە بووژانەوە. مام ڕۆستەمیش لە خرید و فرۆختدا چاوی کرایەوە. لەگەڵ خەڵکی گەڕەکەکەدا دۆستایەتی و ناسیاوی پەیدا کرد و ئیشەکەی کەوتە ڕوو لە پێشکەوتن. خۆی پیاوێکی دڵپاک و سەر ڕاست بوو، بەشی زۆری دانیشتوانی گەڕەکەکە لەو شتیان ئەکڕی. خانزادیش ئیتر ئەو تەپووشەی جاران گرتبووی نەیمابوو، چاوی کرابوەوە و لەگەڵ دراوسێکانیا دەستی کرد بەهاتووچۆکردن. کاتێ هاوین هات ڕەز و ترێ، مێوژ و دۆشاو هاتەوە بیری، جاروبار لەخەویدا خۆی لەبن دار گوێزەکەدا ئەبینی، یا فەریکە گوێزی ئەشکاند و یان هێشوە ترێی بەدەستەوە ئەگرت. ئەم خولیایە بە جۆرێ کاری تێکرد کە ئیتر نە خەوی ما نە خۆراک. ئاخری، ئێوارەیەک کە مام ڕۆستەم لە دووکانەکەی هاتەوە و، پاش شێوکردن خانزاد سکاڵای خۆی بۆ کرد. بەئاشکرا تێیگەیاند کە ئەم هاوینە ئەیەوێ بچێتە سەر ڕەز و هەروەکو جاران ڕزقەکە کۆ بکاتەوە،. ئەمە بۆ مام ڕۆستەم کەلەبەرێکی ئەخستەوە کە گرتنەوەی زۆر گران بێ. نەختێ مات بوو، لە پاشا وتی:

ئافرەت، منیش وەنەبێ کەم ئارەزوومەندی چوونە گەلاڵە و سەر ڕەز بم. هەموو ڕۆژێکم لێرە بە ساڵێک لێ ئەچێ، بەڵام خوا وای کرد کە لە شوێنی خۆمان پەڕەوازە ببین. ئێستاش، زۆر شکوور، برسی نین و خوا وا لەم شارەدا دەرووی لێ کردووینەوە. جگە لەوەش ڕۆیشتنی تۆ بۆ سەر ڕەز بۆ من ئەبێ بەماڵوێرانی.



کەیبانووی ماڵ تەنیا تۆی. تۆ بڕۆیت کێ پاروە نانێکمان بۆ ئەکات؟ کێ تەماشای بزن و مانگاکە ئەکات؟ خۆت ئەزانی لەبەرهەمی ئەمانە ئێمە ئێستا پارەیەکی باشمان مست ئەکەوێت. خانزاد سەری شۆڕ کرد، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە وتی: باوکی نەریمان بۆچی وا ئەزانی دوورکەوتنەوەم لە نەریمان و لە تۆ بۆ من شتێکی ئاسانە؟ خوا خۆی ئەزانێ مردنم پێ خۆشترە لەوە. بەڵام بەدەستی خۆم نییە، شەوو ڕۆژ ڕەزەکەم لەبیرە.

ئێستا کە بیر لەوە ئەکەمەوە کەوا ترێ خەریکە ئەگا، هەنجیرەکان زەرد بوون و هەموو خەڵکی گەلاڵە کۆچیان کردووە بۆ سەر ڕەزەکانیان، دان بەخۆما ناگرم و زووڕە زووڕ ئەگریم. جگە لەوەش، تۆ چۆن ڕەوا ئەبینی کە پاش ئەو هەموو ئەرک و تێکۆشینە ڕەزەکەمان وێران بێ و بەرەکەی بەخۆڕایی بڕوا؟! هەر چۆنێ بێ ئەمساڵ ئەتوانم لەبایی دووسەد قڕان پتر ڕزقی لێ کۆ بکەمەوە. بۆ ئیش و کاری ناو ماڵی ئێرەش ئەتوانی بنێری بەشوێن پورە مەنیجی خوشکتدا. ئەو خوا لێی نەستێنێ، کچی پێگەیشتوو و بووکیشی هەیە. ئەوان ئەتوانن ماڵەکەیان بە پاک و خاوێنی ڕابگرن و خۆشی با بێت سێ مانگ لێرە لای تۆ بمێنێتەوە.

بەرامبەر بەم گفتە ژیرانەی خانزاد مام ڕۆستەم ئیتر قسەی نەما. بەنیوە دڵی ڕازی بوو بۆ بۆ ناردنی خانزاد بۆ گەلاڵە و هێنانی مەنیجی خوشکی بۆ سولەیمانی. دە ڕۆژی پێ نەچوو پوورە مەنیج گەیشتە سولەیمانی و دوای ئەوەش بە دوو ڕۆژ خانزاد لەگەڵ کاروانێکی شینکایەتیدا، ڕووە و گەلاڵە کەوتە ڕێ. ئەمە یەکەمجار بوو لە مێرد و کوڕە نازدارەکەی جیا ئەبوەوە زۆر دڵ بریندار بوو. تەنیا خۆشیی چوونە سەر ڕەز ئازاری برینەکەی کەم ئەکردەوە. لەم ساڵەوە ئیتر چوونە سەر ڕەز بۆ خانزاد بوو بەدەستوورێک هەتا چووە جێگای حەقی خوی لێی لانەدا.

ساڵەها تێپەڕی، ئاوەدانی کەوتە وڵاتەکەوە، کشتوکاڵ پەرەی سەند، خریدو فروخت زیادی کرد و، تاڵی و ناخۆشی گرانیەکە، کوشتار و کارەساتی شەڕەکە وەکوو خەو، بەڵام خەوێکی پڕ مەترسی، ئەهاتەوە بیر خەڵکەکە. ئیشی مام ڕۆستەمیش هەتا ئەهات بەرەو چاکی ئەڕۆیشت. دووکانێکی گەورەتری گرت و لەڕووی ناسیاوی و خزمایەتیەوە لەگەڵ خەڵکی شینکایەتی هەرچی ڕزقی ئەو

ناوە هەبوو بۆ ئەویان ئەهێنا. جاروباریش سەلەمی تووتن، گوێز و مێوژیشی ئەکرد.

نەریمانی کوڕیشی گەورە بوو بوو، لەتەمەنی هەژدە ساڵیدا ئیتر نەئەلوا کە بزن و مانگا بەرێ بۆ لەوەڕ. جگە لەوەش، دوو مانگای ترو بیست سەرمەڕیشی کڕیبوو، مناڵێکی دراوسێی دۆزیبیەوە و کردی بە شوانی ڕانەکەی. نەریمانیشی هێنا بۆ سەر دوکانەکەی تاکوو هەم یارمەتی بدا و هەم فێری ئیشەکە ببێ. ڕۆژێ لە ڕۆژان، بەر ئاوردێکی ئیش و کار و دەسمایەکەی خۆی کرد. لەگەڵ ئەوەدا کە بە خێزانەوە گوزەرانێکی باشیان هەبوو، دەسمایەیەکی مناسبیشی پێکەوە نابوو. لە دڵی خۆیدا بڕیاری شتێکی دا، بەڵام ویستی لە پێشەوە لەگەڵ خانزادی ژنیشیدا پتر لێی بکۆڵێتەوە. ئێوارێیەک پاش خواردنی شێو خانزادی بانگ کردە لای خۆی و وتی:

ئافرەت، ئەمە چەند ڕۆژێکە شتێکم لە دڵدایە ئەمەوێ بۆتی ئاشکرا بکەم. مودەتێکە لە کار و کاسبی و دەسمایەکەم ورد ئەبمەوە، زۆر سوپاس بۆ یەزدانی گەورە کاسبیەکەمان بەپاش ئەڕوا. جگە لەو ماڵ و ڕزقەی هەمانە لە دووکان و ماڵەوە، هەندێ نەقدینەشم پێکەوە ناوە. بەشی ئەوەمان ئەکات کە ئیتر لە کرێگرتەیی ڕزگار ببین و خانووچکەیەک بۆ خۆمان پێکەوە بنێین. بەڕاستی ئاواتم ئەوەیە کە تا هێزم تیا ماوە خانوویەک پێکەوە بنێم، ژنێکی باشیش بۆ نەریمان بهێنم و بە بیبینی نەوەی ئەویش چاوم ڕوون ببێتەوە. ئیتر نازانم تۆ ئەڵێیت چی؟ خانزاد بەبیستنی ئەم قسەیە وەکوو گوڵ گەشایەوە، چونکە دەمێ بوو لەتەنگ و تەسکی خانوەکە وەڕز بوو بوو، بەدڵ ئەیویست خانوویەکی فراوان و گەورەتر بۆ خۆیان دروست بکەن، حەوشەیەکی وای هەبێ کە بتوانێ چەند درەختێکی تیا بڕوێنێ و کەم و زۆر داخی دووره پەڕی لە سەوزی و خۆش ڕەنگی- گەڵاڵە-ی لە بیر بەرێتەوە. لەمانە لەهەمووی زیاتر بە ژن هێنان بۆ نەریمان دڵی کرایەوە. دەمێ بوو لە خوای ئەویست کە بووکێکی جوان و دەست ڕەنگینی لەماڵدا هەبێ کە هەم کوڕەکەی بەختیار بکات و هەم ببێ بەهاودەم و یارمەتدەری خۆی لە ماڵەکەدا.

جا هەر لەسەر بیستنی ئەم قسەیە لە مام ڕۆستەمی مێردی، کوتوپڕ وەرامی



دایەوە وتی:

باوکی نەریمان: خوا ئەیزانێ وەکوو لەناو دڵما بێ وایە. منیش دەمێکە بیرم لەم دوو شتە کردۆتەوە. جگە لەوەش، خۆت ئەیزانی، هەتا ئێستا هەرگیز سەرپێچیم نەبووە لە وتەی تۆ. پێشینانیش وتویانە: ئیمامی عەلی دەستەبەرە بۆ دوو شت: ژن هێنان و خانوو دروست کردن. ناوی خوای لێ بهێنە و لە سبەینێوە لە خانوەکە تێ هەڵچۆ. بۆ نەریمانیش لە دواییدا بزانین چارەنووس چۆن ئەبێ.

ڕۆژی ئایندە مام ڕۆستەم دەستی کرد بەگەڕان بۆ پارچە زەوییەک لەگەڕەکی بازاڕە بچکۆڵە. لەبەر ئەوەی چاوی غوربەتی لەوێ کرابووەوە، ئەم گەڕەکەی بەدڵدا چوو بوو گەلێ دۆست و دراوسێشی لەوێدا پەیدا کرد بوو. لە ڕووی گرانی و شەڕەکەوە زۆر خانوو وێران بوو بوو بێ ژمار کەلاوە هەبوو. زۆری پێ نەچوو بەدڵی خۆی کەلاوەیەکی دۆزییەوە و بە پارەیەکی کەم کڕی. خانزادیش ئەم شوێنەی پەسەند کرد چونکە وەکو خۆی ئەیویست گەورە بوو جۆگەلە ئاوێکیش بەناوەڕاستیا ئەڕۆیشت. هەر ئەو ڕۆژە کەلاوەکەی کڕی و، لەسەر ئامۆژگاری دراوسێکانی چوو بۆ لای وەستا جوامێری بەننا. لەپاش دوو ڕۆژ وەستا جوامێر هات و ڕەنگی بیناکەی ڕشت. خانزاد زۆر بەپەرۆشەوە بوو کە لە خانوە تازەکەیدا چەند چاوگەیەکی زیادی هەبێ بۆ خزم و میوانی کە لە گەڵاڵەوە دێن بۆ لایان، لەگەڵ سەر تەنوورێکی گەورە کە بە ئارەزووی خۆی وەکوو ژنە دراوسێکانی شارستانی نانی پتری لێ بکا. لە سەر خوایشتی ئەو وەستا جوامێر بەو چەشنە ڕەنگی خانوەکەی ڕشت.

مەوسم بەرەو هاوین بوو و ئیشی بیناکەی باش ئەڕۆیشت. پێش پەڵەدان بیناکە سەری گیراو دوای مانگێک گواستیانەوە ناوی.

مام ڕۆستەم، خۆی پیاوێکی دیندار و خێرەومەند بوو. لە گەڕەکەکەدا ناوێکی باشی پەیدا کرد بوو. لەبەر ئەوە دراوسێکان بەدراوسێتی ئەو زۆر خۆشحاڵ بوون. هەتا هەفتەیەک مەنجەڵیان نەنایە سەر ئاگر، چونکە هەر ڕۆژە یەکێک لە دراوسێکان خۆراکی بۆ ئەناردن. لە هەموو کەس زیاتر خانزاد دڵشاد بوو بەم هەوارە تازەیە. خانوەکە بەدڵی خۆی بوو، هەیوانێکی گەورە و هەواگری هەبوو، سەر تەنوورەکەی بەئارەزووی ئەو بوو. هەر یەکەم هەفتە تەنوورەکەی داخست،

پووره خونچەی نانکەر لە نیوە شەوەوە هات و دەستی کرد بە هەویر شێلان و لەگەڵ گزنگی خۆردا کچانی دراوسێ کۆبوونەوە بۆ نانکردنەوە.

خانزاد بە چوار چاو چاوەڕوانی بەهار بوو تاکوو وەکوو هەر لە پێشەوە ئەیویست چەند درەختێکیش بنێژێ و کەپرێکی مێویش بکا لەبەر هەیوانەکەدا.

زستان، بەسەرما و سۆڵە و چلوورەیە، هات و تێپەڕی. سەرەتای بەهار بوو هەندێ گیا، ترشۆکە و بەننۆکە لە کەناری جۆگەلەی ناو حەوشەکەدا سەری دەرهێنابوو. ئەوەندەی پێ نەچوو کوڕان و کچانی گەڕەکەکە دەستیانکرد بە ئامادەیی بۆ جەژنی نەورۆز، هەر ماڵە لەناو تەشت و لەگەن و سوێنەدا هەندێ گەنمیان چەند بۆ سەمەنی دروستکردن. شەوی نەورۆز لە مەیدانی بازاڕە بچکۆڵەدا بوو بەشایی و زەماوەن مەنجەڵی گەورەی سەمەنی خرایە سەر ئاگر. لەهەموو لایەکەوە مەشخەڵ هەڵگیرسا، کوڕان و کچان، بەڕەشبەڵەک دەستیان کرد بەچۆپی و هەڵپەڕکێ و، ژنی قەیرە و پیاوانی گەڕەکەکەش لەلایەکی مەیدانەکەدا کۆ بووبوونەوە و سەیریان ئەکرد. زەماوەنەکە هەتا نیوە شەو خایاندی. ئینجا کاتی دابەشکردنی سەمەنی هات. پووره خەندان،(کە بەتەمەنتری ژنی گەڕەکەکە بوو)، بەملاکێکی گەورە سەمەنیەکەی دابەشی و هەموو لایەک بەخۆشی و دڵشادی گەڕانەوە ماڵی خۆیان و ئاواتەخوازی ساڵێکی نوێی پڕ لە دڵشادی و بەختیاری بوون.

بەڕێکەوت، ئەم جەژنی نەورۆزە لە ئەنجامدا بوو بە دوو جەژن بۆ خێزانی مام ڕۆستەم. لەکاتی هەڵپەڕکێدا، نەریمان کە لە هەرەتی جۆشی لاویدا بوو هاودەستی کچێک وەستا. کچێک، کەڵەگەت، چاو و ئەگریجە ڕەش و، پێست سپی. هێشتا لەتەمەنی پانزە ساڵیدا بوو، بەڵام باڵای بەرزی گەورە تری پیشان ئەدا. هەروەکو لەم چەشنە هەڵپەڕکێیانەدا باوە، کوڕو کچ دەستی یەکتر ئەگرن یان ئەچنە ژێر باڵی یەکتر، بەڵام گفتوگۆ نابێ لە بەینیاندا. نەریمان و ئەم کچەش بەو جۆرە. ئەو شەوە دووجار دەستی یەکتریان گرت بەڵام لێویان نەکرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا فریشتەی دڵداری کاری خۆی کردبوو لە دڵی نەریماندا. ڕۆژی دوایی، پاش ئەوەی باوکی ڕۆیشت بۆ دوکان نەریمان چووە لای دایکی، بە ڕوویەکی هەڵبزڕکاو و بەشەرمەوە بە دایکی وت:



– دایەگیان: شتێک هەیە لە دڵمدا نازانم ئەتوانم لێت بپرسم؟

خانزاد، هەروەکو هەموو دایکێکی دڵسۆز تەماشای ڕەنگی هەڵبزڕکاوی نەریمانی کرد، بەپەرۆشەوە وتی:

– کوڕی شیرینم: چی لە دڵتایە بیڵێ، من دایکتم و نابێ هیچم لێ بشاریتەوە.

نەریمان، نەختێ بەترس و پتر بەشەرمەوە وتی:

– دایە گیان! دوێنێ شەو ئاگات لێ بوو کە بە هەڵکەوت دووجار لەگەڵ کچێکدا هەڵپەڕیم. خۆ ئەزانی هیچ گفتوگۆیەک نەبوو لە میانەماندا، بەڵام ئەم کچەم زۆر بە دڵاچوو. نازانم تۆ ئەیناسیت؟ دایکی بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: چۆنی ناناسم؟ ئەوە گوڵنازی کچی وەستا زۆرابی شیرگەری دراوسێمانە. هەموو جارێ دێت نانمان لەگەڵ ئەکاتەوە. دراوسێیەکی زۆر باشن. بەڵام تۆ لەم پرسیارە نیازت چییە؟ ئەگەر بەڕاستی پەسەندت کردووە پێم بڵێ تاکو لەگەڵ باوکتا بیرێکی لێ بکەینەوە.

نەریمان ئیتر تەپووش بەری دا، وەلێ شەرمنیی هەرزەکاری هەر وازی لێ نەهێنابوو. لەبەر ئەوە لەژێر لێوەوە وتی:

بۆ پەسەندی بلێیت پەسەندم کردووە، بەڵام دوا قسە هی تۆ و باوکمە. ئێوە چی بەچاک بزانن لای منیش باشە. ئەمەی وت و پێڵاوەکەی لە پێ کرد و وتی:

– ئینجا با بچم بۆ لای باوکم نەکوو ئیشێکی پێم هەبێ.

پاش ڕۆیشتنی نەریمان، خانزادی دایکی سەر لەنوێ کەوتە بیرکردنەوە لەم کارە کە دەمێ بوو لە خەیاڵیدا بوو. نەریمان تاقانە بوو، ئەمە خوایشتی خوا بوو لای ئەو. دڵ وای لا خۆش بوو کە، هیچ نەبێ، هەتا هێز و هۆشی ماوە نەوەی ئەویش ببینێ و خانەوادەکەیان کوێر نەبێتەوە. چ خۆی و چ ڕۆستەمی مێردی لەمەدا هاوبیر بوون. لەسەر ڕەوشتی دێکانی، نەیان ئەویست کە ژنهێنانی کوڕیان دوا بکەوێت، هەر ئەو شەوە ئەم باسەی لەگەڵ مێردەکەیدا کردەوە. مام ڕۆستەمیش لەو کەمتر خواهشگر نەبوو. بە تایبەتی وەستا زۆراب دۆستێکی نزیکی بوو، زۆرجار پێکەوە ئەچوون بۆ مزگەوت بۆ نوێژ کردن. هەندێ جاریش بەشەو بەجووتە ئەچوونە چاخانە بچکۆلەکەی گەڕەکەکەی خۆیان و لەوێ چایەکی خەست

و خۆڵیان ئەخواردەوە و گوێیان ئەگرت لە داستانی ڕۆستەمی زاڵ یان ئەسکەندەر. ئێستا بەم کچ خواستنە، پەیوەندی و دۆستایەتیان بێگومان گەلێ بەهێزتر ئەبێ. بەبێ دوو دڵی ڕووی کردە خانزاد:

– دایکی نەریمان! کاری خێر هەتا زووتر بێ چاکترە. نەریمان لەماڵی وەستا زۆراب خەزوورانی باشتر نادۆزێتەوە. خۆشی گوڵنازی پەسەند کردووە. لە سبەینێ زووتر نییە بچۆ بۆ ماڵی مام زۆراب و دەم و دووی دایکی گوڵناز تاقی بکەرەوە.

*بەشی دووەم*

### ژن هێنانی نەریمان

چێشتەنگاوی ڕۆژی ئایندە باجی خانزاد سەرپۆشێکی دا بەسەریدا و چوو بۆ ماڵی وەستا زۆراب. شیرینی وەستا ژن لەبەر هەیوانەکەیاندا دانیشتبوو، لەسەرخۆ تەشی ئەڕست. گوڵنازیش خەریکی پاکیژی ناوماڵ بوو.

شیرین کە خانزادی بینی ڕیسەکەی خستە لاوە و بەرەو پیری چوو. هەر چەندە زۆرجار بێدەنگ و پرس ئەچوونە لای یەکتر، بەڵام کەمتر ڕێکەوتبوو کە لە چێشتەنگاودا ئاموشۆ بکەن، چونکە ئەمە کاتی ئیش و کاری ناو ماڵ بوو. بە ڕوویەکی خۆشەوە شیرین بەخێرهاتنی میوانەکەی کرد و پارچەیەک بەڕەی لای خۆیەوە بۆ ڕاخست و وتی:

یاخوا بەخێربێیت. فەرموو دانیشە.

گوڵناز خەریکی ناوماڵ پاک کردنەوەیە. منیش لەبەر بێ ئیشی دەستم کرد بەنەختێ ڕستن، بەشکو بۆ زستان چەند جووت گۆرەوییەکی خوری بۆ سامان و باوکی بچنم. خانزاد دانیشت، تەماشایەکی ڕیسەکەی شیرینی کرد وتی:

– ئەگەر بۆت تەواو نەکرا منیش یارمەتیت ئەدەم. بەڵام ئەزانم تۆ ژنێکی دەست و پەنجە ڕەنگینیت. پەکت ناکەوێ لەسەر من. بێگومان گوڵنازیش وەکو تۆ وایە لەم ئیشانەدا.

وەکوو هەموو دایکێ کە ستایشی مناڵی خۆی لا خۆشە شیرین بەم قسەیە بەڕووی گەشایەوە و بەپێکەنینەوە وتی:



– گوڵناز هەر لەمناڵییەوە خووی دابوە ڕستن، چنین و دروومان. هەندێ جار گاڵتە بە چنینی من ئەکات چونکە ئەو ئەزانێ گۆرەوی و کڵاو بەنەخشەوە بچنێ و من نایزانم. ئێستاش خەریکی فێر بوونی چێشت لێنانە. بەڕاستی لەماڵەکەدا ئەوم پێوە نەبێ پەرێشان ئەبم. بۆ خانزاد ئەم قسەیە هەلێکی باش بوو کە ئەو ئیشەی بۆی هاتبوو باسەکەی بکاتەوە و وتی:

– خوشکە شیرین: خوا لێت نەسێنێ گوڵناز کچێکە پڕ بەپێستی خۆی زێڕ دێنێ و بچێتە هەر ماڵێکەوە ئاوەدانی ئەکاتەوە. خوا بکا تووشی بەختێکی باش ببێ. بەدڵی خۆتان. باجی شیرین لەوەرامدا وتی:

– شووکردن چارەنووسە. بەڵام من هیچ بیرم لەمە نەکردۆتەوە، چونکە گوڵناز هێشتا منالە، تازە پانزەی تەواو کردوە. تۆ تەماشای بەژنی مەکە. هەر خۆی باڵای بەرزە. خانزاد ویستی ئیشەکە بەکورتی ببڕێنێتەوە و وتی:

– خوشکە شیرین: ڕاستت ئەوێ، من بەم بەیانییە زووە بۆیە هاتووم کە خوازبێنی گوڵنازت لێ بکەم بۆ نەریمان. ئێمە ئەمە چەند ساڵە دراوسێین و شارەزای یەکتر بووین. زۆر بیرم کردۆتەوە، هەرگیز بووکێکی لە گوڵناز باشتر نادۆزمەوە و نەخزمی لە ئێوە باشترمان مست ئەکەوێت. نەریمانیش خۆت باش ئەیناسی، هەر چەندە هێشتا هەرزەکارە و ڕەنگە بەتەواوی فامی نەکردبێتەوە، بەڵام کوڕێکی لەسەرخۆ و هێمنە. چاوی لەدەرەوە نییە. تەنیا ڕەزامەندی کردگار و باوکی لەلا پێویستە. ئەگەر بیکەن بەکوڕی خۆتان، خوا یار بێ، هەرگیز پەشیمانی لەدوا نابێ.

باجی شیرین نەختێ مات بوو. بەڕاستی بەبیریدا نەئەهات وا زوو بەزوو داواکاری گوڵنازی کچی بێتە پێشەوە. لەدوای نەختێ بیرکردنەوە وتی:

–دۆست و دراوسێی وەکوو ئێوە بەدەگمەن هەڵئەکەوێت. هەمووتان ئەنێینە سەر سەرمان. بەڵام من هێشتا گوڵناز بەمناڵ ئەزانم بۆ شووکردن. سەرەڕای ئەمەش بۆ شتێکی وا بەگرەنگ ئەبێ باوکی بڕیار بدا. نازانم کچەکە، خۆشی، بیری چییە؟ ئایا خوایشتی هەیە یا نەء؟

خانزاد وتی: بێگومان لەپێشەوە بەڵێنی باوکی پێویستە. بەڵام هیچ بڕوا ناکەم وەستا زۆراب لەمەدا دوو دڵی پیشان بدا. ئەمێنێتەوە سەر گوڵناز. ئەو بۆ

من وەکوو کچێکی خۆشەویستم وایە. نەریمانیش، نەڵێم کوڕی خۆمە، لاوێکی باشەو ئەوە دێنێ کە بیکەن بە کوڕی خۆتان.

باجی شیرین وا دیار بوو کە دڵی نەرم بوو بوو. بەڵام، دیسانەوە، وتی:

– ئەوەی تۆ ئەیفەرموویت ڕاستە. وەلێ هەتا باوکی منداڵەکان نەیەتەوە و لەم بابەتەوە گفتوگۆی لە تەکا نەکەم ناتوانم هیچ بەڵێنێکت بدەمێ.

دوای ئەمە، خانزاد سەرپۆشەکەی دا بەسەریدا و ماڵ ئاوایی لەوەستا ژن کرد و وتی:

– من لە پاش دوو ڕۆژی تر سەرتان لێ ئەدەمەوە، ئەوسا ئیشاڵڵا مژدەی تەواوتان لێ وەرئەگرم.

ئەو ئێوارەیە مام ڕۆستەم و خانزادی ژنی، پاش شێوکردن، دووبارە باسەکەیان کردەوە و خانزاد ئەنجامی گفتوگۆکەی بەیانی بۆ گێڕایەوە وتی:

– من لام وایە ئەم ئیشە، پشت بەخوا، بەم زوانە پێک دێت و ساڵ تێ وەرناگەڕێتەوە نەوەی نەریمان لەباوەشماندا ئەبێ. مام ڕۆستەم، بە زەردەخەنەیەکی بەختیارانەوە وتی:

ئەوسا تۆش ئەبی بە نەنک و منیش ئەبم بە باپیر!.

خانزاد، لەوەرامدا، وتی:

– ها نامە دەمت! لەوە خۆشتر چی هەیە ئینجا ؟

بۆ خانەوایەکی دێکانی کە نەوەی زۆر بەبناغەی ژیانی ئەزانێ ژن هێنان بۆ کوڕی، خۆ ئەگەر کوڕەکەشی تاقانە بێت یەکێکە لەو جەژنانە کە لە بیر نەچێتەوە.

ئێستاکە مام ڕۆستەم و ژنەکەی یەکەم هەنگاویان هاویشتبوو بۆ ژن هێنان بۆ نەریمان، هەموو بیر و هۆشی ئەم چەند ڕۆژەیان بریتی بوو لەمە: چۆن شەکراوی بخۆنەوە؟ کێ بانگ بکەن؟ شایی و زەماوەندێکی چۆنی بۆ بگێڕن؟ ژووری زاوایێتی چۆن بڕازێتەوە بۆ نەریمان؟ لەسەر دەستووری پێشینان، خانزادی دایکی زاوا کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ شیرینی دایکی دەسگیران.

ئەم گفتوگۆیە پتر پەیوەندی هەبوو بە مارەیی و جیازی و خشڵەوە. لەپاش



چەند کۆبوونەوەیەک ڕێککەوتن لەسەر هەموو شتێک. مارەییەکەی بیست لیرەی ئاڵتون ئەبێ، سێ قات جلی تەواو، بەکەوا، کراس و ئاوەڵ کراس و سوخمەوە. دوو مشکی، چەفتەیەکی سوورمە، دوو کۆڵوانەی ئاوریشم، لەسەر خشڵ کەمێک ناکۆکییان بوو. پوورە خانزاد بەهۆشێکی سادەیی دێهاتیەوە زۆر لایەنگیری ئەوە نەبوو کە بۆ چەند پارچە زێڕێ پارەیەکی زۆر لەدەست بدەن. لەسەرێکی تریشەوە باجی شیرین بەڕەوشت و ڕەفتاری شارستانی ڕاهاتبوو، کچانێکی دەرو و دراوسێ کە شوویان کردبوو ئەیکردن بەنموونە. ئەمانە هەر یەکێکیان، بەپێی دەرامەتی ماڵی زاوا، چەند پارچەیەک خشڵی بۆ کرابوو. ئاخرێکەی هەردوو لا ڕێکەوتن لەسەر جووتێ گوارە، دوو بازن و کرمەکێکی زێڕ لەگەڵ هەیاسەیەکی زیو.

خانزاد بە ساویلکەیی خۆیەوە وتی بە شیرین:

– ماڵی دنیا هیچ نییە، دەروو دەروونی پاک و خۆشی و خاوێنی دڵ مایەی ئاوەدانی ماڵە. من کە شووم کرد بە مام ڕۆستەم لە گەلاڵە، باوکم لە شیربابییەکی کەم بەولاوە داوای هیچی لێ نەکرد. دوو کراس و کۆڵوانەیەکی شین بەولاوە هیچم بۆ نەکرا. خۆ کە هاتینە شاری سولەیمانیش هەر خوا ئەزانێ لە چ تەنگانەیەکدا بووین. لەگەڵ ئەوەشدا یەزدانی میهرەبان دەرگای خێری لێ کردینەوە. زۆر سوپاس بۆ خواوەندی مەزن. ئێستا لە ویستەمەنی خۆمان پتر خوا پێی بەخشیوین. خۆشت ئەزانی لەو تەنیا کوڕە بەولاوە کەسمان نییە. ئەوی هەبێ و نەبێ، هەمووی هەر بۆ نەریمان و گوڵنازە. خوا بەختیاریان بکاو پێیان ڕەوا ببینێ.

بەم جۆرە گفتوگۆی جیازی و خشڵ بڕایەوە لەناویاندا. ڕێکخستنی شەکراو خواردنەوە و مارەبڕینیشیان خستە دەستی مێردەکانیانەوە.

ئێوارێ، پاش نانی شێوان، خانزاد دوور و درێژ ئیشەکەی لە مام ڕۆستەمی مێردی گەیاند و پێی وت کە هەر لە ئێستاوە خەریک بێ بۆ خشڵ بەدروستکردن و ڕێکخستنی ژووری زاوایی بۆ نەریمان. جل و بەرگ و جیازی کاری پوورە خانزاد بوو کە لەگەڵ چەند ژنە دراوسێیەکی شارەزادا پێکی بهێنن.

کاتێ خانوەکەیان دروستکرد، ژوورێکیان بەتایبەتی تەرخان کردبوو بۆ

نەریمان. ئەمە کەلەگیەک بوو لەدەستی ڕاستی هەیوانەکەوە. سێ پەنجەرەی بەسەر حەوشەکەدا هەبوو. شووشەکانی ڕەنگاو ڕەنگ بوو. لە ناویشەوە گەنجینەیەکی بچووک هەبوو لەسەر کەلەگیەکە. تەنیا پەنجەرەیەکی هەبوو کە تاریکی ژوورەکەی نەختێک کەم ئەکردەوە. لەسەر وێنەی کۆن تاق و ڕەفەی تیا بوو. لەوساوە کە هاتبووە شار، مام ڕۆستەم ئاشنایی پەیدا کردبوو لەگەڵ گەلێ بنەماڵەی ناو شار و هاتوچۆی ئەکردن. لەبەر ئەوە بیرێکی پەیدا کردبوو کە چۆن ژووری زاوایی تاقانەکەی بڕازێنێتەوە.

بۆ سبەینێ لەگەڵ دۆستێکی شارەزایدا چوو بۆ ناو بازاڕ. بڕیاری خۆی دابوو کە چی بکڕێت.

جووتێ لبادی سفتی نەخشێنراو کە وەکوو لاکێش بەکار بهێنرێ لەگەڵ بەڕەیەکی جوان چنراوی بیجاڕ بۆ میان فەرش. نوێن و پێخەوتی بۆ پوورە خانزادی ژنی دانابوو کە پێکیبهێنێ. هەر ئەو ڕۆژە ئەمانەی کڕی و ناردنیەوە بۆ ماڵەوە. لەماڵی یەکێک لە دۆستەکانی جووتێک یەغدانی جوانی دیبوو لەگەڵ هەندێ تاقپۆشی گوڵنکەدار. ڕووی کردە مام هۆمەری دۆستی و وتی: وا ئەمانەمان کڕی. من تاقە نەریمانم هەیە و هەموو ڕۆژێ شایی لۆغانم نابێ. ئەگەر ئەتوانی با بچین بۆ گوزەری ئۆتراخچیەکان. هەندێ شتی ترم پێویستە بەشکو بیکڕین. ئینجا بەجووتە ڕوویان کردە گوزەری ئۆتراخچیەکان، لەم دوکانەوە چوون بۆ ئەو دوکان هەتا ئەوەی پێویستی بوو کڕی و ئەوانەشی ناردەوە ماڵێ.

لەگەڵ ئەوەدا کە لەچوار سەعات پتر بوو بێ وچان ئەسووڕایەوە، مام ڕۆستەم هەتا ئەهات گوڕی زیاتر ئەبوو چونکە ئەم ڕۆژە ڕۆژی هەرە بەختیاری ئەو بوو. تاقانەکەی بەتەمەنی پیاوی ڕەخسیبوو. وا ژنی بۆ ئەهێنێ و خوا یاربێ پێش ئەوەی لەژێر خاکی ڕەشدا چاو لێک بنێ بە بینینی نەوەی نەریمان دڵشاد ئەبێ. ئەگەر مام هۆمەر نەیهێنایەوە بیری کە هەنگامی نوێژی نیوەڕۆ هاتووە، لەوانە بوو هەتا ئێوارێ بەبازاڕدا خول بخوا.

بەپەلە، بەجووتە، ڕۆیشتن بۆ مزگەوتێکی نزیک، دەسنوێژیان شت و تێکەڵاو بەگەلێ نوێژکەران بوون. لەپاش تەواو بوونی نوێژ هەریەکەیان گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی و ئەو پاروە نانەی بەقسمەت بوو خواردی. خانزادی ژنیشی لە سەرێکی



ترەوە خەریکی ڕێک خستنی ژوورەکە بوو. لە خۆشی و شادیدا پێی زەوی نەئەگرت، بڕوای بەچاوی خۆی نەئەکرد کە ئەم ماڵ و بەڕەیە هی ئەوان بێ. وەکوو دوێنێ بێ لە بیری بوو کە ساڵەها لەوەپێش چۆن بەهەژاری، بەناهومێدی و، لە ترسی برسێتی و بێ دەرامەتی دێی گەلاڵەیان بەجێ هێشت و بەرەو شاری سولەیمانی شاخ و دۆڵیان بڕی: شارێک کە نەناسیاوێک نەخزمێکی تیا نەبوو! هەر چەند بەدرێژایی ڕێگا مام ڕۆستەم تێی ئەگەیان کە گەلاڵە و سولەیمانی بۆ ئەوان هیچ جیاوازییەکی نییە، هەردووکیان لەناو جەرگەی کوردستاندان و لەهەر لایەکی وڵاتەکەدا بن هەر لەناو خزم و خوێشان، بەڵام دڵدانەوەیە بۆ خانزاد دادێکی نەبوو.

خانزاد وەکوو مەلێکی ئازاد و یان گیانلەبەرێکی هۆگر تەنیا لەناو گرد و چیا و ڕەزەکانی گەلاڵەدا چاوی کردبوەوە و لەوێدا ژیابوو. بۆ ئەو سنووری گەلاڵە یان شینکایەتی ئەوپەڕی سنووری جیهان بوو. وەلێ ئێستاش پاش ئەم هەموو ساڵە و دوای ئەوەی خوا دەرووی خێری لێ کردنەوە، بڕوای هێنا بەڕاستیی قسەی مێردەکەی. ئێستا وا خاوەن ماڵی خۆیەتی.

نەریمانی کوڕی پێگەییوە و چۆتە ڕیزی پیاوان. مانگ تێ وەرناگەڕێتەوە بووکی بۆ ئەگوێزنەوە و ئەویش لە بەروبوومیانا ئەحەسێتەوە.

مام ڕۆستەم لەگەڵ ئەوەدا ئەم چەند ساڵە دوور و درێژەی لە سولەیمانی ڕابواردبوو لە ژیانی دێهاتی دوور کەوتبوەوە، دیسان ڕەوشت و ڕەفتاری کۆنی خۆی تێک نەدابوو. هەروەکو جاران ڕانک و چۆغەیەکی مەرەزی سپاتی لەبەر ئەکرد. لە ژێریشەوە کلۆنجەیەکی قۆڵدار. پێڵاوەکەی یا کلاشێکی بەڕیسی پەموو چنراو و یان کالەیەکی شەمامەبەند بوو. بەزستان، ئەگەر سەرماکەی سەخت بوایە، لەسەر چۆغەکەیەوە پەستەکێکی سووریشی لەبەر ئەکرد و پووزەوانەیەکی خوریشی لە پێ ئەکرد. شەدەیەکی مۆری ئەبەست بەسەرەوە و هەفتەی جارێ یان بە دە ڕۆژ جارێ سەری بە گوێزان ئەتاشی و ڕیشە ماش و برنجەکەشی قەڵەم ئەکرد خۆی وەکوو هەموو دانیشتوانی شینکایەتی، سنگێکی پان، بەژنێکی نەکورت و نەدرێژ و لەشێکی تێکسمڕاوی هەبوو. ڕووی نەختێ درێژکۆلە و دوو چاوی کاڵ و تیژی هەبوو، دەستی بەهۆی بەکارهێنانی بێڵ و

هەوجارەوە پان و ئێسکەکەی سەخت بوو، چەناگەیەکی پان و ڕێکی هەیە. کورتیەکەی، تێکڕا تەماشای بکەیت پیاوێکی دیمەن جوان و ڕێک بوو. خانزادی ژنی لەو نەختێ کەڵەگەتتر بوو و پێستیشی سپیواش تر بوو. چاوی لە کاڵ بەولاوە زەردباو بوو. هەروەکو ژنی هەموو وڵاتێ لە پاراستنی ڕەوشتی جارانی خۆیدا لە مێردەکەی بەپەرۆشتر بوو. ساڵەهای پێ چوو هەتا دۆست و دراوسێ پێڵاوەکەیان پێ گۆڕی بەپانی بەرز. هەتا پیرێتی لێی دیاری نەدا گێل گێلەکەی لانەبرد!

بەڵام نەریمانی کوڕیان ئاو و هەوای شارستانێتی کاری تێکردبوو، چونکە هەر لەناو شاردا فامی کردبووەوە وهاوەڵ و برادەرەکانی هەموو شارستانی بوون. ئەویش، وەکوو کوڕگەلی گەڕەک، کەوایەکی درێژ و سەڵتەیەکی چۆغەی ئەپۆشی. فەقیانەی گەورەی لێ بەر ئەدایەوە و جووتێ کەوشی سووری بەنازەوە لەپێ ئەکرد. بەڵام باوکی، بۆ ئەوەی پەیوەستی خۆی لەگەڵ دێکەیدا نەبڕێ، هەموو ساڵێک بۆ مانگێک لەگەڵ دایکیدا ئەینارد بۆ گەلاڵە، لەم سەردانە ساڵانەدا نەریمان ئەبوو بەلاوێکی تر. بەر لەهەموو شتێک بەرگی شاری لائەبرد، ڕانک و چۆغەیەکی مەرەزی لەبەر ئەکرد، جووتێ کڵاشی لەپێ ئەکرد و سواری ئەسپێک ئەبوو بەرەو چیا. ئەم سەردانە بۆ ئەو نەک تەنیا سەیرانێ بێ، درێژە پێدانێ بوو بەرەگ و بنچینەکەشی. لەکانگەی دڵیەوە ئەیزانی کە ئەم هەر ڕۆڵەی چیایە. لەگەڵ خۆیا پەیمانی بەست کە ئەم پەیوەندییە هەرگیز نەپچڕێنێ.

### زەماوەند

١- شەکراو خواردنەوە و مارە بڕین

ڕۆژەها تێپەڕی و بەرەبەرە کاتی ئامادەبوون بۆ شایی و زەماوەند بۆ بنەماڵەی بووک و زاوا نزیک بوەوە. پاش لێکدانەوەیەکی دوور و درێژ لەگەڵ ژنەکەیدا، مام ڕۆستەم بڕیاری دا کە شەو بچێ بۆ لای وەستا زۆراب و کاروباری شەکراو خواردنەوە و مارەبڕینی گوڵنازی لەگەڵ ببڕێتەوە. لەپاش شێوی ئێوارێ پێکەوە لەگەڵ خانزاد چوون بۆ ماڵی وەستا زۆراب. خانزاد بەجیا لای شیرینی وەستاژن دانیشت، مام ڕۆستەم و وەستا زۆرابیش بەجووتە لەسەر سەکۆکە دانیشتن. زۆری پێ نەچوو مام ڕۆستەم باسەکەی کردەوە و پێی وت:



وەستا زۆراب: تۆش وەکوو من ئەیزانی کەکاری خێر هەتا زووتر بێتە دی چاکترە. خێزانەکانمان ئەوەی بۆ ئەم ئیشە پێویست بێ بەجێیان هێناوە. ئێستا ماوەتە سەر ئەوە کە ناوی خوای لێ بهێنین، شەکراو بخورێتەوە و مارەش ببڕێ. وەستا زۆراب، بەنەختێ شەرمەوە، وتی: من هەر لە پێشەوە پێم ڕاگەیاندی کە گوڵناز کچی خۆتە و هەموو یەک ماڵین. خۆت چۆنی بەباش ئەزانی با وابێ و خوا پیرۆزی کا. دوای ئەوە کەوتنە باسی شەکراو خواردنەوە: کەی بکرێ و کێ بانگ بکرێ و کێ مارەی ببڕێ؟. لەسەر ئەمانەش ڕێکەوتن بەیانی ڕۆژی هەینی شەکراو بخورێتەوە. دەر و دراوسێ و دۆستانی هەردوولا بانگ بکرێن و مەلا بایزی ئیمامی مزگەوتی گەورە مارەی ببڕێ. پاش دوو هەفتەی تریش خوا یاربێ بووک بگوێزرێتەوە.

چێشتانگاوی ڕۆژی هەینی ماڵی وەستا زۆراب وەکوو شارە هەنگ ورووژا بوو. لاوانی دەر و دراوسێ کە هاوەڵی نەریمان بوون، هەموو لەوێ کۆبووبوونەوە بۆ یارمەتی هەر یەکێکیان ئیشێکی گرتبووە دەست. یەکێ شەکراوی دروست ئەکرد، یەکێ پەرداخی ئەشت، هەندێکیشیان ناوماڵیان ڕێک ئەخست و دۆشەک و باڵێنیان ڕائەخست. لەپاش دەمێک میوان دەستی کرد بەهاتن. ئەوەندەی پێ نەچوو مامۆستا بایزیش بە مێزەرە سپیەکەی و ڕیشی قەڵەم کراویەوە و بە جبە قەستوورەکەیەوە کە بۆ ئەم چەشنە هەلانە لەبەری ئەکرد کردی بەماڵا و لە ژووری میوان لەلای سەرەوە دانیشت. لەپاش چاکو خۆشی کردن و چەند سەبیل کێشانێک مامۆستا بایز ڕووی کردە وەستا زۆراب و وتی:

وەستا زۆراب: ئێمە لەگەڵ ئەم دۆست و برادەرانەدا هاتووین بۆ لات بۆ بڕینەوەی کارێکی خێر کە یەزدانی پاک و پێغەمبەری پایە بڵند پیرۆزی کردووە، هاتووین کە ئەو گوڵەی لەباخەکەتانایە بیدەن بە نەریمانی کوڕی مام ڕۆستەم. خۆشت ئەزانی کە نەریمان لاوێکە کە هەموو کەس بەدڵ ئەیەوێ بیکا بەکوڕی خۆی. وەستا زۆراب نەختێ مات بوو، شەرم گرتبووی چونکە ئەمە یەکەمجار بوو کچێکی بدا بەشوو. لەپاش نەختێک، بەدەنگێکی پەست، وتی:

ئەوەی دۆستان بەباشی بزانن لای منیش باشە. خوا پیرۆزی بکا. ئنجا پیرۆتی دراوسێیان، کە هاوەڵێکی زۆر تێکەڵی نەریمان بوو، هەڵسا و دەستی

وەستا زۆرابی ماچ کرد. دوای ئەوە مامۆستا بایز پرسی کە کێ دەمڕاستی بووکە و کێ دەمڕاستی زاوایە و گەواهەکان کێن؟ وەستا زۆراب دەمڕاستی کچەکەی بوو مام ڕۆستەمیش هی کوڕەکەی. دوانیش لە دۆستانی هەردوو لا بوون بەگەواهی مارەبڕی، ئینجا مامۆستا بایزیش لەسەر ئاینی ئیسلام و مەزهەبی شافعی مارەی نەریمان و گوڵنازی بڕی. پاش ئەوە پەرداخە شەکراو خورایەوە و لەبەر دەمی هەریەک لەمیوانەکاندا کەللەیەک شەکر دانرا. دوای ئەوە مامۆستا بایز فاتحەی خوێند و لەگەڵ میوانەکاندا پیرۆزبایی هەردوو لایان کرد و ماڵئاواییان خواست لێیان. بەم چەشنە نەریتی مارە بڕین دوایی هات.

## گواستنەوەی بووک

زۆر تێنەپەڕیبوو بەسەر مارەبڕینا کە کێچ کەوتە کەوڵی نەریمان، ئەیویست ڕۆژێ زووتر بووکەکەی بگوێزێتەوە. جیازی دەمێ بوو تەواو کرابوو. ژووری زاوایەتیش هیچ کەم و کورتییەکی نەبوو. تەنانەت جاجم و پۆپەشمین و بەرماڵی تازە و ڕەنگا و ڕەنگیش چنرابووەوە لە ژوورەکەدا بەستەک کرابوون. تەنیا ئەوە مابوو کە گوڵناز بەشۆخ و شەنگی و سەر بەتاراوە بگوێزرێتەوە بۆ ماڵی زاوا.

جێبەجێ کردنی ئەمەش ئەوەندە دیشوار نەبوو. پێشینان وتویانە «کاری خێر تا زووتر بێتە دی چاکترە» خانزاد بڕیاری خۆی دا. شەوێک باسەکەی کردەوە لەگەڵ مام ڕۆستەمدا و بە جووتە چوونە لای وەستا زۆراب و وەستا ژن تاکوو قسە بکەن لەگەڵیانا و ڕۆژێک ناو بنێن بۆ شایی و گواستنەوە.

لەپاش خۆشی و بێش باسەکەیان کردەوە. گشتیان لەسەر ئەوە یەکیان گرت کە دوای دوو هەفتەی تر، ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەموو، گوڵناز بگوێزرێتەوە.

هەتا ڕۆژی گواستنەوە نزیک ئەبووەوە لە ماڵی خەزووران و باواندا کاروباری زەماوەند گەرمتر ئەبوو. شیرینی دایکی بووکێ ژنێکی وریا و کار ئازموودە بوو. هەر لە پێشەوە خزمان و ژنانی گەڕەکەکەی بانگ کردبوو بۆ شاییەکە. شەوێک لەوەبەر هەندێ لە ژنە خزمان و دۆستە نزیکەکان لە ماڵی وەستا زۆراب مانەوە. ئەمە شەوی(خەنەبەنان) بوو. ئەم ژنانە ئەو شەوە تا بەرەبەیان خەریکی ڕازاننەوەی بووک و ئامادەکردنی جیازی بوون. پاش ڕۆژهەڵاتیش کەوتنە ڕێک خستنی ناوماڵ و چێشت لێنان بۆ میوانەکان. لە چێشتنگاوێکی گەرمدا



بەکۆمەڵ بووکیان برد بۆ حەمام. بەزمی ناو حەمامەکە لە بەزمی ماڵەوە کەمتر نەبوو. کاسەی خەنە و وسمە دەستا و دەستی ئەکرد و دەست و پێیان پێ ئەنەخشان. شەوێ لەوەبەر سەر لە خەنە گیرابوو. ئەم خۆ ڕازاننەوەیە تا دەمی نیوەڕۆ خایاندی. ئینجا هەموو لایەک گەڕانەوە ماڵی بووک و، لەوێ، لەگەڵ میوانەکانی تردا نانی نیوەڕۆیان خوارد. لەناو ئەم بەزم و زەماوەندەدا گوڵناز، وەک خونچەیەکی تازەپشکوتوو، جاروبار بەڕاست و چەپدا لار ئەبووەوە و بەنیم نیگاهێ تەماشای قەڵەباڵغەکەی ئەکرد. زۆر چاک ئەیزانی کە ئەمڕۆ یەکەم هەنگاو ئەهاوێژێ لە ڕێگایەکی دوور و درێژدا کە خوداوەندی یەکتا نەبێ کەس نازانێ دوا هەنگاوی چی ئەبێ. بەڵام لە ڕۆژێکی وا خوڕڕەمی و بەختیاریدا زۆر ماوەی ئەوەی نەبوو کە بەقووڵی بیر بکاتەوە لە دوا ڕۆژی. ئەی کورد نەیوتووە «نان ئەو نانە ئەمڕۆ لەخوانە» ؟ وەکوو هەموو کچێکی ئەوسای کوردەواری، گوڵنازیش بیر و هۆشی بەند بوو بەم ڕۆژەوە کە دەرگای ژیانێکی تازەی بۆ ئەکرێتەوە. ئەبێ بەخاوەن ماڵ و مناڵ لەژێر سێبەری نەریمانی مێردیدا بەخۆشی و دڵشادی ئەژی. بەڵێ! بۆ ئەو، بۆ ئەو گوڵە تازە پشکووتووە، بیری هەرە گرنگ ژیانە تازەکەی بوو. لە کچێکی تازە پێگەیشتووەوە ئەبێ بەبووکێکی تازە ماڵ. کێ چوزانێ؟ ئەشێ لەپاش چەند ساڵێکی کەم خۆی ببێ بەکەیبانووی هەواری نوێی، دوای ساڵەها ڕۆژێ لە ڕۆژان، ئەویش ژن بهێنێ بۆ کوڕەکەی و یان کچەکەی بدا بەشوو نەوەیەکی گەورە لەم بنەماڵە بچووکەوە بڵاو بێتەوە. بەڵام ئەم خەیاڵانە هەمووی پەردەی ئەستووری ئایندە بەری گرتبوو. ئەوەی بەڕۆشنی لەبەر چاویدا دیار بوو ئەوە بوو کە ئەو پاش نیوەڕۆیە ئەو تازە بووکە، بەخۆشی و زەماوەند ئەگوێزرێتەوە بۆ ماڵی خەزوورانی. بیرەکانی تر، وەکوو خەو یا خەیاڵ، با بمێنێ بۆ دوا ڕۆژ. چارەنووسی چی بێ هەر ئەیبینێ.

ئەو ڕۆژە ماڵی مام ڕۆستەمیش وروژابوو. هەر لەبەیانییەوە دەستیان کردبوو بە خۆ ئامادەکردن بۆ شایی لۆغانی ئێوارێ. دوو مەڕ سەر بڕرا بوو، نزیکەی ڕبەیەک برنج بژێررا بوو، قۆری و سەماوەرێک هێنرابووە جۆش. مەوسم سەرەتای پایز بوو. لەسەر سەکۆکە قاڵی و لبادە و دۆشەک داخرابوو. خانزاد لەگەڵ ئەوەدا کە نەختێک چووبوە ساڵەوە، جێی بەخۆی نەئەگرت، وەکوو پەیتووکە هەڵئەسووڕا و ژنانی دەر و دراوسێش یارمەتیان ئەدا. سەعاتێ پێش ڕۆژئاوا، لە

ماڵی باوانەوە و بەهەموو جیازی و تفاقەوە، گوڵناز گوێزرایەوە بۆ ماڵی زاوا. تارایەکی سووری دابوو بەسەردا، پوورە خەندان کە ژنێکی سەر سەڵلار و ناسراوی گەڕەکەکە بوو، بە بەربووکی لەبەر دەمییەوە ئەڕۆیشت. کاتێ نزیکبوونەوە لەماڵی خەزووری مام ڕۆستەم و خانزادی ژنی هاتنە بەر دەرگا. ئەمان بەچنگ نوقوڵیان بڵاو کردەوە و ژنانی دراوسێش دەستیان کرد بەهەلهەلە کێشان لە ژوورەوە. پوورە خەندانی بەربووک گوڵنازی بردە ژووری زاوایی. ئینجا هەموو ژنەکان لەوێ کۆبوونەوە و خانزادی خەسووی نزیک بوەوە لێی و تاراکەی لەسەر لادا. ڕووی گوڵناز لەشەرما بگرە لە ڕەنگی تاراکەی سوورتر هەڵگەڕابوو. لەسەر دەستووری ئەوسای کوردەواری و بۆ ئەوەی نۆبەرەکەی کوڕ بێ، کوڕێکی چوار ساڵەیان خستە باوەشی بووکەوە. ئەویش ئەملا و ئەولای مناڵەکەی ماچ کرد و بەئەسپایی لێی پرسی کە ناوی چییە؟ ناوی شێرزاد بوو. لەدڵی خۆیدا گوڵناز نیازی کرد کە ئەگەر نۆبەرەکەی کوڕ بێ ناوی بنێ شێرزاد.

لەلایەکی ترەوە، هاوەڵەکانی نەریمان زاوایان بردبوو بۆ حەمامی قشڵە. لەپاش گاڵتە و گەمەیەکی زۆر، سەرتاش هات و کاکۆڵەکەی داهێنا و ڕێکی خست. ڕیشە تەنکە تازە دەرچووەکەی دەمە گوێزانێکی بەس بوو بۆ پاک کردنەوەی. لە زەردەپەڕدا حەمامیان بەجێهێشت و ڕوە و ماڵی مام ڕۆستەم بەگەلە کەوتنە ڕێ. نوێژی شێوانیان، هەموو لایەک، لەماڵی مام ڕۆستەم کرد و مامۆستا بایز، ئیمام بوو دوای ئەوە لەسەر سەکۆکە خوان ڕاخرا و شێوی ئێوارێ خورا. مامۆستا بایز دووبارە پیرۆزبایی باوک و کوڕی کرد و مەیدانی بۆ لاوان بەجێهێشت، چونکە ئەیزانی کاتی ڕەشبەڵەک و چۆپی هاتووە. کاک بارامی زوڕناژەن دەمێ بوو کێچ کەوتبووە کەوڵی. هەر دوای ڕۆیشتنی مامۆستا بایز خانزاد و پوورە خەندانی بەربووک نەریمانییان برد بۆ لای بووک. دەنگی هەلهەلە دووبارە بەرز بوەوە. نەریمان نزیک بوەوە لەگوڵناز و، سەری سوڕما بوو نەیئەزانی چی بکا. پوورە خەندان گەیشت بە فریایا، بردیە تەنیشت گوڵنازەوە و سرپانی بەگوێیا:

گوڵناز ئێستا ژنی حەڵاڵی خۆتە، ئەملاو ئەو لای ماچ بکە و دەستی بگرە و بیبە دەرەوە و هەڵپەڕکێ جۆش بکەن.

نەریمان بەو جۆرە جووڵایەوە، ئەمیان بەشۆخی و لاوچاکی، ئەویان



بەجوانییەکی دڵفڕێنانەوە لە ژوور هاتنە دەرێ. کاک بارام دەس بەجێ شمشاڵەکەی گرت بەدەمەوە و لەسەر ئاهەنگی چۆپی شێخانی دەستی کرد بەلێدانی. دووزەلەژەنیش یارمەتی ئەدا. کوڕان و کچان دەستیان گرت و هەڵپەرکێیەکی گەرم و گوڕ دەستی پێکرد لەحەوشەکەدا. مام ڕۆستەم لەسەر سەکۆکە لەگەڵ میوانە هاوتەمەنەکانیا دانیشتبوون. وادیار بوو هەریەک لەمانیش هەرزەکاری و ژن هێنانی خۆی ئەهاتەوە بیر. بەڵام مام ڕۆستەم خۆی لە بارێکی تردا ئەبینی، لەجۆشی بەختیاریدا بوو، ئاواتەخوازی ئەوە بوو کە بەیارمەتی خوا، زاوایەتی کوڕەزاکەشی ببینێ، هەر چەند ئەیزانی کە ئەمە ئاواتێکە ڕەنگە هەرگیز نەیەتە دی!.

دەوروپشتی ماڵی مام ڕۆستەم سەیرکەر پڕی کردبوو. تەنانەت سەر گوێسوانەکانیش پڕ بوو بوو لە مناڵانی گەڕەکەکە. شاییەکە تا درەنگ وەختێ خایاندی. نزیکی نیوە شەو میوانەکان ماڵئاواییان کرد و ڕۆیشتن. ئینجا پوورەخەندان هات بەشوێن نەریمانا و خستیە پەردەوە. بەڵام پێش ئەوە تێی گەیاند کە لە ژوورەکەدا بەرماڵ داخراوە و پێویستە کە لەپێشەوە دوو ڕکات نوێژی پەردە بکا. هەروەها لەژێر لێوەوە تێشی گەیاند کە چوونە پەردە کارێکی سروشتییە کە لەپێش هەموو پیاوێکەوەیە. هەر کە نەریمان چووە ژوورەوە پوورە خەندان دەرگاکەی جووت کرد و خۆشی وەکو پاسەوان لەپشت دەرگاکەوە دانیشت.

لەپاش دوو سەعاتێک نەریمان دەرگاکەی کردەوە و ڕاست و ڕەوان چوو بۆ لای باوکی و دایکی و دەستی هەردووکیانی ماچ کرد. ئەمە نیشانەی زاوا بوون بوو. پوورە خەندان کە ئەمەی دی چریکەی هەلهەلەی بەرز بووەوە و لەگەڵ خانزاد دا بەجووتە چوونە لای گوڵناز. گوڵناز لەسەر دۆشەکەکەی و بەڕوویەکی نەختێ هەڵبزڕکاوەوە دانیشتبوو، کەوتبووە جیهانێکی ترەوە. ئەو گوڵنازەی جاران، کچی وەستا زۆراب نەمابوو. ئێستا گوڵنازی تازە بووک، ژنی نەریمان بوو. پوورە خەندان بەگورجی سەر دۆشەکە خوێناوییەکەی هەڵگرت. ئەمە گەواهی ڕووسووری بوو کە ئەبوایە پیشانی ژنانی دۆست و دراوسێ و ماڵی باوان بدرێ. خانزاد هەر چەندە ئەیزانی کە ئەمە دەستوورێکە بەناو شارستانێکاندا، بەڵام ئەم کردەوەیەی زۆر پەسەند نەکرد چونکە لەناو دێکانیدا ڕووسووری کچ جێگای

گومان نیە و لەبەر ئەوە گەواهیش پێویست نییە. بەڵام لە شاری کوێراندا چاوساغ ئەبێ دەست بەچاویەوە بگرێ. ناچار بوو بەم کردەوە ناهەموارە ڕازی ببێ. دوای ئەمە نەریمان ڕۆیشتەوە ژوورەکەی خۆی و تا بەرەبەیان کامی دڵداری خۆیان سەند. لە بەیاندا جلی لەبەر کرد و بوخچەیەکی خستە بن دەستی و چوو بۆ حەمام هەتا ئەو لە حەمام گەڕایەوە گوڵنازیش خۆی ڕازانەوە و خەسووشی بەرچایی بۆ هەموویان ئامادە کردبوو. پوورە خەندان هەر زوو سەر دۆشەکەکەی پێچابوەوە و بردبووی بۆ ماڵی وەستا زۆراب. باجی شیرین لە خۆشیاندا جێی بەخۆی نەئەگرت. لەپاش هەفتەیەک کاتی باوەخوونی هات. ئینجا ماڵی وەستا زۆراب کەوتنە خۆیان. ئەو ڕۆژە بووکی تازەیان برد بۆ حەمام و لەوێوە بردیان بۆ ماڵی باوکی. ژنانی گەڕەکەکە و خزم و دۆست بانگ کرابوون بۆ نانی نیوەڕۆ خواردن. لەگەڵ بووکا. ماڵی خەزووران لەگەڵ خزمانیاندا، ئەوانیش بانگ کرابوون. ئەم جۆرە کۆبوونەوەیە ڕەوشتێکی جوانی کوردەواری بوو بۆ بەیەک ناسینی هۆزی باوان و خەزووران.

ئەوساکە ژن هێنان تەنیا پەیوەندییەک نەبوو لە میانەی بووک و زاوا دا. پەیوەستیەکیش بوو لە بەینی خزم و هۆزی هەردوو لادا. گوڵناز یەک دوو ڕۆژ لە ماڵی باوکی مایەوە و دوای ئەوە گەڕایەوە بۆ هێلانە تازەکەی.

بوونی ئەم کچە نازدارە ماڵەکەی بۆ مام ڕۆستەم و خانزاد ڕوونکردبوەوە، بەتایبەتی بۆ خانزاد کە لە ماڵەوە هاو دەنگ و یاریدەدەرێکی نەبوو. گوڵنازیش بەڕاستی بووکێکی ژیر و دەست نەخشین بوو. هیوای هەر ئەوە بوو کە دڵی خەزوور و خەسووی ڕابگرێ چونکە لەلایەن نەریمانەوە دڵنیا بوو کە هەردووکیان بەدڵ و بەگیان پێکەوە بەستراون.

### ڕۆڵەی تازە

بەم جۆرە بەخۆشنوودی و دڵنیایی نزیکەی دوو ساڵێ تێپەڕی. ئیش و کاری مام ڕۆستەمیش لەبرەودا بوو. هەستی بەوە کردبوو کەوا پیریی سەری لێداوە. لەبەر ئەوە فرمانی دووکانەکەی پتر بۆ نەریمان تەرخان کرد بوو. تەنیا جاروبار سەرێکی لە دوکانەکە ئەدا و ئەگەر ئامۆژگارییەک پێویست بوایە ئەیکرد. ئێستا کەوا نەریمان بەتەواوی پێگەیشتبوو، گوڵنازی ژنیشی ئەیتوانی فرمانی ماڵەکە



هەڵسووڕێنی. مام ڕۆستەم و خانزاد سێ مانگی هاوینیان، لەگەڵ بەشێکی پایزدا لە گەڵاڵە ڕائەبوارد و خەریکی ڕەز و دێبەرەکەیان ئەبوون و سەلەمیان ئەکرد بۆ ئەو شتانەی بۆ دوکانەکە پێویستە. سەدەی نۆزدەهەم لەسەر دوا هاتن بوو، سەرەتای سەدەی بیستەم بەدەستەوە بوو. ڕۆژێ گوڵناز بەشەرمەوە لەنەریمانی گەیاند کە نۆبەرەکەیان بەڕێوەیە. نەریمان بەم مژدەیە گەشایەوە، خۆی پێ نەگیرا، ڕایکرد بۆ لای دایکی و پەیامەکەی پێگەیاند، خانزاد دەستبەجێ چوو بۆ لای گوڵناز، دەرکەوت بۆی کە لەپاش شەش مانگی تر کوڕەزاکەی لە باوەش ئەگرێ. هەر ئەو ڕۆژە مام ڕۆستەم و ماڵی باوانیش لەم مژدە خۆشە ئاگادار کران. شاییەکەیان تازە بوەوە لە هەردوو ماڵدا دەسکرا بە ئامادەیی بۆ ڕۆڵەی تازە. زۆر لەپێش کاتی مناڵ بووندا، بێشکە و جل و بەرگ ئامادەکرا بوو. لە مانگی باران بڕاندا خوا کوڕێکی نێرینەی پێ بەخشین. کوتوومت لە نەریمان ئەچوو. چەند شەوێک ئاهەنگێکی خۆشیان بۆ بەست. لەسەر ئامۆژگاری مامانەکە و پیرێژنانی گەڕەک هەتا چلەی نەچوو دەوری مناڵ و دایکەکەیان بەرنەدا. ئەمە لەترسی ئەوە بوو کە نەکوو گوڵناز ئاڵ بیباتەوە. (ئاڵ بەپێی ئەفسانەیەکی کۆن جنۆکەیەکی مێنگەیە کە زڕڕە و مناڵی نابێ. لەداخی ئەم کەم و کورتییە کە تیایەتی هەر کە هەلێکی مست کەوت ناو سکی هەموو ژنێکی زەیستان بەجۆرێک هەڵئەگلۆفێتەوە کە خوێنی تیا نایەڵێ و ئاخری ئەیکوژێ. جا لەبەر ئەوە زیستانەکە هەتا چلەی ئەچێ نابێ بەتەنیا بمێنێتەوە نەوەکوو (ئاڵ)هەلی چنگ بکەوێ و بیکوژێ. بەپێی ئەفسانەیەکی تر مەترسی بۆ مناڵەکە لە هی دایکەکەی کەمتر نییە، چونکە دوژمنی، ئەویش جنۆکەیەکی ترە کە ناوی(شەوە)یە. ئەم جنۆکەیەش مێنگەیە، سک ئەکا بەڵام مناڵی بۆ نامێنێ.

جا لەبەر ئەوە هەموو مناڵێکی تازە بوو، ئەگەر بەتەنیا بێ، دێتە سەری و وا بەتوندی ئەیگرێتە باوەش کە هەناسەی لێ ئەبڕێ و مۆر هەڵئەگەڕێ و ئینجا مەلۆتکەکە بەمردوویی بەجێ ئەهێڵێ!).

دیار بوو خوا میهرەبان بوو بەرامبەر بە دایک و مناڵەکەی و کەس و کاریان و تووشی هیچ مەترسییەک نەبوون. لە پاش حەوتەی کوڕەکە گەڕان بۆ ناوێکی جوان بۆی. گوڵناز بە نەریمانی مێردی وت کەوا لەیەکەم ڕۆژی بووکینیدا لە دڵی خۆیدا نیازی بەستبوو کە کوڕە نۆبەرەکەی ناو بنێ (شێرزاد)، چونکە ئەو کوڕەی

ڕۆژی گواستنەوەی هاویشتیانە باوەشی ناوی شێراد بوو. مام ڕۆستەم ئەم قسەیەی زۆر لا خۆش بوو و ناوەکەشی بەلاوە جوان بوو. چونکە «محەمەدی شێرزاد» یەکێک بوو لەو پاڵەوانانەی ئەسکەندەرنامە کە ئەو زۆر بە دڵیا چوو بوو.

بۆ سبەی ئێواریّ مامۆستا بایزیان بانگ کرد بۆ نان خواردن و وەستا زۆراب و شیرینی ژنیشی هاتن. پاش نوێژی شێوان و نان خواردن، مامۆستا بایز کوڕەکەی گرتە باوەش و بانگی ناوی شێرزادی بەگوێیا هەڵدا. بەم ڕەنگە شێرزاد لەگەڵ دایکبوونی سەدەی تازەدا، ئەویش بوو بەیەکێک لە دەستەی ئادەمیزاد و تاقانەی هۆزی مام ڕۆستەم. هەروەها دوو لە ئاواتەکانی مام ڕۆستەم و خانزادی خێزانی هاتنە دی. ئاخۆ مام ڕۆستەم سێیەم ئاواتی خۆشی ئەبینێ و ژن بۆ شێرزادیش ئەهێنێ؟! ئەمە هێشتا لەژێر پەردەی غەیبدا بوو.

ساڵ تێوە گەڕایەوە. مام ڕۆستەم بڕیاری دا کە کار و کاسبی خۆی بەتەواوی بداتە دەست نەریمانی کوڕی، چونکە بەتەواوی پیا ڕائەپەرموو وە بۆی ڕوون بووبوەوە کە لە ئیشەکەیدا پوختە بوو. نەریمانیش بەدڵ و بەبێ وچان تێئەکۆشی تاکو لای باوکی شەرمەزار نەبێ. ڕاستیەکەی، لەئیش و کاریدا باش سەرکەوت، بگرە لەزەمانی باوکیشی پتر پێشکەوت.

دەمەو بەهار مانگی ڕەمەزان هات، هەموو خێزانەکە بەڕۆژوو بوون و هەر لەپێشەوە تفاقی ئەم مانگە پیرۆزەیان خستبوو. مام ڕۆستەم لەم مانگەدا بەدەگمەن سەری دوکانەکەی ئەدا. بۆ نوێژ و تەراویح نەبێ کە ئەچوو بۆ مزگەوت زۆر کەم لەماڵ ئەچووە دەرەوە. بەهۆی ڕۆژوو و نوێژەوە هۆشی ئاینداریی زیاد زووربەی لێ سەندبوو. ڕۆژێ پاش نوێژ لە مزگەوت هەندێ لە ناسیاوەکانی باسی (حەج)یان ئەکرد. بەهەڵکەوت حاجیەکیش لەناویاندا بوو. ئەمانە بە جۆرێکی وا بەجۆش لەم بابەتەوە ئەدوان کە چوونە حەج هەموو هۆش و بیری مام ڕۆستەمی داگیر کرد، بەتایبەتی ئەو ستایشەی حاجیەکە ئەیکرد لەبابەت (مەککە) و(مەدینە)، مام ڕۆستەمی یەکجاری سەرخۆش کردبوو. لە دڵی خۆیدا نیازی بەست کە ئەمساڵ بڕوا بۆ (حەج). جا دوای ئەمە کەوتە پرسیار لە دۆست و ناسیاو دەربارەی حەج. چەند دراوی پێویستە؟ چە جۆرە تفاق و زەخیرەیەک



لەگەڵ خۆیدا بەرێ؟ سەفەرەکەی چۆن ڕێک بخا و ئەبێ کەی و لە کوێوە بکەوێتە ڕێ؟ پاش ڕوونبوونەوەی ئەم شتانە، بێ ئەوەی ڕۆژێ لە دەست بدا کەوتە خۆ ڕێکخستن. هەتا ئەوسا جارێ باسی ئەم کارە خێرەی نە لەلای خێزانەکەی و نە لەلای کوڕەکەی نەکردبوو. وەلێ کە کاتی تفاق خستن هات ئینجا بەهێمنی بەهەردووکیانی وت. ئەم بڕیارە ناگەهانییە ئەوانی نەختێ شڵەژان، چونکە لەو ڕۆژەدا حەج کردن کەمی نەبوو لەسەفەرێکی شەش مانگی پڕ لە دیشواری و ستەم.

ڕۆژەها، بەشکو مانگەها، بەسەرپشتی ولاخەوە ئەبوایە سەری بلەرانایەوە، ئێواران ماندوو و مردوو لە کۆنە ژوورێکی خانێکدا خۆی دابکردایە و خواردەمەنی خۆشی ئامادە بکا.

دوای ئەوە مانگەها لەسەر پشتی کەشتیەک دەریایەکی گەرم و لێڵ ببڕێ هەتا ئەگاتە (جدە). نەریمان و خانزاد ئەم کارە سەختەیان ڕەوا نەئەبینی بە مام ڕۆستەم. ئەم لە تەمەنێکدا نەبوو بەرگەی ئەم سەفەرە دوور و درێژ و ناهەموارە بگرێ، بەڵام مام ڕۆستەم لەوانە نەبوو پاشگەز ببێتەوە، بڕیاری خۆی دابوو. ئەگەر بەساغی گەڕایەوە ئەوا بەئامانجی خۆی گەیشتووە، ماڵی خوا و گڵکۆی پێغەمبەری دیوە. خۆ ئەگەر لەوێ مرد، چی لەوە باشتر هەیە؟ لەو خاکە پاکەدا ئەنێژرێ!

ڕۆژی سەفەر نزیک بوەوە، ئەویش هەموو تفاقی خۆی تەواو کردبوو. لەگەڵ حەجاجەکانی تری سولەیمانی ڕۆژی کۆچیان بڕیار دا. ئەو ڕۆژە لە بەرەبەیانەوە شارەکە کەوتبوە جونبووش، هەموو خزم و دۆستان کۆبوونەوە بۆ ڕەوانە کردنی حەجاج، بەشێکی زۆریان هەتا قەراغ شار و هەندێکیشیان دوورتر.

نەریمان باوکی ڕەوانە کرد هەتا دێی کرپچنە[2] جا ئەو شەوە لە یەکێ لەم خانانە لای خانەخوێکەیان مانەوە. هەتا بەرەبەیان هەردووکیان خەو لەچاویان نەکەوت، بێ ئەوەی دەربببڕن زۆر دیار بوو کە هەردوو لا لە دەروونیانا ئەندێشەیەکی زۆر هەست ئەکەن لەم جیابوونەوەیە. باوک و کوڕ هەتا ئێستا

(۲) کاروانی بەغدا ئەوسا لەڕێی قەرەداغ و کفرییەوە ئەڕۆیشت. لەو دێهاتانەی کرابوون بەقۆناغ وەکوو، تیمار، کرپچنە، خانی برایم خانچی، کفری و، هەتا شاری بەغداد، =

هەرگیز بۆ دەمێکی وا دوور و درێژ و بۆ وڵاتی بێگانە لێک نەبڕابوون. کوڕ ترسی لێ نیشتبوو کە باوکی خۆشەویست و میهرەبانی بەرگەی ئەم سەفەرە دیشوارە نەگری و نەگەڕێتەوە. باوکیشی مەترسی ئەوەی هەبوو کە جارێکی تر کوڕە تاقانە و نازدارەکەی نەبینێتەوە.

ئەو شەوەیان بەم جۆرە بردەسەر. لەبەیاندا کاروان ئامادە بوو بۆ کەوتنەڕێیەکی دوور، ئامانجێکی پیرۆز و دواڕۆژێکی شارراوە: کاتی جیا بوونەوە هات مام ڕۆستەم، بەکوڵی گریانەوە، دەستی کردە ملی نەریمان، ئەملا و ئەولای ماچ کرد و فرمێسکی هەردوو لایان تێکەڵاو بوو. ئینجا پشوویەکی دا و ڕووی کردە نەریمان وتی:

وا من ئەڕۆم. هیوام لە یەزدانی گەورە ئەوەیە کە بەخۆشی و تەندروستی بگەڕێمەوە لاتان. بەڵام ئەگەر خوایشتی خوا وا بوو کە نەگەڕێمەوە دوا ئەندورزم بۆ تۆ ئەمەیە کە دڵی دایکت ڕابگری، چاک تەماشای خێزانەکە بکەیت. هەرگیز لەڕێگای ڕاست لانەدەیت. پەیوەندیت لەگەڵ خزم و تیرە و لەگەڵ (گەلاڵە) دا نەبڕێت و شێرزادی خۆشەویستیش لەسەر ڕەفتار و ڕەوشتێکی ڕاست و پاک پەروەردە بکەیت.

ئەگەر گفتم بدەیتێ ئەوا دڵنیا ئەبم. خۆ ئەگەر لەوێش سەرم نایەوە ئەوا بە بەختیاری سەر ئەنێمە ژێر خاک. نەریمان بەپڕمەی گریانەوە پەلاماری دەستی باوکیدا، ماچی کرد و وتی:

بابە گیان، ئەوەی وتت ئەیکەم بەئەڵقە لە گوێما و پەیمان بێ لەسەر دەستی تۆ هەرگیز لەو ڕێگایە لانەدەم. بەخۆشی بچی و بەخۆشی بگەڕێیتەوە بۆ لامان.

دوای ئەوە مام ڕۆستەم سواری بارگەکەی بوو،(آية الكرسي)یەکی خوێند

= لەهەر یەکێکیاندا چەند خانێک هەبوو. هەر یەکێکیش لەم خاوەن خانانە خانەخوێی بەشێک بوون لە کاروانەکە. خانەکە بریتی بوو لە دوو سێ چاوگە ژوور کە کاروانیەکان تیا دالّدەیان ئەدا، حەوشێکی گەورەی هەبوو بۆ وڵاخەکان، زۆر جاریش. پێخەو و خواردەمەنیش خانەخوێ بۆی ئامادە ئەکردن. پەیوەندی بەینی کاروانی و خانەخوێ پەیوەندییەکی گەرم و گوڕ بوو کە ساڵەها ئەیخایاند. تەکلیفیان لە میانەدا نەئەما. یەک ماڵ و یەک دڵ ئەبوون. زۆر جار جلەودار دیاری ئەهێنا بۆ خانەخوێکەی و خێزان و مناڵەکانی.



بەسەر کوڕەکەیدا و لەگەڵ هاوڕێکانیدا کەوتە ڕێ. نەریمانیش گەڕایەوە بۆ خانەکە و، هەر ئەو ڕۆژە ئەویش ڕوو بە سولەیمانی لەتەک ڕەوانەکارەکاندا گەڕایەوە.

## بەرەو مەککە

ئەگەر قووڵی و گەرمی ئاینیی نەبوایە، هیچ ڕانەئەپەرموورا لە مام ڕۆستەم کە بەرگەی ئەم سەفەرە بگرێ، بەتایبەتی کە گەیشتە پێدەشت. هەتا چاو بڕ بکا چۆڵ و بیابان بوو. گیانلەبەرێک، سەوزاییەک، کۆسپێک، گردێک بەرچاو نەئەکەوت. ئێواران کە ئەگەیشتە قۆناغ هەر ئەوەندەی پێ ئەکرا پێخەوەکەی ڕابخا، لەپاش دەستنوێژ شتن و نوێژی ئێوارێ پاروویەک نان لەگەڵ هاوەڵەکانی بخوا، نوێژی خەوتنان بکا و سەر بنێتەوە. بەم چەشنە نۆ ڕۆژیان بڕی. ڕۆژی دەیەم لە دەمی نێوەڕۆدا منارەکانی بەغدا دەرکەوتن، بەمە هێزێکی هاتەوە بەر چونکە ئەبوو چوار ڕۆژ لەوێ وچان بدەن تاکو دوبە یا کەشتیەکی بچووک ئەدۆزنەوە بۆ چوونە(بەسرە).کە گەیشتنە شاری بەغدا، کاروانەوانەکان کاروانەکانی دابەش کرد، هەر دەستەیەکیان بردن بۆ خانێک. مام ڕۆستەم و چەند هاوەڵێکیشیان بردن بۆ خانێک لە گەڕەکی (سوور).

پاش نیوەڕۆ لەگەڵ هاوەڵێکی شارەزایدا لە خانەکەدا چوونە دەرەوە، گەشتێکیان کرد بەناو بازاڕا، سەیرێکی قەیسەرییە گەورەکەیان کرد و لە پاشا وردە وردە گەڕانەوە بۆ مەیدان لەوێ، لەچایخانەیەکدا نەختێ حەسانەوە، چایەکیان خواردەوە، و هەر لەو نزیکانە ڕوویانکردە مزگەوتی (مرادیە) سێ ڕکات نوێژی شێوانیان کرد و چوونەوە بۆ خانەکەیان چونکە هێشتا ماندوێتییان دەرنەچووبوو. ڕۆژی دوایی لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێکانی چون بۆ ناو شار. نیازیان وا بوو کە هەموو کون و قوژبنێکی ببینن بەتایبەتی ئاواتەخواز بوون کە چاوێک بخشێنن بە شەتی بەغدا و پردە درێژەکەی کە لەسەر کەڵەک هەڵبەستراوە، چونکە بازرگان و کاسبەکانی سولەیمانی کە سەری بەغدایان دابوو هەمیشە باسی شەتی بەغدا و پردەکەیان بۆ ئەکردن. جا لەپێشەوە ڕوویانکردە (دنکچییە)، لە خانەکانی ئەوێ گەلێ بەندەرچی و قەڵەمچی کوردی لێ بوو کەخەریکی خڕید و فرۆختی توتن بوون. سەرێکیان لەهەندێکیان دا. لەپاشا

بەرەو شەت بۆ سەر پردەکە ڕۆیشتن. شەتەکەیان بەلاوە سەیر بوو هەتا ئێستا ڕووباری وا گەورەیان نەدیبوو. چەمی قەشان و زێی کۆیە لە چاو ئەمدا جۆگەلەیەک بوون. لەسەر شەتەکە زۆر نەمانەوە چونکە ئەیانزانی لەپاش چەند ڕۆژێک هەموو ئەبێ ڕۆژەها بەم شەتەدا بڕۆن بۆ بەسرە دوای ئەمە یەکێک لە برادەرەکانیان وتی: کە چاکتر وایە تەماشایەکی(ئیچ قەلا)ش بکەن. بارەگای سەرباز لەوێ بوو، بەلام وەکوو برادەرەکەیان بۆی گێڕانەوە بەندیخانەیەکی سەخت و ناخۆشیش لەوێدایە کە ئەوی تێی بچێ بەدەگمەن بەساغی لێی دەرئەچێ. زۆر کەس لە کوردستانەوە نێررابوو بۆ ئەم بەندیخانەیە. تەنانەت ئامۆزایەکی ئەویش دە ساڵ لەوەبەر نێررابوو بۆ ئەوێ و هەتا ئێستا بێ سەر و شوێن بوو.

لە پاشا وردە وردە بەلای گەڕەکی (جدید حسن پاشا)وە بەرەو (ئیچ قەلا) ڕۆیشتن. لەبەردەمی کۆشکی والییەوە تێپەڕین، بینایەکی گەورە و بەرز بەخشتی سوور دروست کرابوو. لە بەر دەروازە گەورەکەیدا سەرباز و ژاندیرمە دەوریان دابوو. لەوێ ئێستێکیان کرد، چاوێکیان پیا خشاند و ئینجا ڕۆیشتن بەرەو ژوور بۆ لای(ئیچ قەلا).

(ئیچ قەلا) بەڕاستی قەلا بوو، لەسەر جادەوە تا شەتی داگیر کردبوو. لەناو بینا بێ شومارەکانیا سەرباز و ئەفسەر بێ وچان وەکوو شارە مێروولە، هات و چۆیان ئەکرد. بەسەر قوللەکانی دەوریدا تۆپ دامەزرابوو. تێکڕا بۆ ئەوان دیمەنێکی جوانی نەبوو، بگرە کە چاویان پێکەوت ترسیان لێ نیشت. ئەوەندە نەمانەوە. نەختێکیش هەستیان بەبرسێتی کردبوو. ئینجا گەڕانەوە بۆ خانەکەیان کە تیکەنانێ بخۆن و پشوویەک بدەن.

سەر لە ئێوارێ بەکۆمەڵ چوون بۆ یەکێک لەچایخانەکانی مەیدان، لەوێ لەسەر قەنەفەیەکی تەختەی بەحەسیر داپۆشراو دانیشتن، یەکی سەرو دوو چایان خواردەوە.

هەندێکیان کەوتنە گفتوگۆ لە بابەت سەفەرەکەیانەوە هەندێکیان بیریان لە ماڵ و منداڵ ئەکردەوە و هەندێکی کەشیان بەبێ دەنگی سەیری هاتوچۆکارانی سەر جادەکەیان ئەکرد و، جار و بارێکیش گوێیان هەڵئەخست لە گفتوگۆی دانیشتووەکانی تری چایخانەکە بێ ئەوەی شتێکی لێ تێبگەن، چونکە هەموو بە



عەرەبی قسەیان ئەکرد. لەکاتی ڕۆژئاوادا ڕوویان کردە مزگەوتی (ئەحمەدی)، نوێژی شێوانیان کرد و دوایی گەڕانەوە بۆ خانەکەیان.

## هەواڵی خێزان

دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی نەریمان هەتا دەمێک ماتەمینی دایگرتبوو. شەو لەسەر جێگا هەتا چاوی لێک ئەنا هەر بیری باوکە پیرەکەی ئەکردەوە. وەک شتێک لە دڵی چەسپیبوو کە ئەم ڕۆیشتنەی گەڕانەوەی لە دوا نییە.

لە سەرێکی تریشەوە، هەستی بەگرانی ئەو بارە ئەکرد کە کەوتۆتە سەر شانی. ئەمە یەکەمجار بوو کە بەتەنیا ئیش و کاری ماڵەوە و دووکانەکەی درابوو بەسەر ئەودا هەر چەندە شارەزایی پەیدا کرد بوو لە هەڵسووڕانی فرمانی دووکانەکەدا، بەلام دیسانەوە، باوکی جارو بار ئامۆژگاری ئەکرد و ڕێگای پێشان ئەدا. جگە لەوەش، گریان و شینی دایکی بارەکەی گرانتر کردبوو. ڕۆشناییەکی هەبوو ئەویش شێرزادی کوڕی بوو کە بەرە بەرە خەریک بوو دەست بکا بەگڕوگاڵ و گاگۆڵکێ.

زۆری پێ نەچوو کە زەمان، هەروەکوو هەموو زامێک سارێژ ئەکا، برینی دوورکەوتنەوە و جیابوونەوەی مام ڕۆستەمیشی سارێژ کرد.

نەریمان لە جاران زیاتر بەپەرۆش و چالاکییەوە خەریکی کاسبییەکەی بوو چونکە هەم ئەیزانی کە یەکباڵ و تەنیایە و هەم ئەشیویست رووی خۆی سپی بکا بەرامبەر بە دایکی و باوکی. لە مەشا بەختی یاوەر بوو وەئیشەکەی باش ڕۆیشت.

وەلێ خانزادی دایکی هەرگیز دڵی دا نەئەمرکا. بەچاوی گریانەوە هەمیشە چاوەڕوانی گەڕانەوەی حاجی مێردی بوو.

لە دراوسێکانی بیستبوو کە سەفەرەکەی لە سێ مانگ کەمتر ناخایەنێ. بۆ ئەوەی حیسابێکی ڕاست بگرێ توورەکەیەکی بەبزمارێک لە ژوور سەریەوە هەڵواسی. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە هەر ڕۆژە دەنکە نۆکێکی تێ ئەخست. بەدەست خۆی بوایە ئەیویست لە یەکەم هەفتەدا نەوەد دەنکی تێ هاوێژێ، بەلام لەوە ئەترسا کە حیسابەکەی لێ تێک بچێ!. لەڕاوێژ لێکی دابووەوە کە لەگەڵ نۆبەرەی ترێدا لە هاوین حاجی ڕۆستەمیش بەخۆشی و بەکەشیدەکەی بەئاوریشمی زەرد

چنراوەوە ئەگـەڕێتـەوە لایان و هەوارەکـەیان ڕووناک ئەکـاتەوە. بێگومـان ئەو تەنەکـە ئاوی (زەمـزەم)ەی کـە ڕای سـپـارد بوو ئـەوەشی لەگـەڵ هەندێ دیاری و موفەڕکی تردا بۆ ئەهێنێ.

## بەرەو بەسرە

لەولاشـەوە ڕۆژی سەفـەری حـەجاجـەکان لە بەغـداوە بۆ بەسرە نزیک بوبوەوە. ڕۆژێک سـەرلەبەیانی، نوێن، تفـاق و ئازووقـەیان هەڵگرت و ڕوویان کـردە (شریعەی مصبغە).

کەشتیەکە لەوێ لەنگەری هاویشتبوو. یەکە یەکە چوونە سەر کەشتیەکە. چێشـتـەنگاو کـەشـتـیـەکە بەفـیکە کـردن بەرەو بەسـرە سـەر بەرەوخـوار بوەوە. حەجاجەکانی سولەیمانی لە سووچێکی کەشتیەکەدا جێگای خۆیان چاک کرد و لە میانەی خۆیاندا ڕێک کەوتن کە هەر ڕۆژە یەکێکیان خواردەمەنی و چا دروست بکا. هەتا ئەم سەفـەرە تەواو ئەبێ و ئەگەڕێنەوە ولاتی خـۆیان وەکوو برا هەمـوو یەک کـیـسـەو یەکـسـان بن. بۆ ئەم حـەجـاجـانەی سـولەیمانی کـە نەکـوو دەریا، ڕووباری وا گەورەیان نەدیبوو ئەم سەفـەرە دوور و درێژە گەمە نـەبوو. لە هەمووی گرانتر نەزانینی زمانی عەرەبی بوو چونکە بەشی زۆری ڕێبوارەکان عەرەب بوون. کەشتیەوانەکانیش پتر تورک بوون. دڵیان بەوە خۆش بوو کە کاتێک لە بەسرە کـەشـتـیـەکـەیان ئەگـۆڕن و سـواری کـەشـتـیـەکی گـەورەتر ئەبن ئەشێ حـەجـاجی کوردزمانی تر ببن بە هاوسەفەریان.

کـەشـتـیـەکـە هەتا زەردەپەڕ لێی خـوڕی. ئێـوارێ لە ئاوایـیـیـەکـدا لەنگەری هاویشت تا بەرەبەیان. بەم چەشنە لەپاش دە ڕۆژ گەیشتنە بەسرە[٣].

(٣) بەداخـەوە مـەرگ مـۆڵەتی ڕەشـیـد نەجیب-ی نەدا ئەم شـاکـارە جـوانە تەواو بـکات، هەتا ببێتە یەکێک لە ڕۆمانە کوردییەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمان لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیماندا.



## نووسینە کۆنەکانی ڕەشید نەجیب

ئەم بەشە بریتییە لەو نووسینانەی کە ڕەشید نەجیب لە ساڵەکانی ١٩٢٧، ١٩٢٨، ١٩٢٩ لە ڕۆژنامـەی (ژیان)دا بڵاوی کـردوونەوە. ئەم نووسـینانە لە لایەنی بابەت و ناوەڕۆکـەوە لە چاو ئەو ڕۆژگـارەدا زۆر بەنرخن و شـایانی ئافـەرینن. لەلایەنی شـێوە و شـێـواز و داڕشـتنەوە نموونەیەکی زیندووی جـۆری نووسینی کوردییە لە ساڵەکانی بیستی ئەم چەرخەدا.

لێرەدا چەند بڕگە لە یەکەم نووسینی بڵاوکراوەی ڕەشید نەجیب دەنووسینەوە، بەو شـێـوەیەی کـە لە ڕۆژنامـەکـەدا نووسـراوە، دواییش تەواوی نووسـینەکـان بەشێوەی نووسینەوەی ئێستا تۆمار دەکەین، هەتا خوێندنەوە و تێگەیشتن لێیان ئاسان بێت.

شێوەی خۆی ( شێوەی کۆن)

### سعد مصر نا سعد دنیا مرد[١]

«تقـریبا مـانکیک لمو پیش یکی لە اعـاظم شـرق بلکە لە اعـاظم دنیا وفـاتی کرد. نەمانی ام پیاوە بۆ مصر هرچند خسارتیکی کورەیە فقط ون بوونی ناوی سعد لە سجل و دفتر وطن پروران دنیادا ضیاعیکە کە تلافی قابل نیە»

### سەعدی میسر نا، سەعدی دنیا مرد

**١٩٢٧**

تەقـریبـەن مـانـگێک لەمـەوپێش یەکێ لە ئەعـازیمی شەرق و بەڵکە ئەعـازیمی دنیا وەفاتی کرد. نەمانی ئەم پیاوە بۆ میسر هەر چەند خەسارەتێکی گەورەیە، فـەقـەت ون بوونی ناوی سـەعـد لەسـجل و دەفـتـەری وەتەنپـەروەرانی دنیـادا زیاعـێکە کە تەلافی قـابیل نیـیـە. ئینسـان کـە حـەیاتی ئەم پیـاوە گـەورە و بەشەرەفە لێک ئەداتەوە و ئەیهێنێتەوە بەرچاو، بیلا ئیختیار هەروەکو بەرامبەر

(١) ئەم نووسـینە بەبۆنەی کـۆچی دوایی (سـەعـد زەغلوول)ی نیشـتـمـانپـەروەری مـیـسـرەوە نووسراوە وە لە ڕۆژنامەی (ژیان)ی ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٧دا بڵاو کراوەتەوە.

بە(مەعبوود)ی وەتەنپەروەرێک وەیا ئالیهەی دیگەرئەندیش وەستابێ، وەجدزەدە و لەرزناک ئەبێ. سەعد هەرچەند وەتەنپەروەرێک و ئازادی خواهێکی میسر بوو، فەقەت لە بەینی زەمانا تەمسیل و وێنەیەکی شەرافەت و هەقپەرستی بوو. ئەم زاتە وەتەنپەروەر و شەریفە لە جیهادی میللی و جیدالی وەتەنیدا تووشی ئەنواع مەوانیع و مەهالیک بوو، فەقەت بە مەتانەتێکی مەردانە و عەقیدە و مەفکوورەی میللی خۆی تەبدیل نەکرد.

ئەوەلی و ئاخری وەکوو یەک وابوو. هیچ قووەت و قودرەتێک بەسەریا ئیجرای نفوزی نەئەکرد. بەلای ئەوەوە یەک هەق و یەک هەقیقەت هەبوو: ئازادی و ئیستیقلالی میسر. بۆ گەیشتن بەم غایەیە لە داخلّ و حەتتا خارجی تاقەتیدا جەهد و کۆششی کرد. موحەقەق ئەو ڕۆژەی جەمیعی مەخلووقات لای مەعبوودی ئەعزەم محاکەمە ئەبن، سەعد وەکوو شەهسوارێکی زی حەمیەت و حەماسەت لە سەفی ئەوەلی موجاهیدینی حوڕیەت و ئیستقلالدا عەرزی مەهابەت ئەکا.

سەعد تەنها لە میسر نەمرد، سەعد، بەشەریەت و- بالخاصە- وەتەنپەروەران و هەق جۆیانی بەشەریەتی بەهەتیوی بەجێهێشت. (نیل) لەمەودوا لەجیاتی فەیەزانێکی سالانە لازمە لە هەیەجانێکی دائیمی و موئەبەدا بێ بۆ سەعد.

نەک تەنها میسر، هەتا نەکوو هەموو زی حەیاتێ بەڵکە هەموو عەناسیری کائینات لازمە گریان و تەعزیەدار بی. تەلافی ئەم ئوفوولە موحزین و عالەم شموولە تەنها بەیەک شت مومکینە، ئەویش هەموو خیتتەیەکی شەرق بۆ پێگەیاندنی سەعدێ بۆ خۆی هەوڵبدا، کە ئەمیش لەغەیرە مومکینانە. لەم خوسووسەوە ئێمەش لەگەڵ میللەتی نەجیبی میسرا نەشری یەک هەمم و حەسرەت وە ئەلەمێک ئەکەین.



## نەخۆشی ئیجتماعیمان

١٩٢٨

منالّ بەخێو کردن و بەرهەم هێنان:

موقەددیمە:

ئێمە قەومی بەدبەختی کورد لە ئەسەری مەزاهیری حەیاتدا نەخۆش و ناتەواو و نوقسانین.

خولاسەی عموومی ئەم نەواقیسە بەیەک کەلیمە قابیلی ئەدایە. تەرەقی، هەروەک قوەتی عموومیەی میللەتێک موحەسسەلەی قیوای فەردیەی ئەفرادەکەیەتی، زوعفیەتی میللەتیش نەتیجەی بێ هێزی و کەم و کورتی ئەفرادەکەیەتی. لەگەڵ ئەوەی موعتەریفم بەکەم قودرەتیی خۆم فەقەت دیسان بەواجبێکی میللی ئەزانم ئەوەی باشە لام و بەخاسی ئەبینم بەسوورەتی موساحەبە عەرزی هاوخوێنە موحتەرەمەکانی ئەکەم.

مەسئەلەی نفووس، پێگەیاندنی منالّ، تەربیەی نەسلی ئاتی، ئەمڕۆ یەکێکە لەمەسائیلی حەیاتیە. لەو ساوە بەشەر لە ماضی خۆی بەرداوە و ڕوو بە ئیستقبالی تێئەکۆشێت، تەئسیری نفوس، تەربیەی ئەولاد، یەعنی پێگەیاندنی دایک و باوکی بێ عیللەتی سبەینێ بووە بەیەکێ لە ئەعمیدەی ئەساسیەی ژیان و بەهەدەفی جەهد و تێکۆشین. بەکەماڵی ئەسەفەوە ئەبینن کە ئەم مەسئەلە حەیاتیە هێشتا لەناو ئێمەدا مەوقعێکی مەخسووسی پێ نەدراوە.

عادەتەن جەلبی دیقەتی ئەبەوەینی هیچ نەکردوە. هەر چەند ئێستا نەسەقێکی مونتەزەم نییە فەقەت بەتەواوتر کە بە شەرعیش دەلیلێکی مەقبوولە بۆمان مەعلووم ئەبێت. سلێمانی لەو ساوە لە دۆڵ و چەمی قەڵاچوالان مەرکەزی حکوومەتی گواستراوەتەوە و هێنراوەتە ئەم دەشتە، بەئیعتیباری عموومی هیچ زیادییەکی مەحسووسی لێ نەبینراوە. لە ئیحتیلالی تورکیاوە هەتا ئێستا نزیکی عەسرێکە. بەنیسبەت جێگاکانی ترەوە ئیجابی ئەکرد سلێمانیش عەقلّەن ئەمڕۆ شەست هەزار نفووسی بوایە و والحال نەتیجەی تەسجیلی سالّی ١٩٢٧ حەقیقەت موئسیف و عیبرەت ئاوەرە. بەهەموو موسافیرین و عەسکەرەوە نفووسی شار عیبارەت بوو لە ١٧٠٠٠ حەوەدە هەزار و کسوور.

نەفسی شار کە تەقریبەن بەنەزەر لادێوە مەدەنیەت و عیلمێکی هەیە، بەم نەوعە لەزەرفی ئەم مـوودە مـەدیدەدا عـەسـرێک، لە حـاڵی جـموودا مـابێـتـەوە. ئاخـۆ لادێییە هەژارەکان چی بن و چیان بەسەر هاتبێ. ئیتالیا بەسوبعی ئەم نفووسی تەزاعـووف کرد. لۆندەرە بە سێ چوار سـاڵێک دوو ملوێن زیادی کرد. لەهەمـوو ئەورووپا، تەنهـا (فـەرەنسـە)مـردن و زان ، لەنیـسـبـەتێکی مـتـسـاویدایە. موحتەمەلە گرانی، موحارەبە و یا ژن نەهێنان و ڕشانەوە بەسەبەب زیاد نەبوونی نفووس پێشان بدرێت. فەقەت مەسئەلە ئەمە نییە، چونکە گرانی و مەسائیبی سائیرە عادەتەن عموومیە و هەموو میللەتێک بەشدارە لێی. ئەمێنێتەوە سەر ژن هێنان، هەموو ئەیزانین هەتا حەماڵێک کە واریداتی ڕۆژانەی عیبارەتە لە هەشت عـانە مـوافـیقی حاڵ و ئەوزاعی مـاڵۆچکەیەکی پێکەوە ناوە بۆ خـۆی و ساحێب خێزانە.

بینائەن عـەلەیهی عـامـیلی ئەساسی کـەم بوونەوە و یا فـرە نەبوونی نفـووس ئەمانە هیچی نییە، ئەوەڵ و ئاخر منـاڵ بەخێـو نەکردن و بەرهەم نەهێنانە. هی سێ ساڵی ڕابووردوو بەر وەجهی ئاتی پیشان ئەدەین:

| وەفات یەک هەتا چوارساڵ | وەفیات | تولدات | ساڵ |
| --- | --- | --- | --- |
| ١٧١ | ٣٠٤ | ٥٣٨ | ١٩٢٥ |
| ١٥٨ | ٣٥٣ | ٤١٩ | ١٩٢٦ |
| ٦٤ | ٢٠٣ | ٤٦٧ | ١٩٢٧ |
| ٣٩٣ | ٨٦٠ | ١٤٢٤ | |

بەم ئەرقـامە بۆمـان مەعلووم ئەبێ کە نیسـبەتی تەوەللودات بە ئیعـتیـباری نفووسی شار لە سەدا ٤، ٨ و وەفیات لەسەدا پێنجە. بەمە بۆمان مەعلووم ئەبێ ڕۆژ بەڕۆژ تولدات لە کەمیـدایە. فەقـەت وەفیـات هەر عـەینی نیـسـبەتی خۆی موحافەزە ئەکات. ئەسڵی نوقتەی موهیم ئەوەیە کە وەفەیاتی عـموومیـەی ئەم سێ سـاڵە لەسـەدا...... ی منالّی یەک سـالآن هەتا چوار سـالآنە. مـەعلوومـە تەبیعەت بەقانوونێکی ئەزەلی ئیختیاری حوکمی مردنی تەبیعی کردوە. فەقەت منالّ کـە هەقی ژیانێکی شـەست سـاڵەیە، نابێ بەم نەوعـە نیـوەیان بێ ئەوەی بەچاوێکی هوشیـارانە دنیـا ببینن، بمرن. مـردنی ئەمـانە بە قـوەتێکی تەبیـعی



ناقەسدییە و بەم شکڵە جوزئیە بۆمان مەعلووم ئەبێ کەبەرامبەر منالّمان چەندە بێ قەیرین. عـەلاوەتەن لازمـە بەیانی بکەین سلێمـانی نـابێ بکرێت بەواحـیدی قـیاسی بۆ لادێ چونکە ئەحـواڵی منالّی لادێ هەمـوو ئەیزانین چییـە و چۆن پێ ئەگەن. بە قـەتعیـەتەوە ئەتوانم بڵێم منالّـێکی لادێیی هەتا نەبێ بەهەژدە ساڵ و شەرعەن مەجبوور نەبێ بەڕەفعی جەنابەت وجودی ئەوە نایەنێت.

زۆر جێگەی ئەسەفـە منالّێک کـە باوکی بەم هەمـوو هیـوا و ئەمـەلە و دایکی بەم هەمـوو ئەزیەت و مـوشـەقـەتەوە ئەیهـێنێـتـە دنیـاوە پێش پێگرتنی ببێ بەقوربانی جەهالەت و یا داو و دەرمانی پڕوپیرێژن. دایک لەجیاتی ئەوەی پاش ناشتنی وجودی کۆرپەی پێنەگەیشتووی منالّەکەی بگری و بلاوێتـەوە و باوک لەجێی ئەوەی بۆ هەوڵ و سەمەرەی حەیاتی ئاهی تەئەسسور هەڵبکێشێت، لازمە لە حینی حەیاتدا نەختێ زیاتر بەدیققەت بن بۆ موحافەزەی سیحەتی. ئیسهالی بەسەروبن، مەلاریای بەترسان، زەحیری، بەبۆن کەوتن، نەڕانن، یەعنی عەقڵەن باخەوانێک چەند لەگەڵ چنار و یا دارهەنارێکا خەریک ئەبێت دایک و باوکیش ئەوەندە لەگەڵ ئەم نەمامە جوانەیاندا مەشغووڵ ئەبن. لە خاتیمەوە واجبە هەموو بزانین کـە لەم عـەسـرەدا پێگەیاندنی فـەردێکی مـیللەت وەک دانانی بەردێکی گەورە و مـەحکومی بناغـەی بینایەک وەهایە. بەفکری من دەرەجـەی ئەهمیـەتی مەوزوعـی مـوساحەبەی ئەم هەفتـەیەمـان لەچاو هەفتـەکانی ڕابووردوودا گـەلێ گەورەترە، گەلێ بڵندتر و گەلێ حەیاتی ترە. ژین یەعنی عائیلە، عـائیلە یەعنی ژین. ئەم دووانە کـەلیـمـەیەکی مـتـرادفن و یاجـووتێکن کـە زادەی ئەمـانە سەعادەتە. فقط –مع الأسف– هەروەکو ئەکسەر مەزاهیر و مەسائیلی حەیات لە ئێمەدا نەتیجەیەکی مەعکووس دێنێتە وجود. مەسئەلەی ئیزدواجیش لەلای ئیمە –على الأكثر– ئاخرییەکەی خراپی هەرا و ئیفتراقە. ئەگەر بێت مقابل تشبیە بێت بەخانوویەک بێ شوبهە تەشکیلی عائیلەش لائقە بکرێ بەبناغـەی. لە حەقیـقەتی حالّدا ئەساسی میللەت ئیزدیواجە. لەڕۆژێکەوە بەشـەر مەیموون ئاسا لە کێو و کەژ و نزاردا سەرسەری و سەرگەردان سووڕاوەتەوە و بەشەوقی غەریزەیەتی تەبیعی دەرکی ئیحتیاجی تەشکیلی عائلەی کردووە.

شـتێکی مـەعلوومـە ئەکسـەری موئەسەسـاتی، تشکلاتی بەشـەریەت زادەی ئیحـتیـاجێک بووە. بێگومـان هەتا شیـددەتی گەرما نەبێت ئارەزووی بەفراو و

هەوڵدان بۆ مست کەوتنی حاسڵ نابێت. بالخاصە- ئیحتیاجی ئیزدیواج تەنها بەسەبەبی ئیجتماعیەوە نییە بەڵکو زیاتر نەتیجەی زەروورەتێکی فیزیۆلۆژییە. کابرایەکی برسی هەر کە ئەنسیجەی موحتاجی خواردن بوو ئەتوانێت هەم بەسوورەتێکی مەعقوول و-منتظم- و هەم بەشکلێکی -غیر فنی- و ناهەموار دەفعی (برسێتی و ئیحتیاج بکا. فەقەت فەرقی بەینی ئەم دوو نەوع دەفعی ئیحتیاجە) مەعلووم و ئاشکرایە هی هەوەڵی وجودێکی ساغ، بەقوەت و هێز، عومرێکی درێژ و مەسعوود، هی دووەم حەیاتێکی کورت و پڕ نەخۆشی و عیللەتە. سیفاتی ئەساسیەی خێزان لام وایە ڕەفیقەی مێرد بوون، دایکی ئەولاد کردن و کەیبانوویەتی ماڵە. ڕەفاقەتێکی ئەبەدیەی حەیات و ڕوکنی ئەوەڵ و ئەهەم ئەم سێ کوچکەیەیە. پیاوێک تا بەتەواوی لەهەموو سیفات و مەزیەتی ئافرەتێک تێنەگا، چاک لێی حاڵی نەبێ مومکین نیە بەسەمیمیەت و جیدیەتێکی تامەوە ڕەبتی قەلبی لەگەڵ بکات. وە سەمیمیەت و محەبەت و یەکگرتنی دڵ لازمە ببێ بەسەبەبی یەک کەوتنی دۆست. لەلای عائیلە ئیجاب ئەکات هالآوی محەبەت، هالەی عەشق هەڵسێت نەکوو گڕی قەهر و کڵپەی غەزەب. لازمە دەستی مێرد بەرەعشەی غەرامەوە بلەرزێت نەک بەلەرزەی قینەوە. لام وایە خوا چاوی ئافرەتی تەنها بۆ فرمێسکی سوور هەڵڕژاندن خەلق نەکردووە یا بۆ گریان!! حوسن لە نوقتەی نەزەرێکەوە ئاهەنگ و تەوازونە و چۆلەکەش کە جریوەیان یەکی گرت دەنگێکی خۆشی مۆسیقی لێ حاسڵ ئەبێت. فەقەت لەگەڵ قیرەی قەلەڕەشێک تێکەلاو بوو بە جارێ تێکی ئەدات. وەستانی کائیناتیش هەر نەتیجەی ئاهەنگ تەوافق و، تەوازونێکە. شەرتی جوانی، خۆشی و سەعادەتی عائیلەش ئاهەنگ و ویفاقە. ئەدنا سەکتەیەک لە حەیاتی ژن و مێردیدا ئەم شیعرە جوان و ڕەوانە لەنگ و سەقەت ئەکات. ئاهەنگی عائیلە بە تەوافوقی زەوق، تەوازونی زیهنیەتی عەقلی ژن و مێردەوە مومکینە. مەعازەڵلا یەک نەگرتنی ئەمان یا شۆڕشێکی ئەبەدی بەینی عائیلە دێنێتە وجود وەیا تەلاق. موحەقەق هەموو تێگەیشتوویەک لەگەڵ مندا ئیعتیراف ئەکات دۆزینەوەی جووتێک حائیز لەم شەرائیتە بێت هەروا ئاسان نییە.-بالخاصە- لەسەر ئوسووڵ و تەریقەی تەئەهوولی ئێمە، بەڵکە مەحاڵە مێردی قوڕبەسەر لای ئێمە هەتا شەوی زەفاف هەتا لەڕەنگی ڕەفیقەی موستەقبەلی وە ئافرەتی



بەدبەخت لەڕەنگی - ڕەفیقی ئاتی- بێ خەبەرە!!. هەموو تێگەیشتوویەک پێی لێ ئەنێت بەسەبەبی عەدەمە موعارەفە و تەرزە ئیزدیواجێکی نامەعقوولەوە هەموو ڕۆژێ شاهیدی هەزاران فەجائیعی عائیلە ئەبین. لەو لاوە ماڵێک شەو و ڕۆژ خورتە، شەڕ و گریانی ژن هەر ڕۆژە ناڕۆژێک تۆران، پیاو بەسەبەب ناڕێکی و یەک نەگرتنی دڵەوە ئەکسەر ئەوقاتی لەخاریجدا بەئەنواعی لەهو و سەفاهەت سەرف ئەکات.

لەملاوە هێشتا دووهەم مانگی تەئەهوول تێنەپەڕیوە مێردی بێچارە عەدەم ئیمکانی یەکبوونی لەگەڵ ئەم ژنەیدا حیس کردووە. خەریکە و هەوڵ ئەدات بۆ ژنی دووەم.

نەتیجەی دوو ژنی، هەوێ ساری مەعلوومی هەموو لایەکە. ژن کە لەماڵدا هەر یەکێک بوو نوورە. کە بوو بە دوو ئاگرە!. ئەم دوانەش یەک لە قینی یەک ماڵی مێردەکەیان وێران ئەکەن و نیزاعێکی ئەبەدی لەو ماڵەوە دەست پێ ئەکات.

جیهەتی سێیەم مەنزەرەکەی لە هەمووی فەجیعترە. پیاو بەسوورەتێکی حەزینانە تووشی سقووتی ئەمەل بووە. ئەو ڕەفیقە، ئەو جووتەی ئەو تەسەوری ئەکرد ئەمە نەبووە. ئەو بەهەموو قوەتی خەیاڵی و تەفەککوری خۆی ژنێکی بۆ خۆی قەرار دابوو کە وەحدەتێکی ڕوحیە و حەتتا وەحدەتێکی جیسمیە لەبەیندا بنێت. فەقەت تأسف ئینتخابی دایک و ژنی موافیق دەرنەچوون. وەکوو تورکەکان ئەڵێن -بام باشقە- ژنی قوڕبەسەریش بە دڵێکی پڕ لە خەم عیززەتی نەفسی شکاوەوە دەرکی ئەکات کە- نوعاً ما- بارێکی فەزڵەیە بۆ سەر شانی مێردەکەی. بەم تەئەسورەوە شەو و ڕۆژ وەکوو مار گینگڵ ئەدات. نەتیجەی ئەم حاڵە موئلیمە بێ شوبهە سێ بەردەکەیە.

ڕۆژێک لە ناکاو مێرد ئیتر خۆی بۆ هەزم ناکرێت، ڕابیتەی لەفزی ئەشکێنێت. زاتەن ڕابیتەی قەلبی هەر لە ئەساسا نەبووە. پاش ئەمە ژن وەکوو قوماندانێکی مەقلووب و مونهەزیم ڕوەو باوان ئەکرێتەوە و پیاو خائیب و خاسر بۆ خەیاڵی سابیق ئەناڵێنێ. ئەم سێ حاڵەتە وەکوو سوورەتێکی عموومیەش نەبێت فەقەت بەسوورەتێکی تەقریبی ئەحواڵی ئیزدیواجی ئێمە نیشان ئەدات.

ئێمە ئوممەتی بەدبەختی (محمد) تقریبا لە ئەکسەری (سنن)ی موفید و معقولی پێغەمبەرەکەمان لاماندا‌وە، خاسەتەن لە بەعزێ مەسائیلی موهیممی حەیاتدا کە -دیناً وعقلاً- لازم وابوو فەرموودەی نەبی ئەعزەم بکەین بە دەستووری حەرەکەت. بەدبەختانە تەرکمان کردووە و شوێنی عادەتێکی مضر و نامەعقولی خۆمان کەوتووین. ئێمەی کوردەواری بەڕەسەنایەتی دین مەشهوورین نازانم چۆن و بۆچی فەرامۆشمان کردوە کە یەکێ لە ئەوامیری پێغەمبەر بینینی ڕەفیقەی موستەقبەلە. غافڵ بوون لەمەو وەیا تغافل پێکردنی جێگەی تەعەجوبە و ئەوەیە عموومەن لەم نوقتەیەدا مەعروفمان بەمنکر و منکرمان بەمعروف تەلەقی کردوە. بۆ ئەوەی مەیدان بەهیچ (سوء التفاهم)ێک نەدرێ پێشەکی ئەمەوێ بەیانی بکەم کە قەسدی نووسیاری ئەمانە خوا نەخواستە نە بەڕەفعی حیجابە و نەسەربەستی ئافرەتە. تەنها مەرامم (تطبیق)ە. کە شتێکی موفیدە و مەنتیقی نەبەوییە لە تەئەهولدا. مەسئەلەیەکی مەشهووری کوردییە «ماسی لەبەحرا سەوا ناکرێ». میللەتێک کە حەتتا بۆ شتێکی عادی و جزئی وەکوو ماسی لزووم بەتەدقیق و مشاهەدە ببینێ نازانم چۆن بۆ تەشکیلی بنیاتی موهیممی عائیلە حاجەت بەبینینی ڕەفیقەی موستەقبەلی حس ناکات؟!.

### محافەزەکاری، عەنعەنەپەرستی لە حەیاتی ئیجتماعیەماندا

عەنعەنەپەرستی چ نەتیجەی ئیعتیادێکی کۆن، چ نەخۆشیەکی دەماغی و ڕۆحی بێت، شتێکی موزیڕ و بەد و بێ مەعنایە. بەڵێ بەو ئیعتبارەی کە کەم و زۆر جزئێکی باوک و باپیرانمان قیسمێکی مازین، مەربووتی عەنعەنەی ڕابووردووین. فەقەت لازمە لە عەینی زەماندا لە بیرماندا بێت لەپێش هەموو شتێکدا ئێمە ئەولادی ئەم ڕۆژەین. پشتمان کردۆتە ڕۆیشتوو وە ڕوومان لە پێشەوەیە. زۆر ڕاستیان وتووە هەموو شتێک دەرەجەی ئیعتیدالی باشە و فەقەت ئیفرات هەتا لە تەقوایشا مەقبوول نییە. عەنعەنەپەرستی ئێمە حەددی ئیفراتیشی تێپەڕاندووە. ئەم نەخۆشییە پیس و قاتیلە موبالەغە لە هەموو ئەحواڵ و ئەفعالێکماندا حازر و مەوجوودە. قیسمی سنعەتکار لە پینەچییەوە هەتا زەرەنگەر، فەللاحمان لە نیوەکارێکەوە هەتا مەللاکێکی ساحێب هەشت نۆ



دێ موبتەلای ئەم بەڵایەن. مەسەلەن لە عەسری بابان و پێش باباندا کەوشی سوورو ڕەش باو بووە، پاشا و موفرەدی هەر ئەمەیان لە پێ کردوە ئەم ئیحتیاجە سنفی کەوش دروو پینەچی هێناوەتە وجود. فەقەت بەمرووری زەمان ئەم مۆدەی پێڵاوە نەماوە. قۆندەرەی گەلاسی، ڕۆغەندار هاتۆتە پێشەوە، مەعموولاتی خۆمان لەڕەغبەت کەوتووە. مع الأسف مقابل بەم گۆڕانی مەیل و باوە هیچ فکری تەجەددودو و ئینقلاب نەکەوتۆتە مێشکی کەوش دروەکانمانەوە. لەجیاتی ئەوەی ئەمانیش لەگەڵ چەرخی زەماندا هەڵسووڕێن تەرەقییەک لە سنعەتەکەیاندا بنوێنن تەنها ڕازی بوون بەیادی مازی و حەسرەتی ڕابووردوو. بەسایەی محافەزەکارییەوە بە بیریاندا نایەت مشتە و کازنەکەیان تەبدیل بکەن بەقاڵب و مەکینەی قۆندەرە. نەختێ بەولاوە بڕۆین و تەماشای فەللاحەکانمان بکەین. ئەم نەخۆشیە بە سوورەتێکی مەحسووستر موشاهەدە ئەکەین و لەم سنفەدا لەوحەی عەنعەنەپەرستی گەلێ موئەسیر تر، گەلێ بەدبەختانە تر، ئەبینین. ئەم قیسمەمان هێشتا بەئەسباب و ئالاتی عەسرییەوە خەریکی شان لە شاندانی ئەوروپایە. جوتیارێکی بەسەزمان بە دوانزە سەعات بە نیخەنیخ و ئارەق هەڵڕشتن لەپاش دوو سێ جار شکانی گاسن و هەوجاڕ ئینجا موەفەق ئەبێت بەکێڵانی بەشی ئەعزەمی دۆنمێ ئەرازی.

نەتیجەی ئەم هەموو کولفەت و موشەقەتەی سێ یا چوار ڕبە گەنمە کە موقابیل بە دە گەز چیت و باتمانێ شەکری خاریجەیە. جا بەم مەوجودیەتی ئیقتیسادییەوە باوەڕناکەم هیچ هەق و ڕووی قسەمان هەبێت . بۆ ئەم جووتیارە ئیحتیماله فەقیرحاڵی مەعزەرەتێک تەشکیل بکات. فەقەت نازانم مەللاکە دەوڵەمەندەکانمان کە هێنانی مەکینەیەکی دروێنە وەیا توورومپایەکی ئاو بەنەزەر سەروەتیانەوە هیچ شایانی ئەهمیەت نییە، بۆچ خۆیان بەموعاسیری بابل و میدیا ئەزانن و هیچ ئەسەرێکی تەجەددود پیشان نادەن. شایانی تأسف و بەڵکە باعیسی مەئیوسیەتێکە کە ئەبینین هەتا پەتاتەی خواردنی خۆمان لە سنە و جێگاکانی ترەوە دێت. هەموو کائینات ئیعتیرافی کردووە کە ئەمڕۆ هەق قووەتی پارە و سەروەتی ئیقتیسادییە.

دەستی ئیقتیساد سەرووی هەموو دەستێکە. چوار پێنج ساڵ لەمەوپێش فەرانسە لەگەڵ ئەوەی لەحەربی عموومیدا غالب و موزەفەر دەرچوو بوو، تەنها

بەسەبەب تەشەتتوتی ئیقتیسادییەوە عادەتەن هاتبووە دەرەجەی ئیزمیحلال. مەقسەد لەم میسالە ئەوەیە کە مەعنای ئەساسی پارەیە. لام وایە بەم ئیعتبارە ئێمەی کوردەواری مەوجوودیەتێک و قووەتێکمان نییە. فەرزی مەحاڵە- لا علی التعیین-هەر بەندەرێک (بویقوتاژێکی) لە ئێمە گرت حاڵمان چی ئەبێت. لە فەرزێکی وەهادا چارەی ئەحسەن هەروەک ئەوەڵینمان چوونەوە پێستی حەیوان، گەڵای دار خواردن و لە ئەشکەوتا دانیشتنە. لە قەدیمەوە ئەگێڕنەوە چوار پێنج پشتمان لەمەوپێش جاوی ڕیزە و کڵاشی هەورامان هەموو ئیحتیاجێکی لباسیانی تەئمین کردوە.

شوبهەی نییە نەسلی حازر بەم شتە بەسیتانە ئیدارە ناکا -فقط مع الأسف- موقابیل بەم تەرەقی و تجددی ئیستیهلاک و مەسرەفە هیچ عەلامەتێکی سەرکەوتن و پێشکەوتن لە قوەی استحصالیەماندا نییە. جۆڵای بەدبەخت ئێستاش خەریکی جاو و خامە، چیناوی و چیتی لە بیر نییە. ڕەزەوانێ هەزار باسووق و دۆشاو بەچاکترین و مونتەهای سەمەرەی ترێ تێئەگا. فابریقەی تقطیر نازانێ چییە و تجاهلی لێ ئەکەن. خوا کاری بەلەدیە ڕاست بێنێ کە یەکێ لە شرووتی ئیستیجاری چایخانە قەنەفەی گوێز و کورسی حەیزەران بوو ئیللا بە سەبەب محافەزەکاری چایچی عەنعەنەپەرستی دارتاشەکانمانەوە ئێستایش هەر لە سەر کورسی ڕەقی بێ پاڵپشت دائەنیشتین. لەمە وا حاڵی مەبن کە ئەمە گشتی بەسەبەب جەهالەت و تێنەگەیشتنەوە، بەڵکە -قسماً- وایە. فەقەت بەشی زۆریان لە ئەوزاعی دنیا و ئەحوالی ئیقتیصادیە نیسبەتەن بێ خەبەرن. ئەسڵی نوقتەی موهیم محافەزەکارییە، ئەمەیە کە باوک و باپیر ئەمەی نەکردوە. لادان لە ڕێگای ئەوان، تجدد پیشاندان، یەعنی عەنعەنە ناپەرستی، بەدبەختی، گوناه، عەیبە، مەسئەلە ئەمەیە.



**نەخۆشی ئیجتماعیمان**

**١٩٢٩**

بێ قەراری، بێ عەزمی

زەمان گۆڕاوە، ئەمڕۆ فەردێکی خوێندەواری ئەقسای شەرق لە ئەحواڵی زومرەی ئەوپەڕی غەرب ئاگادارە. بەسەبەب ئەم کەسرەتە مەعلووماتەوە هەموو ڕۆژێ تێ ئەگەین کە (نۆبیلی) و یا (بێرد) عەزمی سیاحەت و کەشفیاتی قوتبی جەنووبی یا شیمالی ئەکەن. بەرامبەر بەهەموو مەهالیکێکی موحەقەق ئەم قەرارەی خۆیان تێک نادەن و -حتی المقدور- بەعزەن - فوق المقدور- بۆ - تطبیق-ی جەهد ئەکەن. لام وایە هەموو فەردێکی تێگەیشتووی کورد کە ئەم شیدەتی عەزمە قەتعیەتی قەرارە لە میللەتی غەربیدا ئەبینێ کەم و زۆر ئیختیاری و یا غەیرە ئیختیاری ئەکەونە موقایەسە لەگەڵ هی خۆیاندا. فەقەت نەتیجەی ئەم موقایەسە -طبعاً- ئەسەری یەئس و تەحەسسوورە. ئەمڕۆ کە ڕۆژی تێهەڵچوون، جەسارەتی مەدەنیە. قەتعیەتی قەرارە وەیەگانە خاسەی تەمایوز و تەفەوقی میللەتێک ئەمەیە -مع الأسف- ئەم خاسە جەوهەرییە لە ناو ئێمەدا بەئیعیتباری عموومی نییە.

بەپێی تەسنیفێکی ئیجتماعی کە تازە عولەمای ئیجتماع کردوویانە بەشەر تابیعی دوو مەزهەبە. ئوسوڵ و یا تەرزی حەیاتن، تەرزی ئیشتراکی، تەرزی ئیستقلالی. مع الأسف - ئێمە وەک ئوعجوبەیەکی تەبیعەت خارجی ئەم دوو سنفە ماوینەوە. نەتەربیەتێکی ئیستقلالی ئینفرادی وەهامان هەیە کە -عند الأیجاب- فەردێکمان بەخۆیدا ڕابپەرموێت قەرار و عەزمی شتێک بکات و بیهێنێتە حەییزی فیعلەوە و، نەتەربیەیەکی ئیشتراکی کۆمەڵی وەهامان هەیە کە ١٠، ١٥ وەیا بیست کەسمان بۆ - تطبیق-ی غایەیەکی موشتەرەک بۆ خۆیان قەرار بدەن و بۆ گەیشتن بەم غایەیە هەوڵ بدەن. هەروا لە بیرمە لە - ١٩٢١دا لەگەڵ یەکێک لە ئەفرادی متەوەستەی- یەعنی قیسمی ئەسناف -ی سلێمانی لە سەفەری بەغدا ئەگەڕامەوە، ئەوساکە ڕێگای ئوتومبیل نەبوو تەنها موناقەلاتی حکوومەت بەئوتومبیل ئەکرا، بەسەبەب ناخۆشی هەواوە دوو سێ ڕۆژان لە کفری مەعتەڵ مابووینەوە، لە زەرفی دوانزە سەعاتدا سێ کەڕەت قەرار

و فیکری ڕەفیقەکەم تەبدیل کرد. هەوەڵ جار بەڕەفیقی دائیمەن موافیقم وت: فلانی مەوسیم زستانە، ئومێدی خراپتر ئەکرێت، چاکتر نا، وەک لێرە، لەم شارە ناخۆشە قەتیس ببین هەرچۆنێک بێ ڕۆیشتنمان مەسڵەحەت ترە، با نەختێک بارانمان لێ بدا. لە جوابدا وتی زۆر باشە و دەستی کرد بە ئیستیحزاراتی سەفەر. ئەساسەن من قەراری خۆم دابوو. -فقط تجربة- دەفعەی دووەم پێم وت، باوکم، فەسڵی زستانە ئیحتمالی ئەنواع فەرتەنە و دزی هەیە. خوانەخواستە هەوا لە ڕێگا لێی گۆڕین و موقەدەرێکمان بەسەرهات، خۆ لە چۆڵی قوڵفە پەکمان نەکەوتووە. وا لێرە ئەمێنینەوە ئینتیزار ئەکەین با دە ڕۆژ تەعتیل بین، کفر نییە. ڕەفیقی بەسەزمان - صرف النظر-ی لەحەرەکەت کرد. فەقەت ئێوارێ دیسان قەراری سانیم پێ هەڵوەشانەوە و حەرەکەتمان کرد. تەبیعی بێ ئینسافیە کە ئەم مەسئەلەیە بکەم بەنموونە بۆ هەموو تەرز تەفەکور و قەراری کوردەواری. فەقەت لە عەینی زەماندا لازمە بڵێم ئەکسەریەتی عەزیمەمان تەقریبەن وەکوو ئەمە نییە. بەلای منەوە ئەسبابی ئەم بێ قەرارییە، بێ عەزمی و بێ سوباتییە ئەمانە، ئەمانەیە. ئەوەڵەن: لە کونهو ئەساسی ئەو ئیشەی ئەمانەوێ قەراری لە سەر بدەین ورد نابینەوە و بەنەزەرێکی سەتحی تەماشای ئەکەین. سانیەن لە تەتبیقی ئەم قەرارەدا تووشی چ نەوعە ئەحواڵ و شەرائیت وەیا مەوانعێک ئەبین لێکی نادەینەوە -ادنی- مانیعەیەک تووشی سقووتی خەیاڵمان ئەکات و ساردمان ئەکاتەوە. بێ شبهە ئەگەر لەپێش قەرارداران بۆ شتێک وەکوو پۆست و مەغزی ئەو شتە بهێنینە دەرەوە و هەموو نەوعە ئیحتیمالاتێکی دەرپێش بکەین، جا لە دوای ئەمانە بەقەتعیەتەوە عەزمی کردنی بکەین هیچ مانیعەیەک تصور ناکرێت ببێ بە حائیل بۆ تەبیق-ی ئەم عەزمە و بەم نەوعە عەزمانە ئەڵێن شاخ لە بن دەرهێنەر. بۆ مقایسە دوو میسالی خوارەوەتان عەرز ئەکەم: (میستەر جوفرو شروب) ناوی ئینگلیزی لەپێش حەربی عموومیدا یەکێک بووە لە موشتاقانی -سپۆرت- ریاضە- یاری- بەسائقەی نەگبەتی حەربەوە قاچێکی زایع ئەکا وە زۆرتر ئەم پیاوە لە ئەسنای ساغیدا حەزی لە شاخەوانی کردوە. تەبیعی لەپاش ئەوەی عوزوی گەڕان و بەشاخا هەڵگەڕانی نەما لازم بوو- لەسەر ئەحواڵی شەرقی - مەئیوس و موتەئەسیر لە ماڵەوە دانیشتایە و ئاخی هەڵبکێشایە. والحال ئەم مەعلوولە، ئەم موسیبەتە عارزییە هیچ مەئیوسیەکی



پێ نەبەخشیوە و بەهەموو قەتعیەتی قەرار و عەزمەوە دەوامی کردووە. ئیدمان کردن و بەسەقەتی بەشاخا هەڵسووڕان تاکوو نەتیجە موەفەق بووەو بەپێ گەیشتۆتە سەر زەروەی شاخی (مانز هورن) کە تا ئێستا پیاوی قاچ ساغ نەیگەیشتۆتێ.

میسالی دووەم لە ساڵی ۱۹۲۱-۱۹۲۲دا ئەکسەر تیجارەت و تووتنمان تەشەبوسیان کرد شیرکەتێکی کوردی بۆ سەوق و ئیخراجی تووتن تەشکیل بکەن لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو عیلاقەداران مەنفەعەت و قازانجی تەشکیلی ئەم شیرکەتەیان لێ مەعلووم بوو، وە ئەوانتەبازی و موزەڕەتی ئەرزی حازری تیجارەتەکەیان ئەزانی. تەنها بەمەحزی ئەوەی قوەت نەبوو لە قەرارەکەیاندا و قەتعیەتی عەزم نامەوجوود بوو ئەم تەشەبووسە خێر و موفیدە هەر لە قسە و لە قسەشدا نا، لەمێشکدا مایەوە. ئومێدم وایە نەسلی ئاتی و یا لاوانی ئێستامان دەرەجەی قودرەت و بەقوەتی ئەم خاسیەتانە تێبگەن و ئیستیفادەی لێ بکەن.

## پێشکەوتنی ژنانمان

زۆر لە عالمان و خوێندەوارانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات فکری خۆیان بەیان کردوە و ئەم مەوزوعەیان گرتووە بەدەستەوە قسەیان لێ کردووە و وتوویانە کە ژن لە هەموو شتێک زیاتر دەبێتە سەبەب بۆ پێشکەوتنی قەوم و وڵات، بەهۆی تەرەقی کردنی ئەوانەوە دەبێ، چونکە ئەوان مەرکەزی ئیشن و ئەوان پیاوانی موستەقبەل دەخەنەوە و تەربیەی ئەدەن. منیش تەماشای دوا ڕۆژی وڵاتم کرد، لەم لایەنەوە زۆر لە دوام هاتە پێش چاو هەتا لەبەر تاریکی چاوم نەیدی!!.

ئەمەوێ لەم لایەنەوە چەند قسەیەک بکەم، بەڵام قسەی وەهاش ناکەم خوێندەوارە خۆشەویستەکانم عاجز بن و دڵیان گەرد بگرێ. ژنی فەقیر کەوا لەلای ئێمە ڕۆژ هەتا ئێوارێ لەناو چوار دیواری ماڵەکەیدا دانیشتوە ئاگاداری دنیا نییە و هیچ شتێک نازانێت غەیری ئیشی ماڵەکەی نەبێت، ئەویش چێشت لێنان و جل شتن و گەسک دانێکی عادییە کە لەبەر بێ عیلمی و نەزانینی خۆی ئەویش بەتەواوی جێبەجێ ناکا. ئینجا ئێوە لە حەیاتی ئەم ژنە بەسەزمانانە ورد بنەوە و تێفکرن، خۆتان لە جێگای ئەوان دانێن، تێدەگەن کە چەند حەیاتێکی ناخۆش و ڕەزالەتە، خسووسەن ئەگەر ئەو ژنە یەکێکی عاقڵە و موتەعەللیمە و

خوێندەوار ببینێ چەند دڵی لە خۆی ئەمێنێ و لە حەیاتی خۆی وەڕەس ئەبێ. وە غایەی منیش ئەوە نییە کە گوایە ئەو ژنە شەرم نەکات و بێتە دەرەوە و جلی کورت و قۆڵ کورت لەبەر بکا.

ئەم قسەیە ناکەم، بەڵام ئەڵێم ژن ئەبێ خۆی داپۆشێ و شەرم بکات و شیعاری قەومیەتی محافەزە بکات، بەڵام خوێندەوار بێ و عاقڵە و ساحێب مەعریفەت بێ و فێری تەربییەیەکی تازە بکرێت. چونکی ئەو ژنە منالی لێ پاشەکەوت ئەبێ و تەربییەی ئەدا، ئەو منالەش ئەبێتە پیاوی پاشەڕۆژی وڵات. ئەگەر ئەم منالانە لەپێشەوە بەتەربییەیەکی باش گەورە کران موحەقەق خۆیان لە حەیاتی خۆیان ئیستیفادە ئەکەن و وەتەن و میللەتیش ئیستیفادەیان لێ ئەکات.

## شیوەنی بە کوڵ

شێخ سەلام -ی شاعیر لە دووری و یاد و بیرکردنی (ڕەشید نەجیب)دا، ساڵی **١٩٣٤** ئەم شیعرەی نووسیوە و بەم پێشەکییە دەستی پێکردووە:

«لەکاتێکا زۆر بە کەساسی لەسەر لووتکەی شاخێ، کە بە (بەردە پیرۆزە) بەناوبانگە، وەبەسەر (چەمی چەقانا) ئەڕوانێ، کە لە ڕێگەی پێنجوینەوە دوو کیلۆمەتر لە خۆرئاوای دێی (دۆڵە سوور) دایە، دانیشتبووم، بەهارێکی زۆر ڕەنگین و دڵێکی زۆر خەمگین، تەماشای چواردەوری خۆمم ئەکرد، ئەم هەڵبەستەم نووسی و بەهۆی ڕۆژنامەی (ژیان)ەوە ناردم بۆ (فەلامەرز)(١).

لەبەغدا:

هەی دڵە ئامان، دەخیل سەد دەخیل
ماتم، کەساسم، ڕەنجوورم، زەلیل
قرچەی بێ سامان، جەرگی بریندار
کۆتایی نەهات، هاوار هەی هاوار
لێم گەڕێ ساتێ، وەنەوزێ بدەم
هەی دڵ، بێ قەرار، کەیلی پڕ لەخەم
هەناسەی ساردت، لەنیوە شەودا

(١) فەلامەرز: ناز ناوی نووسینی ڕەشید نەجیب بوو.



جەرگم لەت ئەکا، لەشیرین خەودا
کسپە و کزەی تۆ، بۆ نەبڕایەوە؟
قرچەی جەرگی تۆ، بۆ نەکوژایەوە؟
دڵ بەمەحزوونی، لە توێی پەردەوە
گریی حەسرەتی، دەردی کردەوە
وتی: هەی لاشە، بێ خەبەر لە دەرد
زەبوونی کزەی هەناسانی سەرد
خەفەت جۆش ئەدەم، دێمە کەف و کوڵ
نازانی چۆنە شیوەنی بەکوڵ؟!
بۆ سەیلی جۆگەی فرمێسکی چاوان
بۆچ تۆ نازانی؟! منم بناوان؟!
خەفەت جۆش ئەدەم، دێمە کەف و کوڵ
خوێناو هەڵئەکەم، لە سەرچاوەی دڵ
کۆ کۆ، هەڵئەسێ، لافاوی خوێناو
شەپۆل سەر ئەکا، بۆ سەر جۆگەی چاو
جەرگ هەڵئەقرچێ، ئەبێ بەبریان
بەو دەرد و داخە، چاو دێتە گریان
دە فرمێسک بڕژێ، دە هەڵسە کۆکۆ
لوورە دە، بڕۆ، بۆ سەر تانجەڕۆ
تافە و هۆمەکە، بێ کشە، بێ دەنگ
ڕاست بڕۆ وەک دوخ، ڕاستتر لە خەدەنگ
هیچ ڕانەوەستی، ئامان سەد ئامان
هەر چەند دڵگیرە، خاکی کوردستان
گوڵی گوڵزار و وەنەوشەی چیمەن
دەستم دامێنت، تەفرەی تۆ نەدەن
خاکی بێ یارە، هەی خاکت بەسەر
ناڵەت بێ بڕۆ، تا ڕۆژی مەحشەر
پێچ بدە بەخۆت، لە چەم، لە کێوان

هەتا ئەچیتە سەر ئاوی سیروان
بلێ هەی سەر شێت، سەودای نیگاران
دێوانەی دینی دیدە خوماران
لێلی دەروون لێڵ، وێڵی نازداران
شارەزای بەرزی و نزمی کۆهساران
گوزەرگای گرۆی ئاسک ڕەفتاران
شەیدای خەم گوسار گریشمە داران
ڕاستە، سوزی عەشق یادی جلیوەدار
لە دەستی سەندی ڕشتەی ئیختیار
منیش هاوڕێتم، دەروون سووتاوم
خوێناوی دڵ و فرمێسکی چاوم
بمکەرە دیجلە، بەخوڕ لەسەردا
مەئوای- فەلامەرز- لەشاری بەغدا
بەڵام ئەی فرمێسک، زینهار سەد زینهار
زەحمەت مەکێشە، تۆ بۆ پرسیار
قووەی جازیبەی هاودەردێ لەو لا
تۆ ڕائەکێشێ، چەشنی کارەبا
کە دیت کۆمەڵی یاران بوو تەمام
فرمێسک داڕێژە لە جیاتی (سەلام)
ئەپرسی ئازیز، لەجەستەی خەستە
بلێ پێچ ئەخوا وەک ماران گەستە
وا لە سەر شاخێ، لای چەمی چەقان
ئەگری، ئەڕێژێ فرمێسک وەک باران
ئێستە سووتاوە بەکزەی دەروون
جەستەی خەستەی بێ گیانی زەبوون
هەر کاتێ زانیت ڕیزەی ئێسقانی
تۆز و گەردەلوول بۆ لای تۆی هانی



تێبینی:
شێخ سەلامی شاعیر لە سەرەتای شیعرەکەوە بۆ پیرەمێردی نووسیوە:
«مامۆستای شیرین، پیرەمێردی جوان
ئەڕواحی لەتیف، کۆڵەکەی (ژیان)
ئەمەم نووسیوە، بەدڵ و بەگیان
ئەیکەم بە پێشکەش لاپەڕەی (ژیان)»
پیرەمێردیش لە کۆتایی شیعرەکەی شێخ سەلامەوە نووسیویە:
سەلام، گوناهت، خوێندەوارییە
لێرە، خوێندەوار، دەردی کارییە
نووسینێکی بەنرخ و پڕ ئەمەک و وەفاداری دکتۆر مارف خەزنەدار بۆ کۆچی دوایی ڕەشید نەجیب لە ساڵی ١٩٦٨دا.

## کۆچی دوایی ڕەشید نەجیب

هەموو کەسێک ڕێگەی مەرگی لەبەرایە. ئەمڕۆ بێ یا سبەینێ. مردنی هەندێ کەس وەکو بڵقی ئاو وایە. هەندێکی تریش بەلەش دەمرن، بەڵام بەکردەوە لە دڵی میللەتا دەژین. ئەوانەی نامرن هەندێکیان مافی خۆیان دەدرێتێ، هەندێکی تریشیان بۆ ماوەیەک لە بیر دەکرێن.

کە ڕەشید نەجیب کۆچی دوایی کرد هەواڵێکی بچووکیشمان لە بابەت ئەم مردنەوە نەخوێندەوە ، دەترسم بڵێم کە ڕەشید نەجیب خەریک بوو وەکو بڵقی ئاوەکەی لێ بێ! بەڵام، نا ، ئەمە ڕاست نییە! ناوی ڕەشید نەجیب هەر دەمێنێ.

ڕەشید نەجیب سەربازێکی نەناسراوی گێتیی ئەدەبیاتی کورد بوو، نەناسراو بوو چونکە بەرهەمێکی کەمی هێنایە ناو سامانی نەتەوایەتیمانەوە. زوو دەستی دایە نووسین، زووش دەستی لێ هەڵگرت. بەڵام ئەو بەرهەمە کەمە هەمیشە وەکو تاقە ئەستێرەیەکە لە ئاسمانی کوردا، هەموو شەوێک سەرلەنوێ هەڵدێتەوە، یا تاقە گوڵەباغێکە لە مێرغوزاری کوردەواریدا هەموو بەهارێک دووبارە دەڕوێتەوە.

ڕەشید نەجیب یەکێک بوو لە هەڵکەوتوو و بەتواناکان لە ئەدەبیاتی کوردیدا.

لەبەرهەمە کەمەکەیدا هەست بە بلیمەتییەکی تازە پشکووتوو دەکرێ. بەڵام داخی گرانم، لە بەر هەر هۆیەک بێ زوو دەستی لە نووسین هەڵگرت. ئەگەر شیعر و وتار و چیرۆکی بکردایە بەپیشە بێگومان لە ڕیزی شاعیر و نووسەرە هەرە گەورەکانی سەدەی بیستەممان دەوەستا.

زۆر سەیرە! شتی وا لە مێژووی ئەدەبی هەموو میللەتێکدا ڕوو دەدا. پێچەوانەکەش لە هەموو سەردەمێکدا دەبینرێ. ڕەشید نەجیب بۆ ئەدەب خوڵقابوو، کەچی نەیکردە پیشە. هی وەهاش هەن بەزۆرە ملی خۆیان دەسەپێننە سەر ئەدەب و بەرهەمی کرچ و کاڵ و بێ تام و بۆی وا دەهێننە ناوەوە کە دەبێ بەمایەی شەرمەزاری بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی. ڕەشید نەجیب یەکێک بوو لە قوتابییانی ئەو قوتابخانە ڕۆمانتیکیە تازەیەی کە گۆران و عەبدولواحد نووری و نووری شێخ ساڵح و هی تری گرتبوە باوەش.

وەنەبێ تەنیا شیعرەکانی سەر بەم قوتابخانە بووبن، بەڵکو یەکێک بوو لەو نووسەرانەی کە « وتاری هونەری» کوردییان داهێنا. لە دواییدا ئەمە بوو بە بنج بۆ پەیدا بوونی چیرۆکی هونەریی کوردیی تازە.

کۆمەڵێک لەم بابەتە وتارانەی لە «گەلاوێژ»دا بڵاو کردەوە، لە(یادگاری لاوان)دا بەشدار بوو، شیعر و وتارەکانی وێنەی نالەباریی ئەو کاتەی ژیانی کوردەواری بوون. دەگریا، بەڵام گریانەکەی بەشێوەیەکی تازە بوو، لەهینی شاعیرە کلاسیکیەکانمانی نەدەکرد.

فەرامەرز، نازناوی ڕەشید نەجیب بوو، لە ڕاستیدا شیعرەکانی ئەوەندە تازە بوون نازناویان هەڵنەدەگرت، بەڵام ئەو هەر بەکاریشی دەهێنا.

لە شیعرێکی قانگ دراو بە گیانی ڕۆمانتیکی کوردیدا دەڵێ:

«هەوری سپی ڕەنگ، پێشنمانەی ڕەحمەت
تێن بدەرە خۆت، پڕ گوڕ و هەڵمەت
بڕۆ؟ لە زەڵم و تانجەڕۆ و چەقان
لە گشت ڕووباری چەمی کوردستان
لەسەر شاباڵت بارانێ بێنە
تەنووری دڵمی پێ دامرکێنە»



ڕەشید نەجیب دەیتوانی گەلێک بکا بۆ ئەدەبی کوردی لەگەڵ ئەوەشا بەرهەمە کەمەکەی شایانی سوپاس و ڕێز لێنانە.

ڕووناکی بۆ گۆڕی ڕەشید نەجیب.

ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە ٢٩٣
ڕۆژی شەموو ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٦٨

## لێکدانەوە و مانای چەند وشەیەک

نالندە: ئەوی دەناڵێنێ، ناڵەکار
گوڵبانگ: بانگەواز، ئاوازی بڵند
هالە: خەرمانەی مانگ
زێدەوان: پاسەوانی پیرۆزگاه، ئێشکچی شوێنە پیرۆزەکان
دڵاوێز: دڵگیر، ئەوەی دڵی پێوە بەندە.
نەهوفتە: نهێنی، شارراوە.
ئەندوه: خەم.
کاشانە: ماڵ، ماڵی بچووک وەک ماڵی هەژاران، ماڵی زستانە، هێلانە.
سینەچاک بکەن: یەخە دابدڕن
شیو: ژەمی نانخواردن
وەک تەیری جینانی: وەک مەلی ناو بەهەشت
فەرسوودە: کۆنە، ڕزیو، بێ توان. لە ئاڤێستادا بەمانای، بەهێز و بەختەور، هاتووە.
پەرەستیدە: پەرستراو
ئەی کەژی والا: ئەی چیای بەرز
حەشەم: قەرەباڵغی
جێ نزرگە: جێی نواڕین، لێرەدا بەمانای شوێنی پیرۆز هاتووە
تفەنگ شینکە: جۆرە تفەنگێک بووە. بەباروت دادەگیرایەوە. ڕاوچیەکە خۆی ئاگری لەسەر دادەنا. لە هەندێ شوێن پێی دەڵێن تفەنگە ڕەشکە. ئێستاش لای نێچیرەوانانی کۆن هەر ماوە.
خەنجەری شینە تیغ: ئەو خەنجەرەیە کە جەوهەری بەسەرەوە نەبێ بەڵام جەوهەردار وەکو قەزبێن، دەبان و خوراسان و کرمان. خەنجەری شینە تیغ لە کۆیە لەلایەن وەستا عبدوڵڵاوە زۆر دروست دەکرا.
دایان کردن: حەواندنیانەوە
ئەبێ دەستەبەر بێ: ئەبێ بەڵێن بدا

تەپووش: تەمەڵ (وابزانم هەر تەپۆیە، «ش»ەکەی هی عطفە)
خواهشگەر: تکاکار
چێشتەنگاو: کاتێ ڕۆژ بەرز دەبێتەوە
ئۆتراخچی: سەڕاج
ڕانک و چۆغەی مەرەزی سپاتی: ئەو ڕانک و چۆغەیەیە لەمەرەزی سوور و مەرەزی
سپی دەکرێت.
پێستی سپی واش: پێستی مەیلەو سپی
ئەوەندە دیشوار نەبوو: ئەوەندە زەحمەت نەبوو، دژی ئاسان (دشوار: دژوار، وەک دژ)
کار ئازمووده: کارزان، فێرەکار، کارامە.
ڕۆژێکی خوڕڕەمی. ڕۆژێکی بەپیت، خۆش
وەکوو پەیتووکە هەڵئەسووڕا: پەیتووکە، مەلێکە بەقونە قون بەخێرایی دەڕوات
خۆشنوود: دڵخۆش
جونبووش: جووڵانەوەی بەهێز
قۆناغ: مەنزڵ، ئارامگا، جێگەی حەسانەوە
هەنگام: کات
گۆشتەو زوون: ئەو گۆشتەیە کە لە جێگای برین دێتەوە.
ئەوەی ئەفراندبووی: ئەوی خوڵقاندبووی، دروستی کردبوو
تاب و تەژ: گەرم و گوڕی
خجستە: پیرۆز
بەکەڵک هێناوە: بەکارهێناوە
پێ ئیلهام کردوە: ئیلهامی پێ بەخشیوە
زانایانی کۆنناس: علماء الآثار القدیمة
پاشینان: نەوەی داهاتوو
ناتوانن تیا نومایان بن: تیا دەرناکەون.
پەرستش: پەرستن
فەڕتووت: ڕزیو
خودکامی: خۆویستی، بەئارەزووی خۆ
درەفش: پرتەودار، عەلەمەکەی کاوە
ئەسپی تازی: ئەسپی عەرەبی. بەفارسی بەعەرەبی ئەڵێن تازی
پەڕوازی کرد: فڕی
وەزەن: زیان
نان کوێری: سپڵەیی



خسڵەت: سیفات
نیگەهبان: پاسەوان
مقەستەیان ئەکرد: پێکدا دەهاتن
خەراج: سەرانە
وەکیەتی: لێکچوون، وەک یەکی
خوداوەر: خود ئاوەر، بۆخۆت هاتوو، خوا پێداو
سەرفرۆ: سەرنەوی
ئاوەکی: بێگانە
پەروەرش: پەروەردەکردن
ئەبیەم: ئەبیستم
توند خوویی: ڕەقی و چاو نەترسی
یەگانە: تەنها و تاک
سوودمەند بوو: بەسوود بوو
قەڵەمڕەوی خۆی: وڵاتی ژێر دەسەڵاتی خۆی
ڕەوێڵ: کۆچەری
لەدواییدا لێک کراینەوە: لە یەکتر نزیک بووینەوە و کەوتینە گفتوگۆ
گەواه: شاهید
میوان نەواز: میوان پەروەر
گردودەر: گرد و دۆڵ
یەکانە: بەرازی نێر
مالۆس: بەرازی مێ
ئیزوا گاه: خەڵوەت خانە. جێی کەنار گرتن
نەبەرد: گرەو، پێشبڕکێ، بە مانای ئازا و لێهاتووش دێت. بە مانای جەنگ دێت
شەعرای یەمانی: ناوی ئەستێرەیەکە ، گەلاوێژ
وامداری: قەرز کوێری، قەرزاری
صنائعي نەفیسە: جوانکاری و وشە ئارایی (الفنون الجميلة).
ئوفوولی کرد: ئاوا بوو.
ڕەفعی جەنابەت: خۆ شۆردن بۆ لابردنی لەش پیسی. پوختەی مەبەست ئەوەیە
لەکوردەواری ئەو سەردەمەدا منداڵ تا گەورە نەبوایە و باڵغ نەبوایە بوونی
نرخێکی وای نەبوو وەگوێی نەئەدرایە.
جاودیدانی: ئەبەدییەت

# ناوەڕۆک


١- ڕەشید نەجیب و نوێ کردنەوە- ژیانی و بەرهەمەکانی ..... 5
٢- رشید نجیب - نووسینی: ئەکرەم عیزەت نەجیب ..... 17
٣- عەشق و خەیاڵ - شیعر ..... 19
٤- ئالامی بەشەر - شیعر ..... 20
٥- بۆ شێخ نووری شێخ صالح - شیعر ..... 21
٦- عەشقی بێ سوود- بۆ گۆران - شیعر ..... 22
٧- فەریادی دووری - شیعر ..... 23
٨- شاری بەدبەخت - شیعر ..... 24
٩- دوو چاو و بەیتێک- کورتە چیرۆک ..... 25
١٠- تێکۆشینی کوڕێک و میهرەبانی باوکێک- کورتە چیرۆک ..... 30
١١- وەلی دێوانە- باسی ئەدەبی- بۆ گۆران ..... 33
١٢- زەردەشت و دینی زەردەشتی ..... 38
١٣- نووسینی بێ قۆرت ..... 45
١٤- ئەمین زەکی ..... 48
١٥- نووسینی کوردی ..... 51
١٦- خووی بەد ..... 56
١٧- گاندی ..... 58
١٨- هاوین و کوێستانە شیرینەکانمان ..... 61
١٩- دارستانەکانمان ..... 63
٢٠- گوێ ئاگردان ..... 65
٢١- نەختێکیش کۆنەپەرستی - دوو بەش ..... 67
٢٢- ئەدەبیاتی کوردی ..... 72
٢٣- گەشتێک لە کوردستاندا ..... 80
٢٤- ڕۆمانی مامۆستا برزوو ..... 108
٢٥- نووسینە کۆنەکانی ڕەشید نەجیب ..... 138
٢٦- ڕەشید نەجیب مرد. د. مارف خەزنەدار ..... 154